هەرێمی كوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سلێمانی
كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی راگەیاندن/ رۆژنامە

# رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەكان لە پێگەی ئەلكترۆنی خەندانـدا
## (توێژینەوەیەكی شیكارییە)

نامەیەكە خوێندكار

رفیق صابرحمەكریم

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی كردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی راگەیاندن - رۆژنامەدا

بە سەرپەرشتی

پ. د. عمر أحمد رمضان

٢٧٢٢ك ٢٠٢٣ ز ١٤٤٤ هـ

## ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(رفیق صابر حمەکریم) بە ناونیشانی: **ڕەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لە پێگەی ئەلکترۆنی خەنداندا( توێژینەوەیەکی شیکارییە)**، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرلە زانستی (راگەیاندن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار: د. عمر أحمد رمضان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

د. جوان جلال الدین محي الدین

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرپەرشتیاری بەشی (راگەیاندن)

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار(رفیق صابر حمەکریم ) بە ناونیشانی: **ڕەنگدانەوەی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان لە پێگەی ئەلکترۆنی خەنداندا( توێژینەوەیەکی شیکارییە)** خوێندنەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن) پێبدرێت.

واژۆ
ناو: د.ناریانا إبراهیم محمد
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
ئەندام
ڕێکەوت: ٩ / ٣ / ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: د.هێرش ڕەسول موراد
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٦/٣/ ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: د. فواد علی احمد
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت : ٩/ ٣/ ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: د.عمر أحمد رمضان
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت : ٩/ ٣/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ــ پەسەندکرا

واژۆ
پ. ی . د. پافێ جمیل أحمد
ڕاگری کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان بەوەکالەت
ڕێکەوت: ٤/ ٤/ ٢٠٢٣

ب

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقل رب زدني علما

صدق الله العظيم

(طة: من الآية١١٤)

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- به رۆحـی پـاكیی سـەرجەم شـەهیدانی رێگـای ئـازادیی وسەربە خۆیی كوردستان، لەناویاندا( باوكم ، خاڵم).
- ئەو كەسانەی ژیانیان رۆشن كردووم، هاوسەرەكەم.
- ئەو كەسـانەی یارمەتیـدەرم بـوون بـۆ ئەنجامـدانی ئەم توێژینەوەیە.

رەفیق

**سوپاس و پێزانین**

سوپاس بۆخوای گەورە، کە توانای پێبەخشیم ئەم ماستەرنامەیە تەواوبکەم، سوپاس بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان وبەشی راگەیاندن، بەرەخساندنی هەلی تەواوکردنی ئەم ماستەرنامەیە، سوپاس بۆ مامۆستایانی بەشی راگەیاندن بۆ ئەوزانستەی پێیان بەخشیم.

- زۆر سوپاس بۆ پ. ی. د. عومەر ئەحمەد رەمەزان کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە بە بۆچوون وتێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد، سوپاس بۆ لیژنەی گفتوگۆ ئەرکیان لەئەستۆگرت لە گفتوگۆکردنی ئەم ماستەرنامەیە.
- سوپاس بۆ د. جوان جەلالەدین زۆر هاوکارم بوولە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی.
- سوپاس بۆ د.لانە صابر بۆهاوکاریکردنم لەنووسینی پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی.
- سوپاس بۆ پ.ی.د کامەران فەرەج زۆرهاوکاریکردم لە دروستکردنی چارتەکان.
- سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەرێزانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ فۆرمی شیکاریەکە ئەنجامدا.
- سوپاس بۆ مامۆستا کامەران پسپۆڕ لەزمانی عەرەبی لە پێدا چوونەوە بە دەقە وەرگێردراوەکان.
- سوپاس بۆ دکتۆرعەلی ئەحمەد رەحمان و دکتۆر فەرمان عەبدوڵا کە لە وەرگێرانی زمانی ئینگلیزی بۆکوردی هاوکارم بوون.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ و کەسانەی پشتیوانی و هاوکارییان کردم بە زانیاری و سەرچاوەی زانستی.
- زۆر سوپاس بۆ هاوسەرەکەم، کە بەردەوام هاوکارو پشتیوانم بوو.

**رەفیق**

## پوختەی توێژینەوەکە


هاوکات لەگەڵ فەراهەمبوونی هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەی تەکنەلۆژیای گەیاندن، ئاواکردنەوەی پێگە ئەلکترۆنییەکان، بڵاوبوونەوەیان کەچی هێشتا رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان و رەهەندە روونکارییەکان ئاڵۆزن و روون نین، ئاستی گرنگیپێدانی پێگەی (خەندان) بە ژانرە رۆژنامەنووسییەکان ورەهەندە روونکارییەکان تەمومژاویە، ئیدی لەم گۆشە نیگایەوە، توێژەر هەوڵدەدات کە لەم ماستەرنامەیەدا، بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤەی ئەو تەمومژاویی و ناروونییە بکات، رەهەندەکانی ئاشکراو روون بکاتەوە.ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی رادە وئاستی رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامە نووسییەکان و رەهەندە روونکارییەکان لە پێگەی خەنداندا. ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی لاوەکی هەیە کە بریتین لە:

١. دەرخستنی ئاستی رەچاوکردنی بنەما وتایبەتمەندێتی نووسینی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا.
٢. زانینی جۆری ئەو وێنە رۆژنامەنووسیانەی کە پێگەکە بڵاویکردۆتەوە، ئاشکراکردنی پێوەر و بەهاکانی وێنە رۆژنامەنووسییەکان، ئاستی گرنگیی پێدانیان.
٣. ئاشکراکردنی ئاستی گرنگی دان بەرەهەندە روونکارییەکان، رەنگدانەوەیان لەپێگەی خەنداندا.
٤. دیاریکردنی بۆتە هونەرییە بەکارهێنراوەکان لەپێگەی خەنداندا.

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە پەسنییەکانە، لەجۆری پەسنیدا رێبازی رووپێویکردن(مسح) بەکارهێنراوە، بەشێوازی شیکارکاری رواڵەتی، کۆمەڵی توێژینەوەکە پێگەی خەندانە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها مشتەی توێژینەوەکە سەرجەم بابەتە نووسراوەکانی مانگێکی پێگەی خەندان وەرگیراوە، لە رێکەوتی (٤/١ تا ٢٠٢٢/٤/٣٠)، کە بریتیە لە (١٧٤٨) بابەت، بەشێوەی مشتەی(ناهەڕەمەکی مەبەستدار) دیاریکراوە.

گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١. ژانرە رۆژنامەنووسییەکان بەئاست وپلە و رێژەیەکی زۆر وبەرز لەپێگەی خەنداندا رەنگیان داوەتەوە، کەبەرجەستەی رەوشی گرنگیپێدان، پێگەی پیشەیی وهونەری خەندان بەراگەیاندن دەکەن.
٢. ژانرە بڵاوکراوەکان وەک یەک گرنگییان پێنەدراوە، لەکاتێکدا هەواڵ بەرزترین ئاست تۆمار دەکات، لەبەرامبەردا کاریکاتێر هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە، لەخانەی سفردایە، ئەم رەوشە بەرجەستەی تێنەگەشتنە لەپێگەی

کـــاریگەریتی کاریکـــاتێر ســـەبارەت بە رەهەنـــدە جیاوازەکـــانی ژیـــان (مـــرۆڤ وسروشت).

٣. ژانرەکـــان بەگشـــتی وهەواڵ بەتـــایبەتی، بەپـــلەی یەکەم پشـــتیان بەســـەرچاوە فەرمییەکـــان بەســـتووە وەک ســـەرچاوەی دەســـتکەوتنی زانیـــاری، وەلـــێ ســـەرچاوە نادیارەکـــان، ئامـــاژەنەدان بەســـەرچاوە ئامادەییـــان هەیە، ڕێژەیەکـــی بەرچـــاوە، کە دەبێـــت بەهۆکـــاری نەمـــان یاســـتی کـــاریگەری لەســـەر متمـــانەی وەرگـــر، لەوێشەوە رەوشێکی نەرێنی بۆپێگەکە دروست دەکات.

٤. گرنگـــی نەدانـــی پـــێگەی خەنـــدان بەهەردوو ژانـــری چـــاوپێکەتن وریپۆرتـــاژ بەپێـــی پێویســـت دەربـــارەی رەهەنـــدە ئابوورییەکـــان (نەوت، مـــووچە و...) پرســـە تەندروســـتییەکان (جـــۆر ونـــرخ وکەمـــی دەرمـــان و پێداویســـتییە پزیشـــکییەکان ونەخۆشـــخانەکان) پرســـە رامیارییەکـــان ... هتـــد بەرجەســـتەی کەمتەرخەمـــی و خەمساردی پێگەکەیە بە دۆز وپرسە گەرم وژیانییەکان.

توێژەر کۆمەڵێك پێشنیار و راسپاردەی خستۆتەڕوو گرینگترینیان ئەمانەن:

- **پێشنیار:**

١. تـــوێژران تـــوێژینەوە دەربـــارەی پـــێگەی خەنـــدان، رەهەنـــدە هـــونەرییە جیاوازەکـــان بەئەنجام بگەیەنن.

- **راسپاردە:**

١. پـــێگەی خەنـــدان گرنگـــی زیـــاتر بـــدات بەدیـــارکردنی ئەو ســـەرچاوانەی کەزانیارییەکانی لێوەردەگرن بەدیاریکراوی.

٢. پـــێگەی خەنـــدان رادەســـپێرم کەگرنگـــی زیـــاتر بـــدات بەپەیـــامنێران ونێـــردراوان بدات، بەردەوام خولی هونەریی رۆژنامەنووسییان بۆ بکاتەوە.

کلیلی وشەکان: رەنگدانەوە، ژانرە رۆژنامەنووسییەکان، پێگە ئەلکترۆنییەکان، پێگەی خەندان.

**توێژەر**

# (پێرستی بابەتەکان)


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار |
| ب | ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ |
| ت | قورئانی پیرۆز |
| ث | پێشکەشکردن |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| ح - خ | پوختە |
| ذ - ص | پێرستی بابەتەکان |
| د- ش | پێرستی خشتەکان |
| ١-٣ | پێشەکی |
| ٤-١٥ | بەشی یەکەم : ڕێبازنامەی توێژینەوەکە |
| ٥-١٠ | پاژی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە |
| ٥ | ١.١. ١: کێشەی توێژینەوەکە |
| ٥ | ١.١. ٢: گرنگی توێژینەوەکە |
| ٦ | ١.١. ٣: ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٦ | ١.١. ٤: ڕێبازو جۆری توێژینەوەکە |
| ٧ | ١.١. ٥: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە |
| ٧ | ١.١. ٦: سنووری توێژینەوەکە |
| ٨ | ١.١. ٧: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە |
| ٨-٩ | ١.١. ٨: ڕواڵەتە دروستی(الصدق الظاهري) |
| ٩ | ١.١. ٩: جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکە |
| ٩-١٠ | ١.١. ١٠: دیاریکردنیی چەمك و دەستەواژەکان |
| ١٠-١٥ | پاژی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| ١٠-١١ | ١.٢. ١: توێژینەوە کوردییەکان |
| ١١-١٤ | ١.٢. ٢: توێژینەوە عەرەبییەکان |
| ١٤-١٥ | ١.٢. ٣: شوێنپێی توێژینەوەکە لەنێو توێژینەوە پێشووەکاندا |
| ١٦-٦٨ | بەشی دووەم/ ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان |
| ١٩-٢٠ | پاژی یەکەم: چەشنە ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان |

| | |
|---|---|
| ٢.١.١: سەرەتا | ١٩ |
| ٢. ١.٢: پێناسەی ژانری ڕۆژنامەنووسی | ٢٠-١٩ |
| پاژی دووەم: هەواڵ (News) | ٣٥-٢١ |
| ٢. ٢.١: سەرەتا | ٢١ |
| ٢. ٢.٢: هەواڵ لەڕووی زمانەوانییەوە | ٢١ |
| ٢. ٢.٣: پێناسەی هەواڵ | ٢٣-٢٢ |
| ٢. ٢.٤: بەهای هەواڵی ڕۆژنامەنووسی (Value News) | ٢٤ |
| ٢. ٢.٥: پێناسەکانی بەهای هەواڵ | ٢٤ |
| ٢. ٢.٦: ڕەگەزەکانی هەواڵ | ٢٦-٢٥ |
| ٢. ٢.٧: شەش پرسیارەکەی هەواڵ | ٢٧ |
| ٢. ٢.٨: تایبەتمەندێتی هەواڵ | ٢٨ |
| ٢. ٢.٩: سەرچاوەکانی هەواڵ | ٣٢-٢٨ |
| ٢. ٢.١٠: چۆنیەتی سازاندنی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی | ٣٤-٣٣ |
| ٢. ٢.١١: بۆتەی داڕشتنی هەواڵ | ٣٥-٣٤ |
| پاژی سێیەم: ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی (Press Report) | ٤٠-٣٥ |
| ٢.٣.١: سەرەتا | ٣٥ |
| ٢.٣.٢: پێناسەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی | ٣٦ |
| ٢.٣.٣: جیاوازیی نێوان ڕاپۆرت و هەواڵ | ٣٦ |
| ٢.٣.٤: جیاوازیی نێوان چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی | ٣٦ |
| ٢.٣.٥: جیاوازیی نێوان ڕاپۆرت و ریپۆرتاژ | ٣٨-٣٧ |
| ٢.٣.٦: جۆرەکانی ڕا پۆرتی ڕۆژنامەنووسی | ٣٩-٣٨ |
| ٢.٣.٧: چۆنیەتی داڕشتی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی | ٤٠ |
| پاژی چوارەم : چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی | ٤٦-٤١ |
| ٢.٤.١: پێناسە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی | ٤١ |
| ٢.٤.٢: جۆرەکانی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی | ٤٣-٤١ |
| ٢.٤.٣: داڕشتنی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی | ٤٣ |
| ٢.٤.٤: پەیکەری نووسینی چاوپێکەوتن لەڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان | ٤٥-٤٣ |
| ٢.٤.٥: بۆتەکانی داڕشتنی چاوپێکەو | ٤٦-٤٥ |
| پاژی پێنجەم: کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی | ٤٨-٤٧ |
| ٢.٥.١: پێناسەی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی | ٤٧ |
| ٢.٥.٢: جۆرەکانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی | ٤٧ |
| ٢.٥.٣: گرنگی ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی | ٤٨ |

| | |
|---|---|
| ٢.٥.٤: بۆتەی نووسینی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی | ٤٨ |
| پاژی شەشەم: ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی | ٥٣-٤٩ |
| ٢.٦.١: پێناسەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی | ٥٣-٤٩ |
| ٢.٦.٢: شێوەکانی ریپۆرتاژ | ٥٠ |
| ٢.٦.٣: جۆرەکانی ریپۆرتاژ | ٥١-٥٠ |
| ٢.٦.٤: ئەرکەکانی ریپۆرتاژ | ٥١ |
| ٢.٦.٥: سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ | ٥٢ |
| ٢.٦.٦: بۆتە هونەریەکانی ریپۆرتاژ | ٥٣-٥٢ |
| ٢.٦.٧: پەیوەندیوجیاوازیی نێوان ریپۆرتاژ وهەواڵ | ٥٤-٥٣ |
| پاژی حەوتەم: کاریکاتێر | ٥٨-٥٤ |
| ٢.٧.١: هونەری کاریکاتێر | ٥٤ |
| ٢.٧.٢: پێناسەی کاریکاتێر | ٥٦-٥٥ |
| ٢.٧.٣: هونەری کاریکاتێری رۆژنامەنووسی | ٥٧ |
| ٢.٧.٤: جۆرەکانی کاریکاتێر | ٥٧ |
| ٢.٧.٥: ئەرکەکانی کاریکاتێر | ٥٨-٥٧ |
| پاژی هەشتەم: وتاری رۆژنامەنووسی | ٦٠-٥٨ |
| ٢.٨.١: چەمک وپێناسەی وتار | ٥٩-٥٨ |
| ٢.٨.٢: شێوازەکانی وتار | ٦٠-٥٩ |
| ٢.٨.٣: جیاوازیی نێوان وتاری رۆژنامەنووسی- ئەدەبی- زانستی | ٦٠ |
| پاژی نۆیەم: جۆروچەشنەکانی وتاری رۆژنامەنووسی | ٦٨-٦١ |
| ٢.٩.١: سەروتار(المقال الافتتاحي) | ٦١ |
| ٢.٩.٢: نەخشەی نووسینی سەروتار | ٦٢-٦١ |
| ٢.٩.٣: شیکارە وتار(المقال التحليلى) | ٦٢ |
| ٢.٩.٤: توخمەکانی شیکارە وتار | ٦٣ |
| ٢.٩.٥: نەخشەی نووسینی شیکارە وتار | ٦٣ |
| ٢.٩.٦: وتاری رەخنەیی | ٦٤ |
| ٢.٩.٧: ئەرکەکانی وتاری رەخنەیی | ٦٤ |
| ٢.٩.٨: شێوازی نووسینی وتاری رەخنەیی | ٦٤ |
| ٢.٩.٩: جۆرەکانی رەخنەی رۆژنامەنووسی | ٦٥ |
| ٢.٩.١٠: ستوونی رۆژنامەنووسی (العمود الصحفى) | ٦٦-٦٥ |
| ٢.٩.١١: جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی | ٦٧-٦٦ |
| ٢.٩.١٢: تایبەتمەندییەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی | ٦٧ |

| | |
|---|---|
| ٦٨ | ١٣.٩.٢: نەخشەی نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی |
| ٦٩-١٢٢ | بەشی سێیەم/ رۆژنامەنووسی پێگە ئەلكترۆنییەكان |
| ٧١-٧٦ | پاژی یەكەم : رۆژنامەنووسی |
| ٧١ | ١.١.٣: چەمک وپێناسەی رۆژنامەنووسی |
| ٧١-٧٢ | ٢.١.٣: دەركەوتن وگەشەكردنی رۆژنامە لەجیهاندا |
| ٧٢ | ٣.١.٣: گەشەكردنی ئامرازەكانی راگەیاندن و رۆڵی لەگەشەی رۆژنامە |
| ٧٣-٧٥ | ٤.١.٣: ئەركی رۆژنامەنووسی |
| ٧٦-٧٧ | ٥.١.٣: گرنگی و تایبەتمەندی رۆژنامە |
| ٧٧-٧٩ | پاژی دووەم: سازاندنی رۆژنامەنووسی(Press editing) |
| ٧٧ | ٣ .٢. ١ : چەمک وپێناسەی سازاندنی رۆژنامەنووسی |
| ٧٨ | ٣ .٢.٢: چەمک وپێناسەی لەزمانەوانیدا |
| ٧٨-٧٩ | ٣ .٢.٣: چەمک وپێناسەی سازاندن لەزاراوەدا |
| ٧٩ | ٣ .٢.٤: گرنگی سازاندن |
| ٨٠-٨٤ | پاژی سێیەم: رەهەندی وێنە |
| ٨٠ | ٣ .٣.١: وێنەی رۆژنامەنووسی |
| ٨٠-٨١ | ٢.٣.٣: ناساندن |
| ٨١-٨٢ | ٣ .٣.٣: پۆلێن |
| ٨٣ | ٣ .٣.٤: بەهای وێنە |
| ٨٤ | ٣ .٣.٥: پێوەرەكانی هەڵبژاردنی وێنەی رۆژنامەنووسی |
| ٨٥-٨٨ | پاژی چوارەم: رەهەندی ناونیشان(سەردێر) |
| ٨٥-٨٦ | ١.٤.٣: ناساندن |
| ٨٦ | ٢.٤.٣: ئەركەكانی ناونیشان |
| ٨٦-٨٧ | ٣ .٤.٣: ئەركەكانی ناونیشان لەدیزان |
| ٨٧ | ٣ .٤.٤: شێوازەكانی ناونیشان |
| ٨٨ | ٣ .٤.٥: جۆرەكانی ناونیشانە رۆژنامەنووسیەكان |
| ٨٩-٩٢ | پاژی پێنجەم: راگەیاندنی ئەلكترۆنی |
| ٨٩-٩١ | ٣ .٥.١: چەمک و پێناسە |
| ٩٢ | ٣ .٥.٢: رەگەزە بنەڕەتییەكانی دەركەوتنی راگەیاندنی ئەلكترۆنی |
| ٩٣-٩٩ | پاژی شەشەم: تەكنۆلۆژیای راگەیاندنی ئەلكترۆنی |
| ٩٣ | ١.٦.٣: كۆمپیوتەر |
| ٩٤ | ٢.٦.٣: تۆڕی ئینتەرنێت |

| | |
|---|---|
| ٣.٦.٣: پێناسەی ئینتەرنێت | ٩٥-٩٤ |
| ٣ .٦.٤: پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن پاش دەرکەوتنی ئینتەرنێت | ٩٧-٩٥ |
| ٣ .٦.٥: خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن لەئینتەرنێتدا | ٩٧- ٩٩ |
| پاژی حەوتەم: رۆژنامەی ئەلکترۆنی | ١٠٩-٩٩ |
| ٣ .٧.١: سەرەتا | ١٠٠-٩٩ |
| ٣ .٧.٢: پێناسە | ١٠٠ -١٠١ |
| ٣ .٧.٣: دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی و گەشەکردنی | ١٠٣-١٠١ |
| ٣ .٧.٤: جۆرەکانی رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان | ١٠٥-١٠٣ |
| ٣ .٧.٥: ئەرکەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی | ١٠٥ |
| ٣ .٧.٦: تایبەتمەندیەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی | ١٠٩-١٠٦ |
| پاژی هەشتەم: خزمەتگوزاریی و رەهەندە هەمەرەنگەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی | ١١٥-١٠٩ |
| ٣ .٨.١: خزمەتگوزاریی گەیاندن | ١٠٩ |
| ٣ .٨.٢: خزمەتگوزاریی بەخش وبڵاوکردنەوە | ١١٠ |
| ٣ .٨.٣: خزمەتگوزاریی گەڕان و ئەمبارکردن | ١١١ |
| ٣ .٨.٤: رێنمایی و هاوکاری کردن | ١١١ |
| ٣ .٨.٥: بازارگەری | ١١١ |
| ٣ .٨.٦: لایەنە نەرێنیەکانی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی | ١١٣-١١٢ |
| ٣ .٨.٧: جیاوازییەکانی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و کۆپی ئەلکترۆنی رۆژنامەی چاپکراو | ١١٥-١١٣ |
| پاژی نۆیەم: پێگە ئەلکترۆنییەکان | ١٢٢-١١٥ |
| ٣ .٩.١: پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی | ١١٧-١١٥ |
| ٣ .٩.٢: جۆرەکانی پێگەی ئەلکترۆنی | ١١٩-١١٧ |
| ٣ .٩.٣: سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئینتەرنێت وپێگەی ئەلکترۆنی کوردی | ١٢٢-١٢٠ |
| بەشی چوارەم: لایەنی کردەنینامەی توێژینەوەکە | ١٥٨-١٢٣ |
| پاژی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی دامەزراوەی خەندان | ١٢٧-١٢٤ |
| ٤.١.١: دامەزراوەی خەندان | ١٢٥-١٢٤ |
| ٤.١.٢: بڵاوکراوەو سەکۆکانی سەربەخەندان | ١٢٥ |
| ٤.١.٣: پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان | ١٢٦-١٢٥ |
| ٤.١.٤: پێکهاتەی پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان | ١٢٧-١٢٦ |
| پاژی دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی رواڵەتشیکاری | ١٢٧ |
| ٤.٢.١: چەمکی شیکاری | ١٢٧ |
| ٤.٢.٢: دروستکردنی فۆرمی شیکاری | ١٢٧ |

| | |
|---|---|
| ٣.٢.٤: دەستەکانی شیکاری | ١٢٧ |
| ٤.٢.٤: لقە دەستەکان | ١٢٧ |
| پاژی سێیەم : ناساندنی دەستە، لقە دەستە، بڕگەو لقە بڕگەکانی شیکارکاری | ١٣٩-١٢٨ |
| پاژی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی کردنینامە وگفتووگۆکردنی | ١٥٨-١٤٠ |
| دەرئەنجام و پێشنیارو راسپاردە | ١٥٩- ١٦٣ |
| دەرئەنجام | ١٦١-١٦٠ |
| پێشنیار | ١٦٢ |
| راسپاردە | ١٦٣-١٦٢ |
| لیستی سەرچاوە | ١٧٧-١٦٤ |
| پاشکۆکان | ١٧٨- ٢٠٢ |
| فۆڕمی شێکاری توێژینەوەی پێش درووستی رواڵەتی ئامرازی توێژینەوە( الصدق الظاهري) | ١٨٦-١٧٩ |
| فۆڕمی شیکاری دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن شارەزایان | ١٩٨-١٨٧ |
| ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان | ٢٠٠-١٩٩ |
| پێوەری راستی فۆرمی شیکارکاری توێژینەوەکە | ٢٠١ |
| رادەی جێگیری توێژینەوەکە | ٢٠٢ |
| بەرگ وپوختە بەزمانی عەرەبی | i-iv |
| بەرگ وپوختە بەزمانی ئینگلیزی | a-d |

# پێڕستی خشتەکان


| خشتە | لاپەڕە |
|---|---|
| خشتەی (١) ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٠ |
| خشتەی (٢) بابەتەکانی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤١ |
| خشتەی (٣) شوێنی جوگرافیای هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٢ |
| خشتەی (٤) بەهای هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٢-١٤٣ |
| خشتەی (٥) بۆتەی نووسینی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٣ -١٤٤ |
| خشتەی (٦) جۆری سەرچاوەی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٤ -١٤٥ |
| خشتەی (٧) جۆرەکانی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٥-١٤٦ |
| خشتەی (٨) شوێنی جوگرافیای راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٦-١٤٧ |
| خشتەی (٩) بۆتەی نووسینی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٧ |
| خشتەی (١٠) جۆری سەرچاوەی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٨ |
| خشتەی (١١) بابەتەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٩ |
| خشتەی (١٢) جۆرەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٤٩ |
| خشتەی (١٣)جۆری سەرچاوەی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥١ |
| خشتەی (١٤) شوێنی جوگرافیای ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٢ |
| خشتەی(١٥) جۆرەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٢ -١٥٣ |
| خشتەی (١٦) بابەتەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٣ |
| خشتەی (١٧) داڕشتنی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٣ |
| خشتەی (١٨) بابەتەکانی کاریکاتێرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٣ |
| خشتەی (١٩) جۆرەکانی وتارە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٥ |
| خشتەی (٢٠) بابەتەکانی وتارە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٥-١٥٦ |
| خشتەی (٢١) رەهەندە روونکارییە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٦ |
| خشتەی (٢٢) جۆرەکانی وێنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٧ |
| خشتەی(٢٣) جۆرەکانی ناونیشانە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٧-١٥٨ |
| خشتەی(٢٤) جۆرەکانی دیکەی رەهەندە روونکارییە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | ١٥٨ |

**پێشەکی**

راگەیاندن بەیەکێک لە بوارە گرنگەکان دادەنرێت کە کەوتووەتە بەرشەپۆلی خێرای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا وزانیاری، هەربۆیە ئامرازەکان زیاترگەشەیان کردووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە رۆژنامە، کە بەرەگەزێکی سەرەکی رووکاری راگەیاندن دادەنرێت، وەک ئامرازێک بۆئاڵوگۆڕکردنی زانیاری وهۆشیارکردنەوەی خەڵک، کەوتە بەردەم شەپۆلەکانی گۆڕانکاری کەبەشێوەیەکی خێرا لەسەدەکانی رابردووهەڵیکرد، بەتایبەتی دەرکەوتنی ئینتەرنێت وسەرهەڵدانی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی لە سێ دەیەی رابردوو، بوون بە هۆی ئەوەی کە کاریگەری رۆژنامە زیاتربێت، بەهۆی ئەوخزمەتگوزارییانەی کەئینتەرنێت پێشکەشی وەرگرەکان و رۆژنامەی کردووە لە رووکاری، خێرایی، پانتای جوگرافیا، کارلێکی ، ...هتد. سەرباری هەرپێشکەوتن ودەرکەوتنی هەرئامرازێکی گەیاندن، پەیامی رۆژنامە لەسۆنگەی چەند ژانرەێکی رۆژنامەنووسییەوە دەگاتە بنبەست، شوێن پێی خۆی دەکوتێت، چونکە ژانرەکان فۆرمی نووسینی رۆژنامەنووسییە بەشێوازی هونەری بۆرێکخستنی پەیامەکان، بەجۆرێک سادە وساکارو روون وئاشکرابن، بۆئەوەی زۆرینەی وەرگران بەگشت خوێنەرانەوە لێی تێبگەن، بێجگە لەوەش هەرژانرەێک، خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی لەنووسین ودارشتن، گەیاندنی زانیاری وبەجێهێنانی ئەرکە رۆژنامەنووسییەکان. لەئێستادا ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی لەرێگای پێگەی ئەلکترۆنییەوە بەپلەی یەکەم دێت وسەرجەم دەزگاکانی (بینرا وبیستراو خۆێنراو) پێگەی ئەلکترۆنیان دامەزراندووە بۆگەیاندنی پەیامەکانیان، هەربۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان و رەهەندە روونکارییەکان لە پێگەی خەندان بوەتە پێداویستییەکی زیندووی توێژینەوەکانی راگەیاندن.لەم توێژینەوەیەدا باس لە رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامە نووسییەکان ورەهەندە روونکارییەکان لە پێگەی خەنداندا کراوە. بەوپێیەی خەندان پێگەیەکی ئەلکترۆنییە خاوەنی تایبەتمەندی کارلێکی وبەردەوامی یە، هەوڵدەدات لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا رومالی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی.توێژینەوەکە بە سەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە:**بەشی یەکەم** بەناونیشانی، رێبازنامەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە، (دوو) پاژ، **پاژی یەکەم،** رەهەندەکانی توێژینەوە (کێشەی توێژینەوەکە، گرنگیی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆرو ریبازی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە، سنووری توێژینەوەکە، کۆمەڵ ومشتەی توێژینەوەکە، رواڵەتە دروستی (الصدق الظاهري)، جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە، دیارکردنی چەمك ودەستەواژەکان) باسکراوە. **پاژی دووەم،** بەناونیشانی توێژینەوەکانی پێشووپێکهاتووە لە: تەوەرەکانی (توێژینەوە کوردییەکان، توێژینەوە عەرەبییەکان، شوێنپێی توێژینەوەکە لەنێوتوێژینەوە پێشووەکاندا) باسکراوە.

**بەشی دووەم**، بەناونیشانی ژانرە رۆژنامە نووسییەکان، (نۆ) پاژ لەخۆ دەگرێت، **پاژی یەکەم** : بریتییە لە چەشنە ژانرە رۆژنامەنووسییەکان، تەوەرەی (سەرەتا وپێناسەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان) باسکراوە. **پاژ دووەم** بە ناونیشانی هەواڵ، بەهەمان شێوە ئەم پاژە چەند بابەتێکیی تێداباسکراوە لەوانە (سەرەتا، هەواڵ لە ڕووی زمانەوانییەوە، پێناسەی هەواڵ، بەهای هەواڵی رۆژنامەنووسی، پێناسەکانی بەهای هەواڵ، رەگەزەکانی هەواڵ، شەش پرسیارەکەی هەواڵ، تایبەتمەندێتی هەواڵ، سەرچاوەکانی هەواڵ، چۆنیەتی نووسینەوەی هەواڵی رۆژنامەنووسی، بۆتەی دارشتنی هەواڵ). **پاژی سێیەم** بە ناونیشانی راپۆرتی رۆژنامەنووسی کە لەچەند بابەتێک پێکهاتووە، لەوانە (سەرەتا، پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسی، جیاوازیی نێوان راپۆرت وهەواڵ، جیاوازیی نێوان چاوپێکەوتن و راپۆرتی رۆژنامەنووسی، جیاوازیی نێوان راپۆرت وریپۆرتاژ، جۆرەکانی راپۆرتی رۆژنامەنووسی، چۆنیەتی دارشتنی راپۆرتی رۆژنامەنووسی) خراوەتەروو. **پاژی چوارەم** بە ناونیشانی، چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی، چەند بابەتێک لە وانە (پێناسەی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی، جۆرەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی، دارشتنی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی، پەیکەری نووسینی چاوپێکەوتن لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکان، بۆتەکانی دارشتنی چاوپێکەوتن) باسکراوون. **پاژی پێنجەم** بریتییە لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی، ئەم بابەتانە (پێناسەی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی، جۆرەکانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی، گرنگی ئەنجامدانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی وبۆتەی نووسینی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی) خراوەتەڕوو.**پاژی شەشەم** بەناونیشانی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی، چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت لەوانە (پێناسەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی، شێوەکانی ریپۆرتاژ، جۆرەکانی ریپۆرتاژ، ئەرکەکانی ریپۆرتاژ، سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ، بۆتە هونەریەکانی ریپۆرتاژ، پەیوەندی وجیاوازیی نێوان ریپۆرتاژوهەواڵ).**پاژی حەوتەم** بریتییە لە کاریکاتێر، بەهەمان شێوە چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت لەوانە (هونەری کاریکاتێر، پێناسەی کاریکاتێر، هونەری کاریکاتێری رۆژنامەنووسی، جۆرەکانی کاریکاتێر، ئەرکەکانی کاریکاتێر). **پاژی هەشتەم** بەناونیشانی وتاری رۆژنامەنووسی، بابەتەکانی (چەمک وپێناسەی وتار، شێوازەکانی وتار، جیاوازیی نێوان وتاری رۆژنامەنووسی- ئەدەبی-زانستی)، تێدا باسکراوە.**پاژی نۆیەم** پیکهاتووە لە جۆروچەشنەکانی وتاری رۆژنامەنووسی، تێدا (سەروتار، نەخشەی نووسینی سەروتار، شیکارە وتار (المقال التحلیل)، توخمەکانی شیکارە وتار، نەخشەی نووسینی شیکارە وتار، وتاری رەخنەیی، ئەرکەکانی وتاری رەخنەیی، شێوازی نووسینی وتاری رەخنەیی، جۆرەکانی رەخنەی رۆژنامەنووسی، ستوونی رۆژنامەنووسی (العمود الصحفی)، جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی، تایبەتمەندییەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی ونەخشەی نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی) باسکراوە. **بەشی سێیەم**، رۆژنامە نووسیی و پێگە ئەلکترۆنییەکان ناونیشانێتی: ئەم بەشەش لە (نۆ) پاژپێکهاتووە. **پاژی یەکەم** بەناونیشانی رۆژنامە نووسیی، (دەرکەوتنی رۆژنامەنووسی، چەمک وپێناسەی رۆژنامەنووسی، دەرکەوتن وگەشەکردنی رۆژنامە لەجیهاندا،

گەشـــەکردنی ئامرازەکانی راگەیاندن ورۆڵی لەگەشـــەی رۆژنامە، ئەرکی رۆژنامەنووســـیی، گرنگی و تایبەتمەندی رۆژنامە) باســـکراوە.**پاژی دووەم**، ســـازاندنی رۆژنامەنووســـی ناونیشـــانێەتی، بابەتەکانی (چەمک و پێناسەی سازاندنی رۆژنامە نووسی، چەمک وپێناسەی لە زمانەوانیدا، پێناسەی سازاندن لەزاراوەدا، گرنگی سازاندن)، باسکراوە. **پاژی سێیەم** بە ناونیشانی رەهەندی وێنە، پێکهاتووە لە بـــابەتەکـــانی (وێنەی رۆژنـــامەنووســـی، پۆلێن، بەهـــای وێنە، پێوەرەکـــانی هەڵبژاردنی وێنەی رۆژنامەنووســی) خراوەتە روو، **پاژی چوارەم**، بریتییە لە (رەهەندی ناونیشـــان (ســـەردێڕ)، ئەرکەکانی ناونیشـــان، ئەرکەکانی ناونیشـــان لە نەخشـــەســـازیی، شـــێوازەکانی ناونیشـــان، جۆرەکانی ناونیشـــانە رۆژنامەنووسیەکان) باسکراوە. **پاژی پێنجەم** بەناونیشانی راگەیاندنی ئەلکترۆنی، بابەتەکانی (چەمک و پێناس، رەگەزە بنەڕەتییەکانی دەرکەوتنی راگەیاندنی ئەلکترۆنی) باسکراوە، **پاژی شەشەم** بریتییە لە تەکنۆلۆژیای راگەیاندنی ئەلکترۆنی، بابەتەکانی، کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێت و پێناسەکەی باسکراوە هەروەها لەم پاژە بابەتی پرۆســـەی پەیوەندیکردن پاش دەرکەوتنی ئینتەرنێت، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن لەئینتەرنێتدا) باســـکراوە. **پاژی حەوتەمیش**، بە نـاونیشـــانی رۆژنـامەی ئەلکترۆنی، بابەتەکانی بریتین لە (ســـەرەتا، پێناس، دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی و گەشـــەکردنی، جۆرەکانی رۆژنـــامە ئەلکترۆنیەکـــان، ئەرکەکـــانی رۆژنـــامەی ئەلکترۆنی، تـــایبەتمەنـــدیەکـــانی رۆژنـــامەی ئەلکترۆنی)باســـکراون، **پاژی هەشـــتەمیش** پێکهاتووە لە (خزمەتگوزاری و رەهەندە هەمەرەنگەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی، خزمەتگوزاری گەیاندن، خزمەتگوزاری بەخش وبڵاوکردنەو، خزمەتگوزاری گەڕان و ئەمبارکردن، رێنمایی و هاوکاری کردن، بازارگەر، لایەنە نەرێنیەکانی رۆژنامەنووســـی ئەلکترۆنی، جیاوازییەکانی نێوان رۆژنـامەی ئەلکترۆنی و کۆپی ئەلکترۆنی رۆژنـامەی چاپکراو، جیـاوازییەکـانی نێوان رۆژنـامەی چـاپکراو و رۆژنـامەی ئەلکترۆنی)خراوەتە روو **پـاژی نۆیەم**، بەناونیشانی پێگەی ئەلکترۆنییەکان، بابەتەکانی وەک (پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی، جۆرەکانی پێگەی ئەلکترۆنی، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئینتەرنێت وپێگەی ئەلکترۆنی کوردی) باسکراوە.**بەشی چوارەم** تایبەتکراوە بەلایەنی کردەنینامە، ئەم بەشـــەش لە (چوار) پاژ پێکهاتووە، **لە پاژی یەکەمدا** (دامەزراوەی خەندان، ناساندن، بڵاوکراوەو سەکۆکانی سەربەخەندان، پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان، پێکهاتەی پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان) خراوەتە روو، **پاژی دووەمیش** تەرخانکراوە بۆهەنگاوەکانی لایەنی رواڵەتشیکاری، چەمکی شیکاری، دروستکردنی فۆرمی شیکاری، دەستەکانی شیکاری، لقە دەستەکان) باسکراوە، **پاژی سێیەم** تایبەتکراوە بە ناساندنی دەستە، لقە دەستە، برگە و لقە برگەکانی شیکارکاری لەپێگەی خەنـدانـدا، دوایی **پـاژی چوارەمـدێت** بریتیە لە خســـتنەڕووی (ئەنجـامەکـانی لایەنی کردەنینـامەو وگفتووگۆکردنی). دواتر دەرئەنجامی توێژینەوەکە و پێشـنیار و راسـپاردە ولیسـتی سـەرچاوەکانی توێژینەوە کە خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### پاژی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

١.١. ١: کێشەی توێژینەوەکە

١.١. ٢: گرنگی توێژینەوەکە

١.١. ٣: ئامانجی توێژینەوەکە

١.١. ٤: ڕێبازو جۆری توێژینەوەکە

١.١. ٥: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

١.١. ٦: سنووری توێژینەوەکە

١.١. ٧: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە

١.١. ٨: ڕواڵەتە دروستی(الصدق الظاهري)

١.١. ٩: جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکە

١.١. ١٠: دیاریکردنیی چەمك و دەستەواژەکان

### پاژی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

١.٢. ١: توێژینەوە کوردییەکان

١.٢. ٢: توێژینەوە عەرەبییەکان

١.٢. ٣: شوێنپێی توێژینەوەکە لەنێو توێژینەوەکانی پێشوودا

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### پاژی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### ١.١. ١: کێشەی توێژینەوەکە

سەبارەت بەکێشەی ئەم توێژینەوەیە، لە وروانگەوەیەی کەژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان، ئەوچێوە هونەریانەن کە پەیامەکانیان بەشێوەیەکی هونەری تێدا ڕێکدەخرێت و ئامادە دەکرێت، دەنێردرێت بۆ وەرگر، بە مەبەستی بەئاگا بوون و دانانی کاریگەری، هەرلەوسۆنگەیەوە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئەو ناڕوونی وئاڵۆزیەی لە دیاریکردن وئاستی ڕەنگدانەوەی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان ورەهەندە ڕوونکارییەکان هاتۆتە ئاراوە، هەروەها دیاریکردنی ڕادەی گرنگی پێدانیان لە پێگەی خەنداندا، بۆزیاترئاشکراکردن وئاستی ئەو گرنگی پێدانە نمایشی ئەم پرسیارانە دەکەین:

١. ئایا پێگەی خەندان ڕەچاوی بنەما وتایبەتمەندێتی نووسینی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانی کردووە؟
٢. ئایا پێگەی خەندان ئەووێنە ڕۆژنامەنووسییانەی بڵاویکردۆتەوە، ڕەچاوی پێوەر و بەهاکانی وێنەی ڕۆژنامەنووسییان تێدا کراوە، گرنگییان پێدراوە؟
٣. ئایا پێگەی خەندان گرنگی داوە بەرەهەندە ڕوونکارییەکان، تاچەند لەپێگەکەدا ڕەنگی داوەتەوە؟
٤. کامانەن ئەو بۆتە هونەریانەی ژانرەکانیان پێداڕێژراوە؟

### ١.١. ٢: گرنگیی توێژینەوەکە

١. **بۆ کۆمەڵ** : گرنگی و بایەخی توێژینەوە لەوراستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا تاچەند کاریگەرێتی لەسەر تاک و کۆمەڵ دروست دەکات، هەرلەم هۆکارەشەوەیە کەبەبێ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ناتوانرێت هیچ قسەیەک لەسەرکێشەوگیروگرفتەکانی کۆمەڵ و گۆڕانکاریەکانی بەشێویەکی زانستی بکرێت، لێرەوە توێژەرلە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا لەسۆنگەی ئەوەی ڕاگەیاندن زانستێکی مرۆییە، گرێدراوی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکە، ئەم توێژینەوەیەش سەبارەت بەژانرە ڕۆژنامەنووسیەکان ورەهەندە ڕوونکارییەکانە، گرێدراوییەکی توندی لە تەک تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، دروستدارشتنی پەیامەکان کاریگەری خۆیان بەجێدەهێڵن لەڕووکاری ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.
٢. **بۆ زانست**: ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی زانستیەوە هەنگاوێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی، هەروەها وەک بەشێکی زانستەمرۆڤایەتییەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێ، هەروەها ئەم

توێژینەوەیە بەهەوڵە یەکەمینەکـان دادەنرێـت لەم بوارەدە دەربـارەی رەنگـدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان ورەهەندە روونکارییەکان لە پێگە ئەلکترۆنییەکاندا.

٣. **بۆپیشـەی رۆژنامەنووسـیی:** زیادکردنی سـەرچاوەیەکی زانستییە لە بواری زانسـتی راگەیاندن بەگشـتی ومیدیای نوێ بە تایبەتی، لەلایەکی تریشـەوە، گرنگی وبایەخی تایبەتی بۆکتێبخانەی میدیایی کوردی هەیە، بەتایبەت بۆتوێژینەوەی زانسـتی لە بارەی رۆژنامەنووسـیی ئەلکترۆنی کوردییەوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە نەخشـە رێگایەک بۆکارکردنی دامەزراوەکـانی راگەیاندن بەگشتی وبەتایبەتی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان.

**١.١. ٣: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان ورەهەندە روونکارییەکان لەپێگەی خەنداندا، هەروەها ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی لاوەکی هەیە کە بریتین لە:

١. دەرخستنی ئاستی رەچاوکردنی بنەما وتایبەتمەندێتی نووسینی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لە پێگەی خەنداندا.
٢. زانینی جۆری ئەو وێنە رۆژنامەنووسـییانەی کە پێگەکە بڵاویکردۆتەوە، ئاشـکراکردنی پێوەر و بەهاکانی وێنە رۆژنامەنووسییەکان، ئاستی گرنگیی پێدانیان.
٣. ئاشکراکردنی ئاستی گرنگی دان بەرەهەندە روونکارییەکان، رەنگدانەوەیان لە پێگەی خەنداندا.
٤. دیاریکردنی بۆتە هونەرییە بەکارهێنراوەکان لە پێگەی خەنداندا.

**١.١. ٤: رێبازو جۆری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشـتی بە جۆری پەسـنی (وەصـفی) بەسـتووە بۆ بەدەسـتهێنانی زانیاری ورد و پۆلێنکردن و شـیکارکردنی زانیارییەکان، تا بەزانیارییە بەردەسـتە پەیوەندارەکان بەرەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان ورەهەندە روونکارییەکان لە پێگەی خەنداندا، چارەسـەری کێشـەی سـەرەکی توێژینەوەکە بکات. بەهۆیەشـەوە پەسـنی بابەتی توێژینەوەکەی لە ناو بواری شوێن وکاتی توێژینەوەکە کردووە.

لە جۆری پەسـنیدا رێبازی رووپێویکردن (مسـح)ی بەکارهێنراوە، بەو پێیەی رووپێویکردن هەوڵێکی زانستیی رێکخراوە، بۆگەیشتن بەداتاو زانیارییەکان و پەسنی دیاردەیەك یان کۆمەڵێك دیاردەی بـابەتی توێژینەوە دەکـات، لە ژمـارەیەکی دیـاریکراو لەپێکهێنەرەکـانی کۆمەڵی توێژینەوەکە ومـاوەی پێویست بۆی، هەروەك ئەم جۆرە بەدیارترین بەکارهاتوەکانی بواری راگەیاندن دەژمێردێت، چونکە لەم رێگایەوە توێژەر دەتوانێت زانیاری و داتا لەبارەی دیاردەی دیاریکراوی میدیایی کۆبکاتەوە، بۆ ناسـین،

دیاریکردنی دۆخەکەی، لەم سۆنگەیەوە ڕێبازی رووپێوی بۆئەم توێژینەوەیە شیاوترینە، بەشێوازی شیکارکاری رواڵەتی، کە بریتییە لەپرۆسەی هەڵوەشاندن و شیکردنەوەی ئەو پەیامەی، کە لەسەرچاوەکەوە نێردراوە بۆ وەرگران.

## ١.١. ٥: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

بەهۆی نەبوونی توێژینەوە دەربارەی رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییەکاندا، توێژەر ئەم ئامڕازانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێناوە:

١. **شیکارینامە:** ئەو فۆرمەیە کە توێژەر وەك ئامڕازێك بەکاری هێناوە بۆهەڵسەنگاندنی رادەی گرنگی پێدانی پێگەی (خەندان)، بەژانرە رۆژنامەنووسییەکان، رەهەندە روونکارییەکان ئامادەکراوە، لەژێر رۆشنایی ئامانج وپرسیارەکانی توێژینەوەکە بە مەبەستی شیکاری چەندایەتی بۆ بابەتە رۆژنامەنووسییەکان، کەلە (٢٤) خشتە پێکهاتووە.

٢. **چاوپێکەوتن:** ئاخاوتن وهەڤپەیڤینی راستەوخۆیە لەنێوان توێژەرو کەسانی تردا(تاك یا کۆ)، بەمەبەستی گەشتن بە وەرگرتنی زانیاری زیاترو زۆرتر دەربارەی رەهەندێک یازیاتر یاهەڵوێستێکی دیاریکراوکە تیایدا توێژەرهەوڵدەدات بەشێك لەکارەکەی لەو رێگایەوە ئەنجام بدات.هەربۆیە توێژەر بەمەبەستی ئاشنا بوونی زیاتر بەزانیاریی و ئەنجامێکی دروست لەمەڕ رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامە نووسییەکان و رەهەندە روونکارییەکانەوە لەپێگەی خەنداندا چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەسانی پیشەگەر و تایبەتمەند ئەنجامداوە سەبارەت بە توێژینەوەکە، چونکە چاوپێکەوتن ئامڕازێکی گرنگی بەدەستهێنانی زانیارییە.

## ١.١. ٦: سنووری توێژینەوەکە

١. **بواری شوێن:** هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، کە بنکەی سەرەکیی پێگەی هەواڵیی (خەندان)ـــە، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کاردەکات، بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە رۆژنامەنووسییەکان بەشێوەی ئەلکترۆنی.

٢. **بواری کات:** ماوەی دیاریکراو بۆ رواڵەتشیکاریی بابەتە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندانە، توێژەر سەرجەم بابەتە رۆژنامەنووسییەکانی، مانگێکی پێگەکەی وەرگرتووە (٤/١ تا ٢٠٢٢/٤/٣٠)،هۆکاری دیاریکردنی ئەو کاتەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتێکی ناوخۆیی وعێراقی و جیهانی، سە بارەت بە کوردستان بۆئەوەی چەند بۆنەیەک لەو ماوەیە یاد دەکرێنەوە، لەوانە: یادی پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کورد لەباشور، کۆرەو، سەرباری دەرچواندنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)، لەلایەن میرانی بەدرخانییەکان لە (٤/٢٢/ ١٨٩٨)، بۆردومانکردنی هەردووشاری قەڵادزێ وهەڵبجە لە (٢٤- ١٩٧٤/٤/٢٦).گرنگی لەروانگەی عێراقەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئەومانگە چەندین کۆبوونەوە ئەنجامدران، لەنێوان لایەن و

پێکهاتەکانی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١/١٠/١٠) بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق، بە هەمان شێوە گرنگی ئەومانگە سەبارەت بەجیهان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەجەنگی رووسیاو ئۆکراین پێینایە قوناغێکی مەترسیدارەوە.

٣. **بواری بابەت**: لەم توێژینەوەیەدا ژانرە رۆژنامەنووسیەکان و رەهەندە روونکارییەکان وەرگیراون.

**١.١. ٧: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە**

بریتییە لەویەکانەی کە کۆدەکرێنەوە تا کاریان لەسەربکرێت هەتاکولەرێگایەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی لێ هەڵبهێن جێنرێت و ئەنجامەکانی بەسەردا بگشتێنێت، بەڵام لەهەندێك رەوشدا ئەم کارە ئاسان نییە، کە خەسڵەتەکانی تەواو دیاریبکرێت، بەهۆی گەورەیی و فرەلایەنییەوە، بەردەستنەبوونی پێداویستی و توانا و بارودۆخ بە وەرگرتنی کۆمەڵی توێژینەوەکە، بەو هۆیەوە توێژەرسامپڵێک لەو کۆمەڵە وەردەگرێت کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکە بکات، کە ژمارەیەکی دیاریکراوە لە تاکەکانی کۆمەڵەکە، توێژەر بەشێوەیەکی نەخشە و پلان بۆدارێژراو دیاریدەکات، پێویستە لەرووی تایبەتمەندی و سیفاتەوە نۆێنەرایەتی کۆمەڵەکەی بکات.

١. **کۆمەڵی توێژینەوەکە:** بریتیە لەو گشتەی کە توێژینەوەکە لەبارەیەوە ئەنجام دەدرێت و مشتەی توێژینەوەکەی لێوەهەڵدەبژێرێت. کۆمەڵی توێژینەوەکە پێگەی خەندانە لە هەرێمی کوردستاندا، بەپاساوی ئەوەی پێگەیەکی فەرمی هەمیشە بەردەستە، ئەرشیفێکی رێکخراو و پۆلێنکراوی هەیەو بەردەوامە، بەئاسانی سەردانی دەکرێت.

٢. **مشتەی توێژینەوەکە:** مشتەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم بابەتەکانی یەک مانگی پێگەی خەندان بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دیاریکراوە، لە (١٧٤٨) بابەت پێکهاتووە.

**١.١. ٨: رواڵەتە دروستی(الصدق الظاهري)**

بەمەبەستی پێدانی راستی بە توێژینەوەکە، توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی فۆڕمی دەرهێنانی راستی دەربارەی ئەو خشتانەی لەبەشی پراکتییەکەیدا ئامادەی کردووە، لە رێگای دابەشکردنی فۆڕمی شیکاریی بەسەر کۆمەڵێك ئەکادیمی کە پێکهاتبون لە مامۆستایانی بەشی راگەیاندن لە زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحە دین، پولیتەکنیکی سلێمانی)* هەریەکەیان خاوەنی ئەزموون و شارەزاییەکی باشن

---

* پسپۆران بریتیبوون لە:

١. پرۆفیسۆر د. هیرش رەسوڵ موراد، پسپۆڕی راگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٢. پرۆفیسۆ د. ئاریانا ئیبراهیم محەمەد، پسپۆڕی راگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین.
٣. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد، پسپۆڕی راگەیاندن، زانکۆی سلێمانی .
٤. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. فوئاد عەلی ئەحمەد، پسپۆڕی راگەیاندن، زانکۆی سلێمانی.

لەئەنجامدانی توێژینەوەدا، هەمووسەرنجەكانیان بەهەند وەرگیرا، توێژەر بەپشتبەستن بەتێبینیەكانیان گۆڕانكاری لە فۆرمەكەدا ئەنجامدا، گۆڕانكاری: لابردن یا زیادكردنی چەند بڕگەیەک، ڕێژەی هاوڕابوونی پسپۆڕەكان لەسەر فۆرمەكە (٩٧.٦%) بوو، ڕێژەیەكی بەرزی هاوڕابوون و ڕەوشێكی زانستییە.

**١.١. ٩: جێگیری ئامرازی توێژینەوە (الثبات)**

یەكێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەكانی ئامڕازەكانی توێژینەوە پێویستە بەرلەوەی ئامڕازەكە پراكتیزەو جێبەجێ بكرێت خەسڵەتی جێگیرییە، هەربۆیە جێگیری بریتییە لەدڵنیا بوون لەوپێوەرەی كە دانراوە بۆپێوانەكردن، ئەگەرهاتوولەتاقیكردنەوەیەكدا كەسێك تاقیكرایەوەونمرەیەكی وەرگرت، گەردووبارە تاقیكرایەوە هەمان ئەونمرەیە یا زۆرنزیك لەونمرەیەی هێنایەوە ئەوا دەتوانرێت بوترێت ئەو پێوانەیە یان ئەوتاقیكردنەوەیە ڕێژەیەكی زۆری لەجێگیری تێدایە. جێگیری شیكردنەوە بەدوو شێوازئەنجام دەدەرێت:

١. پسپۆڕێك لەدووكاتی جیاوازدا كە بەلایەنی كەمەوە دووهەفتەی بەسەردا رابورێت.
٢. جێگیری لەنێوان دوو پسپۆڕی جیاوازدا.

توێژەررێگای دووەمی هەڵبژاردووە فۆرمی خشتەكانی جارێكی كە داوە بە دوو پسپۆڕی جیاوازبۆهەڵسەنگاندن، كە بریتی بوو لە (١٥٩) بڕگە، پسپۆڕی یەكەم كۆك بوو لەسەر (١٥٧) بڕگە، بەڵام پسپۆڕی دووەم سێ بڕگەی كەم كردەوە، گەیشتە (١٥٦) بڕگە، پاشان لەرێگای هاوكێشەی (هۆڵستی) یەوە پرۆسەی جێگیریەكە ئەنجام درا، لەكۆتادا ڕێژەی (٠.٩٧) دەرچوو، كە ڕێژەیەكی بەرزە وزانستییە.

**١.١. ١٠: دیاریكردنی چەمك و دەستەواژەكان**

١. **ژانرە ڕۆژنامەنووسییەكان:** هونەرە ڕۆژنامەنووسییەكانە لێوەی پەیامەكان دەسازێنرێنی، لەچێوەی یەكێكیاندا ڕێكدەخرێن، دەنێردرێت بۆ وەرگر، هەریەكێک لەوهونەرانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لەرووی نووسین و داڕشتنەوە وكاریگەرییەوە.

٢. **پێگەئەلكترۆنییەكان:** كۆمەڵێک ماڵپەرە ئەلكترۆنی پێكەوە گرێدراون لەناو فەزای ئینتەرنێتدا، چەند تایبەتمەندییەک لەخۆدەگرێ: ( كارلێكی، دەقی باڵا، خێرایی ...تاد)، لەلایەن كەسێک یان دامەزراوەیەكەوە، لەژێرناوێكی دیاریكراودا خاوەنداری لێدەكرێت.

---

٥. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. كاروان عەلی قادر، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی.
٦. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. كاروان محمد حەسەن، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، زانكۆی سلێمانی.
٧. پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. یەحیا عومەرفەتاح، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی.

٣. **ڕەهەندە ڕوونکارییەکان:** دانان وهاوپێچکردنی بابەتی ڕوونکاری ڕۆژنامە نووسییە، وەک ( وێنە، ناونیشان، دۆکۆمێنت، خشتە...تاد) بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامە نووسییەکان، گەیاندنی پەیامەکان، سەرباریی ئەوەش لایەنێکی جوانکاری دەبەخشێتە ڕۆژنامە و پێگە ئەلکترۆنییەکان.

٤. **ڕەنگدانەوە:** بریتییە لە گرنگی پێدان و پیادەکردنی ڕێساکانی نووسینی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی لەپێگە ئەلکترۆنییەکان، وەک ئەوەی باسکراوە لەسەرچاوە زانستیەکانی ڕاگەیاندندا.

٥. **پێگەی خەندان:** پێگەیەکی ئە لکترۆنی هەواڵییە، بەبەردەوامی بەشێوەی (٢٤) کاتژمێری، حەوت ڕۆژلەهەفتەیەک ماڵپەڕی ئەلکترۆنی پێگەی خەندان لەکاردایە بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری بابەت وکاروبارەهەنوکەیی ڕامیاری، ئابووری، وەرزشی هونەری ،زانستی، ژینگەیی وکۆمەڵایەتی ،سەربازی...هتد ی کوردستان، عێراق و جیهان.بەڵام، ناوەڕۆکەکەی بەهەردوو زمانی کوردی(شێوەزاری سۆرانی) وعەرەبی بڵاودەکاتەوە.

## پاژی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢.١. ١: توێژینەوە کوردییەکان

أ- **توێژینەوەی ئاریانا ئیبراهیم محەمەد،**(کاریگەری شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لەوێبسایتە ئەلکترۆنیە کوردییەکان لەسەرتێگەیشتنی خوێنەر- توێژینەوەیەکی ڕاپێویی شیکارییە بۆهەواڵەکانی ڕووداونێت بەنموونە).[١]

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتیە لە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، هەروەها مشتەی توێژینەوە کەش بریتیە لەهەواڵەکانی (وێبسایتی ئەلکترۆنی ڕووداونێت) لەماوەی یەك هەفتەدا لەرێکەوتی (١-٢٠١٩/١٢/٧) وەرگیراوە، هەروەها فۆرمەکە بەسەرخوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین دابەشکراوە . واتە مشتەی یەکەم هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت، مشتەی دووەم (٦٠) خوێندکار لە خوێندکارانی قۆناغی دووەم وسێیەم، چوارەمی بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات فۆرمەکان دابەشکراون. لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك ئامانجی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ناساندنی پێگە ئەلکترۆنییەکان وجۆرەکانی.
٢. دەستنیشانکردنی گرنگترین شێوازەکانی نووسینی ئەلکترۆنی.
٣. جۆری کاریگەری شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لەوێبسایتە ئەلکترۆنیەکان چۆنە. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری پەسنییە ڕێگای ڕاپێویی تێدا بەکارهێنراوە بۆگەیشتن بەئامانجە سەرەکییەکان.

---

[١] **ئاریانا ئیبراهیم محەمەد : کاریگەری شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلکترۆنیە کوردییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر- توێژینەوەیەکی ڕاپێویی شیکارییە بۆ هەواڵەکانی ڕووداونیت بەنموونە، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە، لەگۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣)، ژمارە (٢)،٢٠٢٠.**

لە کۆتاییدا توێژەرگەیشتوەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. (وێبسایتی هەواڵی رووداونێت ) بە رێژەیەکی باش شێوازەکانی نووسینی هەواڵی پەیڕەوکردووە، ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی بەکارهێناوە، لەرووی روونی پێشەکی بەکارهاتوو وپەیڕەکردنی وشەی سادە ورستەی کورت لە ئاستێکی باشدایە.

٢. رووداونێت لایەنی زیندووبوونەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە لەناوەڕۆکی هەواڵەکاندا کەمتر کاری لەسەرکردووە و کاریگەرییەکی نەرێنی خستۆتە سەرسەرنجڕاکێشی خوینەربۆ بابەتەکە.

٣. بۆتە هونەرییەکانی نووسینی هەواڵی ئەلکترۆنی لەرووداونێت جگەلە (هەرەمی هەڵگەراو) لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و زۆری بنەماکانی نووسینی ئەلکترۆنیدا بەباشی پەیڕەونەکراوە.رووداونێت کەمتر رەچاوی بابەتی بوون و یاساورێساکانی کاری رۆژنامەوانی لەنووسینی هەواڵەکاندا لەپێگەکەیدا، کەئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتەروو بۆسەردانکردنی.

**ب- توێژینەوەی د. نەوزاد سدیق محەمەد، بەهرۆز عەلی رەسوڵ،** بەناونیشانی (ناونیشانی هەواڵی لە ماڵپەرە هەواڵییە کوردییەکان)، توێژینەوەیەکی وەسفییە بۆناونیشانی هەواڵەکان.[1] ئەم توێژینەوەیە، لەجۆری توێژینەوە پەسنییەکانە، رێبازی رووپێوی (survey)بەکارهاتووە، سەرەتا لەرووی ژمارە وچەندێتیەوە، رووپێوی ناونیشان وجۆرەکانی ناونیشانی هەواڵی کردووە لەپێگەهەواڵییە کوردیەکان، بەرێگای لێتوێژینەوە لەدۆخی هەواڵی لەپێگەکاندا. لەم توێژینەوەدا ماڵپەڕە هەواڵییە کوردیکان وەکو کۆمەڵی توێژینەوەکە دەست نیشان کراوە، مشتەی توێژینەوەکەش بریتییە لەهەڵبژاردنی ناونیشانی هەواڵی لە پێگە ئەلکترۆنیی (سپی میدیا، شارپرێس، سبەی، تۆڕی هەواڵی سلێمانی)، بەڵام توێژەر ئاماژەی بەشێوازی هەڵبژاردنی مشتەی توێژینەوەکە نەکردووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنی باش وخراپەکانی ناونیشانی هەواڵیە لەپێکە ئەلکترۆنییەکان.

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١. خستنە رووی گرنگترین جۆرەکانی ناونیشانی هەواڵەکان لەماڵپەڕە کوردییەکان.

٢. هەوڵدەدات بۆزانینی جۆرە باوەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕەهەواڵییە کوردییەکان.

٣. هەوڵدەدات بۆدەستنیشانکردنی گرفتەکانی ناونیشانی هەواڵی لەماڵپەڕە کوردییەکان.

لە کۆتاییدا توێژەرگەیشتوەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. بەشێوەیەکی گشتی خاڵە بەهێزەکانی ناونیشانی هەواڵی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا زیاترە لەچاوخاڵە لاوازەکانی بەجۆرێک (٢٨٢) خاڵی بەهێزلەکۆی (١٣٥) ناونیشانی هەواڵی بەدیدەکرێت

[1] محەمەد، نەوزاد سدیق، بەهرۆز عەلی رەسوڵ (٢٠١٩)، ناونیشانی هەواڵی ماڵپەرە هەواڵییە کوردییەکان، زانکۆی پۆلیتە کنیکی سلێمانی، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە، لەگۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵبجە، ژمارە (٧).

لەبەرامبەردا(١٨١) جارخاڵی لاوازبەدیدەکرێت ، واتە خاڵی بەهێزی ناونیشـــان بەرێژەی ٦١٪ دێت و خاڵی لاوازەکانیش بەرێژەی ٣١٪هاتووە.

٢. زۆرترین خاڵی بەهێزی ناونیشـــانی هەواڵ، لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەدا لەماڵپەڕی شـــاراپرێســـدا بەدیدەکرێت و بەدوایدا لەمـاڵپەڕی ســـبەیدا بەدیدەکرێت ومـاڵپەڕی تۆڕی هەواڵی ســـلێمانی لەریزبەندی کۆتاییدایە.

٣. ســـەرنجڕاکێشـــان وزیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی وشـــە، وەک خاڵی لاواز لەناونیشـــانی هەواڵەکانی ماڵپەڕەکاندا زۆرترین و تاڕادەیەکی زۆر ماڵپەڕکان پێوەیەوە پابەندبوون.

**١.٢. ٢: توێژینەوە عەرەبییەکان**

**أ-** توێژینەوەی، حوسنی رەفعەت حوسنی، بەناونیشانی: پێوەرەکانی کواڵیتی وێنە رۆژنامە نووسییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییە هەواڵییەکان (معايير جودة الصورة الصحفية فى المواقع الإلكترونية الإخبارية).[١] ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی پەسنییە، توێژەر بۆگەشتن بەئامانجی توێژینەوەکەی، کاری بە رێبازی (رووپێوی) کردووە. مشتەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥١٠) وێنەی رۆژنامەنووسی کە بەرێگای هەڕەمەکی رێکخراو لەهەردوو پێگەی (وكالة الأنباءالعراقية) و(الغد برس)ی عێراقی وەرگیراون وکاریان لە سەرکراوە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لەدروستکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندن (Questionnaire Assessment)ی وێنە رۆژنامە نووسییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییە هەواڵییەکاندا.

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:

تێشک خستنە سەرپێوەرەکانی کواڵیتییە لەدیارکردنی وێنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی (وكالةالأنباءالعراقية ) و(الغد برس)ی عێراقی.

توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەشتووە کە:

١. پێگە هەواڵییەکان (وكالةالأنباءالعراقية) و(الغد برس)پابەندن بەپێوەرە پیشەییەکانی وەک: پەیوەندی نێوان بابەت ووێنە، قەبارە، نوێی، ئەمانە کۆمەڵێک پێوەری گرنگن لەرووی پیشەییەوە بۆگەیاندنی پەیامی وێنە رۆژنامەنووسییەکان.

٢. پێگەکـان پـابەنـدنین بەپێوەرە روونـکارییەکـان (کـاپشـــن)، ئەمەش رەهەنـدێکی نەرێنییە لەگەڵ رەهەندی وێنە رۆژنامەنووسییەکان یەکناگرێتەوە.

[١] ، حسني رفعت حسنى: معايير جودة الصورة الصحفية فى المواقع الإلكترونية الإخبارية، بحث منشورة في مجلة باحث الإعلامي العدد (٤٦)،٢٠١٩.

ب- **توێژینەوەی د. بورقەعە سـەمیە**، بەناونیشـانی (کێشـە بنچینەییەکانی تەکنیکی نووسـینی ئەلکترۆنی)،بەنمونە پێگە هەواڵییەکانی جەزائیر(إشـكالية الاسـس الفنية للكتابة الإلكترونية، مواقع الإخبار الأجزائرية"انموذجا"). [١] توێژینەوەکە لەجۆری پەسنییە، توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، پشتی بەستووە بە هەردوو ڕێبازی: شیکارکاری، بەڕێگای شیکاری (رواڵەتی)، ڕێبازی بەراوردکاری، لەڕێگای خوێندنەوە بۆئەنجامەکان. کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە: پێگەهەواڵیەکانی جەزائیر(الشـروق أون لاين، الخبر أون لاين، النهـار أون لاين)، مشـتەی توێژینەوە کەش بریتییە لە راپۆرتی ڕۆژنامەنووسـیی لەهەرسـێ پێگەی ئاماژە بۆکراو لەماوەی ٢٠١٣/١١/١بۆ ٢٠١٥/١١/١٥. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوە، فۆڕمی شیکارییە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:

١. زانینی کێشـە بنچینەییەکانی تەکنیکی نووسـینی هونەری راپۆرتی ڕۆژنامەنووسـی لەپێگە ئەلکترۆنییەکانی جەزائیر.

٢. زانینی بنەماکانی نووسین و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس لەکاتی نووسینی راپۆرت بەشێوەیەکی زانستییانە.

٣. زانین وئاشکراکردنی سەرچاوەی جۆرو بابەتی راپۆرتەکان.

توێژەرلەم توێژینەوەدا بەچەند دەرئەنجامێک گەشتوە گرنگترنیان بریتییەلە:

١. راپۆرتی رامیاری لەپلەی یەکەمدایە، کۆمەڵایەتی و ئـاسـایش لەپلەی دووەمدان وەک یەک، راپۆرتی ئابووری لەپلەی سێیەمداو راپۆرتی رۆشنبیری لەپلەی چوارهەمدا دێت.

٢. نێردراوان سـەرچاوەی یەکەمین ولەپێشـینەی پێگە ئەلکترۆنییەکانن وئینجا رۆژنامە لۆکاڵییەکان بەپلەی دووەم دێن، بەپلەی سـێەم پەیامنێران، لەپلەی چوارەمدا سـەرچاوەی نادیار، رادیۆ- تەلەفزیۆن ورۆژنامەو گۆڤاروپێگە ئەلکتررۆنییە عەرەبییەکان بەپلەی پێنجەم دێن، لەکۆتادا ئاژانسـە جیهانییەکان جێگەی خۆیان دەگرن، ئەمەش لەسۆنگەی نەبوون و کەمی رەهەندی دارابیەوەیە.

٣. رووماڵکردنی بابەتە، لۆکاڵیەکان لەپلەی یەکەم، عەرەبییەکان لەپلەی دووەم، بیانی بەپلەی سێیەم، تایبەتمەندەکان لەپلەی چوارەمدان.

ج- **توێژینەوەی، ماجید سـەلمان تەربان**، بەناونیشـانی: هونەری راپۆرتی رۆژنامەنووسی لەپێگە هەواڵییە ئەلکترۆنییەکـانی فەلەسـتین (فن التقريرالصـحفي في المواقع الكترونيـة الإخبـاريـة الفلسطينية)[٢].توێژینەوەکە، لەجۆری پەسنییە، شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕێبازی بەراوردکاری جێبەجێ

[١] بورقعة سـمية: إشـكالية الاسـس الفنية للكتابة الإلكترونية، مواقع الخبار الجزائرية"انموذجا"، بحث منشـورة في مجلة العلوم الإنسـانية الإجتماعية جامعة عناية الجزائرية، العدد( ٢١)، ٢٠١٥.

[٢] ماجد سلمان تربان: فن التقرير الصحفي في المواقع الكترونية الإخبارية الفلسطينية، مجلة جامعة الأقصى(سلسلة العلوم الإنسانية) المجلد السادس عشر، العدد الثاني، يونيو ٢٠١٢.

کردووە، لە ڕێگای دروستکردنی فۆڕمی شیکاری بۆ پێگەهەواڵییەکانی فەڵەستین:(موقع فلسطين بريس، وكالة فلسطين اليوم، موقع معا الإخباري)، مشتەی توێژینەوەش بەشێوەی (هەڕەمەکی ڕێکخراو)ە، لەماوەی نێوان ٢٠١١/١/٦ بۆ ٢٠١١/١٢/٣١.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە:

١. ئاشکراکردنی هونەری نووسینی ڕاپۆرت لە پێگە هەواڵییەکاندا بەرجەستە دەبێت، لەڕێگای دیاریکردنی بنەما هونەری وزانستییەکانی ڕاپۆرت نووسین و ڕادەی جێبەجێکردنیان.

٢. ئاشکراکردنی ڕادەی سوود بینین لەتوانای ئامڕازە ئەلکترۆنییەکان.

گرنگترین دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان:

١. پێگە ئەلکترۆنییەکان گرنگی بەژانری ڕاپۆرت نادەن لەتەک ژانرەکانی تردا هاوسەنگ نییە.

٢. ڕاپۆرتە هەواڵ، بەپلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (٧٤،٠٥% ).

٣. ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان ڕێژەی (٧٤% ) پێکدەهێن لەرووی جوگرافییەوە.

٤. بنامەکانی نووسین جیاوازن، هەروەها لەدارشتنی ڕاپۆرتەکان گرنگی زیاتربەپێشەکی وجەستە دراوە، بەبەراورد بەکۆتایی.

**١.٢.٣: شوێنپێی توێژینەوەکە لەنێو توێژینەوە کانی پێشوودا**

توێژەر چەند توێژینەوەیەکی پێشووی نمایشت کردوە نزیک لەم توێژینەوە، لەرووی بابەت و ڕێباز، ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری، پاش خوێندنەوەو تاوتوێکردنییان، توێژەرسەرنجەکانی بەم شێوە خستە روو:

١. **لەرووی ڕێبازوجۆرەوە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی پەسنی یە، سەرجەم توێژینەوەکانی پێشووهەمان جۆرن، لە رووی ڕێبازەوە هاوشێوەی توێژینەوەکەی هەردوو توێژەر (نەوزاد سدیق محەمەد، بەهرۆز عەلی ڕەسوڵ)، توێژینەوەکەی (حوسنی ڕەفعەت حوسنی)، بە ڕێبازی رووپێوی ئەنجامدراون، بەڵام بەشێکی توێژینەوەکەی (ئاریانا ئیبراهیم محەمەد)، بەشێکی توێژینەوەکەی (ماجید سەلمان تەربان)، (بورقەعە سەمیە)هاوشێوە یە لەگەڵ توێژینەوە کەی ئێستا.

٢. **لەرووی بابەتەوە:** ئەم توێژینەوەیە جیاواز لەسەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو کاری لەسەرهەموو ژانرە ڕۆژنامەنووسیەکان ورەهەندە روونکاریەکان کردووە، بەڵام (ئاریانا ئیبراهیم محەمەد)، کاری لەسەر هەواڵ کردووە، هەروەها بابەتی هەردوو توێژەر(بورقەعە سەمیە)،(ماجید سەلمان تەربان)، بریتیە لە ڕاپۆرت، بەهەمان شێوە توێژینەوەی (نەوزاد سدیق محەمەد، بەهرۆز عەلی ڕەسوڵ) بابەتەکەیان بریتییە لە ناونیشانی ڕۆژنامەنووسی، بابەتی (حوسنی ڕەفعەت حوسنی) ئەوبابەتەی کاری لەسەرکردووە وێنەی ڕۆژنامەنووسییە.

٣. **لەرووی کۆمەڵ ومشتەی توێژینەوەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەرووی کۆمەڵەوە پێگە ی ئەلکترۆنیی خەندانی وەرگرتووە، مشتەی توێژینەوەکە بریتییە لەسەرجەم بابەتەکانی یەک مانگی پێگەی خەندان

بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار، کە لە (١٧٤٨) بابەت پێکهاتووە، جیاوازە لەگەڵ سەرجەم توێژینەوە کان، هەروەها جیاوازیشە لەرووی مشتەوە، توێژینەوەکەی (ئاریانا ئیبراهیم محەمەد) مشتەی توێژینەوە کەی بریتییە لەهەواڵەکانی پێگەی ئەلکترۆنی (رووداونیت) لەماوەی یەك هەفتەدا لەرێکەوتی (١-٢٠١٩/١٢/٧)، دابەشکردنی فۆرم بەسەرخوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین، واتە مشتەی یەکەم هەواڵەکانی پێگەی رووداونێت، مشتەی دووەم (٦٠) خوێندکار لەقۆناغی دووەم و سێیەم، چوارەمی بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات، هەروەها توێژینەوەی توێژەران (د.نەوزاد سدیق محەمەد ، بەهرۆز عەلی رەسوڵ)، مشتەی توێژینەوکەیان بریتییە لە ناونیشانی هەواڵی پێگەکانی(سپی میدیا، شارپرێس، سبەی، تۆڕی هەواڵی سلێمانی)، هەروەها (بورقەعە سەمیە)، کۆمەڵی توێژینەوەکەی بریتییە لەپێگە هەواڵیەکانی جەزائیر و مشتەی توێژینەوەکەی بریتییە لە راپۆرت لەپێگەکانی (الشروق أون لاین، الخبرأون لاین، النهار أون لاین)، لەماوەی ٢٠١٣/١١/١بۆ ٢٠١٥/١١/١٥، هەروەها توێژینەوەکەی (حوسنی رەفعەت حوسنی)، کۆمەڵی توێژینەوە کەی پێگە ئەلکترۆنییە عێراقییەکان و مشتەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥١٠) وێنەی رۆژنامەنووسی کە بەرێگای هەڕەمەکی رێکخراولەپێگەی (وکالة الأنباءالعراقية والغد برس)، وەرگیراوە، جیاوازیشە لەتوێژنەوەی (ماجد سەلمان تەربان)، لەبەرئەوەی کۆمەڵی توێژینەوەکەی بریتییە لەپێگە هەواڵییەکانی فەڵەستین و هەروەها مشتەکەشی بریتییە لەو راپۆرتانەی کەلەپێگەی (موقع فلسطين برس، وكالة فلسطين اليوم، موقع معا الإخباري) بەشێوەی (هەڕەمەکی رێکخراو)، دیاریکردووە لەماوەی نێوان ٢٠١١/١/٦ بۆ ٢٠١١/١٢/٣١.

٤. **لەرووی ئامانجەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (ئاریانا ئیبراهیم محەمەد)، (ماجید سەلمان تەربان)، (بورقەعە سەمیە) خاڵی لێکچووی هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نەوزاد سدیق محەمەد، بەهرۆز عەلی رەسوڵ)، توێژینەوەی (حوسنی رەفعەت حوسنی).

٥. **لەرووی دەرئەنجامەوە:** ئەم توێژینەوە یە لەگەڵ توێژینەوەکەی (ماجید سەلمان تەربان)، توێژینەوەی (حوسنی رەفعەت حوسنی)، (بورقەعە سەمیە) خاڵی لێکچووی هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نەوزاد سدیق محەمەد، بەهرۆز عەلی رەسوڵ)، توێژینەوەی (حوسنی رەفعەت حوسنی).

## بەشی دووەم/ ژانرە رۆژنامەنووسییەکان

### پاژی یەکەم: چەشنە ژانرە رۆژنامەنووسییەکان

**١.١.٢: سەرەتا**

**٢.١.٢: پێناسەی ژانری رۆژنامەنووسی**

### پاژی دووەم: هەواڵ(News)

**١.٢.٢: سەرەتا**

**٢.٢.٢: هەواڵ لەڕووی زمانەوانییەوە**

**٣.٢.٢: پێناسەی هەواڵ**

**٤.٢.٢: بەهای هەواڵی رۆژنامەنووسی (Value News)**

**٥.٢.٢: پێناسەکانی بەهای هەواڵ**

**٦.٢.٢: رەگەزەکانی هەواڵ**

**٧.٢.٢: شەش پرسیارەکەی هەواڵ**

**٨.٢.٢: تایبەتمەندێتی هەواڵ**

**٩.٢.٢: سەرچاوەکانی هەواڵ**

**١٠.٢.٢: چۆنیەتی سازاندنی هەواڵی رۆژنامەنووسی**

**١١.٢.٢: بۆتەی دارشتنی هەواڵ**

### پاژی سێیەم: راپۆرتی رۆژنامەنووسی (Press Report)

**١.٣.٢: سەرەتا**

**٢.٣.٢: پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسی**

**٣.٣.٢: جیاوازیی نێوان راپۆرت و هەواڵ**

**٤.٣.٢: جیاوازیی نێوان چاوپێکەوتن و راپۆرتی رۆژنامەنووسی**

**٥.٣.٢: جیاوازیی نێوان راپۆرت و ریپۆرتاژ**

٦.٣.٢: جۆرەکانی را پۆرتی رۆژنامەنووسی

٧.٣.٢: چۆنیەتی داڕشتی راپۆرتی رۆژنامەنووسی

پاژی چوارەم: چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

١.٤.٢: پێناسە چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

٢.٤.٢: جۆرەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

٣.٤.٢: داڕشتنی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

٤.٤.٢: پەیکەری نووسینی چاوپێکەوتن لەرۆژنامەو بڵاوکراوەکان

٥.٤.٢: بۆتەکانی داڕشتنی چاوپێکەوتن

پاژی پێنجەم: کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

١.٥.٢: پێناسەی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

٢.٥.٢: جۆرەکانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

٣.٥.٢: گرنگی ئەنجامدانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

٤.٥.٢: بۆتەی نووسینی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

پاژی شەشەم: ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی

١.٦.٢: پێناسەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی

٢.٦.٢: شێوەکانی ریپۆرتاژ

٣.٦.٢: جۆرەکانی ریپۆرتاژ

٤.٦.٢: ئەرکەکانی ریپۆرتاژ

٥.٦.٢: سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ

٦.٦.٢: بۆتە هونەریەکانی ریپۆرتاژ

٧.٦.٢: پەیوەندیوجیاوازیی نێوان ریپۆرتاژ وهەواڵ

باژی حەوتەم: کاریکاتێر
٢.٧.١: هونەری کاریکاتێر
٢.٧.٢: پێناسەی کاریکاتێر
٢.٧.٣: هونەری کاریکاتێری رۆژنامەنووسی
٢.٧.٤: جۆرەکانی کاریکاتێر
٢.٧.٥: ئەرکەکانی کاریکاتێر
پاژی هەشتەم: وتاری رۆژنامەنووسی
٢.٨.١: چەمک وپێناسەی وتار
٢.٨.٢: شێوازەکانی وتار
٢.٨.٣: جیاوازیی نێوان وتاری رۆژنامەنووسی- ئەدەبی- زانستی
پاژی نۆیەم: جۆروچەشنەکانی وتاری رۆژنامەنووسی
٢.٩.١: سەروتار(المقال الافتتاحي)
٢.٩.٢: نەخشەی نووسینی سەروتار
٢.٩.٣: شیکارە وتار(المقال التحليلى)
٢.٩.٤: توخمەکانی شیکارە وتار
٢.٩.٥: نەخشەی نووسینی شیکارە وتار
٢.٩.٦: وتاری رەخنەیی
٢.٩.٧: ئەرکەکانی وتاری رەخنەیی
٢.٩.٨: شێوازی نووسینی وتاری رەخنەیی
٢.٩.٩: جۆرەکانی رەخنەی رۆژنامەنووسی
٢.٩.١٠: ستوونی رۆژنامەنووسی (العمود الصحفى)
٢.٩.١١: جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی
٢.٩.١٢: تایبەتمەندییەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی
٢.٩.١٣: نەخشەی نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی

## بەشی دووەم / ژانرە رۆژنامەنووسییەکان

### پاژی یەکەم: چەشنە ژانرە رۆژنامەنووسییەکان

### ٢.١.١: سەرەتا

نووسینی رۆژنامە لەسۆنگەی چەند ژانرێکی رۆژنامەنووسییەوە دەردەکەوێت، کەهەریەکێکیان خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیانن، هەریەکەیان ئەرکێک جێبەجێ دەکات.[١] بۆنمونە: هەواڵ باسکردنی ڕووداوێکە کەڕووی دابێت، یا گواستنەوەی لێدوانێکە، بەڵام راپۆرت هەرچەندە لەهەواڵ دەچێت، بەڵام تەنها جیاوازیەکەی لەوەدایە کەراپۆرت بەدرێژی باسی ڕووداوەکە و دۆخی دەوروبەری دەکات، یا پێشکەشکردنی زانیارییە لەسەرکەسێک بەمەبەستی ناساندنی بەخوێنەر،[٢] چاوپێکەوتنیش جیاوازیکەی لەوەدایە، کەدوای دەستنیشانکردنی بابەتەکە ئینجا کەسایەتیەکە، بۆقسەکردن لەسەر ڕووداوەکە ناوخۆیی یا نێودەوڵەتیی بێت، بەتایبەت ئەو پرسانەی کاریگەریان لەسەررایگشتی هەیە، لەکاتێکدا وتار بەرجەستەی پێدانی زانیاری و بیرۆکەی نوێ سەبارەت بەرووداوەکانی ئێستا و پرسە گەرمەکان، رەوشی هۆشیارکردنەوە بەجێدەگەیەنێ لەناوکۆمەڵدا.

ریپۆرتاژ ئەرکێکی جیاوازتر بەجێدەهێنێت کەلە بەئاگاهێنان ورێنمایکرنی خوێنەرسەبارەت بەکێشە وپرسە جیاوازەکاندا کاردەکات،[٣] سەرجەم رەهەندوهۆکارەکانی هەرپرسێک شەن وکەودەکات، هاوکاری خۆێنەردەکات کە لەبارودۆخەکە تێبگات و چارەسەرەکانیش بزانێت، بەهەمان شێوەش سەرجەم ژانرەکانی دیکەی وەک (راپرسی، ستوون،...هتد) هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز بەجێدەهێنن لەپرۆسەکەدا.

### ٢.١.٢: پێناسەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان:

**ژانرەکان** ئەوهونەرانەن کەرۆژنامەنووس لەرێگایانەوە دەتوانێت گوزارشت لەرووداو وپرسەکان بکات، هەروەها راستی و زانیارییەکان وێنا بکات بۆخوێنەر، بەشێوەیەکی هونەریی و پابەند بەهەندێک یاسا، کەدەبێت رۆژنامەنووس بەباشی بیان ناسێت و پەیڕەویان بکات لەکاتی نووسین بۆرۆژنامە یاپێگەی ئەلکترۆنی یاهەرئامرازێکی راگەیاندن.[٤]

---

[١] إسماعيل إبراهيم : فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، القاهر، ١٩٩٨، دار الفجر، ص ٥٦.

[٢] حبيب كەركووكی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨، ل ٣-٤.

[٣] أديب خضور: مدخل إلى الصحافة، نظرية وممارسة ، ط٣، دمشق، المكتبة الإعلامي، ٢٠٠٨، ص ١٢٦.

[٤] إبتهال جاسم رشيد: الفنون الصحيفة والمجتمع المدني، عمان، دارغيداءللنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٤٢.

**ژانرەکان** ئامرازی گەیاندنی رووداو وزانیارییە لەشێوەی وشەدا بۆوەرگر، بەشێوەیکی هونەریانە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەرکە جۆراوجۆرەکان: ناسەوایی، پەروەردەیی، رێنمایی، کات بەسەربردن... هتد.[١]

**ژانرەکان** هونەرێکی داهێنەرانەیە وهۆیەکە بۆگەیاندنی زانیاری وبیروڕاو سەرنج بەخوێنەر، بەرێگایەکی روون وئاشکرا، هەروەها لەڕووی بابەتەوە جۆراوجۆرن لەوانە: هەواڵ (رامیاری، ئابووری، هونەری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی...هتد) هەروەها ژانرەکانی تریش بەهەمان شێوە.[٢]

**ژانرەکان** بریتین لەهونەری نووسین، بەشێوەیەک کەئاسان وروون، شایەنی بڵاو کردنەوە بێت، بەمەبەستی دروستکردنی وێنەیەکی زهنی لەلای خوێنەر، لەسۆنگەی ئەوپەیامەی کەلەخۆی دەگرێ.[٣]

**ژانرەکان** پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن بەهێزدەکات، رووداو زانیارییەکان، بەشێوازێکی ئاسان وزانستی بەخوێنەری دەگەیەنێت، بەمەبەستی تێگەشتن و دروستکردنی کاریگەری.[٤]

**ژانرەکان** ئاسان وسادەکردنەوەی نووسینە رۆژنامەوانیەکانە بۆوەرگربەجۆرێک کە هەموو کەسێک بەجیاوازی ئاستی رۆشنبیری لێی تێبگات، گونجاو نییە ئاڵۆزبێت.[٥]

لەسۆنگەی خستنەڕووی پێناسانەکانی پێشووەوە دەگەینە ئەوئەنجامەی کەبڵێین ژانرە رۆژنامەنووسییەکان بریتییە لە: وێناکردنی رووداو، کارەسات وپرسە گشتیەکان، بۆ وشە، لەچوارچێوەی پەیامێکی راگەیاندندا بەشێوەیەکی هونەریانە وئاسان لەبەررۆشنایی پرەنسیپ وبنەمای کاری رۆژنامەنووسی، لەپێناو گەیاندنی بەوەرگر، لەرێگای کەناڵەکانەوە (بینین، بیستن،خوێندن)ـەوە.

ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەسەر بنەمای شێوەوناوەڕۆک و شێوازبەندی نووسین جۆراوجۆردەردەکەون، هەروەها جیاوازیشن لەڕووی پێکهاتەوە، ناوەڕۆکەوە، چونکە هەریەکێکیان خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆیانن.[٦]

---

[١] إسماعيل إبراهيم: فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، مصدرسابق، ص٥.

[٢] حبيب كەركووكی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

[٣] عبد العزيز شريف: الأساليب الفنية في التحرير الصحفي، القاهرة، دارقبأ للطباعة والنشرو التوزيع، ٢٠٠٠، ص١١.

[٤] محمود ادهم: فنون التحرير الصحفي بين النظرية والطبيق- الأسس الفنية للتحرير الصحفي، بدون مكان الطبع، بدون مطبعة،١٢٣١ هـ ، ص٤١-٤٢.

[٥] ئومێد مەسعودی: بنامەکانی داڕشتن لەمیدیاکان، و.مەجید ساڵح، بەبێ شوێنی چاپ، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٢، ل٦٢-٦٣.

[٦] إبتهال جاسم رشيد: الفنون الصحيفة والمجتمع المدني، مصدر سابق، ص٤٥.

**پاژی دووەم: هەواڵ(News)**

**٢.٢. ١: سەرەتا**

هەواڵ لەسەرەتای مێژووووەوە هاوەڵی مرڤ بووە، لێی دانەبڕاوە وەک رەهەندێکی ژیاریی پێویست بووە، لەگەڵ ژیان ومرۆڤدا گرێدراوە.[١] گرنگی خۆی هەبووە وهەیە، واتا بەبێ بوونی هەواڵ کاری رۆژنامەنووسی ئەستەمە، گەلێک قورسە لەتوانادا هەبێت چاوپێکەتنێکی رۆژنامەنووسی یا ریپۆرتاژێك یا راپۆرتێك، ... بەئەنجام بگەیەنرێ، چونکە گەرنەڵێین هەموو ژانرەکان، بەڵام زۆربەیان لەوجێگەیەوە دەست پێدەکەن کەهەواڵ کۆتایی دێت، گەلێك جار بۆلێکدانەوە وشیکردنەوەی هەواڵێکە، بەیەکێ لەتوخمە گرنگەکان دادەنرێت.[٢]

بەدواداچوونە زانستییەکانی بواری رۆژنامەنووسی باس لەوەدەکەن، پێویستە پەیامنێران ونێردراوان و رۆژنامەنووسان لەهەرگۆشە وکەنارێکی ئەم جیهانەدابن، زۆر بەئاگاییەوە گوڵبژێری هەواڵەکان بکەن، لەپرۆسەی هەڵاوێرکردنیاندا هەستیارانە مامەڵە بکەن، چونکە لەجیهان لەیەک کاتژمێردا، بەملیونان رووداو روودەدەن: جەنگ، تاوان، کارەساتی مرۆیی و سروشتی رووداو...هتد، ئەمانە هەموویان هەواڵن، بەڵام دەبێت بنەما و پرنسیبەکانی هەواڵ لەخۆبگرن تا بشێت بۆبڵاوکردنەوە.[٣]

**٢.٢.٢: هەواڵ لەڕووی زمانەوانییەوە**

١. لەزمانی کوردیدا: بەپێی شێوە زارەکان دەگۆڕێت، لەزاری کرمانجی ناوەڕاستدا، لەبەرامبەرچەمکی (news)ی ئینگلیزی (هەواڵ) یان(دەنگوباس)، بەکاردێت، بەڵام لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا پێی دەوترێت(نوچە).[٤]

٢. لەزمانی عەرەبیدا: بە دووشێوە ناودەبرێت (خبر- نبأ)،(خبر)، بەواتای گواستنەوەی ئەوەی رووی داوە بەشێوەی ئاخاوتن یا نووسین دێت، هەروەها دەبێت راستبێت، بواری گومان نەهێڵێتەوە، بەڵام لەفەرهەنگی (مختار الصحاح) دا (اخبره بكذا "أنباه وخبره بمعنى"، بەواتای ئاگادارکردنەوە لەرووداوێک هاتووە، بەڵام لەقورئانی پیرۆزدا(خبر) بەهەمان مانای (نبأ) هاتووە، بەڵام شارەزیانی زمان وتەفسیری قورئان دەڵێن (نبأ)، مەرجی ئەوەیە دەبێت ئەوهەواڵە راستبێت،

---

[١] بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەی مۆدێرن، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٦، ل٧.

[٢] إسماعيل إبراهيم: فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، مصدر سابق، ص ٩.

[٣] كورتيس ماكدوغال: مبادى تحرير الأخبار، ت. أديب خضور، دمشق، بدون مطبعة ،٢٠٠٠، ص٢٢.

[٤] چۆلی ئەسعەد: زمان لەراگەیاندنی بینراودا، سلێمانی، چابخانەی کەمال، ٢٠١٣، ل٩٧.

هەربۆیە بەکارهێنانی زاراوەی(خبر)، لەبواری راگەیاندن بەگوونجاوتردائەنین، چونکە مەرج نیە هەموو ئەوزانیاریانەی بڵاودەکرێنەوە راستبن.[1]

٣. لەزمانی ئینگلیزی: هەواڵ لەزمانی ئینگلیزی بە (News)،هاتوە کەمەبەست لێی هەرچوارپیتەکەی سەرەتای ئاراستەکانی گۆی زەوی دەگەیەنێت (North) باکور،(East) خۆرهەڵات،(West) خۆرئاوە، (South)باشور.[2]

**٣.٢.٢: پێناسەی هەواڵ**

چەمکێکی گشتی و تێگەیشتنێکی دیاریکراو بەهەواڵ لەفەرهەنگ و کتێبەکانی زانستی راگەیاندندا بوونی نییە، ئەمەش وایکردووە پێناسەی جۆراو جۆر لەلایەن شارەزا و توێژەرانی بواری رۆژنامەنووسی بۆهەواڵ بکرێت، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن پێناسەی هەواڵ لەسەردەمێک بۆسەردەمێکی ترجیاوازی تێکەوتووە، هەربۆیە لێکدانەوەیەکی تایبەت و بۆچوونێکی یەکگرتوونابینرێت لەسەری.[3]

شارەزایان پێیان وایە ناوەڕۆکی هەواڵ بەردەوام لەگۆڕاندا بووەودەبێت، چونکە تێگەشتنەکان بەردەوام لەگۆڕاندایە، سەرباری ئەوهۆکارەش کۆمەڵگاکان جیاوازن لەڕووی: کەلتوروشارستانییەوە، هەروها سیستم وراپەرموونە سەرهەریەکێک لەتیۆرەکانی راگەیاندن (ئازادی، دەسەڵات، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی...هتد)، ئەمەش بووە بەهۆی دروستبوونی تێگەشتنی جیاواز لەسەرهەواڵ، هەروەها هەمووئەمانە رۆڵیان هەیە لە پێناسە کردن و ناساندنی چەمکی هەواڵ.[4] وێرای کاریگەری گەشەکردنی قۆناغەکانی راگەیاندن، کەهەرلە قۆناغێک پێناسەیەکی جیاوازیان کردووە بۆهەواڵ، هەربۆیە پێناسەی هەواڵ لەقۆناغی دەستنووس جیاوازە لەقۆناغی چاپکردن، بەهەمان شێوە لەگەڵ دەرکەوتنی ئامرازەکانی وەک (تەلەفون، رادیۆ، تەلەفزیون، مانگە دەسکردەکان، ئینتەرنێت) پێناسەی دیکە بۆ چەمکی هەواڵ هاتە ئاراوە.[5]

---

[1] سعاد حاج سلمان: الأسس المهنية للتحرير الصحفي في الصحافة السودانية، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الدراسات العليا البحث العلمي، الجامعة الرباط الوطني، ٢٠١٣، ص ٣٧.

[2] مرعى مدكور: الصحافة الإخبارية، القاهرة، دار النشر،٢٠٠٢، ص ٢٧.

[3] يونس شوكر خوا: ئەونیتر، هەواڵ و هەواڵنووسینی رۆژنامەوانی، و. کارزان محەمەد، سلێمانی، چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٧، ل١١ .

[4] عبد النبي خزعل: فن تحرير الأخبار في الإذاعات الدولية بين التوظيف والموضوعية ، ط٣، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع،٢٠٠٣، ص ١٢٢.

[5] عبد الرزاق محمد الدليمي: التحرير الصحفي، عمان، دار المسيرة للصحافة والطباعة والنشر، ٢٠١٢، ص ٣١-٣٢.

- (لۆرد نۆرس کلیف )دەڵێت" هەواڵ بریتییە لە ورووژاندو دەرچوون، لەشتە باوو ئاساییەکان پێی وایە هەربابەتێک، سەرچاوەی وروژاندبێت دەبێتەهەواڵ.[1]

- (جۆزیف پۆلتیزر) لەسەدەی نۆزدەیەم، بەم شێوازە پێناسەی هەواڵ دەکات، برتتییە لەنوێ بوون و وروژاندن، سەرنجراکێش وناوازە، دەبێت جێگای بایەخی خەڵک بێت وبەشوێنیدا گەڕابێت.[2]

- (جیرالدجونسون) لەپێناسەکەیدا دەڵێت"باسکردن یان راپۆرتێکە لەسەر رووداوێک کەجێگای بایەخی خەڵکە، بەهەمان شێوەش لەلای رۆژنامەنووس گرنگە، سەرباری ئەوەش بەهای رووداوەکە دەبێتە پێوەربۆبڵاوکردنەوە لەرۆژنامە ودەزگاکانی راگەیاندن.

- (ئەدیب خزور )دەڵێت" هەواڵ جۆرێکی رۆژنامەنووسی کەرووداوێکی نوێ بەشێوەیەکی راست ودروست وهاوسەنگ دەخاتە ڕوو کەجێگای سەرنجی کۆمەڵگەیە".[3]

- (یونس شکر خواه) لەکتێبی (خبر) دا دەڵێت: "هەواڵ گوزارشتی واقیعیەتە، بەڵام مەرج نییە هەمووواقیعیەتێك ببێتە هەواڵ".[4]

- (کوردیس ماکدۆغال)، "هەواڵی رۆژنامەنووسی راپۆرتێکە لەسەر رووداوێکی دیاریکراو کەرۆژنامە وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی قازانجی دارایی بەکاردەهێنێت."[5]

- فێرناندتروو، سەرۆك و مامۆستای ئەنستیتۆی چاپەمەنییەکانی زانکۆی پاریس لەکتێبەکەیدا بەناوی هەواڵ، دەنووسێ "هەواڵ بریتییە لەبڵاوکردنەوەیەکی رێكو پێکی رەوتی رووداوەکان ورەوتی بۆچوون وئەندێشەو بیروراگشتیەکان".[6]

- بەگشتی هەواڵ ئامانجی گەیاندنی رووداوێکە بۆ وەرگرکە بەبێ ویستی رۆژنامەنووس خۆ بەخۆڕوویان داوە.[7]

- لەسۆنگەی ئەو پێناسانەی ئاماژەیان پێدرا، دەڵێین: هەواڵ ئەو رووداوانە یا ئەوباسانەیە کە لەکەناڵەکانی راگەیاندن بەگشتی ولەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی دەنگەدانەوەی هەیە، لەهەمانکاتیشدا دەبێت بەجێگای بایەخی دەزگاکانی راگەیاندن وکاریگەری لەسەروەرگربەجێدەهێڵێ.

---

[1] عبد الجواد سعید محمد ربیع: فن الخبر الصحفي، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزیع، ٢٠٠٥، ص ٤٩.

[2] فاروق ابوزید: فن الخبر الصحفي، ط٢، القاهرة، مطبعة عالم الکتب، بدون السنة، ص٢٧.

[3] عباس ناجي: الخبر الصحفي، عمان، دار صفاء للنشرو التوزیع، ٢٠١١، ص١٥.

[4] یونس شوکرخوا: ئەونیتر، و. کارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

[5] کورتیس ماکدوغال: مبادی تحریر الأخبار، ت.أدیب خضور، مصدر سابق، ص ٢٢.

[6] بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەی مۆدێرن، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

[7] مەغدید سەپان: ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، دهۆک، چاپخانەی خانی ،٢٠٠٨، ل ١٧.

## ٢.٢.٤: بەهای هەواڵی رۆژنامەنووسی (News Value)

ئاوەنیاکردنی خشتەو نەخشەوئامارلەچوارچێوەی پرۆسەی نووسینی هەواڵدا وەکو پەیامێکی میدیایی، لەسەر چەند بنەماو پرنسیپێکی سەرەکی بنیاد دەنرێت کە یەکێکیان بریتییە لە بەهاکانی هەواڵ، بەو مانایانەی کۆمەڵە بەهایەک هەن کەدەبنە بنەما بۆئامادەکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵ بەوەرگر.[1]

زانایانی بواری راگەیاندن هاوڕان لەسەرزانستی بوونی چەمکی بەهای هەواڵ، ئاماژە بەوە دەدەن کەبەپێی سرووشتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەرلەم سۆنگەیەوەیە کەهەواڵ خاوەنی کۆمەڵێک بەهای زانستییە، هەرچەندە شارەزایان وپسپۆڕانی بواری رۆژنامەنووسی بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر پێوەرێکی دیاریکراو بۆچەمکی بەهای هەواڵ[2]، بە هۆی ئەوەی ئەم چەمکە رێژەییە، لەکۆمەڵێکەوە بۆئەویتر، هەروەها لە قۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی ترگۆڕانی تێدەکەوێ، بەهەمان شێوە دەزگاکان و رۆژنامەنووسەکانیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەم رووەوە.[3]

### ٢.٢.٥: پێناسەکانی بەهای هەواڵ

- بەهای هەواڵ برتییە لەگونجاویی هەواڵ لەگەڵ سیاسەتی کەناڵ، پاشان بەرژەوەندی گشتی،[4] بەم پێیە گونجان و بەرژەوەندی، وەک پێوەردیاریکراوە بۆبەهای هەواڵ.
- هەردووشارەزای بواری راگەیاندن (ئستانیلی جونسون وجولیا هاریس) پێیان وایە بەهای هەواڵ بریتییەلە: تایبەت مەندی ورەسانەیەتی خوودی هەواڵ.
- بەهای هەواڵ هەڵسەنگاندنێکی هزریی رۆژنامەنووسە، بۆرووداوێک لەنێو رووداوەکان، لەپێناودروستکردنی پەیامێکی رۆژنامەنووسی، کەشایستەی ئەوەبێت بڵاو بکرێتەوە.[5]

سەرەڕای جیاوازیی بۆچوون وئاراستەکان لەنێو شارەزایان و پسپۆڕانی هەواڵ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەسەر دیاریکردنی چەند رەگەزێک سەبارەت بە بەهای هەواڵ، کەوەک

---

[1] ئەرکان جەبار محمەد: رۆڵی رۆژنامەگەری مۆبایل لەبەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلیجی تەکنیکی کارگێری– بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٩.

[2] نهى عاطف العبد: صناعة الأخبار التليفزيونية في عصر البث الفضائي، القاهرة، دار الفكر العربي،٢٠٠٧، ص ٧٥.

[3] بن عودة موسى: القيم الإخبارية في القنوات الفضائية الجزائرية، دراسة التحليلية مقارنة في المضمون والقائم بالإتصال في قنوات، الجزائرية الثالثة، تي.في وقناة الخبر، أطروحة الدكتوراه غيرمنشورة، كلية العلوم الإجتماعية، قسم العلوم الإسانية، شعبة الإعلام والتصال، جامعة عبد الحميد بن باديس - مستغام ،٢٠١٧-٢٠١٨، ص ٨١.

[4] كرم شلبي: معجم المصطلحات الإعلامي، ط٢، القاهرة، دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع، ١٩٩٨، ص٣٩٩.

[5] السيد احمد مصطفى عمر: الكتابة والتحرير الصحفي، رؤية جديدة، دبي، دار القلم، ٢٠٠٥، ص٧٥.

پرنسیپ چاویان لێدەکرێ، وەلێ هەردەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی بەپێی سیاسەتی خۆی کار لەسەر ڕەگەزەکان دەکات وگرنگییان پێدەدات.

### ٦.٢.٢: ڕەگەزەکانی هەواڵ[1]

١. **نوێی وگەرماو گەرمی (Timeliness):** یەکێکە لەگرنگترین بەهاکانی هەواڵە، چونکە هەواڵ بەسروشتی خۆی زوو بەسەردەچێت، بەتایبەت لەئێستادا، لەچەند خولەکێکدا هەواڵێکی نوێ بڵاودەکرێتەوە، هەرلەم ڕووەوەیە کەدەبێت لەڕووی زانیاری وکاتەوە نوێ بێت.[2]

٢. **ناوبانگ (Prominence):** ڕێکخراوە ناسراوەکانی کۆمەڵ، ناوە درەوشاوە جیاوازەکانی بواری ژیان شیاون کەبەرجەستەی بەهای هەواڵیان تێدابێت، چونکە کارو کردەوەکانیان جێگای بایەخی خەڵکە و پەیوەندی بەژیانیانەوەهەیە، هەرلەم ڕووەوەیە کەزوومیان دەخرێتە سەر، بەهەمان شێوە شوێنە مێژووییەکان وشارە بەناوبانگەکانی جیهانیش دەگرێتەوە.[3] یەکێک لەخەوشەکانی ئەم بەهایە: لەهەندێک وڵات ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لەژێرکێفی دەسەڵاتدایە، گرنگییەکی زیاد لەپێویست بەکەسێک دەدرێت، کەبۆ وەرگرجێگای بایەخ نییە.[4]

٣. **ململانێ (Conflict):** ژیان بۆخۆی بریتییە لەململانێ، لەگەڵ سروشت وکۆمەڵ، هەروەها لەنێوان کۆمەڵگەکاندا، ئالێرەوەیە کەململانێ هەمیشە جێگای بایەخی خوێنەرە، ئارەزووی مرۆڤ بۆململانێ لەسروشتیدایە، هەندێک لەوەرگرەکان دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە، پێداویستی وخواستی شەرانگێزی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە.[5]

٤. **نزیکی (Proximity):** هەرکارەساتێک یاخود ڕووداوێک بۆئەوکەسانەی لەنزیک شوێنی ڕووداوەکەوەن یان دوورونزیک پەیوەندییان پێیەوە هەیە بەلایانەوە گرنگەو دەبێت بەجێگەی بایەخ وبەدواداچوون، چونکە وەرگربەدوای ئەوزانیاریانەدا دەگەڕێت کەپەیوەستە بەژیانییەوە، لەم سۆنگەشەوە (نزیکی) دەبێت بە پێوەروبنەما بۆهەڵبژاردنی هەواڵ لەنێو ڕووداوەکاندا، هەربۆیە لەسەر ئەم بنامەیە ڕۆژنامەنووس و دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەهەواڵ و ڕووداوێک دەدەن، کەپەیوەندیی دارە بەسنوری

---

[1] هاشم حسن التميمي: فلسفة الخبر الصحفي، دراسة لمفهوم الاخبارية في الصحافة، عمان، دار ورد الاردنية للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨، ص٦٤-٧٤.

[2] عبد الجواد سعيد محمد ربيع: الفن الخبر الصحفي، مصدرسابق، ص٧١.

[3] هاوژین عومەر: تەکنیکی نووسینی میدیای، هەولێر، چاپخانەی موکریان،٢٠١٣، ل ٢٠-٢١.

[4] عبد الرزاق محمد الدليمي: صناعة الإعلام العالمي المعاصر، القاهرة، داراليازوري العلمية للنشروالتوزيع، ٢٠١٥، ص٧٢-٧٣.

[5] عبد الفتاح عبد النبى: سوسيولوجيا الخبر الصحفى: دراسة فى انتقاء ونشر الاخبار، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ١٩٨٩، ص٤٩.

چالاكییەكانی دەزگاكە، سەرباری ئەمەش، رەوشی نزیكی مۆراڵی (مەعنەوی) قورسایی خۆی هەیە، هەندێك رووداو، لەڕووی مەعنەوییەوە بۆگروپ یا كۆمەڵێك گرنگە، گەرلەڕووی جوگرافیاشەوە دووربێت.[1]

٥. **بایەخ وگرنگی (Importance):** ئەم رەگەزە هەردوو رەگەزی ناوبانگ وگەورەیی لەخۆدا بەرجەستە دەكات، بەتایبەتی ئەوهەواڵەنەی پەیوەندییان بەژیانی زۆرینەی خەڵكەوە هەیە، وابەستەیە بەچین و توێژێكی فراوانی كۆمەڵەوە، ئینجا ئاسانكاری بێت یا نیگەرانی، لەوانە: كێشە رامیارییەكان، ئەخلاقییەكان یا ئابوورییەكان، لەم سۆنگەیەشەوە دەزگاكانی راگەیاندن بایەخ بەوهەواڵەدەدەن، چانسی بڵاوكردنەوەی زیاترە. واتە جۆری هەواڵەكە لەبازنەی بایەخی خۆێنەربێت، لەم روووەوە ئاستی گرنگیپێدانی زیاترە لەلای دەزگا رۆژنامەنووسییەكان، جائەوهەواڵە لەهەربارودۆخێكی ئەرێنی یا نەرێنی دابێت.[2]

٦. **كات (Time):** كاتی رووداوی رووداوەكە زوویی گەیاندنی فرە گرنگە، بەپێچەوانەوە ئەو بایەخەی نامێنێت، بۆنمونە: هاوكاری سەربازی لەكاتی ئاشتی و شەردا جیاوازە، یاهێنانی سووتەمەنی لەوەرزی هاویندا ئەو بایەخەی وەرزی زستان وسەرماوسۆڵەی نییە.[3]

٧. **بایەخی مرۆڤایەتی (Human interest):** مرۆڤایەتی ومرۆڤ دۆستی كاریگەری توندی لەسەر هەست وسۆزی مرۆڤ هەیە، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان هاوسۆزی دەخوڵقێنێت لەلای وەرگر، وەك: هەواڵی توندوتیژی بەتایبەت بەرامبەربەمنداڵ وژنان، تاوانی كوشتن، رفاندن.[4]

٨. **گەورەیی (Size):** شتێكی بچووك سەرنجراكێشە لەهەواڵدا، بەڵام نابێت بەجێگەی بایەخی ژمارەیەكی زۆری وەرگر، وەلێ پێچەوانەكەی پربایەخە، ئالێرەوەیە كەگەورەیی زیانە مرۆیی و مادییەكان گەورەیی كارەساتێك ئاماژە پێدەدەن، پێگەی بایەخیش بۆخۆی دەستەبەر دەكات، وەك: مردنی (٣٠٠) كەس لەوەرگەرانی شەمەندەفەرێك یا پێنچ هەزارگەنج ژیانی هاوسەرییان پێكهێنا یاهەواڵی بوومەلەرزە، لافاو، ئاوارە بوونی ملیۆنان خەڵك، ئەم جۆرە هەواڵانە هەمیشە لەناو رووداو وكارەساتەكان جێگای سەرنجی خوێنەرن.[5]

---

[1] رەزا حاجی ئابادی: دەروازەی رۆژنامە نووسی، و. كارزان محەمەد، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٥، ل٣٣.

[2] مرعی مدكو: الصحافة الإخبارية، مصدرسابق، ص٤٣.

[3] فاروق ابوزید: فن الخبر الصحفي، مصدرسابق، ص٩٤.

[4] عبد النبي خزعل: فن تحرير الخبر في الإذاعات الدولية بين التوظيف والموضوعية، مصدر سابق، ص ١٢٧-١٢٨.

[5] حسنى محمد نصر، سنا عبدالرحمان: الخبر الصحفي - التحرير الصحفي في عصر المعلومات، ط٤، الإمارات، الدار الكتب الجامعي، ٢٠١٤، ص٨٧.

٩. **نامۆو سەرسوڕهێنەر (Humor Novelty):** نامۆیی بەیەکێک لەو رەگەزە گرنگانە دادەنرێت کەزۆرجاردەبێت بەبنەمای فۆکەس دانان، زیاتر سەرنجی وەرگر رادەکێشێت، هەروەها هەواڵی ئەو رووداو بەسەرهاتانەی کەلەژیانی مرۆڤدا یەکەمین جارروودەدەن، دەبن بەهۆی سەرسوڕمانی خەڵک. وەک : چوونی یەکەم کەس بۆ بۆشایی ئاسمان، یەکەمین کۆپی مرۆڤ ....هتد، جێگەی سەرسوڕمانە.[١]

## ٢.٢.٧: شەش پرسیارەکەی هەواڵ[٢]

ئامادەکردنی هەواڵ وپەخشکردنی لەرێگای دەزگاکانی راگەیاندن، سەرەتا پێویستە میدیاکاران رەگەزوپێکهاتەکانی هەواڵ بناسن، بەهۆی ئەوەی کەئەگەرگرنگێتی رووداوەکان لەبایەخی هەواڵدا بێت، بەهەمان شێوە رەگەزەکانی بنەما ونیشاندەری هەواڵن لەساناترین فۆرمیدا بۆوەرگر،[٣] جگە لەوەی چەند گرنگە هەواڵ نوێ بێت، ئەوەندەش گرنگە گومانی وەرگر بڕەوێنێتەوە.هەواڵەکان لەڕووی رەگەزەوە تاتۆکمە تربن سەرنجراکێشتردەبن وخوێنەربۆلای خۆی رادەکێشێت، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ لەم رەگەزانە پێکهاتووە (کێ، چی، بۆچی، چۆن، لەکوێ، کەی)، مەرجە هەمووهەواڵێک وەڵامی هەموو یا زۆربەی ئەم پرسیارانە بداتەوە:[٤]

١. **کێ - (Who) ؟:** ئەوکەسە یائەو کەسانەیە کە لەرووداوەکەدا بەشدارن یادەستیان هەیە لەڕوودانیاندا، یاخود بەجۆرێک پەیوەندی بەوانەوە هەیە، پێوویستە لەهەواڵدا دیاری بکرێت.
٢. **چی - (What) ؟:** بابەت وجۆری رووداوەکە، واتە ئەوەی رووداوەکەی لێپێکهاتووە چییە.
٣. **بۆچی - (Way) ؟:** ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کەبوون بەهۆی روودانی رووداوەکە.
٤. **چۆن - ( How) ؟:** چۆنێتی روودانی رووداوەکە.
٥. **کەی - (When)؟:** ئەوکاتەی کەرووداوەکەی تێدا روویداوە، بواری (مێژوو، رۆژ، کات)ی روودانی رووداوەکە دیاری دەکرێت.
٦. **لەکوێ - (where)؟:** شوێنی روودانی رووداوەکە، نیشان ئەدات.

**[١] نەجات روستی: میدیای هەواڵ وڕای گشتی، سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٩، ل٦١.**

**[٢] فریبا سەیاد، عەلی ئەکبەر فەرهەنگی: نەریتی رۆژنامە، و. کارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.**

**[٣] محمد ئەلدروبی: رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و. سۆزان جمال- لوقمان غەفور، سلێمانی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٦، ل١٣٤.**

**[٤] کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری، و. مەجید ساڵح عەزیز، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، ٢٠٠٠، ل٢٢.**

### ٢.٢.٨: تایبەتمەندێتی هەواڵ [١]

١. **راستی ودروستی:** کێشمەکێشمێک هەیە لەنێوان دەست پێشخەری بڵاوکردنەوەو راستی دروستی هەواڵەکەدا، بەڵام لەهەموو رەوشێکدا راستی دروستی لەپێشترە لەدەست پێشخەری بڵاوکردنەوە.[٢]

٢. **وردی:** هەرهەواڵێک بەبێ رەچاوکردنی وردێتی، کەموکورت دەبێت، لەزۆربەی کاتەکەندا لێکەوتەی پێچەوانەی دەبێت.[٣]

٣. **بابەتی بوون:** یەکێکە لەخاسیەتە گرنگەکان، بەبێ ئەم لایەنە هەواڵەکە رەوشی راستێتی لەدەست ئەدات، لەسۆنگەی ئەوەی رۆژنامە مافی نووسین و بڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاوازی هەیە، بەڵام مافی دەستکاریکردنی هەواڵەکەی نییە تەنانەت ئەگەرلەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکەش دژبێت.

٤. **هاوسەنگی:** هەواڵ دەبێت هاوسەنگ بێت لەڕووی پێکهاتەوە ورەگەزەوە، بەجۆرێک تەرکیزلەسەرهەموورەگەزەکان بکات، بەشێوەیەکی یەکسان، هیچ رەگەزێک فەرامۆش نەکات لەسەرحسابی ئەوی کە، بەشێوەیەک هەریەکێکیان سەنگی خۆیی پێدرابێت.

٥. **خێرایی:** گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن خێرایی گەیاندنی پەیامی بەرجەستە کردووە بووە بەبنەمایەکی گرنگ.

٦. **کرداری رانەبردوو:** هەواڵ بەشێوەی رانەبردووی سادە دادەڕێژرێت تارەوشێکی زیندوویی بدات بەهەواڵەکە.

### ٢.٢.٩: سەرچاوەکانی هەواڵ

مەبەست لەسەرچاوەی هەواڵ رێگاودەستا وێژەکانی گەشتنە بەسەرچاوەکانی زانیاری، کەلەهەردوو رەهەندی فەرمی ونافەرمیدا چێوە بەنددەبن. سەرچاوەی هەوڵ، واتە دانە پاڵی هەرهەواڵێك بۆئەوسەرچاوەیە کەلێی وەرگیراوە. هەواڵیش بەزنجیرەیەك قۆناغی ئاڵۆزدا دەڕوات، لەسەرەتای روودانییەوە هەتا دەگاتە دەست هاوولاتیان، بەڵام گرنگترینشت کەپێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، بریتییە لەبناغەورەسەنایەتی کەهەواڵی لێوە دەست دەکەوێت پێشکەش بەرۆژنامە یان

---

**[١] ابراهيم السيد حسنين: الاتجاهات الحديثة في الإعلام الصحفي، القاهره، المؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص٢٧.**

**[٢] رون إف سميث: أخلاقيات الصحافة، ت. محمد حامد درويش، المملكة المتحدة، مؤسسة هنداوي سي إي سي، ٢٠١٧، ص٦١.**

**[٣] نهلة أبورشيد: كتابة وتحرير الإخبار، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية،٢٠٢٠، ص١٨.**

کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن دەکرێ.[1] دەکرێت ئەوسەرچاوانە، کەرۆژنامەیەك لەرێگایەوە هەواڵی رۆژنامەنووسی لێوەدەست دەکەوێت، بریتیبن لەچەند کەسایەتیەکی گەورەی فەرمی یاخومیللی یاچەند ئەستێرەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی یاچەند کەسایەتیەکی بیانیبن کەسەردانی وڵات دەکەن،[2] لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی زیندوو، هەروەها دەشێت ئەوسەرچاوانە چەند لایەنێکی تربن وەك ئاژانسەکانی هەواڵ ورادیۆو تەلەفیزیۆنەکانی ناوخۆو دەرەوە، هەروەها رۆژنامەی ناوخۆو دەرەکی پڕوپاگەندەو بەیانی رەسمی وەزارەت و دامەزراوە گشتییەکان وتایبەتییەکان.

ئەم فرە سەرچاوەیەش پەیوەندی بەچەند لایەنێکەوە هەیە لەوانە:(جۆری رۆژنامە وسیاسەتی رۆژنامە، خوودی هەواڵ، پسپۆڕی وپێگەی سەرچاوەکان)، لەهەمان کاتدا لەوانەیە لەهەواڵێکداچەندین لایەن ببنە سەرچاوەی هەواڵ، بۆنموونە هەواڵی ڕوودانی گەردەلوول وکارەساتە سرووشتیەکان، چەندین کەس ولایەن دەبنە سەرچاوەی هەواڵەکە،(شاهید حاڵەکان، کەش ناسەکان، بەرپرسانی میری، پسپۆڕانی بەشی جوگرافیا)، لەم سۆنگەوە هەتا سەرچاوەی هەواڵەکان لەرووداوێکدا فرەبێت هەواڵەکە، لەکامڵی وتەواوی زیاترنزیک دەبێتەوە.[3] بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەکان دابەش دەکرێن بۆدووجۆر:[4]

**یەکەم/ سەرچاوە خوودیەکان (المصادر الذاتیة):** ئەوجۆرەیە لەسەرچاوە کەدەزگای رۆژنامە نووسی پشتیان پێدەبەستێت لەپەیداکردنی هەوڵ، ئەمانیش پێک هاتوون لەدەستەی نووسینی دەزگای رۆژنامەکە لەوانە :

**أ- نێردراوان (reporter):** سەرکەوتنی دەزگاکانی رۆژنامەنووسی، تاڕادەیەک پەیوەستە بە پەیامنێران و نێردراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، چونکە ئەم دوانە شادەماری دامەزراوەیە لە ئاڵوگۆروکۆکردنەوەی زانیاریی، هەروەها رووماڵکردنی رووداوەکانی رۆژ، هەربۆیە مەرجە ئەوکەسانەی کاری پەیامنێری و نێردراوی دەکەن، دەبێت خاوەنی هزرێکی باش وپاشخانێکی بەهێزی رۆشنبیریبن، توانای نووسین وقسەکردن ودەربڕین وپەیوەندی کردنیان هەبێت، پاشان لەڕووی جەستەوە چستوچالاک بن، لەبەرئەوە بەهێزی هەواڵ پاشان راکیشانی سەرنجی وەرگر، بەشێکی لەسەر پەیامنێران و نێردراوان وەستاوەتەوە، ئەگەرهاتووهەواڵێک نێردراوێکی

---

[1] سارا موحسین قادر: دارشتنی هەواڵ لەرۆژنامە نووسیی کوردیدا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاند - رۆژنامە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٥.

[2] جایدن نجلا حمدان رحمةالله: المعالجة الإخبارية لقضية الإرهاب في القنوات الفاضائية، أطرحة دكتوراهغير منشورة، كلية الدراسات العليا، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، ٢٠١٨، ص ٢٨.

[3] حسنى محمد نصر، سنا عبد الرحمان: الخبر الصحفي- التحرير الصحفي في عصر المعلومات، مصدرسابق، ص٨٧.

[4] غادةعبد التواب اليماني: المدخل الوظيفي والجماهيري للإعلام الصحفي، دبي، الريادة للنشر والطباعة ،٢٠٢٠ ص ١٨٠- ١٨٤.

سـەرکەوتوو شـارازە رووماڵی بکات پێدەچێت بەلای خەڵکەوە گرنگ بێت، رەنگە هەمان هەواڵ لە دەزگایەکی تربەخش بکرێت، بەڵام سەرنجڕاکێش و بەهێزنەبێت.

لەم سـۆنگەیەوە دەزگاکانی راگەیاندن نێردراوەکان رۆژانە دەنێرن بۆشـوێنی رووداوەکان یافەرمانگاکانی میری ویاخوود شـوێنە گشـتییەکانی ئەوشـارەی کەرۆژنامەکەی لێدەردەچێت بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاری. [1] شارەزایانی بواری رۆژنامەنووسی باس لەوەدەکەن، ئەگەر نێردراو سەربەهەردەزگایەکی رۆژنامەنووسیبێت، دەبێت پشت بەچەند سەرچاوەیەکی کەببەستێ بۆبەدەسـت هێنانی زانیاری،[2] لەوانە بەرپرسـانی حکومی ودەزگا میللییەکان، ئەسـتێرەکانی بوارەکـانی هونەری، وەرزشـی، دامەزراوە فەرمی ونـافەرمییەکـان وئەنـدامـانی لیژنە کـانی کۆڕوکۆبونەوە رامیارییەکانو ئاهەنگ و ڤیسـتیڤاڵ و کۆنگرە رۆژنامەنووسـییەکان. [3] پاشـانیش دەبێت جیاکاری بکرێت لەنێوسـەرچاوەکان، لەڕووی گرنگییەوە، بەتایبەتی لەنێوان سـەرچاوەی بنەڕەتی و سـەرچاوەی لاوەکی، چونکە سـەرچاوەی بنەڕەتی ئەوسـەرچاوەیە کەنێردراوان راسـتەوخۆ بەدەسـتی دەێنن لەکەسـایەتییەکان، بەڵام سـەرچاوەی لاوەکی ئەوسـەرچاوەنەن کە بۆ رۆژنـامەنووسـان وەک هـاوکـارێکن، بۆپەیـداکردنی هەواڵ یـائـامـاژەیەکن بۆهەواڵ لەوانە:بۆنەوەوجەژنە نەتەوایەتییەکـان، رۆژ ژمێرەکـان، ریکلامەکـان بەهەموو جۆرەکـانییەوە، نامەی خوێنەران.[4]

ب- **پەیامنێران:** ئەورۆژنامەنووسـەیە کەدەزگاکانی رۆژنامە رەوانەی دەروەی ئەو شـارە یا ئەووڵاتەی دەکات کەرۆژنامەکەی لێدەردەچێت بۆگەیاندنی هەواڵ.[5] دووجۆر پەیامنێر هەیە:

١. **پەیامنێری دەرکی:** ئەوکەسەیە کەبۆهەمیشەیی لەوڵاتێکدا نیشتەجێ دەبێت بۆرووماڵکردنی هەواڵی ئەووڵاتە. پەیامنێری دەرکی دەبێت، دوای ماوەیەکی دیاریکراو لەمانەوەی لەووڵاتەدا، زانیاریی پێویسـت کۆبکاتەوە لەسـەرباردۆخی رامیاری و ئابووری وکۆمەڵایەتی ئەووڵاتە، بەمەبەسـتی شـیکردنەوەولێکدانەوەی رووداوەکان،[6] پاشـانیش تاوەکوبتوانێت رووماڵێکی خێراتروقووڵ پێشکەش بەرۆژنامەکەی بکات، هەروەها پێویستە، پەیوەندێکی بەهێزهەبێت لەگەڵ سـەرچاوەی زانیارییەکان، لەپێناوی دەسـت راگەشـتنی بەزانیاری پێویسـت، سـەبارەت

[1] مرعی مدکور: الصحافة الإخبارية، مصدر سابق، ص٥٩.

[2] حسنی محمد نصر، سنا عبدالرحمان: الخبر الصحفي- التحرير الصحفي في عصر المعلومات، مصدر سابق، ص٨٨-٨٩.

[3] ابراهيم السيد حسنين: الاتجاهات الحديثة في الإعلام الصحفي، مصدرسابق، ٢٠١٥، ص ٢٧.

[4] فاروق ابوزيد: فن الخبر الصحفي مصدرسابق، ص٢١٠-٢١١.

[5] حبيب كەركووكی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[6] صالح شاكروتوت: الخبر الصحفي عنصر اساسي من عناصر العملية الاعلامية، بحث منشورة في مجلة أهل البيت عليهم السلام العدد(١)، ٢٠٠٤، ص٣٠٥-٣٠٨.

بەهەرڕووداوێک. ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە پەیامنێری دەرکی سێ شێوەی هەیە، لەوانە پەیامنێری هەمیشەی، پەیامنێری گەرۆک، لەگەڵ ئەوپەیامنێرەی بۆ هەندێک، رووماڵی رووداوی لەناکاو رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت.

٢. **پەیامنێری ناوخۆ:** ئەورۆژنامەنووسەیە لەشارێکی ئەووڵاتە کاردەکات کەرۆژنامەکە تێیدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام دانیشتووی ئەوشارەنییە کەرۆژنامەکە تێیدا دەردەچێت.

**دووەم/ سەرچاوە دەرکییەکان (المصادر الخارجية):** بریتییە لەوسەرچاوانەی کەلەدەرەوەی دەستەی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکان، لەوانە رۆژنامە ناوخۆیی ودەرەکییەکان، رادیۆ وتەلەفزیون (ناوخۆیی وبیانی)، ئاژانسە جیهانییەکان هەواڵ، سەرباری بەڵگەنامەو بڵاوکراوەکانی وەزارەت و دەزگاگشتی و تایبەتییەکان، کەپێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:[1]

١. **ئاژانسەکانی هەواڵ:** ئاژانسەکانی هەوڵی جیهانی سەرجەمیان بەشێوەیەکی گشتی، بەسەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ دادەنرێن، بەتایبەتی بۆ ئەورۆژنامەنەی لەتوانایاند نییە، لەهەموو شوێنێک پەیامنێرونووسینگەی رۆژنامەنووسیان هەبێت،[2] لەم باردۆخەدا بۆبەدەست خستنی هەواڵ وزانیاری، دەزگاکانی رۆژنامەنووسی پشت بەئاژەنسەکانی هەواڵ دەبەستن وەک سەرچاوەی زانیاری. ئاژانسەکانی هەواڵ توانایەکی بەهێزیان هەیە، لەڕووی مادی ومرۆیی وئامێرەوە، ئەمەش وایکردوە ئاژانسەکان، تۆڕێک پەیامنێری شارەزاوپسپۆڕییان لەبوارە جیاوازەکانی رۆژنامەنووسی، لەناوچەو شوێنە جیاوازەکانی جیهان بڵاوکردوتەوە،[3] بەمەبەستی رووماڵکردنی هەواڵ وگواستنەوەی زانیاری بۆنوسینگە سەرەکییەکانیان، پاشان فرۆشتنیان لەرێگایی گرێبەست بەدەزگا کانی رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفیزیۆن، یان ئاژانسە لۆکاڵییەکان.[4] لەجیهاندا چەند ئاژانسێکی هەواڵی جیهانی گرنگ هەیە، لەوانە ئاژانسی (هەواڵی ئاسۆشێت پرێس و یونایت پرێسی ئەمرێکی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی رۆیتەری فەرەنسی، ئاژانسی رۆیتەری شانشینی بەریتانی وئاژانسی ئنتەرتاسی رووسی)،هەروەها ئاژانسی هەرێمایەتیەکان، وەک ئاژانسی هەواڵی وڵاتانی عەرەبی، وڵاتانی ئاسیایی.

٢. **رادیۆ جیهانی وناوخۆییەکان:** رادیۆدەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ، بە تایبەتی لەو دەوڵەتانەی شێوازی فەرمانڕەواییان مەرکەزییە، دەسەڵات کۆنترۆڵی هەموو جومگە

---

[1] **اسماعيل ابراهيم: فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، مصدرسابق، ص٥٣.**

[2] **فاروق محەمەد ئەبوزەید: سەرەتایەک لەزانستی راگەیاندن، و. فەریدون رەئوف عارف، سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران ، ٢٠٠٦، ل٢٩٨- ٢٩٩.**

[3] **باسم وحيد جوني: مصادرالخبر الخارجية في الصحف العراقية، بحث منشورة، في مجلة الباحث الإعلامي، العد(١٣)، ٢٠١٣ ، ص ١٧٨.**

[4] **ابراهيم امام، محمد فريد محمودعزت: وكالات الأنباء المعاصرة ، النشأت، التطور، الدور، الفعاليات، القاهرة، الدار الفكر العربي،٢٠٠٦، ص٦٧.**

هەستیارەکانی وڵاتی کردووە، لەناویاندا دامەزراوەکانی راگەیاندن، ئەمە سەرباری داخستنی سنوورەکان بەرووی رۆژنامەنووساندا هەربۆیە، پەنا دەبەنە بەردەزگای رادیۆیی بۆ پەخشی ئەوهەواڵ وزانیاریانەی کە مەبەستە، هەروەها بۆ روو بەرووبونەوەی هەمووئەو پەیامانەی لەدەرەوەی سنوورەوە دێن، بەهەمان شێوە دەزگاکانی راگەیاندنی دەوڵەتە نەیارەکان رادیۆیان دامەزراندووە، بۆپەخشکردنی پەیام بۆدانیشتوانی ئەو دەوڵەتە، کە دەبن بەسەرچاوەی هەواڵ و زانیاری.[1]

٣. **رۆژنامە:** بە سوود وەرگرتن لەئازادی رادەربڕین پاشان بوونی کێبڕکێ لەنێوان رۆژنامەکان هەندێک بابەتی گرنگ، لەرۆژنامە جیهانی و نیشتمانییەکان بڵاو دەکرێتەوە، دواتردەزگاکانی دیکەی رۆژنامەنووسی، وەک سەرچاوە بەکاریان دەهێنن، سەرباری ئەوەش هەندێک لەرۆژنامە جیهانییەکان، دەگەنە هەندێک سەرچاوەی زانیاری لەهەندێک وڵات، کەرۆژنامە ناوخۆیەکان دەستیان پێ راناگات، بەتایبەتی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان، لەبەرئەوەی سەرکردەو وبەرپرسەکان لێدوان بۆ رۆژنامە جیهانییەکان زیاتردەدەن، تارۆژنامە ناوخۆییەکان، ئینجا رۆژنامە بە ناوبانگ وجیهانییەکان، پەیامنێرونووسینگەی رۆژنامەنووسییان لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا هەیە.[2]

٤. **ئینتەرنێت وپێگەهەواڵیەکان:** ئەم سەرچاوەیە بەگرنگترین سەرچاوە دادەنرێت بۆسەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن، چونکە ئەمرۆ ئینتەرنێت پڕە لەهەواڵ و شیکارکاری و دیالۆگ و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی، ...هتد، بە تایبەت لەپێگە هەواڵییەکان، سەرباری خێرا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنە بەچەند چرکەیەک لە دوای رووداننییەوە. هەروەها رۆژنامەنووسان ئێستا لەرێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانن دیالۆگ لەگەڵ کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدەن.[3]

٥. **وەزارەتەکان ودەزگا فەرمییەکان:** وەزارەتەکان، دەزگاگشتی وتایبەتەکان، بەشەکانی پۆلیس، سەندیکاکان، نەخۆشخانە، میوانانخانەکان، یانەکان، فڕۆکەخانە، هۆیەکانی گواستنەوە، فیستیڤاڵ، ئاگاداری وپڕۆپاگەندە، یارێکەوت، چونکە زۆرهەواڵ هەیە رۆژنامەنووس بەرێکەوت دەستی دەکەوێت.[4]

---

[1] **عبد الجواد سعيد محمد ربيع: الفن الخبر الصحفي، مصدر سابق، ص١١٣.**

[2] **حسنى محمد نصر، سنا عبدالرحمان :الخبر الصحفي، التحرير الصحفي في عصر المعلومات، مصدرسابق، ص١١٦.**

[3] **سميرة شيخاني: مصادر المعلومات، التوثيق الإعلامي، من المنشورات الجامعة الافتراضية السورية،٢٠٢٠، ص٢٠٩.**

[4] **حبيب كەركووكی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.**

### ٢.٢.١٠: چۆنیەتی نووسینەوەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی *

١. **ناونیشان:** سەبارەت بەنووسینی ناونیشان بۆ هەواڵێکی ڕۆژنامەنووسی پێویستە ڕەچاوی هەندێک خاڵی گرنگ بکرێت لەوانە: هەڵبژاردنی وشە ودەستەواژەی گونجاو، دەبێت ڕەگەزەکانی هەواڵ تێیدا بەرجەستە ببێت، هەروەها گوزارشت لەوبابەتە بکات کەبۆی نووسراوە.[1]

٢. **پێشەکی:** پێشەکی ئەوچەند ڕستەیە کە لەنێوان سەردێروتێکستی سەرەکیدایە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دادەڕێژرێت، دەشێ وەڵامی پرسیارە نەزانراوەکان بداتەوە (کێ، چی، کەی، لە کوێ، بۆچی، چۆن)، کورت وپوختبێت، ڕێنوێنی خوێنەربکا بۆچوونە ناودرێژەی هەواڵەکە، سەرباری ئەمانە، پێشەکی دەبێت بەشێوازێک بنووسرێت، لەگەڵ قەبارەی هەواڵەکە گونجاو بێت، دووربێت لەوشەی دووبارە وناروون وئاڵۆز.[2] پێشەکی بەچەند جۆرێک دەنووسرێت، گرنگترینیان:

أ- **پەسنی (وەسفی)،** هەواڵسازسەبارەت بەرووداوێکی گەورە یاکارەساتێکی سرووشتی، بەمجۆرە دەینووسێت، بەگشتی بۆ وەسفی ڕووداوەکەیە.

ب- **گفتوگۆ،** ئەم جۆرە لەپێشەکی بۆ ئەوهەواڵەنە دەنووسرێت کەجۆرێک لەبۆچوونی دژبەیەک دەبینرێت لەهەواڵەکەدا، وەک ململانێی نێوان هاوڵاتی و بەرپرسان.

ت- **مەجازی،** ئەوجۆرە پێشەکی یە کەهەواڵساز دەینووسێت، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشی بۆنمونە قەڵای هەولێرلانکی دانیشتوانی خوارووی عێراقە.

ث- **پەندی پێشینان یا قسەی نەستەق،** هەواڵساز بۆ ڕازاندنەوەی پێشەکی هەواڵەکە بەکاری دەهێنێت.[3]

ج- **بەراوردکاری،** جۆرێکە لەپێشەکی کەهەواڵساز، هەندێک جاربەکاری دەهێنێت لەنووسینی پێشەکییەک، کە لەسەرفاکتەری بەراوردکردنی نێوان دووبابەت بونیاد نراوە.

ح- **پرسیاری،** ئەم جۆرە پێشەکییە بریتییە، لەخستنە ڕووی گرنگترین زانیاری ناوهەواڵەکە لەرێگای وروژاندنی پرسیارێک یازیاتر، دۆزینەوەی وەڵامەکەی لەجەستە یا کۆتایی بابەتەکەدایە.

---

* ئەم بابەتە بەووردی لەرەهەندە روونکارییەکاندا شرۆفەکراوە.

[1] منسورسدقی: هەواڵ، راپۆرت وتوویژ، دهۆک، چاپخانەی خانی ،٢٠٠٨، ل٢٣.

[2] عبد العزيز شريف: الأساليب الفنية في التحرير الصحفي، مصدر سابق، ص١٦٠- ١٦٦.

[3] مەغدید سەپان: نووسین و شیکردنەوەی "لید"لەرۆژنامەو گۆڤاری کوردی دا، توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانی، بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری رۆژنامە نووس، ژمارە، (٢٦)، ٢٠١٢، ل٥٠.

خ- **وەرگیراو**، لەم جۆرەداهەواڵساز لەرێگای وەرگرتنی رستەیەک یادەستەواژەیەک (لێدوانێکی رۆژنامەنووسی)، پێشەکی هەواڵەکە دەنووسێت.

د- **مێژوویی**، بەخستنەڕووی بابەتێکی مێژوویی، یابۆنەیەک پێشەکییەکە دەنووسرێت، بەمەبەستی بیرهێنانەوەی وەرگرسەبارەت بابەتێکی مێژوویی.[1]

٤. **ناوەڕۆک یاجەستەی هەواڵ:** جەستەی هەواڵ بریتییە لەزانیاری تەواوسەبارەت بەرووداوەکە دەبێت، دووربێت لەوشەی تەمومژاوی ودووبارە، هەروەها لەجەستەدا دەکرێ وەڵامی شەش پرسیارەکە یا زۆربەی درابێتەوە، هەروەها ناوهێنانی سەرچاوە پێویستە، تێبینی: لەکاتی نووسینی ژمارە، لەژمارە یەکەوە تاوەکو ژمارە (دە)بەنووسین دەبێت، لەوە زیاتربەژمارە دەنووسرێت، سەرەڕای ئەوەش پێویستە کردار تیایدا رانەبردووی سادە بێت.

٥. **کۆتایی:** هەروەک بەشەکانی دیکە، چۆنێتی نووسینی کۆتایی هەواڵ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دوا وێنەیە لەمێشکی وەرگردا جێگیردەبێت، ئینجا زانیارییە گرنگەکانی پێشەکی وجەستەی تێدا دووبارە دەکرێتەوە، کۆتایی بە وێناکردنی رووداوەکە دەهێنێ لەلای وەرگر.[2]

### ٢.٢.١١: بۆتەی دارشتنی هەواڵ

پاش ئەوەی زانیاری وداتاکان دەگەنە ژووری هەواڵ، پاش گوڵبژێرکردنی پێویستە لەیەکێ لەبۆتەهونەریەکاندا دابڕێژرێت، لەپێناوفەراهەمکردنی هەواڵێکی روون وکامڵ. شێوازی کارکردنی دەزگاکە، سروشتی خودی هەواڵەکە بۆتەکان دیاری دەکات، ئەوانیش چەند جۆرێکن، لەوانە: بۆتەی پێچەقوچەک، قوچەکی ئاسایی، پەیژەیی، کاتژمێری لمی ومرواری ...هتد، بەڵام بۆتەی پێچەقوچەک باوترینیانە.[3] بۆتە باوەکان بریتین لە:

١. **بۆتەی پێچەقوچەک:** لەم بۆتەیەدا، لە پێشەکی هەواڵەکە (لید) دا پوختەیەک لەگرنگترین زانیاری دادەنرێت، بەمانای لە (گرنگترینەوە بۆ گرنگتر، ئینجا گرنگ)، گرنگی بۆتەی پێچەقوچەک لەوەدایە کەهەرلەسەرەتاوە گرنگترین زانیاری ئەدات بەوەرگر، سەرباری ئەوەش خۆینەرپەلکێش دەکات بۆخوێندنەوەی تەواوی بابەتەکە، ئەورێسایە بەرجەستە دەکات کە دەڵێت:

---

[1] **ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢١، ل٩٣-١١٣.**

[2] **ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.**

[3] **نەعیم بەدیعی: حسین قەندی، رۆژنامەوانی مۆدێرن، و.کارزان محمەد، سلێمانی، بڵاوکراوەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا،٢٠٠١، ل١٠٣.**

"ئەگەر سەرنجی خوێنەربەلای هەواڵەکە راکێشرا ئەوە کاری دیزاینەرە، بەڵام خوێندنەوەی وشەو رستەکانی ئەرکی رۆژنامەنووسە".[1]

**٢. بۆتەی قوچەکی ئـاســـــایی:** رێکخســـتنی هەواڵ بەم بۆتەیە بەتەواوەتی پێچەوانەی پێچەقوچەکە،هەواڵەکە بەوشـــێوەیە دادەڕێژرێـت کەروویـداوە، بەمـانـای بەپێی کـاتی روودان وریزبەندی هەواڵەکە دەبێت.[2] ئەم بۆتەیە زیاتر بۆدارشـــتنەوەی هەواڵێک بەکاردەهێنرێت کە چیرۆک ئامێزبێت، وەک: هەواڵەکانی کەسایەتییەکان، کارەساتە سرووشتی ودەستکردەکان، تاوانە وروژێنەروســـەرســـوڕهێنەرەکـان، ... هتـد، ئەم بۆتەیە دەرفەتێکی نـاوازە بۆرۆژنـامەنووس دەڕەخســـێنێت کەدەیەوێـت کردارێکی دیـاریکراوروون بکـاتەوە ، لەرێگـای خســـتنەرووی زانیارییەکان زۆربەوردی، جگە لەوەی کە بۆتەیەکی ئاسانە بۆ تێگەیشتن.[3]
بەشـێوەیەکی گشـتی نووسـینی هەواڵ بەم بۆتەیە بەپێشـەکییەکی گشـتی دەسـت پێدەکات، ئینجا شۆڕدەبێتەوە بۆناوقوڵایی هەواڵەکە تا لەجەستەو کۆتاییدا تەواوهەواڵەکە دەگەیەنێ.[4]

## پاژی سێیەم: راپۆرتی رۆژنامەنووسی (PressReport)

### ٢.٣.١: سەرەتا

راپۆرتی رۆژنامەنووسـی شـوێنێکی دیاریکراوی هەیە، لەناو ژانرە رۆژنامە نووسـیەکاندا، بـایەخێکی تـایبەتی دەدات بەجەوهەری رووداوەکە. یەکێك لەتـایبەتمەندیەکـانی ئەم ژانرە، ئەبێت لەمـاوەیەکی کورتـدا زانیـاریەکی زۆر کۆبکـاتەوە. راپۆرتی رۆژنـامەنووســـی بەوە لەهەواڵ جیـادەکرێتەوە کەئەرکی لەخســـتنە رووی جەوهەری بـابەتەکە کۆتـایی نـایەت،[5] بەڵکو هەموو رەهەندە جیاجیاکانی بابەتەکە بەسـەردەکاتەوە، هەروەها وەسـفی شـوێن وکات و کەسـایەتییەکان دەکات، لەهەواڵ درێژترە، لەرییۆرتاژکورتترە.[6]

---

[1] عبد الطيف حمزة: مدخل في فن التحرير الصحفي، الجيزة، وكالة الصحافة العربية، طبعة،٢٠٢٠، ص٨٣.

[2] عباس ناجى: الخبر الصحفي، مصدرسابق، ص ٥٠.

[3] فاروق ابوزيد: فن الخبر الصحفي، مصدرسابق، ص٣٣١.

[4] نەعیم بەدیعی، حسین قەندی: رۆژنامەوانی مۆدێرن، و.کارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩-١١٣.

[5] عباس ناجي حسن: الصحفي الإلكتروني، عمان، دار الصفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص ١٤٠.

[6] خالد محمد عزام: فن التقرير الصحفي، عمان، دار اسامة، للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص ٢٤.

## ٢.٣.٢: پێناسەی راپۆرتی رۆژنامەنووسی

- بریتییە لەچالاکییەکی جەستەی وزهنی رۆژنامەنووس، لەرووماڵکردنی تەواوی هەواڵێك، کۆکردنەوەی راستیەکانە لەسەررووداوێك یان بابەتێك کەرایگشتی گرنگی پێ ئەدا.[1]

- هونەرێکی رۆژنامەنووسی یە دەکەوێتە نێوان هەواڵ وریپۆرتاژی رۆژنامەنووسییەوە، بریتییە لەرووماڵکردنی تەواوی هەواڵێك، یاخود کۆکردنەوەی کۆمەڵێك راستی لەسەررووداو یابابەتێك، وەڵامی پرسیارەکانی (بۆچی، چۆن) زۆررۆڵیان هەیە تێیدا، چونکە بەتەنهالایەنە بنەڕەتیەکانی رووداوەکە رووماڵ ناکات بەڵکو دەچێتە ناو وردەکاریەکانی ئەو(کات، شوێن، کەسایەتی، بارودۆخ،...)ـــــەی کەپەیوەستن بەرووداوەکەوە وئاماژەیان پێدەدات، هەروەها گوزارشت لەتوانای رۆژنامەنووسەکەش دەکات.[2] هەر بۆیە ئەگەربمانەوێت راپۆرت بناسین پێویستە بتوانیین جیاوازی لەنیوان هەواڵ وراپۆرت بکەین.[3]

## ٣.٣.٢: جیاوازیی نێوان راپۆرت و هەواڵ[4]

١. هەواڵ راگەیاندنی رووداوێکی دیاریکراوە، لەکاتێکدا راپۆرت لێکدانەوەی خودی هەواڵەکەیە، وێنەی دەگرێ و لەهۆکاروچۆنیەتی روودانی وهۆکارەکانی گەشتن بەو ئەنجامانە دەکۆڵێتەوە.

٢. هەواڵ ئەنجامەکانی هەررووداوێکی دیاریکراودەگەیەنێ، لەکاتێکدا راپۆرت بەدوور ودرێژی وەسفی رووداو دەکات و رێنوینی ورێنیشاندانی لەخۆگرتووە.

٣. لەهەواڵدا رۆژنامەنووسەکە بیروڕای خۆی دەرنابڕێت، بەڵام لەراپۆرتدا دەتوانێت بیروڕای خۆی دەربڕێت، حوکمدانی بەسەر رووداوەکەدا تێدایە، ئەمە لەهەواڵدا گونجاو نییە.

٤. دەکرێ نووسەرێکی کەم ئەزموون هەواڵ دابڕێژێت، بەڵام راپۆرت مەرجە رۆژنامە نووسی خاوەن ئەزموون و رۆشنبیرییەکی بەرفراوان بینوسێ و ئاسۆی پاشخانی رۆشنبیری ڕوون وفراوان بێ، سەرباری هەردوو، توخمی گێرانەوە و ئەندێشەیی چیرۆك ئامێز توانای زمانەوانی زۆرباشی هەبێ.

---

[1] باسم وحيد جوني: سمات التقرير الصحفي في الصحافة العراقية، جامعة بغداد، كلية الإعلام، بحث منشورة في مجلة، مداد الأدب، العدد (السابع)، ٢٠١٣، ص ١٨٦.

[2] منصورعثمان محمد زين: المدخل الأساسي لعلم الصحافة، بدون مكان الطبع، مكتبة الرشد،٢٠١٩، ص١١٩.

[3] لؤي خليل: الإعلام الصحفي، عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص ٦٥.

[4] خالد محمد غازي: التحرير الصحفي، توظيف تكنولوجيا الإتصال، الجيزة، وكالة الصحافة العربية، ٢٠٢٢، ص ١٦١.

٥. راپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بەچاوپۆشیکردن لەوبۆتەی پێی نووسراوە بە زۆری مۆرکی چیرۆکە هەواڵی پێوەیە لەکاتێکدا هەواڵ مەرج نییە بەو جۆرە بێ.

٦. ڕەهەند پێشینەکانی بابەتەکە، مێژوو، بەڵگەکان باس دەکات، بەڵام هەواڵ کاتی ڕوودانی هەواڵەکە باس دەکات.[1]

### ٢.٣.٤: جیاوازیی نێوان چاوپێکەوتن و راپۆرتی ڕۆژنامەنووسی

مەبەست لەجەوهەری چاوپێکەوتن لەنێوان، ڕۆژنامەنووس وکەسایەتییەکان یان چەند ڕۆژنامەنووسێک و کەسایەتێک، دەست کەوتنی زانیارییە، بەڵام لەراپۆرتدا نمایشکردنی کەسەکەیە یا کەسەکانە، کەبونەتە قوربانی یا کارەکتەری سەرەکی راپۆرتی ڕۆژنامەنووسیەکە پێکدێن.[2]

### ٢.٣.٥: جیاوازیی نێوان راپۆرت و ریپۆرتاژ[3]

١. ریپۆرتاژ پرۆسەی قوڵبونەوە وگەڕان ولێکۆڵینەوە وخوێندنەوەی لایەنە جیاوازەکانی کێشەو ڕووداوێکە، لەهەموو گۆشە نیگاکانەوە سەیری دەکات، لەکاتێکدا راپۆرت لەبارەی هەواڵێکی گەرماوگەرم یا ڕووداو وکێشەیەکەوە دەنووسرێ، هەڵدەستێ بەپێشکەشکردنی وێنەیەکی خێرا بۆ ڕووداوەکە یاجەختکردنەوە لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی.

٢. ریپۆرتاژ ئامانجی قایل پێکردنی خوێنەرە، بەمەبەستی دروستبوونی رایگشتییە، بەڵام راپۆرت جەخت لەسەر گرنگیو کاریگەری بابەتەکە دەکاتەوە لەلای خوێنەر، هەندێجار تەنها چێژ بەخشینە بەخوێنەر.

٣. ریپۆرتاژ پشت دەبەستێت بەلێکۆڵینەوە وتوێژینەوە بەراپەرموونەسەر ئاماروخشتە وسەرژمێری ووێنەی فۆتۆگراف وسکێچ وکاریکاتێرو...، بەڵام راپۆرت بەهەمان شێوە رادەپەرمویێتەسەر وێنەی فۆتۆگرافی وسکێچ وکاریکاتێرو... بەڵام ژمارەیەکی کەمی وێنەکان تێرای ڕوونکردنەوەی بابەتەکە دەکات.[4]

---

[1] علي كنعان: الصحافة مفومها وانواعها، عمان، دار المعز للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص١٤٢.

[2] محمد فريد محمود عزت: المقالات والتقارير الصحفي، اصول إعدادها وكتابتها، بدون مكان الطبع، بدون المطبعة، ١٩٩٨، ص١٨٨.

[3] خالد محمد عزام: فن التقرير الصحفي، مصدر سابق، ص٢٣-٢٤.

[4] محمد عقوني: كيف تصبح صحفيا ناجحا، بدون مكان الطبع، دار الغرب للنشر والتوزيع،٢٠١٧، ص ١٨.

٤. راپۆرت بەدرێژی لەبارەی وردەکارییەکانی هەواڵ یا کێشـــەیەکەوە دەنووســــرێ، بەڵام ڕیپۆرتاژ ســـەرباری ئەوە بایەخ بەدۆزینەوەی هۆکارەکانی وپێشـــنیاری چارەســـەری کێشـــەکەش دەدات.

٥. ڕیپۆرتاژ پێویســـتی بەماوەیەکی دوورو درێژوهەوڵی زۆرو چەند قۆناغە، بەڵام راپۆرت بەپشت بەستن بەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان یا هەر بەسەردانێکی شوێنی ڕووداوەکە دەکرێ هەر لەبارەگای ڕۆژنامەکەدا بنووسرێ.

٦. ســـەرکەوتنی ڕیپۆرتاژ لەســـەر پلەی بایەخبەندێتی لای خوێنەروتوانای ڕۆژنامەنووس دەوەستێت کەچۆن بەشـارەزاییەوە دەینووسـێ، بەڵام دەبینین راپۆرت گەرماوگەرمی هەواڵەکە یا کێشەکە وتوانای ڕۆژنامەنووسەکە دەبێت بەمایەی سەرکەوتنی.

٧. بایەخی ڕیپۆرتاژ بەشێوەیەکی ئاسـایی لەسـەر ئەوکۆمەڵگەیە دەوەسـتێت کەرۆژنامەکەی تێدا دەردەچێ، لەکاتێکدا زۆرجار پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕووداوە رامیاری و ئابوورییەکانی جیهان تەوەرێکی راپۆرت دەبن.

٨. ئەرکی ســـەرەکی راپۆرت لێکدانەوەی هەواڵە لەکاتێکدا ئەرکی ســـەرەکی ڕیپۆرتـاژ ئاڕاستەکردن و ڕۆشنبیرکردنە.

**٢.٣.٦: جۆرەکانی راپۆرتی ڕۆژنامەنووسی**

١. **راپۆرتی زانیاری :"**ڕۆژانە ملیۆنان وشـەو دێرەهەواڵ لەسـەرچاوەکانی هەواڵەوە پەخش دەکرێت بەهۆی خێرای لەکاری هەواڵ نووســـین، زۆری هەواڵ وتەنانەت کەمبوونی کات و شـــوێنیش ئەم چانســـە فەراهەم ناکات کەســـوود لەهەموو هەواڵەکە وەربگیرێت، بەهۆی خێرای لەهەواڵگەیاندندا، زۆربەی هەواڵیش لەقۆناغی یەکەمدا کامڵ نین و وەڵامی هەندێک ڕەگەزەکان یاخوود وردەکارییەکان نادرێتەوە هەربۆیە ئەم جۆرە لەراپۆرت، بەپلەی یەکەم گرنگی دانە بەشی کردنەوە راڤەکردنی لایەنێکی ڕووداوەکە یان کێەشـەکە، هەروەها خسـتنە ڕووی زانیاری نوێ وزیندوە، یادەرخســـتنی لایەنی شـــارەوەی ڕووداوەکە، هەروەها پێدانی زانیاری پشـــت بابەتی ڕووداوەکە لەلایەن ڕۆژنامەنووس، بەشێوەیەکی بابەتی مەرجە ئەو ڕووداوکێشـەکان زیندوونوێ بێت، لەوانە راپۆرتی رامیاری، ئابووری، پەروەردەی."[١]

٢. **راپۆرتی هەواڵی (راپۆرتە هەواڵ):** بریتییە لەوراپۆرتەی بایەخ بە راڤەو شیکاروشرۆڤە ولێکـدانەوەی هەواڵ وڕووداووبـابەتە هەنووکەییەکـانی ڕۆژدەدا، ڕیپۆرتەرهەوڵـدەدات لایەنە هەمەجۆرەکانی (هۆکار وشوێنی ڕوودان وهەموو ئەو کەسانەش کەتێیدا بەشداربوون وهەروەها

[١] **نەعیم بەدیعی، حسین قەندی: ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، و. کارزان محمەد ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.**

چۆنێتی وسـاتی روودان)ی بگەیەنێت بەخوێنەران، بەشـێوەیەك كە لێكدانەوەی نوێی رووداوەكە بخـاتە بەرچـاوی خوێنەروبەجۆرێ كەئەوبتوانێهەڵسـەنگـاندنی خۆی بۆبكـات وهەروەهـا لەداهاتووشـدا پێشـبینی هەربەرەوپێشـچوونێكی رووداوەكە بكات راپۆرتە هەواڵ لەچەندین جۆردا خۆدەنوێنێت، وەك: ئابووری، رامیاری، كۆمەڵایەتی، كەلتور، هونەر، وەرزش ...هتد، بەگشـتی بۆ دوو جۆردابەش دەكرێ:[1]

- **راپۆرتی گەرمـاوگەرم:** ئەم جۆرە راپۆرتە سـەبـارەت بەهەرهەواڵێكی هەنووكەیی دەنووسرێ كەخوێنەر بەدوای وردەكارییەكانیدا عەودالە.

- **راپۆرتی ساردوسڕ:** ئەم جۆرە راپۆرتە سـەبارەت بەهەواڵێك یاكێشـەیەكی شـاردراوە یا كۆن دەنووسـرێ، بەڵام شـایانی ئەوەیە سـەرلەنوێ باس بكرێتەوە. پەنابردنە بەرراپۆرتەهەواڵ لەرۆژنامەدا بۆ قوڵبوونەوەو رامان و پێشكەشكردنی زانیارییە، لەم رێگایەوە خوێنەران بەخۆیەوە دەبەسـتێتەوە، ئاسـاییە كە بابەتی راپۆرتەكە رووداوی گەرماوگەرمی ناخۆیی یاهەرێمایەتی یانێودەوڵەتی بێ، كەخوێنەران لەبارەیەوە عەودالی هەرهەواڵێكی تازەن، مایەی بایەخ پێدانیانە.ئەم جۆرە لەخـانەی راپۆرتی سـادەدا پۆلێن دەبێت، بەڵام راپۆرتی ئـاوێتەیی بەردەوام رووداوێك یـادیـاردەیەك روومـاڵ دەكـا، رەنگە چەنـد رۆژ یـاچەنـد هەفتە بخـایەنێ، پێدەچێ نـاوبەنـاویش سـەرهەڵبداتەوە، بەجۆرێ كە پێویسـتی بەراپۆرتی هەمەلایەنەی تێروپڕی شـیكەرەوە هەیە، ئەمە سـەرەڕای بوونی ئەگەری بەردەوامی لەسـەرهەمـان بـابەت، راپۆرتی دوێنێ بۆئەمڕۆدەبێت بەپێشینە وبیرخەرەوەی خوێنەر، بەستنەوەی بەرۆژنامەكەوە.[2]

٣. **راپۆرتی كەسـی:** ئەوراپۆرتەیە كەزانیاری سـەبارەت بەكەسـایەتی یە دیارەكانی كۆمەڵ لەخۆدەگرێت، باس لەجۆری ژیـانیـان، دابونەریتیان رەوشـت وخەسـڵەتە رواڵەتیەكانیان یان خودییەكانیان دەكات، ئەم جۆرە لەراپۆرت لەلای وەرگرجێگای بایەخ وگرنگی پێدانە،[3] هەربۆیە مەرجی ئەنجامدانی راپۆتی كەسـی ئەوەیە رۆژنامەنووس بەئاگاییەوە ئەوكەسـەی راپۆرتەكەی دەرباره دەنووسێت، كەسێكی ناوداربێت لەیەكێک لەبوارەكانی ژیان، هەروەها پێویستە وەسفێكی ووردی كەسایەتیەكە لەخۆبگرێت.[4]

---

[1] **محمد خليل الرفاعي: كتابة وإعداد التقارير الإخبارية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٣.**

[2] **محمود عزت اللحام، وأخرون: مدخل إلى علم الصحافة، عمان، دار الإعصارللنشر والتوزيع،٢٠١٥، ص ٣٣٥- ٣٣٦.**

[3] **فريبا سەياد، عەلی ئەكبەر فەرهەنگی: نەریتی رۆژنامەوانی، و. كارزان محمەد، چ ٢، سلێمانی، چاپخانەی رۆما، ٢٠٠٨، ل١٥٥.**

[4] **على كنعان: الصحافة، مفهومها وأنواعها، مصدرسابق، ص ١٤٥-١٤٦.**

٤. **راپۆرتی وێنەیی:** لەم جۆرە راپۆرتە رۆژنامەنووس لەجیاتی ئەوەی زانیاری وفاکتەکان لەرێگای وشـەوە بگوازێتەوە، وێنەی فۆتۆ گرافی بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی ئەورووداو بابەتانەی دەتوانرێت کە لەرێگای وێنەوە گوزارشـــتیان لێ بکرێت وبتوانێت زانیارییەکان بگەیەنێت بەخوێنەران بەبێ بەکارهێنانی دەق، تەنها چەند وشـــەیەکی روونکاری لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەبێت کەســی وێنەگرپێویســتە خاوەنی دیدی رۆژنامەنووســی وراپۆرت نووســبێت بەجۆرێک بتوانێت هەمان ئەوکارەی رۆژنامەنووسی راپۆرت نووس بەپێنووسـەکە ئەنجامی ئەدا ئەوبەزوومی کامێرەکەی ئەنجامی بدا .[1]

**٧.٣.٢: چۆنیەتی داڕشتی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی**

شـێوازی نووسـینی راپۆرتی رۆژنامەنووسـی جیاوازە لەشـێوازی نووسـینی هەواڵ، چونکە زۆربەی کات هەواڵی رۆژنـامەنووســی بەبۆتەی پێچەقوچەک دەنووســرێت، بەڵام راپۆرتی رۆژنامەنووســی بەپێچەوانەی هەواڵ و بەبۆتەی قوچەکی ئاســایی پلەپلەکراودەنووســرێت بەم شێوازەی لای خوارەوە:[2]

١. **پێشـــەکی:** پێشـــەکی راپۆرتی رۆژنامەنووســـی بریتییە لەســـەرە تایەک بەمەبەســـتی سـەرنجراکێشـانی خوێنەر بۆخوێندنەوەی درێژەی بابەتەکە، کەبریتییە لەراسـتییەکی بەرجەسـتە، پێشاندانی لایەنێکی تازەی نەبیستراویان هەڵوێستێکی دیاری کراو.[3]

٢. **لاشـە:** زانیاری، بەڵگە، راوبۆچوون، دەگرێتەخۆ سـەبارەت بە رووداوێک یاهەڵوێستێک یان بابە تێکی دیاری کراو، شـێوازی نووسـینی راپۆرت هەرلەســـەرەتاوە تاکۆتای پێویســـتە، بەشـێوەکی روون و ئاشـکرا بابەتەکە باس بکات، لەپێناوخسـتنە ڕووی هەندێک بابەتی شـاراوە، کەلەهەواڵدا باس نەکراوە.[4]

٣. **کۆتایی:** لەکۆتایی راپۆرتی رۆژنامەنووســـی، ئەنجام وپوختەی باســـەکە دەخرێتە روو، لەگەڵ راوبۆچوونی کەســی راپۆرت نووس، هەروەها خسـتنە رووی لایەنە شـاراوەکانی پشـت رووداوەکە.[5]

---

[1] **رەزا حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامە نووسی، و. کارزان محەد، سلێمانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.**

[2] **فاروق ابوزيد: فن الكتابه الصحفية، ط٤، القاهرة، عالم الكتب للنشر والتوزيع، ١٩٩٠، ص١٤١-١٤٠.**

[3] **عبد الرزاق محمد الدليمي: التحرير الصحفي مصدر سابق، ص ١٥٦.**

[4] **محمد فريد محمود عزت: المقالات والتقارير الصحفي، اصول إعدادها وكتابتها، مصدرسابق ، ص١١٨-١١٩.**

[5] **فاروق ابوزيد: فن الكتابه الصحفية، مصدرسابق، ص١٤٢.**

## پاژی چوارەم: چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

### ٢.٤.١: پێناسەی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی

چاوپێکەوتن هونەرێکی سەربەخۆی بواری رۆژنامەنووسییە، یەکێکە لەوژانرە گرنگانەی کەلەلایەن پسپۆرانی رۆژنامەنووسییەوە فرە بایەخی پێدەدرێ و بووە بەبابەتێکی سەرەکی زۆر لەتوێژینەوەکانیان، دەکرێ بڵێین یەکێکە لەگرنگترین هونەرە رۆژنامەنووسییەکان.[١]

هونەری دەست خستنی زانیاری یە، بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ژانرەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیی، بەمانای سەرەرای ئەوەی کە یەکێکە لەژانرە سەربەخۆکان هاوکات ئامرازێکی گرنگی دەستخستنی هەواڵ یابەشێکی گرنگی ریپۆرتاژە، تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری بەدواداچوونی هەواڵەکان لەرێی ئەم هونەرەوە بەدەست دەهێنرێ،[٢] واتە لەرێی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا، بەڵام ئەوچاوپێکەوتنەی بۆبەدەستهێنانی هەواڵ ئەنجام دەدرێ، جیاوازە لەوچاوپێکەوتنەی کەبەمەبەستی گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسی ئەنجام دەدرێ. ئەوەش بەوەی لەیەکەمیاندا وەڵامی (چی؟- ناوەرۆکی رووداوەکە) گرنگەو لەدووەمیشیاندا وەڵامی(بۆچی؟- هۆکارەکانی). [٣]

کەواتە چاوپێکەوتن ئەوهونەرەیە کەلەسەر رەهەندەکانی گفتوگۆی نێوان رۆژنامەنووسو ئەو کەسایەتی یا کەسایەتیانە وەستاوە کەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ یا (لەگەڵیان)دا ئەنجام دەدرێ، بەمەبەستی دەستکەوتنی هەواڵ یا زانیاری نوێ یا شرۆڤەکردنی تێروانینێکی دیاریکراو یاوێناکردنی لایەنێکی نائاسایی یانامۆ یاخۆش و بەکەیفی ژیانی ئەوکەسایەتییە.[٤] لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین: بریتییە لەشێوازێك لەشێوازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری و وەرگرتنی راوبۆچوونەکانی بەرامبەرو لەوێشەوە نمایشکردن و شیکردنەوەی هەڵوێستەکان.

### ٢.٤.٢: جۆرەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی :

دەکرێت بێژین جۆرەکانی چاوپێکەوتن لەمەبەستەکانی چاوپێکەوتنەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەبێت:

١. **چاوپێکەوتنی هەواڵ:** بۆدەستخستنی هەواڵ وزانیارییە لەمەڕهەر رووداوێك لەزمانی کەسانی بەرپرس وئاگادارلەرووداوە: دادگا، دەزگای پۆلیس، بنکەی تەندروستی، ... هتد،

---

[١] عبد الكريم فهد الساري: تكنيك الحديث والمقابلات الصحيفة، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٢، ص ١٩.

[٢] نسيم الخوري: المقابلة الصحافية، فن-تواصل-إعلام، بيروت، دار المنهل اللبناني ، ٢٠٠٩، ص ١٠٣.

[٣] محمود عزت اللحام، وأخرون: مدخل إلى علم الصحافة، مصدر سابق ص٣٤١-٣٤٢.

[٤] منصور عثمان محمد زين: المدخل الأساسي لعلم الصحافة، مصدرسابق ، ص٩٧.

یازۆرجار شـــایەتحاڵ یابەشـــداربووانی رووداوەکە.[1] مەبەســـت لەدواندنی (شـــایەتحاڵ) قەرەبووکردنەوەی ئامادە نەبوونی پەیامنێرە لەشـــوێنی قەوماندنی رووداوەکەدا، تابتوانێت لەو رێگایەوەو لەدەمی ئەوکەســـانەی تێیدا بەشـــداربوون یانزیك بوون لەشـــوێنوســـاتی قەوماندنی رووداوەکەدا راستگۆیی هەواڵەکە بسەلمێنێ.[2]

٢. **چاوپێکەوتنی کەسـایەتی:** ناسـاندنی کەسـایەتیەکی دیارە یان قسـەکردنە لەسـەر کەسـێك کەمەرج نییە خۆی لەژیاندامابێت، لەم جۆرەشـــیاندا پێویســـت بەوریاییەکی زۆردەکات بۆئەوەی زیندوێتی چاوپێکەوتنەکە لەدەســـت نەدرێت. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە دەبنە یەکێك لەهۆکارەکانی رۆشنبیرکردنوگەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەرێی خستنە بەرچاوی نمونەوپێشەنگی باش.[3]

٣. **چـاوپێکەوتنی بیرورا:** ئەم جۆرە لەچـاوپێکەووتن تـاڕادەیەک جیـاوازترە لەجۆرەکـانی دیکەی چاوپێکەووتن، بەتایبەتی چاوپێکەوتنی هەواڵی، کەتیادا زانیاری زیاترمەبەســـتە، بەڵام لەجۆری چاوپێکەتنی بیروڕا زیاترکەسـایەتی و پسـپۆڕیەکەی گرنگە، بۆوەرگرتنی راوبۆچوونی کەسی باوەڕپێکراو وکاریگەرە لەسـەرهەررووداوێك یان کێشـەیەك، کەمەبەست لێی راڤەکردن و لێکدانەوەو رێنوێنی کردنە، گرێدراویی راسـتەوخۆی لەگەڵ بنیاتنانی رایگشـتیداهەیە، بایەخی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە لەوێوە ســـەرچاوە دەگرێ کەخوێنەر لەبەرامبەرلێشـــاوی هەواڵدا پێویســـتییان بەوراڤەکردن ولێکدانەوە ورێنوێنی کردنە هەیە لەلایەن کەسانی جێی برواومتمانەوە.[4]

٤. **چاوپێکەووتنی کات بەســـەربردن:** ســـازدانی چاوپێکەوتن تایبەت بەبۆنەیەکی دیاریکراو، بەمەبەســـتی دوورخســـتنەوەی خوێنەر لەســـەرقاڵیو ماندووبوونی ژیانی رۆژانە، بەتایبەتیش لەبواری هونەریدا زیاتربەرچاودەکەوێت بۆنمونە (چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆرانیبێژ وئەکتەرەکانی ســـینەما)، مرۆڤ رۆژانە رووبەڕووی فشـــاری هەمەچەشـــنە دەبێتەوە، بۆیە پێویســـتی زۆری بەوچێژوەرگرتنەیە، هەرلێرەشـــەوەیە کەرۆژلەدوای رۆژئەم جۆرە چاوپێکەوتنە هێزوتینوبایەخی زیاترپەیدادەکات.[5]

٥. **چاوپێکەوتنی زانیاری:** ئەمەش بەمەبەسـتی دەسـتخسـتنی زانیارییە سـەبارەت بەرەهەندە جیاوازەکان (ئابووری، رامیاری، تەندروستی،...هتد).

---

[1] نبيل حداد: في الكتابة الصحفية - السمات الأشكال القضايا المهارات الدليل، عمان، دار جرير للنشر والتوزيع ،٢٠١١ ص ١٨٨

[2] عبد العزيز شريف: الأساليب الفنية في التحرير الصحفي، مصدر سابق، ص ٢٤٤.

[3] عربي مصري: الحديث والتحقيق التلفزيوني من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٧١.

[4] لوى خليل: لإعلام الصحفي، مصدر سابق، ص٥٤.

[5] محمود ابراهيم: في فن الحديث الصحفي، مصدرسابق ص٢٨٠-٢٨١.

٦. **كۆنگرەی رۆژنامەنووسی:** مەبەست لێی بەستنی كۆنگرەی رۆژنامەنووسییە لەلایەن كەسایەتییەكی دەستنیشانكراو یا زیاترەوە لەسەر هەربابەتێك یان رووداوێك یان كێشەیەكی چاوەڕوان كراو یا نەكراو، چاوی بەچەند رۆژنامەنووسێك دەكەوێتو هەریەكەیان پرسیارێك یا زیاتردەكات، هەموویان دەتوانن تەواوی پرسیارو وەڵامەكان لای خۆیان تۆماربكەن، دواتر بەشێوەی پرسیارو وەڵام یا بەشێوەی راپۆرتە هەواڵ بڵاوی بكەنەوە.[1]

٧. **كۆڕ یا كۆڕا:** ئەم جۆرەی چاوپێكەوتن لەخانەی گفتوگۆی رۆژنامەنووسیدا (PreesDiscussing)، پۆلێن ئەكرێت، بەگشتی بابەتێكی دیاریكراو دەخرێتە بەردەم چەند كەسێكی پسپۆڕوشارەزا تا لەگۆشەنیگا جیاوازەكانەوە لێوەی بدوێن، ئینجا دەشێ ئەو بابەتە بدرێت بەچەند كەسێك كەهەمان پسپۆڕییان هەبێت یا پسپۆڕیەكانیان جیاوازبێت، بەمانایەكی ترپرۆسەیەكی تەواوكارییە، بەهەموان كۆگیرییەك لەسەر بابەتەكە دروست دەكەن، ئەركی رۆژنامەنووس رێكخستن ئینجا داڕشتنی بابەتەكەیە.[2]

### ٢.٤.٣: داڕشتنی چاوپێكەوتنی رۆژنامەنووسی

پاش هەڵبژردنی بیرۆكەی چاوپیكەوتنەكە ودیاری كردنی كەسایەتی وئەنجامدانی چاوپێكەوتنكە، پرۆسەی داڕشتنەوەی چاوپێكەوتنەكە دێتە پێشەوە، كەپێویستە بەشێوەیەكی هونەری بنووسرێت، پاشانیش لەكاتی نووسین و داڕشتنی چاوپێكەوتنەكە دەبێت چەند خاڵێك لەبەرچاو بگیرێت (ئامانجی چاوپێكەوتنەكە، ئاستی رۆشنبیری و پلەی خوێندەواری وەرگر، بەكارهێنانی وشەو دەستەواژە)، چوونكە داڕشتنەوەی چاوپێكەوتن، دەبێت بەشێوازێک بێت كەزۆرینەی خەڵک لە وشەو دەستەواژەكانی تێبگات، پێویستی بەشیكردنەوە نەبێت.[3]

### ٢.٤.٤: پەیكەری نووسینی چاوپێكەوتن لەرۆژنامەو بڵاوكراوەكان

بەشێوەیەكی گشتی پەیكەری نووسینی چاوپیكەوتن لە رۆژنامە لەچواربەش پێكدێت، ناونیشان، پێشەكی، جەستە، كۆتایی.

١. **ناونیشان:** یەكەم بەركەوتەی پەیوەندی راستەوخۆی نیوان وەرگروبابەتەكەیە هەربۆیە، دەبێت ناونیشانێكی سەرنجڕاكێشبێت، بەشێوازیک بێت تەمومژاوی نەبێت خوێنەر بەئاسانی لێی

[1] **مشعل سلطان عبد الجبار: أيدولوجيا الكتابة الصحفي، عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١، ص ٢٤٦.**

[2] **عيسى محمود الحسن: المقابلة والتحقيق الصحفي، عمان، دارزهران، ٢٠١٥، ص٣٢.**

[3] **هاوژین عومەر: تەكنیكی نووسینی میدیایی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.**

تێبگات، کورت وپوخت، ئاماژە بێت بۆگرنگرنگترین خاڵ لەناوچاوپێکەوتنەکەدا.[1] بەگشتی لەچاوپێکەوتندا دوو جۆر ناونیشان هەیە:

أ- **ناونیشانی سەرەکی:** هەڵبژاردنی وتەیەکی گرنگی کەسی بەرامبەریا رستەیەکی بەبەهای چاوپێکەوتنەکە دەکرێت بەناونیشانی سەرەکی.

ب- **ناونیشانی لاوەکی:** ئامانج لەدانانی ئەم جۆرە بۆزیاتر سەرنجراکێشانی وەرگرە، لێدوان و زانیارییەکی گرنگە بە فۆنتێکی گەورەترلەدەقەکە ، لە شوێنی گونجاودا دەنوسرێت.[2]

**٢. پێشەکی:** پێشەکی لەدوای ناونیشانی سەرەکییەوەدێت، مەبەست لێی ئامادەکردنی وەرگرە بۆچوونە ناو بابەتی چاوپێکەوتنەکەوە،[3] سەرباری ئەوەش پێشەکی ئاسانکاری بۆوەرگر دەکات، بەوەی کەکرۆکی بابەتەکە باس لەچی دەکات، هەروەها ناساندنی ئەوکەسایەتیەی کەچاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدراوە، بەشێوەیەکی گشتی پوختەیەکە لەچاوپێکەوتنەکە.[4]

**٣. جەستە:** نووسینی جەستە دەبێت بەجۆرێک بێت، کە تەواوی وردەکاری و زانیاریەکانی تێدا خرابێتە ڕوو، وەرگر بەتەواوی لەچاوپێکەوتنەکە تێبگات، چونکە هەمیشە خوێنەری چالاک بەخوێندنەوەی ناونیشان و پێشەکی چاوپێکەوتن رازی نابێت وبەدوای تەوای چاوپێکەوتنەکەدا دەڕوات تا کۆتایی.[5] جەستەی چاوپێکەوتن بەچەند ڕێگایەکی جیاوازدەنووسرێت لەوانە:

أ- **تەقلیدی:** بەشێوازی پرسیارو وەڵام چاوپێکەوتنەکە دادەڕێژرێت، وادەردەکەوێت کەزیاتر بەلای وەرگرەوە جێگای بڕوابێت، چونکە رەوشێکی کارلێکی دروست دەبێت، واهەست دەکات بەرامبەرکەسی میوانە و وەڵامەکان راستەوخۆ وەردەگرێت، رۆژنامەنووس تەنها ئەوەندە نەبێت سیاغەی نوێی ئاسان بۆ وەڵام و پرسیارەکان دابنێ، هەروەها دەتوانێ رستە و وەڵامەکانیش کورت بکاتەوە،[6] یان وشەیەک لەشوێنی یەکێکی دیکە دابنێ، بەو مەرجەی ئاگاداری ناوەڕۆکیان بێ ومەفهومیان نەگۆڕێ، ئەم رێگایە گونجاوترە، مەبەست زیاتردەپێکێ سەبارەت بەئاشکراکردنی دیدوبۆچوونەکانی کەسی میوان دەربارەی پرسە جیاوازەکان، وەک

[1] **فاضل محمد حسني البدراني: أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والإلكتروني، عمان، دار البداية ناشرون وموزوعون ،٢٠١٣، ص٦٠.**

[2] **حبیب کەرکووکی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢-٩٣.**

[3] **رەزا حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، و.کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.**

[4] **أسامة عبد الرحيم علي: فنون الكتابة الصحفية والعمليات الإدراكية لدى القراء، القاهرة، إيتراك للنشروالتوزيع،٢٠٠٢، ص١٢٥.**

[5] **هاوژین عومەر: تەکنیکی نووسینی میدیای، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.**

[6] **أديب خضور: مدخل إلى الصحافة، نظرية وممارسة، ط٣، دمشق، المكتبة الإعلامية، ٢٠٠٨ص١٢١.**

چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەرۆکی وڵات، وەزیرەکان، سەرکردەی پارتە رامیارییەکان، وتەبێژی لایەنەکان،[1] بەڵام هەندێک شارەزا لەبواری راگەیاندن، رەخنە لەم شێوازە دەگرن، بەلێکۆڵینەوەی پۆلیسی ناوی دەبەن.[2]

ب- **رێگای نوێ:** لەنووسینیدا چەند شێوازێک پیادە دەکرێت:

- **رێگای هەواڵی:** چۆنیەتی نووسینی جەستەی چاوپێکەوتن بەم رێگایە بریتییە، لەدارشتنەوەی چاوپێکەوتنەکە لەشێوەی دەقێکی ئاسایی، پاشانیش یاریکردن بە وشەکان لەلایەن هەواڵساز، هەروەها دەسکاریکردنی شوێنی وەڵامەکان و دانانی بەپێی گرنگی، بەشێوەی پلەی بەراورد.[3]

- **رێگای گێرانەوەی چیرۆکی:** دارشتن ونووسینی دەقی چاوپێکەوتنەکە لەسەرشێوەی گێرانەوەی چیرۆک بونیات دەنرێت، بەهێزی و سەرنجراکێشی، لەسەرتوانای رۆژنامە نووسەکە وەستاوە، بەڵام یەکێک لەخەوشەکانی ئەم رێگایە: دوورە لە وردی وبابەتی بوون، سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەکە کەهەمیشە وتەی کەسایەتیەکان راستەوخۆ وەربگرێت، نەک لە رێگای رۆژنامەنووسەکە.

- **رێگای راناوی قسەکەر:** ئەم رێگایە لەنووسین بریتییە لەگێرانەوەی چاوپێکەوتنەکە، لەسەرزاری ئەوکەسایەتییەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام ئەدرێت، بەبێ ئەوەی هێچ ئاماژەیەکی رۆژنامەنووس تێدادەربکەوێت.[4]

٤. **کۆتایی چاوپێکەوتن:** شێوازی نووسینی کۆتای چاوپێکەوتن بەپێی جۆری ئەوبۆتەیە کەچاوپێکەوتنەکەی پێ دەنووسرێت، ئەگەرهاتوو بۆتەی بەکارهاتوو، بریتی بوولە پێچەقوچەک، کۆتاییەکەی چاوپێکەتنەکە بریتی دەبێت لەکەمترین گرنگی[5]، چونکە دارشتنی چاوپێکەوتن بەبۆتەی پێچەقوچەک، سەرەتا بەگرنگترین زانیاری دەست پێ دەکات و بەکەمترین گرنگی کۆتایی پێدێت، بەڵام بەکارهێانی یانووسینی چاوپێکەوتن بەبۆتەی قوچەکی ئاسایی وقوچەکی ئاسایی پلەپلەکراوجیاوازە، چونکە کۆتایی بریتییە لەتان وپۆکردنی ئەنجاماکان[6]، یان دۆزینەوەی چارەسەرەکان یان شیکردنەوەی بابەتەکان،[7] بەتایبەتی ئەوچاوپێکەوتنانەی کەبۆ راپۆرت یان

---

[1] **حسني محمد نصر، سناءعبد الرحمان:الخبر الصحفي، التحرير الصحفي في عصر المعلومات ، مصدر سابق، ص ٣٢٩.**

[2] **ليلى عبد المجيد، محمود علم الدين: فن التحرير الصحفي للواسائل المطبوعة والألكترونية، القاهرة، دار السحاب للنشر والتوزيع،٢٠٠٨، ص ١٥٢.**

[3] **عمران هاشمى المجدوب : التحريرالصحفي علم والفن، طرابلس، الدار الأكاديمية للطباعة والتأليف والترجمة والنشر، ٢٠٠٨، ص١٥٩.**

[4] **أديب خضور: مدخل الى الصحافة نظرية وممارسة، مصدر سابق، ص ١٢٢.**

[5] **غازي زين عوض الله: الأسس الفنية للحديث الصحفي، مصدر سابق، ص٧٥.**

[6] **ئاريانا ئيبراهيم محەمەد: شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامە وانییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨-٢٥٩.**

[7] **نەعیم بەدیعی، حسێن قەندی: رۆژنامەوانی مۆدێرن، و.کارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦-٢٠٧.**

ریپۆرتاژ ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەشـداچاوپێکەوتنی ناسـاندنی کەسـایەتی، کات بەسـەربردن، کۆتایەکەی بە گێڕانەوەی بەسارهاتەکانی ئەوکەسایەتییە کۆتایدێت.[1]

### ٢.٤.٥: بۆتەکانی دارشتنی چاوپێکەوتن:[2]

بۆتەکانی دارشـتنی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسـی فرەن بەڵام لەنێوانیاندا چوار بۆتە لە هەموویان زیاتربەربڵاوترە کەبریتین لە:

١. **بۆتەی پێچەقوچەک:**

أ- **پێشەکی:** گرنگترین هەواڵ، گرنگترین زانیاری.

ب- **جەستە:** دەقی چاوپێکەوتن، وردەکاری گرنگ، کەمترگرنگ تاکۆتایی.

ت- **کۆتایی:** لەکەمترین گرنگییەوە ریزدەکرێن.

٢. **بۆتەی پێچەقوچەکی پلە پلەکراو:**

دارشـتنی چاوپێکەوتن بەم بۆتەیە لەپێشـەکی وجەسـتە پێکدێت، لەپێشـەکیدا گرنگترین وردەکاریەکان، رووداو، لێدوان باس دەکرێت، هەروەها نووسـینی جەسـتە بەم بۆتەیە بریتییە لەچەند برگەیەکی لاکێشـەی پلەپلەکراو کەلەگرنگترین بۆگرنگتر، گرنگ، پوختەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی رۆژنامەنووس ئاراستەی کەسی بەرامبەری دەکات دادەنرێت، سەرباری بەکارهێنانی ناوە ناونیشـان، لەنێوان برگەکان، کە پێکهاتووە لەوتەی هەڵبژێردراوی کەسـی میوان، بەم شێوەیە بەردوام دەبێت تا کۆتایی هێنان بە نووسینەکە.[3]

٤. **بۆتەی قوچەکی ئاسایی:**

أ- **پێشـەکی:** ئاماژەدان بە بابەتەکە، باسـکردنی کەسـایەتی بەرامبەر، باسـکردنی شـوێنی چاوپێکەوتنەکە، باسکردنی چۆنێتی سازکردنی چاوپێکەوتنەکە.

ب- **جەسـتە:** وردەکارییە گرنگەکـان، وردەکـارییە گرنـگ ترەکـان، وردەکـارییە گرنـگ ترینەکان.

ت- **کۆتایی:** کورتەی گرنگترین بۆچوونەکان، دواوتە.

٥. **بۆتەی قوچەکی ئاسیی پلە پلەکراو:** [4]

أ- **پێشەکی:** ناساندنی کەسایەتی بەرامبەر، باسکردنی شوێنی چاوپێکەوتن، پیشاندانی وێنەی بارودۆخی چاوپێکەوتنەکە، بابەتی باسکراو.

ب- **جەسـتە:** دەقی چاوپێکەوتنەکە لەسـەربنەمای تێکهەڵکێشـکردن وپێکهەڵپێکانی وتەی وەرگیراو و پوختە، دەنووسـرێت، کەبریتییە لەلاکێشـەیەکی پلەبەندکراو لەگرنگترین بۆگرنگتر بۆگرنگ لەوتە وپوختە بەدوای یەکدا .

---

[1] عيسى محمود الحسن: المقابلة والتحقيق الصحفي، مصدر سابق، ص٦١-٦٦.

[2] عبد الكريم فهد الساري: تكنيك الحديث والمقابلات الصحيفة، مصدرسابق، ص٤٠-٤٢.

[3] فاضل محمد حسني البدراني: أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والإلكتروني، عمان، دار البداية ناشرون وموزوعون، ٢٠١٣، ص٧١.

[4] فاروق ابوزيد: فن الكتابه الصحفية، مصدرسابق، ص ٦٦.

ت- **کۆتایی:** پوختەیەکی گرنگترین لێدوان، هەڵسانگاندنەکانی رۆژنامەنووس لەسەر بابەت و کەسایەتی میوان.

## پاژی پێنجەم: کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

### ٢.٥.١: پێناسەی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

شێوەیەکە لەشێوەکانی چاوپێکەوتن، تێیدا یەکێك یازیاترلەکەسایەتیەکان لەبەرامبەرکۆمەڵێك رۆژنامەنووس بابەتێك یا دیاردەیەك یاسیاسەتێکی دیاریکراو شرۆڤە یارووندەکاتەوە، یا کێشەیەکی بایەخدار بۆرایگشتی تاوتوێ دەکات یاهەواڵێکی گرنگ و وابەستە بەکێشە گشتیەکانەوە رادەگەیەنێت، یا....کۆنگرەی رۆژنامەنووسی کەسە بەرپرسەکان لەکاتی پێویستدا ئەنجامی دەدەن، زۆر جاریش لەکاتی سەردانە فەرمیەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات گرێ دەدرێ.[١]

### ٢.٥.٢: جۆرەکانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دابەش دەبێت بۆچەند جۆرێک، کەلەهەندێک روو لەیەکدەچن بەوەی ئامانج لەئەنجامدانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی گەیاندنی ناوەرۆکە رۆژنامەنووسی یەکەیەتی بەخوێنەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆران باس لەچەندین جۆری کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دەکەن، لەوانە:

١. **لەڕووی کاتەوە،** دابەش دەبێت بۆ: کۆنگرەی خوولی، نا خوولی، لەناکاو.
٢. **کەسایەتی** (کۆنگرەی تاکەکەسی، دوانی، سیانی، دەستە جەمی).
٣. **خاوەنداری** (فەرمی، نافەرمی، کەسایەتی).
٤. **ئینتما** (جیهانی، نێودەوڵەتی ،هەرێمایەتی، لۆکالی).
٥. **پسپۆڕایەتی** (گشتی، تایبەت، پسپۆڕی وورد).[٢]
٦. **بابەت** (سەربازی، رامیاری، وەرزشی، هونەری، وێژەی...هتد).[٣]
٧. **قەبارە** (کۆنگرەی گەورە، بچووک، مام ناوەند).
٨. **ئامراز** (رۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، گشتی).
٩. **زانست** (هەواڵ وزانیاری، شیکاری، ئاراستەکردن، کۆمەڵایەتی ، پڕۆپاگەندە، بانگەشە).
١٠. **لەڕووی هەڵوێستەوە** (حکومی، ئەهلی، حزبی).

[١] غادةعبد التواب اليماني: المدخل الوظيفي و الجماهيری الأعلام الصحفي، مصدر سابق، ص ٢٣٤.

[٢] صلاح عبد الحميد: تغطية وتحرير المؤتمرات الصحفية، القاهرة، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٣٢.

[٣] ماهي أنواع المؤتمرات الصحفية؟ https://earabi.com/media، بەروار٢٠٢٢/٨/٢١، کات:١٠:٠٠ بەیانی.

١١. **هەندێک بارودۆخ** (کاتی جەنگ، بارودۆخی نائاسایی).[١]

## ٣.٥.٢: گرنگی ئەنجامدانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

١. پێدانی زانیاری راست و دروست، لەرێگای سەرچاوەی باوەڕپێکراوسەبارەت، بەو زیانانەی دەرئەنجامی کارەستە سرووشتی و ناسرووشتیکان هاتووەتە ئاراوە.

٢. کۆنگرەی رۆژنامەنووسی وەک لایەنێکی گشتی لێدوان ئەدات، چونکەهەندێک جارلەبەر فشاری دەروونی، لایەنی زیان لێکەوتوناتوانێ لێدوان بۆهەموودەزگایەکی رۆژنامەنووسی بدات بەجیا، بەڵام ئەم ئەرکە لەرێگای کۆنگرەی رۆژنامەنووسییەوە بەئاسانی ئەنجام ئەدرێت.

٣. ئامرازێکی گرنگی برەودانە، بەهزرێک یا بانگەشە بۆکۆمپانیایەک، یا بۆبەرپەرچدانەوەی لێدوانێکی چاوەشەکاری ودژ.

٤. هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە لەرێگای خستنە ڕووی راستییەکان و بۆچوونە تەواوەکان، لەسەربابەت و کێشەکانی ناوکۆمەڵگە، هەروەها هاوکاری خوێنەردەکات لەبڕیاردانی تەواو دروست، یاهاندانیان بۆ پارێزگاریکردن لەبەهاو نەریتە رەسەنەکانی کۆمەڵگا.

٥. ناساندنی کەسایەتی یە رامیاری وکۆمەڵایەتیەکان، ئەستێرە کانی بوارە جیا جیاکانی ژیان، ئاشناکردنی خوێنەربە کارەکانیان، ژیانی تایبەتییان، پێگەی کۆمەڵایەتیان، بیروڕاو، بۆچوونیان، هەڵویستەکانیان.

٦. ئاگاداركردنەوەی خەڵک، لەبارودۆخێک کەکاریگەری لەسەرژیان دروست ئەکات پێش روودانی ئەوبارودۆخە.

٧. بەجێ هێنانی ئەرکی راگەیاند لەرێگای بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری نوێ، راستی سەبارەت بەوبابەتەی کەکۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی لەسەر ئەنجامدراوە.[٢]

## ٤.٥.٢: بۆتەی نووسینی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی

کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی گشتی بەبۆتەی پێچەقوچەکی پلەپلەکراو دەنووسرێت، لەگرنگترین زانیاری بۆکەمترین گرنگی دەنووسرێت، لەپێشەکیدا پوختەی گرنگترین زانیاری دەنووسرێت، پاشان لەجەستەدا، بە گرنگترین لێدوان و وتە دەست پێدەکات بۆکەمترین گرنگی، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکۆتای بەنووسینەوەی کۆنگرە رۆژنامەنووسی یەکە دێت.[٣]

---

[١] محمود أدهم: المؤتمرات الصحفية : اعدادها - ادارتها - تغطيتها - تحريرها، بدون مكان الطبع ، بدون مطبعة، ١٩٨٦، ص ١٠٩-١١٠.

[٢] رانية على ابوسعدة: واقع فن الحديث الصحفي الصحف الفلسطنيه-دراسة وصفية، رسالة ماجستيرغير منشورة كلية الاداب، الجامعة الإسلامية بغزة، ٢٠١٧، ص٩٧.

[٣] فاروق ابوزيد: فن الكتابةالصحفية، مصدرسابق، ص ٨٦.

## پاژی شەشەم: ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی

### ٢.٦.١: پێناسەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی

ریپۆرتاژ یەکێکە لەوژانرە رۆژنامەنوسیانەی کەبەهۆیەوە کێشەو کەموکوڕیەکانی کۆمەڵگە بەهەموو جۆرەکانیەوە (رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، زانستی، هونەری، وەرزشی و...هتد) دەستنیشان دەکرێت، هۆکارەکانی دیاری دەکرێت،[1] لەهەمان کاتدا پێشنیاری چارەسەرکردنیشیان دەخرێتە روو، بەمانای زانیاری و راوبۆچوون لەبارەی کێشەیەکی دیاریکراوەوە کۆدەکاتەوە، پشت بەرەهەندی شیکردنەوەوراڤەکاری دەبەستێ، بەمەبەستی دیاریکردنی چارەسەر، بەشێوازێکی هونەری داهێنەرانە دەنووسرێ.[2]

ریپۆرتاژ لێکدانەوەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی هۆکاروفاکتەرە کۆمەڵایەتی یا ئابووری یا سیاسی یا...یە کە لەپشت هەواڵێك یا کێشەیەك یا پرسێك یا دیاردەیەکەوە پەنهانو نادیارەو ئەوریپۆرتاژەی لە بارەوە نووسراوە.[3]

"هەررووداوێک شێوازی نمایش وگێڕانەوەی تێدابێ هەواڵە، هەرکاتێک کۆمەڵە رووداوێکی وەک (نمایشی سەربازی، رێپێوانی رامیاری، ڤیستڤاڵی وەرزشی وکردنەوەی کارگەیەک)، رووبدات پەیامنێرلەم بارودۆخەدا رۆڵی شایەتێک دەبێنێ ولەجیاتی ئەوانەی کەتوانای ئامادە بوونیان نییە، ئامادە دەبێت وهەموو بەسەرهاتی رووداوەکە ئەنووسێتەوە وبڵاوی دەکاتەوە، لەزاراوە رۆژنامەنوسیەکاندا بەم نووسینە دەوترێت ریپۆرتاژ".[4]

ریپۆرتاژهونەرێکە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە هەواڵی تێدا تەواودەبێت، بەڵام ئەم جەخت لەسەروەڵامی (بۆچی)دەکاتەوە.[5]

پرۆسەی گەڕانێکی وردە دەربارەی سەرجەم هۆکارە ئابووری وکۆمەڵایەتی ورامیاری...یەکان وکۆکردنەوەی هەرزانیارییەك کەراستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بەو هەواڵ وکێشەو دیاردانەی کە ریپۆرتاژەکەی دەربارە دەنووسرێت.[6]

---

**[1] جمال جاسم محمود: التحقيق الصحفي، كلية العلوم السياسية، جامعة دمشق، بحث منشورة في مجلة جامعة دمشق للعلوم الإقتصادية والقانونية، المجلد(٢٤)، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص٣١٣.**

**[2] ابراهيم امام: دراسة في الفن الصحفي، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، بدون السنة، ص١٣٨.**

**[3] عبد الملک بن عبد الفهد بن شلهوب: التحقيق الصحفي، أسسه، أساليبه، اتجاهاته الحديثة، المملكة العربية السعودية، بدون مطبعة،٢٠٠٤، ص ١٥.**

**[4] بەناز کوێستانی: کاریگەری هونەری ریپۆرتاژ لەرۆژنامە کوردییەکاندا، سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،٢٠٠٢، ل٢٢.**

**[5] عمرأحمد رمضان: التحقيق الصحفى، في الصحافة الكوردية في إقلم كوردستان، كروک، مطبعة الشهيد أزاد هورامي ،٢٠١٤ ، ص ٣١.**

**[6] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.**

وێنەی فۆتۆگراف سیمایەکی نوێ وسەرنجراکێش دەبەخشێت بەرۆژنامەوگۆڤارەکان، ریپۆرتاژی سەرکەوتوو پێویستی بەراستگۆیی وبابەتی بوون هەیەو وێنەی فۆتۆگراف رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێ لەبەرجەستەکردنی ئەو رەوشەدا، بەڵام هەندێ کات فۆتۆگرافەرناتوانێ وێنەبگرێ یاناهێڵن ئەو کارەئەنجام بدات، بەو هۆیەوە پەنا دەباتە بەرکاریکاتێریا سکێچ.[1]

**٢.٦.٢: شێوەکانی ریپۆرتاژ**

١. **ریپۆرتاژی نووسین:** لەم شێوەیەداو بەپلەی یەکەم نووسین پشکی زۆری ریپۆرتاژەکەی بەردەکەوێ ئەمەسەرباری بەکارهێنانی وێنە بەهەموو جۆرەکانیەوە، دیکۆمێنت، هێڵکاری (سکێچ) کەهاوکاری نووسینن ئاخاوتنەکان پشت راست ئەکەنەوە.[2]

٢. **ریپۆرتاژی وێنەیی:** لەم شێوەیەداوبەپلەی یەکەم وێنە پشکی زۆری ریپۆرتاژەکەی بەردەکەوێ ئەمەسەرباری کاپشن ونووسینە روونکاری کەهاوکاری وێنەکانن پشت راستیان ئەکەنەوە، بۆنمونە: سازدانی ریپۆرتاژێك سەبارەت بەمادەهۆشبەرەکان.[3]

٣. **ریپۆرتاژی(سکێچ):** لەم شێوەیەداو بەپلەی یەکەم هێڵکاری (سکێچ) پشکی زۆری ریپۆرتاژەکەی بەردەکەوێ ئەمە سەرباری نووسینە روونکاری کەهاوکاری سکێچەکانن، پشت راستیان ئەکەنەوە.[4]

**٣.٦.٢: جۆرەکانی ریپۆرتاژ:**

١. **ریپۆرتاژی شیکارکاری:** ئەم جۆرە ریپۆرتاژە رووداوەکان شی دەکاتەوەو لێکیدەداتەوە، هەروەها رەهەندەکان وهێماوئاماژەکانی ئاشکرادەکات، واتە بەپلەی یەکەم گەڕانە بەدوای هەموو ئەوشتانەی کەلەپشت رووداوەکەوەن.

٢. **ریپۆرتاژی پشکنین:** لە (پرس)ێك دەدوێ کەبەلای رایگشتییەوە گرنگ و بایەخ دارە، لەوێشەوە وردەکاریەکانی کۆدەکرێتەوە، روونـاکی دەخرێتە سەرلایەنە جیاجیاکانی هەر وردەکارییەکی پەیوەست بەوپرسەوە، ئەم جۆرە ریپۆرتاژە هۆکارێکە بۆدروستکردنی رایگشتی.

٣. **ریپۆرتاژی لێکۆڵینەوەوساخکردنەوە:** لەم جۆرەدا لایەنە نهێنی وپەنهانەکان بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکرێن، لەلێکۆڵینەوەی پۆلیس دەچێت.[5]

---

[1] فاروق ابوزيد: فن الكتابة الصحفية، ط٢، جدة، دار الشرق للنشر والتوزيع،١٩٨٣، ص٧٣.

[2] ضياء ابوطعام: التحقيق الصحفي، قواعد ومهارتهات، بيروت، دار الهادي للطبعاعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص ٧٤.

[3] مجدي عبد العزيز: رامي عطا صديق، التحرير الصحفي علم ومهارة وفن، القاهرة، المعهد الدولي العالي للإعلام بالشروق سلسلة كراسات صحفية،٢٠١٦، ص١٣.

[4] ليث بدر يوسف: تحليل مضمون موضوعات التحقيق الصحفي في الصحيفة الأهرام المصرية، لمدة١/١لغاية٢٠٠٨/١/٣١، بحث غيرمنشورة، قسم الصحافة، كلية الإعلام، جامعة بغداد، ٢٠٠٨ ص ٩.

[5] جمال جاسم محمود: التحقيق الصحفي، مصدر سابق، ص ٣٣٥.

٤. **ریپۆرتاژی پێشبینی:** ئەم جۆرە ریپۆرتاژە یارمەتی خوێنەردەدات پێشبینی ئەنجامی رووداوەکانو سەرئەنجامەکانیان بکات، واتە هاوکارییان دەکات تابتوانن لەبەررۆشنایی رووداو وپێشهاتەکاندا پێشبینی ئەوەبکەن کەچی روودەدات، بۆنمونە (پاش زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران چی روودەدات).[١]

٥. **ریپۆرتاژی سەرگەرمی و کەیفسازی:** ئامانجی ئەم جۆرە ریپۆرتاژە کات بەسەربردنە، واتە وا لەخوێنەردەکات لەکێشەوگرفتەکانی رۆژانە دووربکەوێتەوە، کەشێکی ئاسوودەیی بۆدروست دەکات، هەرلەبەرئەوەش پێی دەڵێن ریپۆرتاژی سەرگەرمی وەك (شاخەوانی، ژیانی هونەرمەندان...هتد).[٢]

٦. **ریپۆرتاژی ئاینی:** ناوەرۆکی ئەم جۆرە لە ریپۆرتاژ بریتییە لەپرسە ئاینە تایبەتییەکان، لەوانە پرسی هەڵسوکەوتکردن بەئاین، ئاکارو رەووشتی ئایینی، هەروەها پرسی بانگەوازی ئایینی.[٣]

### ٢.٦.٤: ئەرکەکانی ریپۆرتاژ

ریپۆرتاژ چەندین ئەرکی گرنگی هەیە لەوانە: [٤]

١. بڵاوکردنەوەی ئەنجامگیری لێکۆڵینەوە وبەدواداچوونەکان وگەیاندنی زانیاری نوێ بۆخوێنەران.
٢. شیکردنەوە وشرۆڤەکردنی رەهەندە جیاوازەکانی گرێدراو بەبابەتی ریپۆرتاژەکەوە.
٣. ئاراستەورێنمایکردنی خوێنەر، لەرێی شیکارکردنی پرس وکێشەکانی تەوەرەی سەرەکی ریپۆرتاژەکەوە.
٤. تەنزوخۆشی و کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن.
٥. ریکلام، واتە پیاهەڵدانی (کاڵایەك) یا بەرزنرخاندنی (پرۆژەیەکی تایبەت).[٥]

---

[١] **أميرة الحسيني: فن الكتابة الإذاعة والتلفزيون، بيروت – لبنان، دار النهضة العربية ٢٠٠٥، ص ١٧٥-١٧٦.**

[٢] **ضيا أبوطعام: التحقيق الصحفي، مصدرسابق، ص ٨٥.**

[٣] **عبد الملک بن عبد الفهد بن شلهوب: التحقيق الصحفي، مصدر سابق، ص١٠٠.**

[٤] **لۆي خليل: الإعلام الصحفي، مصدرسابق، ص٣٦.**

[٥] **فاروق أبوزيد: مدخل الى علم الصحافة، القاهرة، عام الكتب،١٩٨٦، ص ٦٤.**

**٥.٦.٢: سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ** [١]

گەلێ سەرچاوەهەن کەرۆژنامەنووس دەتوانێ سوودیان لێببینێ، بۆگەلاڵەکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژ:

١. **کەناڵەکانی راگەیاندن:** بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی زانایەك یانووسەرێکی ناودار یاسەردانی بەرپرسێك یا... لەکەناڵێکی راگەیاندنەوە، دەبێت بەهۆی فەراهەم بوونی بیرۆکەی ریپۆرتاژێك.

٢. **لێدوانە رۆژنامەوانیەکان:** زۆرجارلێدوانێکی رۆژنامەوانی کەبڵاودەکرێتەوە جگە لەتەوەری سەرەکی چەند لایەنێکی دیکەش لەخۆدەگرێت کەرۆژنامەنووسی ژیردەتوانێت بیکات بەبابەتی ریپۆرتاژەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

٣. **سەرنج وتێبینی دەوربەر:** وەك سەرچاوەیەك بوارێکی زۆرفراوانە، ئاشکرایە ئەوەی خاوەن بەهرەیەکی باشبێت ئەوە دەتوانێت بیرۆکەی باش لەدەوروبەرەوە بەدەست بهێنێتوکارێکی باش بکات، رۆژنامەوان دەتوانێت لەرێگای سەرنجدانو تێبینی کردنی رۆژانەی گوزەرانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی ریپۆرتاژ لەسەرژیانو هەڵسوکەوت وحەزو ئارەزووەکانیان بەئەنجام بگەیەنێت.

٤. **بڵاوکراوەو بەڵگەنامەکان:** بەڵگەنامەو بڵاوکراوەی کۆن یاتازە لەبوارەکانی هونەر، ئەدەب، زانست وهزر...هتد، دەرفەتی زۆرلەبەردەم رۆژنامەنووس دەرەخسێنێت بۆسازدانی ریپۆرتاژ لەوبوارانەوە.

٥. **ئەزمون:** سەرچاوەیەکی گرنگی ریپۆرتاژ ئەزمونە، چ ئەزمونی تاکە کەس یا...هتد.

٦. **بۆنەویادەکان:** سەرچاوەیەکی ترن بۆپەیداکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژ.

**٦.٦.٢: بۆتە هونەرییەکانی ریپۆرتاژ**

بۆتەکانی داڕشتنی ریپۆرتاژ فرەن بەڵام لەنێوانیاندا ئاماژە بەسێ جۆری سەربەبۆتەی (قوچەکی ئاسایی) دەدەین:[٢]

١. **بۆتەی قوچەکی ئاسایی بابەتی:** لەپێشەکیدا بەشێوەیەکی کورت وپوخت لایەنەکانی بابەتەکە دەخرێتەڕوو بۆئەوەی کاریگەری دروست بکات، دواترلەجەستەدا بەشێوەیەکی وردوچڕ هەمولایەنەکانی بابەتەکە باس دەکرێت، وردەکاریەکان دەخرێتە ڕوو، ئینجا لەکۆتاییدا

---

[١] **فريد مصطفى: تكنلوجيا الفن الصحفي، عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٠، ص ١٤١.**

[٢] **عيسى محمود الحسن: المقابلة والتحقيق الصحفي، مصدر سابق، ص ١٠٢.**

راوبۆچوون و پێشـــنیارەکان باس لێوەدەکات، هەڵیان دەسـەنگێنێ، چارەسـەرکردنی کێشـەش پێشنیاردەکرێت.[1]

٢. **بۆتەی قوچەکی ئاسـایی وەسـفی:** پێشـەکی وەسـفێکی گشـتی یالایەنێکی رووداوەکە دەخرێتەڕووئینجا لەجەسـتەدا بەدرێژی لەورەهەندانەوە دەدوێ کەئاماژەیان پێدراوە دواتر لەکۆتاییدا وردەکاریەکان بەشـێوەیەکی پوخت پیشـان دەدات، ئەمەسـەرباری سـوودبینینی تەواولەوێنەودیکۆمێنتەکان، ئەم بۆتەیە زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆئەوریپۆرتاژانەی کەتایبەتن بەبوارەکانی گەشـتوگوزار، ئاهەنگ وفیسـتیڤاڵ وکۆبونەوەکان یاکێبڕکێ (وەرزش، هەڵبژاردن...هتد).[2]

٣. **بۆتەی قوچەکی ئاسـایی چیرۆکسازی:** ئەم شێوازە لەچیرۆك دەچێ، واتە ریپۆرتاژەکە شێوەیەکی چیرۆك ئامێز لەخۆدەگرێ، رۆژنامەنوس بەباسێکی ورد سەبارەت بەهۆی دروستبوونی کێشەکە، پێشەکیەکەی دادەڕێژێ، دواتریش لەجەستەدا دەچێتە ناو وردەکاریەکانەوە، دەشێ شێوەی پرسیارو وەڵام لەنێوان دووکەس یا زیاتر لەخۆ بگرێت کەئاماژە بەو ناڕەحەتیانە دەدەن کەخۆیان یاکەسانی ترتوشی بوون یا دەبن لەسۆنگەی ئەو کێشەیەوە یائەگەر کێشەکە گەورەتربێت، ئینجا لەکۆتاییدا چارەسـەری گونجاو بۆکێشـەکە پێشـنیاردەکات. ئەم جۆرە بۆتەیە زیاتربۆئەوبابەتانە بەکاردەهێنرێت کەسۆزی خوێنەری تێدا دەجوڵێنرێت وەك بومەلەرزە، جینۆساید ... هتد.[3]پاراستنی قەبارەی بەشـەکانی ریپۆرتاژدەبێت تارادەیەك وەك یەك بێت، نابێ سـەرەتا لەجەسـتە دورودرێژتربێ یا لەکۆتایی، هەروەها نابێ بابەتەکە نیوە ناچڵ بێتونەتوانێ، وەرگر قایل بکات بەپەیامی مەبەست .

### ٧.٦.٢: پەیوەندیوجیاوازیی نێوان ریپۆرتاژ وهەواڵ

هەواڵ ئەوەنـدە گـرنگە هـیچ رۆژنـامەیەك یـان ناوەنـدێکی میـدیایی نـاتوانێ فەرامۆشـی بکـات. هەمووهەواڵێـك زانیـاریە، بەڵام هەموزانیـاریەك هەواڵنـیە،هەواڵ: گێـڕانەوەی رووداو وکێشەوکارەسـات ... ێـکە کەدەبـێ ئەوگێـڕانەوەیە تـازەیی، بەهاکـانی وەك: بـایەخ ، نزیکـی، نائاسـایی،...هتد لەخـۆبگرێ، دەشـێ وەڵامـی شـەش پرسـیارەکە (کـێ، چـی، کەی، لەکـوێ، بـۆچی، چـۆن) بـداتەوە، بەڵام ریپۆرتـاژبریتییە لەپرۆسـەی روونکـاری وراڤەکـاری وگەڕان بەدوای هۆکـارە (ئـابووری، کـۆمەڵایەتی، رامیـاری، هـونەری، مێژوویـی...)یەی کەلەپشـت ئەو(هەواڵە، بیـرۆکە، کێشـە، دیـاردە، بـابەت ...)ـانەوەن

---

[1] فاروق أبوزيد: فن الكتابة الصحفية، مصدرسابق، ص ١٠٧-١٠٨.

[2] إسماعيل إبراهيم: فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، مصدر سابق، ص١٤٠.

[3]محمد منيرحجاب: مدخل إلى الصحافة، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص ٣٥٠.

کەرپیۆرتاژەکەیـــان لەســـەر دەکـــرێ، ئەمە جـــگەلەوەی لەرپیۆرتـــاژدا نووســـەر دیـــدوبۆچونی خـــۆی وپێشنیاروچارەســـەری نمـــایش دەکـــات ئەو کـــارەی کە لەهەواڵـــدا نەگونجـــاوەو رێگـــای پێنـــادرێ، نوســـینی ریپۆرتـــاژ رووبەرێکـــی زیاترداگیردەکـــات بەپـــێچەوانەی هەواڵەوە، لەکاتێکـــدا هەواڵ وەڵامـــی ئەوشـــەش پرســـیارە دەداتەوە ریپۆرتـــاژ بەشـــێوەیەکی گشـــتی جەخت لەسەروەڵامی پرسیاری (بۆچی) دەکاتەوە.

**پاژی حەوتەم: کاریکاتێر**

**۲.۷.۱: هونەری کاریکاتێر[۱]**

وێنە هێڵکاریەکان زۆر بەرلەپیتەکانەوە دەرکەوتوون، ماوەیەکی دوور ودرێژی خایاندووە، مرۆڤ لەســـەر دیواری ئەشـــکەوتەکان ئەووێنانەی کێشـــاوە کەبیری لێکردونەتەوەو ویســـتویەتی گوزارشـــتیان لێبکات، ئەم تەرزە وێنانەش لەگەڵێ ئەشـــکەوتی ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی جیهاندا دۆزراونەتەوە.[۲]کاریکاتێرئەگەر لەشێوەی ئێستاشیدا نەبووبێ هەربوونی هەبووە، چونکە تەنزچی بەقەڵەم یابەوێنە چەکێکی گرنگی ستەم دیدەکان بووە لەبەرامبەر چەوسێنەراندا، گەرچاوێکی خێرا بەمێژوودا بگێڕین، ئەوا ئەو تەنزە زۆر بەروونی هەســـت پێ دەکەین چ وەك نوســـین یا لەکارە هونەرییەکـــاندا، بەتـــایبەتیش لەهونەری پەیکەرتـــاشـــی دا، بەڵام ئەوەی جێگەی ســـەرنجە ئەو تێکستانەی لەبەردەستدان لەسەر زاری گیاندارانەوەن، شارستانیەتە کۆنەکانی گریك، هیند، میسر، میزۆپۆتامیا،[۳] ...گرنگییان بەو بابەتانە داوە کەبە شـێوازی گاڵتەجاڕی پێشـکەشـکراون، زۆرجار بونەتەهۆکاری لەناوبردنی خاوەنەکانی، بۆنمونە: لەوڵاتی گریك ئەرســـتۆ باســـی کابرایەك دەکا بەناوی (بۆسۆن) کەبەهۆی وێنە گاڵتەجاڕیەکانیەوە ئازارێکی زۆریان داوە تامردووە.

دیکۆمێنتی زۆر لەم روەوە لەبەردەستدان، وێنە شان بەشانی بیری مرۆڤ پێشکەوتووە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاری وپێشـــکەوتنی باشـــیشـــی بەســـەر(پێنوس وفڵچە)دا هێناوە، بەردەوام بووە تا لەدواتردا وێنە رێچکەکـانی خۆی دیـاری کردووە، لەکاری هەڵکۆڵین جیـابۆتەوە، تـایبەتێتی خۆی پاراســـتووە، بەپێی ئەودیکۆمێنتانەی لەبەردەســـتدان وێنەکێشـــی ئیتالی (نیبال کراتشـــی ١٥٦٠-١٦٠٩ز) لە مێژووی نوێدا یەکەم کەسە کە وێنەی پێکەنین ئامێزی کێشابێت، وەلێ مێژوونووسان

---

[۱] ممدوح حماده: فن كاريكاتير، من جدران الكهف الى أعمادة الصحافة، دمشق، دار عشتروت للنشر، ١٩٩٩، ص ٩-١٤.

[۲] عبد الحليم حمود: الكاريكاتور العربي والعالمي، بيروت، دار النوار، ٢٠٠٤، ص١٥.

[۳] كاظم شمهود طاهر: فن الكاريكاتير، لمحات عن بداياته وحاضره عربيا وعالميا، عمان، أزمنة للنشر والتوزيع ، ٢٠٠٣، ص ٢٤.

(لیۆنـاردۆ دافینشـــی ١٤٥٢-١٥١١ز) بە خوڵقێنەر وبـاوکی ڕۆحی ئەم تەرزە وێنەکێشـــانەی ئەزانن.[١]

**٢.٧.٢: پێناسەی کاریکاتێر**

ئەم وشـــەیە لەبنەڕەتدا لەوشـــەی لاتینی ( کاریکا- caricare)وە وەرگیراوە، کەبەئینگلیزی هاوواتای (surcharge ،toload) ئەگەیەنێ، لەزمانی کوردیدا مانای گاڵتەجاڕیی ئەبەخشـێت، وەلێ هەروشـــەی کاریکاتێربەکارئەهێنرێت، مەبەســـت: وێنەیەکە کە تیشــك ئەخاتە ســـەر لایەنە نەرێییەکانو زەقیان ئەکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ســـەرنجە وێنە کاریکاتێریەکان گەلێ بەســـادەو ساکاری ئەکێشرێن وەلێ بینەرئەخەنە بەردەم بیرکردنەوەی ئەگەرەکانەوە، بەڵام هەندێ رایترهەیە کەئەڵێن لەوشـــەی (کاری کاتۆرا- CARICATURA)ی ئیتاڵییەوە وەرگیراوە، مانای ئەووێنانە ئەگەیەنێت کەزیادەڕۆیی لەکێشـــانیدا کراوە، لەفەرهەنگی (الفرید)ی (ئیتاڵی- عەرەبی) یشـــدا بەمانای (وێنە گاڵتە ئامێز)ەکان هاتووە، بەمانای وێنەیەکی تەنزئامێزە، وەلێ چەندە گاڵتە ئامێزیش بێـت،هونەرمەنـدەکەش زیـادەڕەوی کردبێـت لەکێشـــانیـدا، بەڵام رەنگـدانەوەی ئەوبویەرەیە کەگەوار(قبوڵ) ناکرێت، شڵەقاندنی ئەوگۆمە وەستاوەی ژیانە .[٢]

کاریکاتێرکێشـانی وێنەی کەسـەکانە کە رووخسـارە ئاشکراکانیان تەواودیارە، ئەوانەن کەپێیان دەناســـرێتەوە، زیادەڕۆیی لەکێشـــانیاندا کراوە، زۆرجار نووســـینیشـــی لەگەڵدایە.هەرچەندە بەشـــێوازێکی ســـادە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێ، بەڵام فرە بەهێزە، تەنانەت زۆرجارکاریکاتیرێك جێی چەندین لاپەڕەی نوسـین دەگرێتەوە، بیرو بۆچوون وهەڵوێسـت لەوێنەوهێڵەکاندا تواوەتەوە، مەبەسـتوئامانجی پەیوەند بەژیانو گوزەرانی کۆمەڵی تێدا بەرجەسـتە بووە.کاریکاتێر جگەلەوەی پەیـامێکی هونەری دەگەیەنێ، پەیـامێکی (کۆمەڵایەتی، رامیـاری) تێـدا بەرجەســـتە بووە، هەر ئالێرەشەوەیە کەگرێدراوییەکی توندی لەگەڵ کایە رامیاریەکانداهەیە، هۆکارێکی دەربڕینی میللییە، بەورادەیەی کەخەڵکی ســـادەونەخوێنـدەواریش تێیـدەگـات، کـاریکـاتێربوارەکـانی (رامیـاری، کۆمەڵایەتی، کەیفسازی، ...هتد)دەگرێتەوە، بەشێوەی پۆرترەێتیش دەکێشرێت .[٣]

---

[١] **منصور عثمان محمد زين: المدخل الأساسي لعلم الصحافة، مصدر سابق،٢٧٨.**

[٢] **حمدان خضر السالم: الكاريكاتير في الصحافة، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٤، ص٢٧.**

[٣] **حمدان خضر السالم : الاتجاهات السياسية في جريد الشرق الأوسط ، بحث منشورة في مجلة الباحث الإعلامي، عدد (٤)، ٢٠٠٨، ص ٦٩.**

گەلێ پێناســـەی جۆراوجۆری کـاریکـاتێر کراوە کەهەریەکەی لایەنێکی ئـامـاژەپێداوە، ڕەهەندی جیاوازی بەرجەستەکردووە:[1]

دەســـتەواژەیەکی هونەرییە، وێنەی گاڵتەجاڕی لەخۆئەگرێت، تایبەتمەندێتی کەســـەکان، ڕەهەندە جیاوازەکان بەشێوە گاڵتەجاڕییەکە ئەخاتە روو.

وێنە کێشـانی کەسـەکانە بەشـێوەوشـێوازی روون وئاشـکرا، زەقکردنەوەی جیاکاریەکان کەجێگەی پێکەنین بێت.

هونەری گاڵتەجاڕی ودڵازارییە، رائەپەرموێتە سەرگاڵتەکردن، بنەماکەی زیادە ڕۆییە بۆگەیاندنی مەبەست وئامانج.[2]

هێڵکارییەکی ســـادەوســـاکارە کەگوزارشـــت لەبویەرێکی تایبەت ئەکات بەرێگایەکی گاڵتەجاڕی، ئەمەسەرباری زیادەڕۆیی، بەرجەستەی گاڵتەکردنن دەربارەی رەوش وپرسە گشتیەکان لەروکارە جیاوازەکانەوە(رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ...هتد).[3]

هونەرێکە ریکلام، شـــێوەکاری، راگەیاندن لەخۆدا بەرجەســـتە ئەکات، ســـەبارەت بەبابەتە گەرماوگەرمەکانە، لەبواری جیاوازدا (رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، وەرزش...هتد).

کـاریکـاتێرهونـەرێکە لایەنە رامیاری وکۆمەڵایەتیو ئـابووریو...یەکان بەرجەســـتە ئەکات، گوزارشـــت لەدیدوبۆچونی کاریکاتێریســـت ئەکات، پەیامەکانی خۆی لەرووکاروکایە رۆشـــنبیرییە جیـاوازەکـانەوە ئـاراســـتەی تـاکەکـان ئەکـات، گرێـدراوی هەموو چین وتوێژە کۆمەڵایـەتیەکـانـە، بۆهەموانە، نەك چینێك یـاتوێژێکی کۆمەڵایەتی دیـاریکراو بەتەنهـا. ســـەربـاری ئەوەی ئـامـاژەی پێدرا، مرۆڤ بەهۆی ســـەرقاڵی و پێڕانەگەشـــتنی بۆبەخەرجدانی چەند خولەکێك لەخوێندنەوەی وتـــار، راپۆرت، ریپۆرتـــاژ، یـــاهەرهونەرێکی تری رۆژنـــامەنووســـی دەتوانێ ئەومـــاوەیە بەتەماشاکردنی کاریکاتێرەکە بۆچەند چرکەیەك کورت بکاتەوە، پەیامەکەشی وەربگرێت.[4]

---

[1] **عبد الكريم سعدون، محاضرات في الكاريكاتير الصحفي، قسم الإعلام والاتصال الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، ٢٠٠٨، ص١٠-١١.**

[2] **علي منعم القصاة: فن الكاريكاتير في الصحافة البحرينية اليومية، بحث منشورة في مجلة الأكاديمية للدراسات الإجتماعية والإنسانية، العدد(٨)، جامعة الدمام المملكة السعودية، ٢٠١٨، ص ١٥٣.**

[3] **هبه محمد وهبي محمد الدالي: الكاريكاتير بين النشأة والتطور، بحث منشورة، في**

**INTERNATIONAL JOURNAL OF MULTIDISCIPLINARY STUDIES IN ART AND TECHNOLOGY VOLUME ٣, ISSUE ٢, ٢٠٢٠.**

[4] **حمدان خضر السالم: الكاريكاتير في الصحافة ، مصدرسابق، ص٢٠-٣٠.**

## ٣.٧.٢: هونەری كاریكاتێری رۆژنامەنووسیی

پاش داهێنانی چاپ وپێشكەوتنی ئیتركاریكاتێروەك هونەرێك لەرۆژنامەدا جێگای خۆی كردەوە، وردە وردە گەشەی كرد، گەشتە ئەوئاستەی تەنها لەگۆشەیەكدا قەتیس نەمێنێت، بەڵكو هەندێ جارولەچەند رۆژنامەیەكدالاپەڕەیەكی تەواوی گرتوتەوە، دواترگۆڤاری تایبەت بەم هونەرە دەرچووە، بووبەهونەرێك كەهیچ جۆرێكی رۆژنامە (رامیاری، ئابووری، وێژەیی، وەرزش، كۆمەڵایەتی، ...هتد) ناتوانێت وازی لێبهێنێت، پەیڕوەی نەكات، چونكە یەكێكە لەهۆكارەكانی ووروژاندنی راودیدو بۆچوون، زۆرجار زیاتر وزۆرترگوزارشت ئەكات وەك لەوشە، جێگای خۆی ئەكوتێ.

## ٤.٧.٢: جۆرەكانی كاریكاتێر[1]

جۆروچەشنەكانی كاریكاتێر زۆرو فرەن، وەلێ بەربڵاوترینیان بریتین لە:

١. **كاریكاتێری رامیاری:** گرنگترین جۆرێتی، لەهەموو ئەوانی تریش بەربڵاوترە، زیاتریش گرنگی پێئەدرێت، لەكایەوبوارە رامیاریەكان و لەسەر ئاستە جیاوازەكانی ناوخۆ، دەوڵەتی، نێودەوڵەتییەوە ئەدوێ.

٢. **كاریكاتێری كۆمەڵایەتی:** سنووروهێڵی جیاكەرەوەی لەگەڵ كاریكاتێری رامیاریدا گەلێك هێماییو تێكەڵە، ئاماژە بەبابەتو تەنگوچەڵەمە كۆمەڵایەتییەكان ئەدات.

٣. **كاریكاتێری ئابوری:** ئەم جۆرە بەرجەستەی لایەنی ئابووری ئەكات چی لەسەر ئاستی تاك یاخود هەموو كۆمەڵگە، گرنگی ئەدات بەچۆنێتی وئاست و شێوازی ژیان لەرووكاری ئابوورییەوە.[2]

## ٥.٧.٢: ئەركەكانی كاریكاتێر [3]

ئەم هونەرە پێگەیەكی گرنگی هەیە لەناوهونەرە رۆژنامەنووسییەكاندا،هەرلەم سۆنگەیەشەوە گەلێ ئەركی گرنگی خستۆتە سەرشانی خۆی كە لەچەند لایەنێكدا بەرجەستە ئەبێت:

---

[1] بيرق حسين جمعة الربيعي: فن الكاريكاتير في الجرئد العراقية، دراسة تحليلة وصفية، بحث منشورة في مجلة الباحث الإعلامي، عدد (١٩)، ٢١٠٣، ص ١٢٩.

[2] علي منعم القصاة: فن الكاريكاتير في الصحافة البحرينية اليومية، مصدرسابق، ص١٥٤-١٥٥.

[3] منصور عثمان محمد زين: المدخل الأساسي لعلم الصحافة، مصدر سابق، ص٢٨٤-٢٨٥.

١. **ئەركی پروپاگەندەیی:** پروپاگەندە وەك هەرجۆرێكی تری پرۆسەی كۆمۆنیكەیشن (راگەیاندن، پروپاگەندە، پەیوەندی گشتی، ریكلام، جەنگی دەرونی) پێویستی بەشێواز ورێگای تایبەت هەیە تابگەیەنرێتە كۆمەڵانی خەڵك، لەناو هەمووئەورێگایانەدا گاڵتەجاڕی پشكێكی گەورەی بەرئەكەوێ، هێزوتوانایەكی خورتی هەیە، هەروەها ئەرك و كاتێكی زۆری ناوێت بۆئەوەی لێی تێبگەیت، تەنها چاوخشاندنێك تێرای تێگەشتن ئەكات.[1]

٢. **ئەركی پەروەردەكردن:** رەخنەگرتن وەك خەسڵەتێكی كاریكاتێر، ئاماژەدان بەدیاردە نەرێنییەكان بەیەكێك لەشێوازە گرنگەكانی هەڵسەنگاندن ئەژمارئەكرێت كەرەوشی بەراوردكردن لەنێوان ئەرێی ونەرێی دا بەرجەستە ئەكات، هەرئالێرەشەوە جەماوەر لەسەر دژایەتی كردنی دیاردە نەرێنییەكان پەروەردە ئەكات.[2]

٣. **ئەركی فێركردن:** خوێندنەوەوتێگەشتن لەدەقێكی نووسراوخۆئێشاندنی زۆرتری ئەوێت وەك لەتێگەشتن لەكاریكاتێر، ئەوەیش لەرێگای دووبارە خوێندنەوەی دەقەكە، بەڵام ئەگەر رابپەرموینە سەرهەردوورەهەندی بینینی دەق وهێڵكاری یاوێنەكە ئەواباشترجێگای خۆی ئەكاتەوە، وەلێ ئەگەروێنەكەلایەنی پێكەنینی تێدا بووئەوا رەهەندی سێیەمیش دێتە ناو پرۆسەكەوە.

٤. **ئەركی كات بەسەربردن:** كاریكاتێربوارێك بۆخوێنەرئەڕەخسێنێت تا پشوویەكی تێدا بدات، بەردەوامی خوێندنەوەی دەقە نووسراوەكان توشی بێزاری ئەكەن، ئەمەش كارئەكاتە سەر پرۆسەی تێگەشتن، ئالێرەوە كاریكاتێر رۆڵی چالاك كارئەبینێ، ئەو بوارە ئەڕەخسێنێت بۆئەوەی پرۆسەی تێگەشتن زیاتر بەرجەستە ببێت.[3]

## پاژی هەشتەم: وتاری رۆژنامە نووسی و جۆرەكانی

### ٢.٨.١: چەمک وپێناسەی وتار

وتار لەژانرە بەربڵاوەكانی رۆژنامەنووسییە، پرسیارێك یازیاتری تیادا نمایشدەكرێ، باس لەرەهەندێك دەكات كەپێویستە كۆمەڵ پێی بزانێ ولێی ئاگاداربێت، هەروەها گوزارشتە لەگۆشە نیگاولێكدانەوەی دیاریكراوی نوسەرەكەی سەبارەت بە (را، بۆچوون، دۆز)ـە كان، ئەو لەهەناوی دەورو بەرەكەی خۆیەوە بەدەستی دێنێ و بەشێوازێكی ئاسان و نزیك لەئاستی تێگەیشتنی وەرگرەكان دایدەڕێژێ، بەمانای پرۆسەی شیكاری بۆرووداوێك یان دۆزێكی دیاریكراو ئەنجام

---

[1] امل قاسمي: ظاهرة الإرهاب في الجزائير من خلال رسومات كاريكاتيرية، رسالة ماجستير غيرمنشورة ، كلية، الإعلام والاتصال، جامعة الجزائير،٢٠٠٩، ص ٩٦.

[2] أولمو فريدة: صدى كاريكاتور، واقع كاريكاتورفي الجزائير تحليل مقارن لعينة من جمهور يوميتي الخبر والشروق، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الإعلام والاتصال، جامعة الجزائير، ٢٠١٠ص ٥١.

[3] روى محمود: الكاريكاتير في الصحافة العربية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الإعلام، جامعة الشرق الإوسط ،٢٠١١ ، ص٢٢.

دەدات، بەمەبەستی گەیشتن بەرەهەندە جیاوازەکانی وبەرجەستەکردنی سیاسەتی رۆژنامەکەیە، نوێکاری پێوە دیارە، لەهەمان کاتدا خوێنەربەتایبەتی سوود لەولێکدانەوەو راڤەکردنانە دەبینێ بۆتێگەیشتن لەوردە کاریەکانی دۆزوبابەتەکان، چونکە ئەو بەهۆی سەرقاڵی یابێ ئاگایی لەوردەکارییە پڕگرێ وگول و ئاڵۆزەکان پێراناگات، یالەتوانایدا نییە شیکارکاری دۆزوبابەتەکان ئەنجام بدات، هەروەها فاکتەرێکی بەهێزی سازاندنی رایگشتی یە.[1]

- فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)، وتارپەخشانێکی نووسراوی مام ناوەندە لەسەربابەتێکی دیاری کراو، بەشێوەیەکی بێ ئاگایی دەنووسرێت، ئەمەش وادەکات کە رێکخراونەبێت و تێگەشتن لێی ئاسان نەبێت.[2]

- وتاربە خایاڵی هزری نووسەرەکەی دادەنرێت، هەڵقوڵاوی ناخی کەسەکەیە پابەندی هیچ یاساورێسایەکی دیکە نییە، هەروەها گرێدراوی ریتمێکی تایبەت نییە، تەنها نووسینێکی ئەدەبییە لەسەرشتێک.[3]

- وتارپارچە پەخشانێکی مامناوەندوتایبەتی نووسەرێکە، بەشێوازی ئاسان وساکاردەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەمەرجێک لەسنوری بابەتەکە دەرنەچێت،هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتێک لەبابەتەکان دەکات، کاریگەری نووسەرەکە رەنگ ئەداتەوە لەناوبابەتی نووسراوەکە یان بەرجەستەی دیدوبۆچوونی خۆی دەکات لەنووسینەکەدا.[4]

**٢.٨.٢: شێوازەکانی وتار:** [5]

✓ **وتاری خودی (زاتی):** لەسەر بنەمای رامان و هەست وسۆزوئەزموونی تاکەکەسەوە بنیات دەنرێت، گرێدراوی رەگەزی جوانکارییە، ئەم جۆرە وتارانە بەوتاری درێژناسراون.

✓ **وتاری بابەتی:** سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو دەدوێت، لەسەر بنەمای بایەخدان بەناوەرۆك و بابەت بنیات دەنرێت، کورتترە لەوتاری خودی.[6]

بەڵام لەرووی زمانی نووسینەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ جۆر دابەش دەکرێت:

---

[1] سليمان موسى فضالة: فن المقال الصحفي، عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص١٠.

[2] فاضل محمد حسني البدراني: أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والإلكتروني، مصدرسابق، ص ١١٩-١٢٠.

[3] أنس ابراهيم فارس اليازوري: فن المقال الصحفي في المواقع الإخبارية الفلسطينية - دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب والعلوم الإنسانية، قسم الصحافة ، الجامعة الإسلامية بغزة، ٢٠١٧، ص ٥٤.

[4] صالح ابو اصبع وآخرون: فن المقالة، اصول نظرية، تطبيقات نماذج، عمان، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع،٢٠٠٢، ص١٢.

[5] محمد يوسف نجم: فن المقالة، بيروت، دار الثقافة،١٩٩٧، ص٧٧-٧٨.

[6] نواف أحمد عبد الرحمن: الكتابة الصحفية والإخبارية ،عمان، الجنادرية للنشر و التوزيع ، ٢٠١٥، ص٢٣-٢٤.

١. **وتاری زانستی:** سەبارەت بەبابەتێکی زانستییە بڕگەودەستەواژەی زانستیی دیاری کراوی تێدا بەکاردێت، ئەم جۆرە پسپۆڕوشارەزا وزانای بوارێکی زانستی تایبەت ودیاریکراو دەینووسێت، بەهەمان شێوە خوێنەرانیشی زۆربەیان تایبەت کارن لەبوارە زانستییەکاندا.

٢. **وتاری ئەدەبی:** لەچوارچێوەی نووسینێکی جوانکاریی تێکەڵاو بەخەیاڵ وسۆزی نووسەرەکەدا دەخولێتەوە، نووسەرەکەی لە رێگای ئەم وتارەیەوە هەست و سۆز ئەوروژێنێ و ئەزموونە کەسییەکانی خۆی دەردەبڕێت.[١]

٣. **وتاری رۆژنامەنووسی:** تایبەتە بەرۆژنامەوبەشێوەیەکی سادەوساکاروڕەوان دادەڕێژرێت بێ پەنابردنەبەربەکارهێنانی دەستەواژەی قورس،[٢] تاخوێنەران بەجیاوازی ئاستەکانیانەوە لێی تێبگەن، بوارەکانی رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەری و وەرزشیو... هتد، دەگرێتەوە جێگەی ئاماژەیە کەئەو ئەرکەی خوازیارە بەجێی بگەیەنێت هەمەلایەنەیەو تەنها بوارێك یادووان ناگرێتەوە، بەڵکو لەهەموو بواروپرسێکداخۆی دەبینێتەوە وهەوڵی تاوتوێکردنی دەدات، بەردەوام هەوڵدەدا بەجێی بگەیەنێت.[٣]

**٢.٨.٣: جیاوازیی نێوان وتاری رۆژنامەنووسی، ئەدەبی، زانستی:**[٤]

١. وتاری ئەدەبی دارشتنێکی جوانکاری تێکەڵاو بەئەندێشە وسۆزی نووسەرەکەیەتی، سەبارەت بەکێشە ئەدەبییەکان دەدوێ، ئەرکی رەخنەگرتن وشیکردنەوە ورۆشنایی خستنە سەرکارە ئەدەبییەکانە، ئامانجی سەرەکی ئیستاتیکایە، هەروەك ئەوەی ئیستاتیکا خۆی لەخۆیدا مەبەستوئامانج بێت، زۆر گرنگی نادات بەوپرسانەی کە رایگشتی گرنگی پێدەدات، هەرلەبەرئەم هۆیەشە زۆربەی رۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەت بەئەدەب دیاری دەکەن، وتاری ئەدەبی بەشێوازێکی رەوانبێژی دەنووسرێ.

٢. وتاری رۆژنامەنووسی بەشێوازێکی سادە وساکار دادەڕێژرێت، لەکۆی گشتیدا لێدوانە لەبارەی رووداو ودیاردەکان، ئەمەسەرباری (ڕا) وەرگرتن لەوڕووەوە ئینجا راڤەکردن ولێکدانەوەی رەهەندەکان، هەروەها بەرجەستەی سیاسەتی رۆژنامەکەش دەکات.

[١] سعاد الحاج سلمان: الأسس المهنية للتحرير الصحفي في الصحافة السوداني، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات العليا جامعة الرباط الوطني، ٢٠١٣، ص ٧٣.

[٢] حسن علي محمد: لغة الإعلام العربي المعاصر، الصحافة المطبوعة، الكترونية، الراديو والتليفزيون، الموبايل، شبكات التواصل الإجتماعي، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع،٢٠١٦، ص ١٩.

[٣] محمد فريدمحمود عزت: المقالات والتقارير الصحفية، أصول إعدادها وكتبتها، مصدرسابق، ص ٦-٧.

[٤] عبد العزيز شريف: فن المقال الصحفي، القاهرة، دارقباء للنشر والتوزيع،٢٠٠٠، ص ٥٣-٥٤.

٣. وتاری زانستی لەمەڕرەهەندە زانستیەکانەوە دەئاخڤێ، ئیدی شی بکاتەوە یا راڤە یا وەسف بکات، بەزمانێکی زانستی، پشت ئەستوور بەخشتە و ژمارە وئامارو دەستەواژەی زانستی دەنووسرێ[1].

**پاژی نۆیەم: جۆروچەشنەکانی وتاری رۆژنامەنووسی**

**١.٩.٢: سەروتار:**

سەروتار گوزارشت لەڕاوبۆچوونی ئەو رۆژنامەیە دەکات کەبڵاویدەکاتەوە سەبارەت بەرووداوە هەنووکەییەکان وکێشە گەرماوگەرمە گرنگەکانەوە، ئەو نووسەرەی کەسەروتار دەنوسێ لەوردەکاری هەواڵو دۆزەکە بەئاگایە. دەربڕینی رایەکە کەراستییەکی نوێ دەخاتە بەرچاو، مەرجە سەروتار لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە بگونجێت، بایەخ بەوهەواڵ ودۆزانە دەدات کەبەلای رۆژنامەکەوە مایەی بایەخن.[2] سەروتار رۆژانە بەدوای رووداوەکانەوە دەچێ، بایەخ بەکێشەیەك دەدات کەرایگشتی بایەخی پێدەدات، لەسۆنگەی شیکردنەوەو راڤەکردنی کێشەو رووداوەکانەوە پێشینەیەکی مێژووییان دەخاتەڕوو، ئەمەش بەزمانێکی سادەو پاراو وشێوازێکی روون دەبێ کەبتوانێ بەبەڵگە ئاخاوتنەکانی بسەلمێنێ، خوێنەربەو(ڕا)یە قایل بکات کە رۆژنامەکە بانگەشەی بۆدەکات.[3] ئامانجی سەروتار لەپلەی یەکەمدا هاوکاریکردنی تاکی کۆمەڵە تاڕایەکی لەبارەی کێشەو گیروگرفتە جیاوازەکانەوە هەبێ، بەجۆرێ بتوانێ بڕیاربدات، یابەرانبەرهەررووداوێك رەفتاربکات.[4]

**٢.٩.٢: نەخشەی نووسینی سەروتار[5]**

سەروتار بەگشتی بەبۆتەی قوچەکی ئاسایی دەنووسرێت، لەسێ بەش پێکدێت:

١. **سەرەتا:** چەشنی دەروازەیەك وایە بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە، هزرێکی سەرنجڕاکێش یاکێشەیەکی گرنگ دەخاتە بەرچاو کەبەسەر زاری خەڵکەوەیە، لەچەند روویەکەوە سوودی هەیە:

أ- هزروئاوەزی خوێنەر بۆبابەتی وتارەکە سازو ئامادە دەکات.

ب- هەواڵ یارووداو یاکێشەی بابەتی وتارەکە بەبیری خوێنەردەهێنێتەوە.

ت- سەرنجی خوێنەر کەمەندکێش دەکا، وای لێدەکات وتارەکە بخوێنێتەوە.

---

[1] أديب النابلسي: فن المقاله، عناصرها، أنواعها،www.almeahkat.com، بەروار ٢٠٢٢/٨/٢٥، کات: ١٢:٣٠پاش نیوەڕۆ.

[2] فاروق ابوزيد: فن الكتابة الصحفي، مصدرسابق، ص١٨٣-١٨٤.

[3] أديب مروه: الصحافة العربية، نشأتها وتطورها، بيروت، دار مكتبة الحياة ، بدون سنة، ص٣٨.

[4] نبيل حداد: في الكتابة الصحفية، السمات-المهارات – الأشكال – القضايا، مصدر سابق، ص ٢٢٠.

[5] محمد فريد محمود عزت: المقالات والتقارير الصحفية، أصول إعدادها وكتبتها، مصدرسابق، ص ٧٧-٧٨.

ث- پێشینەیەکی مێژووی بابەتەکە[1].

٢. **جەستە:** لەجەستەی سەروتاردا هەندێ لایەنی گرنگ باس دەکرێ:

أ- داتاو زانیارییەکانی بابەتەکە.

ب- ئەو بەڵگەو سەلماندنانەی کەدیدوبۆچونەکان پشت ڕاست دەکەنەوە.

ت- رەهەندە مێژووییەکانی بابەتەکە[2].

ث- نمایشـــکردنی تان وپۆی ئاماژە رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتیو هزریەکانی بابەتی وتارەکە.

**تایبەتمەندێتی جەستە:**

- ڕیزبەندیی لۆژیکیانەی بیرۆکەکە.
- وردی لەدەربڕیندا.
- روونی لەشێوازدا.
- پێشـکەشـکردنی ئەو بەڵگەودیکۆمێنتانەی پەیوەسـتن بەبابەتەکەوە، هەماهەنگی پێکردنیان لەگەڵ دەقی جەستەدا.[3]

٣. **کۆتایی:** لەم بەشەدا رەچاوی ئەم لایەنانە دەکرێت:

أ- خستنە رووی پوختەی ئەو راوهزرانەی کەنمایشکراون.

ب- هاندانی خوێنەر بۆبەشداریکردن لەدۆزینەوەی چارەسەری کێشەکە یائەو گرفتەی ئاماژەی پێدراوە.

ت- هاندانی خوێنەربۆ وەرگرتنی هەڵویستێکی دیاریکراو.

### ٣.٩.٢: شیکارە وتار(المقال التحليلى):[4]

نووســەرلەم جۆرەدا (رووداو، دۆز، بیرۆکە، دیاردە، بۆچوون )ێك شــی دەکاتەوەو راڤەی دەکات کەجێگەی بایەخی کۆمەڵانی خەڵکن، لایەنە ئەرێیی ونەرێییەکانی دیاری دەکات پاشـــان پێشنیاری چارەسەری دەکات.

---

[1] **فاروق أبوزيد: فن الكتابة الصحفي، مصدرسابق، ص ١٨٧.**

[2] **عبد العزيز شرف: الأساليب الفني في التحرير الصحفي، مصدر سابق، ص ٣٤٨-٣٤٩.**

[3] **کاروان عەلی قادر: هونەری رۆژنامە نووسی، هەواڵ، ریپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار، سلێمانی، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان، ٢٠٠٤، ل١٣٤-١٣٦.**

[4] **تيسير أبوعرجة: فن المقال الصحفي، عمان، دار المجدالاوي للنشر والتوزيع، ٢٠١١، ص ١٤١.**

### ٤.٩.٢: توخمەکانی شیکارە وتار

شـیکارە وتاربریتییە لەپرۆسـەی شـیکارکردنی (دیاردە یا دۆز) ێکی دیاریکراو کە جێگەی بایەخی خەڵکە، وردەکاری بابەتەکان لەگەڵ ئەو رووداوانە بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە کە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە، دواجاریش نووسـەرەکە لەبەررۆشـنایی ئەم لایەنانە، راوبۆچوونی خۆی رادەگەیەنێ و تێروانینی خۆی لەسەر بابەتەکە ئاشکرا دەکات:[1]

١. شیکارکاری ( بیرۆکە یا رووداو)ی وتارەکە.
٢. راڤەکردنی دیاردەورووداو ودەرهاویشـتەکانی پەیوەست بەبابەتی وتارەکەوە، واتە دیاریکردنی پەیوەندی نێوانیان.
٣. ئـامـاژەدان بەرەهەنـدە ئەرێیی ونەرێییەکـانی (پۆزەتیف ونێگەتیف)کـانی بـابەتەکەو دیاریکردنی کاریگەرێتی یەکانی لەهەردووروەوە.
٤. نمایشکردنی پێشبینی وپێشنیارەکان.

### ٥.٩.٢: نەخشەی نووسینی شیکارە وتار [2]

شیکارە وتار بەگشتی بەبۆتەی قوچەکی ئاسایی دەنووسرێت، لەسێ بەش پێکدێت:

١. **سەرەتا:** دەکرێ چەند لایەنێکی تێدا بهێنرێتە زمان:
- خسـتنەرووی کێشـەوگیروگرفتێکی گرنگ و پربایەخی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشـتی کەبێتە تەوەری سەرەکی بابەتەکە.
- خستنەرووی بابەتێکی نوێ کەسەرنجی خوێنەربەتەواوی رابکێشێت، گرێدراوی رایگشتی بێت.

٢. **جەستە:**

أ- رەهەندە سەرەکییەکانی بابەتەکە.

ب- ئاشکراکردنی زانیارییە شاراوەکانی بابەتەکە.

ت- خستنەرووی بەڵگەو پاساوەکان کەبیرو بۆچوونەکانی نووسەر دەسەلمێنێت.

ث- خستنەرووی رای پێچەوانە ودژ، وەڵام دانەوەیان.

٣. **کۆتایی:**
- خستنەرووی پوختەی تێروانینی نووسەرسەبارەت بەبابەتەکە.
- ورژاندنی هزری خوێنەر وهاندانی بۆهەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە بابەتەکە.

---

[1] **کاروان عەلی قادر: هونەری رۆژنامە نووسی، هەواڵ، ریپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار، سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٧-١٤٨**

[2] **فهد بن عبد الرحمان الشميري: التربية الإعلامية كيف نتعامل مع الإعلام، الرياض، بدون مطبعة، ٢٠١٠ ، ص ٢١٣.**

- خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆکردن.

**٦.٩.٢: وتاری رەخنەیی** [١]

ئەم جۆرە وتارە لەسەر بنەمای خستنەڕوو، راڤەکردن، هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی وهونەری بنیات دەنرێت بەمەبەستی وشیارکردنەوەی خوێنەر بەگرنگی ئەو بەرهەمە، یارمەتیدانی بۆگوڵبژێرکردنی بەرهەمی مەبەست، بەمانای رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە بۆئاسانکردن یاهاوکاریکردنی خوێنەر لەهەڵبژاردنی بابەتە بەسوودەکان، ئەوانەی ئەوە دەهێنن کەبەدواداچوونیان بۆبکرێت بەتایبەتی لەبەرئەوەی هەربوارێکی ژیان وسروشت پێشکەوتنی مەزنی بەخۆوە بینیوە و زۆر فراوان بووە و بەئاسانی لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بەخوێنەردەگات. [٢]

**٧.٩.٢: ئەرکەکانی وتاری رەخنەیی:** [٣]

وتاری رەخنەیی چەند ئەرك و وەزیفەیەکی گرنگ دەبینێت لەوانە:

أ- لێکدانەوە وهەڵسەنگاندنی بابەت و بەرهەمە ئەدەبی و زانستیو هونەریەکان و خستنە روویان.

ب- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ناوەڕۆکی بەرهەمەکان.

ت- ئامۆژگاری و رێنوێنیکردنی جەماوەربۆئاشنابوون بەباشترین بەرهەمی ئەدەبی یازانستی یاهونەری وهەڵبژاردنی ئەوەی کە لە ئاستێکی گونجاوتردایە.

ث- جیاوازی کردن لە نێوان بەرهەمە رەسەنو شێوێنراوەکاندا.

**٨.٩.٢: شێوازی نووسینی وتاری رەخنەیی** [٤]

ئەم جۆرە وتارە دەکرێت بەدوو شێواز بنووسرێت :

١. **بۆتەی پێچە قوچەک:** نووسەر راوبۆچوون، ئامانج ومەبەست، یاهەڵسەنگاندنەکانی بۆ بابەتێك دەخاتە سەرەتای وتارەکەوە. ئینجا لەجەستەدا بەڵگەودیکۆمێنتەکان دەخاتەڕوو کەبۆچوونەکەی ئەو بەهێزو پشت راست دەکەنەوە، بەڵام دەکرێ لەم بۆتەیەدا کۆتایی نەبێت چونکە نووسەرەکە ئامانج ومەبەستەکەی لەپێشەکیدا خستۆتەڕوو ئەگەر کۆتایشی هەبێت ئەوا تەنها بۆئەوەیە جارێکی ترئەوەی کەلەپێشەکیدا رایگەیاندوە جەختی لەسەر بکاتەوە.

٢. **بۆتەی قوچەکی ئاسایی:** وەك جۆرەکانی دیکە لەسێ بەش پێك دێت.

أ- سەرەتا.

---

[١] **ريم محمد، خصائص المقال النقدی،https://www.almrsal.com ، بەروار ٢٠٢٢/٨/٢٥ کات:٩.٠٠ : بەیانی.**

[٢] **فاروق ابوزيد: فن الكتباتة الصحفي، مصدرسابق، ص ٢١٧.**

[٣] **عمار ميلاد نصر: مدخل إلى الصحافة، عمان، دارغيداء للنشر والتوزيع،٢٠١٩، ص٢٤٥.**

[٤] **عمار ميلاد نصر: نفس مصدر، ص ٢٥٥.**

ب- جەستە.
ت- كۆتايی.

**٢.٩.٩: جۆرەكانی وتاری رەخنەی رۆژنامەنووسی:** [١]

١. **رەخنە لەكتێب:** پێشەكی نمایشێكی گشتی كتێبەكە دەخرێتەڕوو، ئینجا رەخنە ئاراستەی پەیام ورووگا كۆمەڵایەتیەكان، دەركەوتەكانی،...دەكرێت، هەروەها شێوازوفاكتەرە تایبەتییەكانی بەرهەمەكەش دەخرێتە بەررەخنە .

٢. **رەخنە لەهۆنراوە:** هەرچەندە هۆنراوە گوزارشتە لەهەست وسۆزوناخی هۆنەر، بەڵام نووسەررەخنەكانی ئاراستەی وێنای ئەندێشە، ریتمی زاراوەسازی، تەكنیكی نووسین وپێكهاتەی وشە ،...كان دەكات.

٣. **رەخنە لەنمایش:** شانۆ رۆڵێكی گەلێ گرنگی هەیە لەكۆمەڵگەدا، دەتوانێ پێشەنگی ئاماژەدان و دیاریكردنی لایەنە ئەرێی ونەرێیەكان بێت، سەرباری ئەوەی كەزۆرجاركلیلی چارەسەركردنەكەش دەداتە دەستی بینەری شانۆییەكە، ئیترلەم سۆنگەیەوە رەخنە لەكارە شانۆییەكان چی لەڕووی بیرۆكەكەی وفاكتەرە ناوەكییەكانی یافاكتەرە رواڵەتییەكانی وەك ئەكتەر، سەرتەختی شانۆ، رووناكی ، ... هتد، دەخرێتە ڕوو.

٤. **رەخنە لەفیلم:** رەخنەگر بەراپەرموونە سەر ئەزموون وشارەزایی و پسپۆڕێتی هەوڵدەدات (فیلم) ێك هەڵبسەنگێنێت، لایەنە ئەرێی ونەرێیەكانی دیاری بكات.

٥. **رەخنەی زانستی:** لەسەربنەمای بەدواداچوون دەربارەی لایەنە زانستی و پسپۆڕی یەكان دەنوسرێت وهەروەها زۆرینەیان لەبڵاوكراوە تایبەتمەندەكاندا چاپ دەكرێن، ئەم وتارانە خاوەنی زمانێكی زانستی و پسپۆڕین كە تێگەیشتنیان لای خەڵكانی ئاسایی دژوارە.

**٢.٩.١٠: ستوونی رۆژنامەنووسی (العمود الصحفی)** [٢]

رۆژنامە بەپێی سیستەمی ستوون دابەش دەكرێت و بابەتەكانی لەسەرئەم پەیڕەوە بڵاودەكرێتەوە، ستوونی رۆژنامەنووسی بەو بابەتانە دەڵێن كەلەیەكێك لەو ستونانەی رۆژنامەكەدا بڵاودەكرێنەوە كە (درێژیەكەی بەدرێژایی لاپەڕەی رۆژنامەكەیە و پانیەكەشی بەپێی قەبارەی رۆژنامەكە دەگۆڕێ - ڕووبەرێكی دیاریكراوە، لەیەك ستوون تێ ناپەڕێ)، بەڵام مەرج نییە هەموو كات ستوون هەموو درێژی لاپەڕەكە بگرێتەوە.ستوون لەلایەن نوسەرێك یان چەند نوسەرێكەوە دەنوسرێ و واژۆی نووسەری لەسەرە (شوێنوناونیشانو كات)ی جێگیری هەیە، مەرج نییە نووسەرەكەی وابەستەی سیاسەتی رۆژنامەكەبێت، یاسیاسەتی رۆژنامەكەی تێدا رەنگ

---

[١] رەزای حاجی ئابادی: دەروازەی رۆژنامەنووسی، و. كارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[٢] صابر حارس: العمود الصحفي وكتابه، دراسة مقارنة، الإسكندرية، دارالكتب والدراسات العربية، ٢٠١٩، ص ٢٥.

بداتەوە، بەڵام دژایەتیشی ناکات، لەسەر بنەمای توند و تۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دەینوسێت وهەوڵدەدات زۆرترین زانیاری لەکەمترین رووبەردا (وشە ورستە) دەربرێت[1].

- ستوون گوزارشت لەبیروبۆچونەکانی نووسەردەکات، راشکاوانە نمایشیان دەکات، شێوەیەکە لەشێوەکانی رادەربرین، پێشنیاروئامۆژگاریەکانی دەخاتەڕوو، لێرەشەوە نووسەری ستوون دەبێ کەسێکی بە ئەزمونو شارەزابێ لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام نابێ هەربەشان وباڵی خۆیدا هەڵبدات، وتارەکە بکات بەڕووبەرێکی بەفیڕۆچووی رۆژنامەکە.
- ستوون بریتییە لەخستنەڕووی بیرۆکە، ڕا، دیاردە، کێشە، دیاریکردنی چارەسەرەکەی، کەسێتی نووسەری تێدا دیارەورەنگی داوەتەوە[2].

ستوونی رۆژنامەنووسی لەچەند تەرزێکدا دەردەکەوێت: [3]

**ستوونێك:**

١. شوێن ونووسەرو ناونیشان وبواری بابەت (رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی)وکاتی بڵابوونەوەی دیاری کراوە.
٢. شوێن و نووسەرو ناونیشان وکاتی بڵاوکردنەوەی دیاریکراوە، بەڵام بابەتەکانی هەمەڕەنگن.
٣. شوێن وناونیشان وبوارو کاتی بڵاوبونەوەی دیاریکراوە بەڵام نوسەرەکەی دیاری نەکراوەو هەر ژمارە و نووسەرێك دەینووسێت.
٤. شوێن وناونیشان وکاتی بڵاوبوونەوەی دیاریکراوەو نوسەروبابەتی دیارینەکراوە.
٥. شوێنی دیاریکراوە بەڵام رەهەندەکانی تری دیارینەکراون.

**٢.٩.١١: جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی** [4]

ستوون چەندین جۆری هەیە، بەپێی ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕێ، بریتین لەستوونی:

١. **دۆزە گشتیەکان:** ئەم جۆرە ستوونە بایەخ بەوپرسو دۆزانە دەدات کەپەیوەستن بەبەرژەوەندییە گشتیەکانەوە وەك دیاردەیەك لەئارادان، هەموولایەنەکانی ژیان دەگرێتەوەوەك بابەتی: رامیاری، ئابووری، سۆزداری، کێشەکۆمەڵایەتیەکان، ئەدەب و هونەر، ...بەلای خوێنەرەوە گرنگ و سەرنجڕاکێشن.

---

[1] **عبد العزيز شرف: فن المقال الصحفي، مصدرسابق، ص ١٠٦.**

[2] **نبيل حداد: في الكتابة الصحفية، السمات-المهارات –الأشكال – القضايا، مصدر سابق، ص٢١٩.**

[3] **محمود أدهم: المقال الصحفي، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٤، ص١٢٨- ١٣٠.**

[4] **حەبیب کەرکووکی: هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.**

٢.	**ڕەخنەی تەنزئامێز(گەپەستوون):** بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش دەنووسرێت، ڕەگەزەکانی گاڵتەوگەپ ونوکتە لەخۆ دەگرێت لەسەر ئاستی توانای نووسەرەکەی لەم بوارەدا وەستاوە.

٣.	**گفتوگۆئامێز:** ئەم جۆرە ستوونە لەشێوەی دایالۆگدا دەنوسرێ (مەنەلۆگ و دایالۆگ)[١].

٤.	**دۆزەمرۆڤایەتیەکان:** تایبەتە بەدۆزەمرۆڤایەتیەکانی وەك ( خۆشەویستی، ئاشتی، شەڕ،...هتد)، تیایدا نووسەر هەستوسۆزی خوێنەردەدوێنێ.

٥.	**ئەزموون (ئەزموونە ستوون):** نووسەر ئەزموونی خودی خۆی تێدا نمایش دەکات، مەرجە بۆئەوکاتەی نووسەردەینوسێت گرنگ بێت، لەگەڵ ئەو سەردەمەدا بگونجێت[٢].

٦.	**تایبەتمەند:** نووسەر بابەتێکی تایبەت لەبوارێکی دیاریکراودا هەڵدەبژێرێت کەتایبەتمەندی پێوە دیاربێت، واتە لەبوارێکی دیاریکراودا بێت، وەك: بابەتی هونەروئەدەب، زانست، وەرزش، ئاین، تەندروستی، پیشەسازی و بازرگانی... بەشێوەیەکی گشتی لەلاپەڕەی تایبەتدا بڵاو دەکرێتەوە.

٧.	**نامەی خوێنەران:** لێرەدا بەشێوەی پرسیارو وەڵام، لەڕێی وەرگرتن و ناردنی نامەوە کێشەو پرسەکان تاوتوێ دەکرێ، بابەتەکان هەمەرەنگن.[٣]

### ٢.٩.١٢: تایبەتمەندییەکانی ستوونی ڕۆژنامەنووسی

ستوون چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ-	ستوون دووناونیشانی هەیە یەکێکیان جێگیرە و ئەویتریان گۆڕاوە.
ب-	مەرج نییە نووسەری ستوون یەکێك بێت لەکارمەندانی ڕۆژنامەکە، بەڵام پێویستە نووسەرێکی بەئەزموون وشارەزابێت.
ت-	ئەگەر هەواڵوراپۆرتو چاوپێکەوتنو ڕاپرسیو ڕیپۆرتاژ لاپەڕەی جێگیریان هەبێت ئەوا ستوون ناو دەبرێت بەمیوانی لاپەڕەکان، تەنها لاپەڕەی یەکەم نەبێت ئێتردەکرێ لاپەڕەکانی ترستوونی ڕۆژنامەنووسی تێدا بڵاوبکرێتەوە.

---

[١] صابر حارص: العمود الصحفي وكتابه، دراسة مقارنة، مصدرسابق، ص ٦٨- ٧٦.

[٢] إسماعيل إبراهيم: فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، مصدرسابق، ص١٥٥.

[٣] عمرأحمد رمضان: مضامين العمود الصحفي في الصحيفة، (ئاوینه)، دراسة تحليلية للأعمدة لمدة،(٢٠١٤/٤/١- ٢٠١٤/٦/٣٠)، بحث منشورة في(گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردستان –ژمارە ٦- ٢٠١٦)، ص ٥-٦.

## ١٣.٩.٢: نەخشەی نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی[1]

ستوونی رۆژنامەنووسی بەگشتی بەبۆتەی قووچەکی ئاسایی دەنووسرێت، لەسێ بەش پێکدێت:

١. **سەرەتا:** رۆژنامەنووس وەك دەروازەیەك بەکاریدەهێنێت بۆچوونە ناو بابەتەکەو دەستپێکردنی تەوەری ستوونەکە، بۆیە دەبێ پێشەکیەکی بەهێزو بەپێزو سەنجڕاکێش و بایەخدار بێت لەلای خوێنەر.

أ- هەواڵی رووداوێکی گرنگ بەمەرجێك نوسەرەکە بایەخ بەلایەنێکی دیاریکراوی رووداوەکە بدات کە کاریگەری هەبێت لەسەرخوێنەر.

ب- پەندێکی پێشینان یاوتەی بیرمەند و فەیلەسوفێك یالێدوانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لەمەڕ رووداوێك.

ت- خستنەڕووی کێشە یا رووداو یا دیاردەیەك کەبەبۆچوونی نووسەر کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی خەڵك هەیە وجێی سەرنجیانە.

ث- بیرۆکە یا یادەوەری یابۆ چوونێك کەپێویستی بەڕاڤەکردن هەیە.[2]

٢. **جەستە:** ئەو تەوەرەیە کە نووسەر لەسەری دەدوێ، ئەم لایەنانە لە خۆدەگرێت:

أ- وردەکاری رووداوەکە یا وێنەیەکی زیندوو، چیرۆکێك، کێشە یان مەسەلەیەك کەنووسەرەکە دەیخاتە ڕوو.

ب- پاساو بەڵگەو بیانووەکان بۆچوونی نووسەر بەهێزدەکەن.

ت- وەڵامدانەوەی پرسیاری خوێنەران لەلایەن نووسەرەکە ئەگەر بێتو ستوونەکە تایبەت بێت بەخوێنەران و نامەو پرسیارەکانیان.

ث- زانیاری نوێ.[3]

٣. **کۆتایی:** پوختەی بۆچوونی نووسەرەکەو ئەوئامانجە لەخۆ دەگرێ کەدەیەوێ بەخوێنەرانی بگەیەنێت، ئەویش ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێ.

أ- پوختەی بۆچوونی نووسەر لەسەر رووداو دیاردەیەك، یان ئەو کێشەو مەسەلەی کەلەسەری دەدوێ.

ب- ئامۆژگاری یاپێشنیاری شێوازی چارەسەرکردن بۆگرفت ودیاردەکان کەپێشکەشی خوێنەری دەکات.

ت- ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی نووسەر پێی دەگات.

ث- داواکردن و بانگهێشت کردنی خوێنەر بۆ هەڵوێست وەرگرتن.[4]

---

[1] محمد عقوني: كيف تصبح صحفيا ناجحا، مصدرسابق، ص ٢٠.

[2] محمد فريد محمود عزت: المقالات والتقارير الصحفية، أصول إعدادها وكتبتها، مصدرسابق، ص ٨٣-٨٤.

[3] سعاد الحاج سليمان: الأسس المهنية للتحرير الصحفي في الصحافة السودانية، مصدرسابق، ص ٧٧.

[4] فاروق عەلی عومەر: کلیلی دەسەڵاتی چوارەم، و.هیوا سالح ئەحمەد، سلێمانی، چاپخانەی لیرە، ٢٠٠٥ ، ل١٥٧.

بەشی سێیەم/ ڕۆژنامەنووسی پێگە ئەلکترۆنییەکان

پاژی یەکەم : ڕۆژنامەنووسی

٣.١.١: چەمک وپێناسەی ڕۆژنامەنووسی

٣.١.٢: دەرکەوتن وگەشەکردنی ڕۆژنامە لەجیهاندا

٣.١.٣: گەشەکردنی ئامڕازەکانی راگەیاندن و ڕۆڵی لەگەشەی ڕۆژنامە

٣.١.٤: ئەرکی ڕۆژنامەنووسی

٣.١.٥: گرنگی و تایبەتمەندی ڕۆژنامە

پاژی دووەم: سازاندنی ڕۆژنامەنووسی(Press editing)

٣ .٢.١ : چەمک وپێناسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

٣ .٢.٢: چەمک وپێناسەی لەزمانەوانیدا

٣ .٢.٣: چەمک وپێناسەی سازاندن لەزاراوەدا

٣ .٢.٤: گرنگی سازاندن

پاژی سێیەم: ڕەهەندی وێنە

٣ .٣.١: وێنەی ڕۆژنامەنووسی

٣.٣.٢: ناساندن

٣. ٣.٣: پۆلێن

٣ .٣.٤: بەهای وێنە

٣ .٣.٥: پێوەرەکانی هەڵبژاردنی وێنەی ڕۆژنامەنووسی

پاژی چوارەم: ڕەهەندی ناونیشان(سەردێڕ)

٣.٤.١: ناساندن

٣.٤.٢: ئەرکەکانی ناونیشان

٣ .٤.٣: ئەرکەکانی ناونیشان لەدیزان

٣ .٤.٤: شێوازەکانی ناونیشان

٣ .٤.٥: جۆرەکانی ناونیشانە ڕۆژنامەنووسیەکان

پاژی پێنجەم: راگەیاندنی ئەلکترۆنی

٣ .٥.١: چەمک و پێناسە

٣ .٥.٢: ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دەرکەوتنی راگەیاندنی ئەلکترۆنی

پاژی شەشەم: تەکنۆلۆژیای راگەیاندنی ئەلکترۆنی
٣.٦.١:کۆمپیوتەر
٣.٦.٢: تۆڕی ئینتەرنێت
٣.٦.٣:پێناسەی ئینتەرنێت
٣ .٦.٤: پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن پاش دەرکەوتنی ئینتەرنێت
٣ .٦.٥: خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن لەئینتەرنێتدا
پاژی حەوتەم: رۆژنامەی ئەلکترۆنی
٣ .٧.١: سەرەتا
٣ .٧.٢: پێناسە
٣ .٧.٣: دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی و گەشەکردنی
٣ .٧.٤: جۆرەکانی رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان
٣ .٧.٥: ئەرکەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی
٣ .٧.٦: تایبەتمەندیەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی
پاژی هەشتەم: خزمەتگوزاریی و رەهەندە هەمەرەنگەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی
٣ .٨.١: خزمەتگوزاریی گەیاندن
٣ .٨.٢: خزمەتگوزاریی بەخش وبڵاوکردنەوە
٣ .٨.٣: خزمەتگوزاریی گەڕان و ئەمبارکردن
٣ .٨.٤: رێنمایی و هاوکاری کردن
٣ .٨.٥: بازارگەری
٣ .٨.٦: لایەنە نەرێنیەکانی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی
٣ .٨.٧: جیاوازییەکانی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و کۆپی ئەلکترۆنی رۆژنامەی چاپکراو
٣ .٨.٨: جیاوازییەکانی نێوان رۆژنامەی چاپکراو و رۆژنامەی ئەلکترۆنی
پاژی نۆیەم: پێگە ئەلکترۆنییەکان
٣ .٩.١: پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی
٣ .٩.٢: جۆرەکانی پێگەی ئەلکترۆنی
٣ .٩.٣: سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئینتەرنێت وپێگەی ئەلکترۆنی کوردی

## بەشی سێیەم/ ڕۆژنامەنووسی پێگە ئەلکترۆنییەکان

### پاژی یەکەم: ڕۆژنامەنووسی

### ١.١.٣: چەمک وپێناسەی ڕۆژنامەنووسی

وشەی ڕۆژنامەنووسی لەڕووی زمانەوانیەوە لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد" وشەکە بە (press) دەناسێنێت وپەیوەستی دەکاتەوە بەچاپ وبەخشکردنی زانیاری وهەواڵ،هەروەها بە (Journal) ناوی دەبات کەمەبەستی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسە، کەهەردووکیان ئاماژەیە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی لەیەککاتدا پێکەوە، بەهەمان شێوە لەفەرهەنگی (محیط)، ڕۆژنامەنووسی بەپەرتوکێک دادەنێت کەچەندلاپەڕەیەک لەخۆدەگرێت، بەڵام لەفەرهەنگی (معجم الوسيط)،چەمکی ڕۆژنامەنووسی ئاماژە بەوە دەکات کە لەچەندلاپەڕەیەک پێکهاتووە، بەشێوەیەکی ڕێکخراو وخوولی، کاتی بڵاوکردنەوەی دیاریکراوە، بەڵام لەزمامی ئینگلیزی وشەی ڕۆژنامە لەبەرامبەر (Newspaper) بەکاردەهێنرێت کەبەواتای کاغەزی هەواڵ دێت.[١]

ڕۆژنامەنووسی یەکێک لەکارە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی بریتییە لەگواستنەوەی هەواڵ و زانیاری بۆ وەرگر، بەمەبەستی بەئاگابوون لەوەی چی دەگوزەرێت لەسەر ئاستی ناوخۆ یاجیهان بەگشتی.[٢] **ڕۆژنامەنووسی** ، بەواتای پیشەیەک دێت کەکاری کۆکردنەوەی زانیاری وهەواڵە سەبارەت بەرووداوەکان، هەروەها شیکردنەوەیان ولێکۆڵینەوە دەربارەیان، وەک ئاشکرایا ئارەزووی گەڕانی مرۆڤ بەدوای هەواڵ وزانیاری ئارەزوویەکی خۆرسکییە، هەربۆیە ئەم کارە لەچاخاکانی کۆندا بەشێوازێک لەشێوازەکان هەبووە بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمان ڕەوای بابلیەکان، سەرجەم ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژیان تۆمارکردووە بۆئەوەی خەڵک بەئاگابێت لێیان.[٣]

### ٢.١.٣: دەرکەوتن وگەشەکردنی ڕۆژنامە لەجیهاندا

مرۆڤ، ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەنووسی هەرلەسەردەمێکی زۆر زوووە ناسیوە وئەنجامی داوە، بەڵام لەشێوە وشێوازی ئێستادا نەبووە، پێ بەپێ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوروپاییەکان، بەتایبەت لە دوای شۆڕشی پیشسازی گرنگیەکی زۆریان داوە بەهەواڵی

---

١ فاروق ابوزيد: مدخل إلى علم الصحافة، مصدر سابق، ص٣٧.

٢ لؤي خليل: الإعلام الصحفي، مصدر سابق، ص٦.

٣ غادة عبد التواب اليماني: الإعلام التقليدى والإعلام البديل- النشاة والتطور ، دبي، مؤسسة حورس الدولية، ٢٠٢٠ ص٤٥.

بەرهەمی پیشـــەیی وبازرگانی، بەمەبەســـتی بەئاگابوون،[1] بەڵام لەگەڵ داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن زانـای ئەڵمـانی (ولیم یۆحـانـا گۆتەنبەرگ)، لەســـاڵی (١٤٣٩)، بەتـایبەت رۆژنـامە پێشـــکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی، یەکەمین رۆژنـامەی رۆژانە بەنـاوی (**London gazette**)، لەمـانـگـی کـانـوونـی دووەمـی (١٦٦٥) دەرچـوو لە هەفـتەیەکـدا (دوو) جاربڵاودەکرایەوە بەرداوام بوو تاسەرەتاکانی سەدەی بیستەم.[2]

سەرەتای رۆژنامەنووسی لای هەرگەلێک، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە کەگرێدراوی چەندین هۆکارە، هەر لەم رووەوە رۆژنامەنووســـی کوردی چەندین فاکتەری دەرەکی وناوخۆ رۆڵیان هەبووە لەدەرکەوتن وبەرەوپێشـەوە چوونیدا، گرنگرنترینیان کاریگەری پێگەی رۆژنامەنووسـی ورۆشـــنبیران وســـیاســـەمەتدارانی گەلانی دراوســـێی کورد بوو، دەرکردنی رۆژنامە لەلای رۆشـنبیران وسیاسـەتمەدارانی کورد بووبووە پێویستیەکی شـارستانی ورۆشـنبیری وسیاسـی وجۆشـــدانی کوانووی خەبات، ئیتر یەکەم رۆژنامە، بەناوی(کوردســـتان) لەشــــاری قاهیرە لەبەرواری ١٨٩٨/٤/٢٢دەرچوو.[3]

### ٣.١.٣: گەشەکردنی ئامرازەکانی راگەیاندن و رۆڵی لەگەشەی رۆژنامە

هەروەک ئـامـاژەی پێدرا گەشـــەکردنی تەواوی رۆژنـامە دەکەوێتە پاش داهێنـانی پیتی چاپکردنی جووڵاو، کەپاڵپشـــت بوو بۆبڵاو بوونەوەی خوێندەواری، ئینجا رۆژنامەی نیشـــتمانی دەرکەوت، هەروەها داهێنانی ئامرازەکانی تەل وبێتەل، زیاتر گەشـــەیاندا بەرۆژنامە، هەروەها لەمیانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و بەکارهێنانی کارەباوە، ئامێروکەرەستەی راگەیاندن پێشکەوتنی بەرچـاوی بەخۆیەوە بینی.[4] هۆکـاروبنـاغەیەکی گرنـگ بوو بۆشـــۆڕشـــی زانیـاری، دواجـار کۆمپیتەرو تۆڕەکانی گەیاندن لەهەناوی ئەو داهێنانە لەدایک بوون وجیهانیان گەیاندە ئەم ئاستەی ئێستای سـەبارەت بەکاری پەیوەندیکردن، بەربەستەکان لەبەردەم گەیاندنی زانیاری بەهەرتاکێک لەجیهان، لەهەرشوێنێک بێت نەماون.[5]

---

[1] **خالد محمدغازي: الصحافة الإلكترونية العربية - الإلتزام والانفلات في الخطاب والطرح، القاهرة، دارالكتب المصري ،٢٠١٦، ص ٤١.**

[2] **تيسير أبوعرجة: دراسات في الصحافة ولإعلام، عمان، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع،٢٠٠٠، ص٢١- ٢٦.**

[3] **شيركومنگوري: واقع الصحافة بإقليم كوردستان العراق في ضؤ نظريات الصحافة، سليماني، مطبعة شڤان،٢٠١٢، ص١٣١.**

[4] **محمد عبدالحميد: نظريات الإعلام واتجاهات التأثير، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٥ ، ص٤٧.**

[5] **مـروى عصـام صـلاح: الإعـلام الكتروني الأسـس وأفـاق للمسـتقبل، عمـان، دارالإعصارللنشـر والتوزيـع، ٢٠١٥، ص ٥١.**

### ٤.١.٣: ئەركی رۆژنامەنووسی

بەشێوەیەكی گشتی پیشەی رۆژنامەنووسی كۆمەڵێك ئەرك لەخۆدەگرێت، بەڵام مەرج نییە لەهەموو شـــوێنـك وولاتیـك وەك یەك بێت، بەڵكو بەپێی كۆمەڵەكان وشـــێوازی پێكهاتەی رامیاری وئابووری كۆمەلایەتیی ئەوكۆمەلانەش دەگۆڕێت، ســـەرباری ئەمەش ئەركی بنەڕەتی رۆژنامەنووسـی لەهەركۆمەڵ و سـەردەمێک بێت لەرووی بەرزكردنەوەی ئاسـتی رۆشـنبیرو جەمارەو، هۆشـــیاركردنەوەی وەرگر لەپرســـە جۆربە جۆرەكان و رووداو بابەتە چارەنووس ســـازەكـان وەكیەكە.بەشـــێكی زۆری پســـپۆڕانی بواری رۆژنـامەنووســـی هـاوڕاوكۆكن لەســـەردیاریكردنی چەند ئەركێكی ســـەرەكیی لەهەركۆمەڵ وشـــێوازێكی فەرمانڕەوایداوكە لەمانەی خوارەوە پێک هاتووە:[1]

١. **پێ راگەیاندن:** كاری رۆژنامەنووســـی بەگشـــتی، بریتییە لەپێدانی زانیاری وهەواڵ، كەدەشـــێ وەك ئاگاداركردنەوەی خەڵک بێت لەو رووداو پێشـــهاتانەی كەچاوەڕوان دەكرێت رووبدات یـان روویـان داوە، لەهەردوو بـارودۆخەكەدا گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش لەپینـاوی تێگەشـتنی بارودۆخی رامیاری و ژینگەیی ونەتەوایەتی نێونەتەوایەتی بەمەبەسـتی بالاپێكردنی ئاسـتی توانایی وەرگرتنی بڕیاری پێویسـت لەبارەیانەوە،[2] بەتایبەتی ژیانی ئێسـتای سـەرجەم مرۆڤایەتی پڕە لەجەنجاڵی و ئاڵۆزی، كێشـــەو رووداوی هەمەجۆر، پێداویســـتی جۆراوجۆر، زیادبوونی خواسـت لەسـەر شـمەك وكالا، هەروەها داهێنانی نوێ لەرووی ئامێر وكەرەسـتە وپێداویستی ژیان، والەتاك دەكات كەپێویستی بەزانیاری زیاتربێت بۆڕایكردنی ژیانی رۆژانەی، ئیترئـالێرەوە رۆژنـامەو پێگە هەواڵییەكـان بوون بە ئـامرازێكی گرنگی گواســـتنەوەی ئەوزانیاریانە.[3]

٢. **ئەركی هەواڵی:** هەرلەســـەرەتای دەركەوتن وگەشـــەكردنی رۆژنامە مۆركێكی هەواڵی هەبووە، هۆكارەكەشـی بۆگۆڕانی كۆمەڵگە دەگەڕێتەوە لەسـیستمی دەرەبەگایەتیەوە بۆسـیسـتمی ســـەرمایەداری ودەركەوتنی چینی بۆرجوازی، هەواڵ پێداویســـتییەكی بنەڕەتیی ئەوچینە تازەیە

[1] دەشتی عەلی ڕەشێد: پێگەی رۆژنامەنووسی بنكۆڵكاری لەهەرێمی كوردستان، ماستەر نامەی بڵاونەكراوە، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی راگەیاندن، زانكۆی سلیمانی ٢٠١٧، ل٢٤.

[2] فاروق أبوزید: مدخل إلى علم الصحافة، ط٤، القاهرة، عالم الكتب للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص٥٦-٥٧.

[3] عبدالوهاب الكيالي موسوعة السياسة، جزء الثالث، بدون مكان الطبع، المؤسسة العربية الدراسات والنشر، بدون سنة، ص ٥٥٢.

بوو، بەوهۆیەوە رۆژنامە لەوسەردەمەدا تەنها هەواڵی بازگانی و بازاڕبوو وێڕای حەزی خەڵکی شارەکان بۆزانینی هەواڵی دەوروبەر.[1]

ئەم ئەرکە پەیوەندی بەغەریزەکانی مرۆڤەوەیە، مرۆڤ هەرلەدایک بوونیەوە حەزی زانینیی دەوروبەر، دەنگوباسـی ژینگە و وڵاتان و سـروشـت و گەردوونی هەیە، جا ئەم حەزە لەرێگای ئامرازەکانی راگەیاندن بەگشتی، بەتایبەتی رۆژنامەوە فەراهەم دەبێت، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لەگواسـتنەوەی زانیاری وهەواڵەوە دەبێت بە شـێوازێکی رێکخراو وتەندروسـت وهونەری هەرلەکۆکردنەوەی زانیاری ورێکخسـتنیان و ئامادەکردنی پەیامەکان بەشـێوەیەکی تەواوکاری و بابەتی وروون، چونکە گواستنەوەی هەواڵ وزانیاری دەبێت تەوابێت لەڕووی بەڵگەو سەرچاوە وراسـتی رووداوەکەوە، نابێت زانیاری دروسـتکراو وهەڵبەسـتراوبێت، هەروەها پێویسـتە زانیارییەکان روون وئاشکرابن سەرجەم خەڵک لێیان تێبگات.[2]

**٣. ئەرکی خزمەتگوزاریی گشـتی:** پێدانی زانیـاری بەخوێنەرسـەبـارەت بەوبـابەتە خزمەتگوزارییانەی کەپەیوەندییان بەژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لەوانە: خوێنەر ئاشـنا و ئاگاداردەکاتەوە لەکاتی گەشتەکانی فڕۆکەخانەکان، یاکاتی پێشکەشکردن و نمایشکردنی فیلمێکی سینەمایی، یاکۆڕێک یاسیمینارێک، هەروەها پێدانی زانیاری سەبارەت بەکەشوهەوای ناوچەکەو جیهان، یان بارودۆخی بازرگانی وئابووری و مامەڵە ئابووریەکان لەسەرئاستی جیهان وناوخۆ.[3]

**٤. بەدۆکیومێنت کردنی رووداوەکان:** دەزگاکانی راگەیاندن بەگشـتی ورۆژنامە بەتایبەتی رۆژانە هەواڵ وزانیـاری لەسـەربـابەتەکـانی رامیـاری، کۆمەڵایەتی ، ئـابووری و...هتـد، بڵاودەکـاتەوە، تۆمـاریـان دەکـات، ئیتر پـاش تێپەڕبوونی کـات ئەوزانیـاریـانە دەبن بەدۆکیۆمێنت، بەمانای پرۆسەی بەدۆکیۆمێنت کردن بەرجەستە دەبێت.[4]

**٥. ئەرکی شـیکردنەوە وراڤەکردن ولێکدانەوەی رووداو بابەتەکان:** پاش رووماڵکردنی رووداوەکان زۆریان پێویسـتییان بەشـیکردنەوە ولێکدانەوە هەیە، چونکە هەندێک بابەت چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازلەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی ئەرکی رۆژنامە وەک ئامرازێکی گەیاندن بەتەنها لەگواسـتنەوەی زانیاریدا کۆتایی پێنایەت،[5] بەڵکو ئەرکی راڤەکردنیش لەخۆدەگرێت تا

---

[1] عبدالجواد سعيد محمد ربيع: فن الخبر الصحفي- دراسة نظرية وتطبيقية، مصدرسابق، ص٣١.

[2] چۆلی ئەسعەد: زمان لەراگەیاندنی بینراودا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

[3] مرعي مدكور: الصحافة - الإمكانيات، التجاوزات، الافاق، القاهرة، دارالنشر للجامعات، ٢٠١٣، ص٧٨-٨٠.

[4] غازي زين عوض الله المدني: الصحافة الرياضية- النشأة، التطور، ط٢، القاهرة، دار الهانى للطباعة والنشر،٢٠٠٦، ص٣٢.

[5] رضوان مفلح العلي، وأخرون: مدخل إلى وسائل الإعلام الإلكتروني والفصائي، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص ٢٢.

پەیامەکان زیاتر روون و ئاسانبن، هەروەها لە توانایاندا بێت کاریگەری دروست بکەن. ئەم کارەش لەرێگای چەند ژانەرێکی وەک (شیکارە وتار، ریپۆرتاژ، راپۆرتی شیکاری...هتد)وە بە ئەنجام دەگات.[1]

٦. **ئەرکی ریکلام:** ریکلام وەک هونەروژانەرێک رۆژنامە بەکاردەهێنێ وئەمیش وەک ئەرکێک جێبەجێی دەکات، لەسەرەتادا جۆری ریکلامەکان بریتی بوون لەریکلامکردن بۆ: کتێب، ونبوون، داودەرمانی پزیشکی، بەکرێدان، بەرهەمە سپاییەکان،[2] بوو بە بەشێکی بنەڕەتی وسەرەکی بابەتی رۆژنامەکان، پاشانیش بووبە سەرچاوەی دارایی رۆژنامەکان بەتایبەتی لە وڵاتە پیشە سازییەکان، سەرباری ئەوەش هۆکاری بڵاو بوونەوەی زۆری ریکلام لەرۆژنامەکان بۆکەمی تێچوون وهەرزانی رۆژنامە دەگەڕێتەوە.[3]

٧. **ئەرکی بەشداریکردن لەپێکهێنانی رایگشتی:** رایگشتی زاراوەیەکە گوزارشت لەبیرورایەکی کۆمەڵە کەسانێک سەبارەت بەکێشەیەک یان مەسەلەیەکی دیاری کراودەکات ئەگەرلایەنگریین یان رووبەرووبینەوە ودژایەتی بکەن، نواندنی هەڵوێستی باش، خراپ لەساتێکی دیاری کراوی مێژوودا کاریگەری لەسەررەوتی رووداوەکان بێت.[4] رۆژنامە بەهۆی ئەوتایبەتمەندیانەی کەهەیەتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەپێکهێنانی رایگشتی، چونکە زمانی نووسینی سادەو روونە، پەیامەکانی هەمەجەشن و جۆرن، خوێنەربەئاسانی لەمانای بابەتەکان تێدەگات، هەر جۆرێکی بوێت (ئابووری، زانستی، رامیاری و وێژەی ...هتد) رۆژنامە بۆی مەیسەردەکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییان.[5]

٨. **ئەرکی کات بەسەربردن:** دەرکەوتنی ئەرکی کات بەسەربردن لەرۆژنامە پەیوەندی بەدەرکەوتنی رۆژنامەی میللییەوە هەیە، کاتێک کەریکلام وەک ئەرکێکی رۆژنامەنووسی خۆی سەپاند لەرووپەری رۆژنامەکاندا، هۆکارێک بووبۆدابەزاندنی نرخی رۆژنامە، هەروەها دروستبوونی پێشبڕکێ لەنێوان رۆژنامەکان، هەموئەمانە وایانکرد کەهەندێک بابەتی هەمەچەشنە بخزیننە ناو رۆژنامە، بەمەبەستی سەرنجراکێشانی وەرگر بەلای رۆژنامەکاندا، هەربۆیە بابەتی کات بەسەربردن و گاڵتەوگەپ گرنگی پێدرا، بەگشتی بابەتەکان بریتی بوون

---

[1] ابتهال جاسم رشيد: الفنون الصحفية والمجتمع المدني، مصدرسابق، ص٨٨.

[2] سامي عبد العزيز: مقديمه في الإعلان ، القاهرة، الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٥، ص ١٩-٢٠.

[3] الهام العيناوي: مدخل إلى الصحافة، من منشورات، الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية،٢٠٢٠، ص٩٥.

[4] وظائف الصحافة https://www.yabyerouth.come ، بەروار ٢٠٢٢/١/١٣، كات:٢:٠٠: باش نيوەرۆ.

[5] عبد الرزاق محمد الدليمي: المدخل الى وسائل الاعلام والاتصال، المملكة الأردنية الهاشمية، دارالثاقافة لنشر والتوزيع،٢٠١١، ص٨٢.

لەبڵاو کردنەوەی زنجیرە چیرۆک، وشـــە یەکتربڕەکان ومەتەڵ و پێشـــبڕکێ و گفتوگۆ لەگەڵ هونەرمەندو کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و دیارەکان.[١]

### ٥.١.٣: گرنگی و تایبەتمەندی رۆژنامە

رۆژنامە وەک ئامرازێکی راگەیاندن، هەرلەســـەرەتای دەرکەوتنییەوە تاکو ئێســـتا رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لەژیانی ســـەرجەم کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا، بە تایبەتی لەکۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەیەم، ئەم رۆڵە وگرنگییەکەی لەگێرانەوەکانی زانایان و شـــارازەیانی بوارەکانی راگەیاندن وکۆمەڵناســـی بەڕوونی دەردەکەوێت، زانایان لەهەرســـەردەمە و بەجۆرێک باس لەگرنگی وکـاریگەری رۆژنـامە دەکەن، هەروەهـا بەیەکێـک لەهۆکـارەکـانی گۆڕانکـاری وپێشـکەوتن و داهێنانەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەمی ئەدەن، بەشـێوازێکترپێان وایە کەرۆژنامە پردی گواستنەوەی هزرو بۆچوونی نوێیە سەبارەت بەژیان، لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی کەدەگوێزرێتەوە، بۆنمونە (تشارلزهورتۆن کولی ، ١٩٠٠ -١٩٠٠، زانایەکی ئەڵمانی بواری کۆمەڵناسییە) جەخت لەوراســـتییە دەکاتەوە کەراگەیاندنی نوێ، شـــۆڕشـــێک بوو بە توندی کاریگەری وگۆڕانکاری لەســـەرجەم بوارەکـانی ژیـانـدا ئەنجـام داوە، وەک: بواری بـازرگـانی، رامیـاری، پەروەردە وکۆمەڵایەتی[٢] شـارەزایەکی تردەڵێت: رۆژنامە چاوی گەلە لەســـەر کاربەدەســـتەکان، باشـــترین ئامرازە بۆرۆشـــنکردنەوەی مێشـــکی مرۆڤ وپێشـــکەشـــکردن وەک بوونەوەرێکی مۆراڵی وکۆمەڵایەتی، بەڵام نابێت ئەوە لە یادبکەین کەچەکێکی دووسەرە، سەرباری ئەوەی کەئامرازێکی رێنماییکردن و وپەروەردەکردنە لەهەمان کاتتدا بۆکات بەسەر بردنیش جێگە ورێگەی تایبەت بە خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ببێت بەئامرازیک بۆسەرلێشواندن و گەندەڵی ومەراییکردن.

رۆژنامە هەنگاوی بەرچاوی ناوە سەبارەت بەپسپۆڕییە جیاوازەکان، خواستی چین و توێژو دەســـتە کۆمەڵایەتییە جیـاوازەکـان، لێرەوە جۆرێکی رۆژنـامە ســـەری هەڵدا کەبەرۆژنـامەی تـایبەتمەنـد نـاوزەنـد دەکرێ، لەرووی فۆرم و نـاوەرۆکەوە جیـاوازی زۆری هەیە لەرۆژنـامە گشـــتییەکـان، بـۆهەربـوارو پســـپۆڕییەک رۆژنـامەی تـایبەت دەرچـوو.[٣] رۆژنـامە لەکۆمەڵگاهاوچەرخەکاندا ئاســـت وپلەی گرنگێتی بۆبابەت و ژانرە رۆژنامەنووســـی یەکان دەگەڕێتەوە. رۆژنامە نازناوی دەســـەڵاتی چوارەمی لە ســـۆنگەی گەشـــەی کۆمەڵگاو کرانەوەی

---

[١] فاروق محەمەد ئەبوزەید: سەرەتایەک لەزانستی ڕۆژنامە نووسی، و٠فەرەیدون رئوف، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ - ٥٩.

[٢] محرز حسين غالي: صناعة الصحافة في العالم، تحديات الوضع الراهن وسيناريوهات المستقبل، بيروت،الدار المصرية اللبنانية،٢٠٠٩ ص١١٨.

[٣] فاطمة الزهراء صالح واخرون: بقسم الإعلام – كلية الأدب - جامعة الوادي الجديد، الإعلام المتخصص، بيروت دار المعريفة للطباعة و النشر،٢٠١٩، ص٥.

بەرووی دیموکراسیدا پێبەخشرا،[1] ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەچاودێرکردن وگەڕان وئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی دامودەزگا فەرمی نافەرمییەکان، هەروەها هەموو ڕووداوە جیهانیەکان، کۆبوونەوەی پەرلەمان وحکومەت وئەنجوومەنی شارەوانییەکان و بڕیارەکانیان، هەروەها هەواڵی کارخانە و دامودەزگاکان و قەیرانە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکان ومانگرتنەکان وبەرپابوونی جەنگەکان، لێکۆڵینەوە زانستییەکان، ئینجا ئەم ڕووداوانە گەورەبن یان بچووک شادبن یان خەم هێنەر، ورژێنەربن یا ئاسایی لەرۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، دەخرێنە بەردەستی خوێنەر، ئالێرەوەیە کە دەڵێین ڕۆژنامە ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە بۆگواستنەوەو گەیاندنی هەواڵ وزانیاری بەشێوەیەکی هونەری وزمانێکی سادەی زانستی ڕۆژنامەنووسی بەوەرگر.[2]

**پاژی دووەم: سازاندنی ڕۆژنامەنووسی(Press editing)**

### ١.٢.٣: چەمک وپێناسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

پرۆسەیەکی تەواوکاری بەردەوامی پەیوەندیکردنی کۆجەماوەرییە، تێیدا نێرەر(سازێنەر)ی پەیام هەڵدەسێت بەچاککردن وداڕشتنەوەی ئەو زانیارییە خاوەی بەدەستی گەشتووە، بەمانای پەیامەکە پێش ناردنی بۆ وەرگردەسازێنرێ، ئینجا سەبارەت بەبابەت ورەهەندە جیاوازەکانە، وەک: ڕووداوێک ، دۆزێک، کێشەیەک، ڕەهەندە رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتیەکان، داڕشتنەوەی ئەو زانیاریانە لەچێوەی یەکێک لەژانرە ڕۆژنامەنووسیەکان (هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، چاوپێکەوتن،٠٠٠هتد)، دواتر گەیاندن وبڵاوکردنەوەی ئەوپەیامە لەرێگای هەڵبژاردن ودیاریکردنی ئامرازێکی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، پێگە ئەلکترۆنییەکان) بەخۆێنەر، ئامانج لەم کارە دانانی کاریگەرییە لەسەر وەرگر، بەمەبەستی پێکهێنانی ڕایگشتی.[3]

---

[1] محمد خليل الرفاعي: الصحافة المتخصصة، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٧.

[2] كازمى موعتەمە د نژاد، ئەوانى کە: جيهانى سێيەم گەڕان بەدواى ڕۆژنامەوانى ئازادا، و.هيمدادى حسين، سلێمانى، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،٢٠٠٣، ل١٢.

[3] ليلى عبد المجيد: محمودعلم الدين، فن التحرير الصحفي، مصدرسابق، ص ١١.

### ٢.٢.٣: چەمک وپێناسەی لەزمانەوانیدا

سازاندن لەزمانی ئینگلیزی بە (Editing)، ناودەبرێت لەسازێنەر(Editor)ـە وە وەرگیراوە واتا ئامادەکردنی نووسینەکانی کۆتایی بۆ بڵاوکردنەوە.[١] ئەم زاراوەیە لەزمانی عەربیدا بە(تحرير) هاتووە کەدەگەڕێتەوە بۆکرداری(حرر)، مانای (کارامەیی نووسین) پێداچوونەوە بەدەقێکی نووسراو بەشێوازی رەخنە ئامێزبەرجەستە دەکات،[٢] بەڵام لەچەند فەرهەنگێکی دیکەی عەرەبی، ئاماژە بەوەدەکەن کەسازاندن ئاماژەیە بەنووسین لەرۆژنامەدا یاخوود بەکارهێنانی هونەری نووسین لەنووسینی رۆژنامە.[٣]

### ٣.٢.٣: چەمک وپێناسەی سازاندن لەزاراوەدا

- سازاندنی رۆژنامەنووسی گۆشەیەکی گرنگ و سەرەکی کاری رۆژنامەنووسییە، چونکە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی رۆناژنامەنووسی بریتییە لەدروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر، ئەم کارەش لەرێگای ئەنجامدانی پرۆسەی سازاندنەوە بەدەست دێت.[٤]
- سازاندنی رۆژنامەنووسی هونەروپرۆسەیەکی هەمەلایەنەی دارشتنەوەی زانیارییە گەشتووەکانە لەرووی دروست دارشتن و دروست ماناوە بەمەبەستی شیاویی دەقەکە بۆلێتێگەشتنی لەلایەن وەرگرانەوە.[٥]
- سازاندن پرۆسەیەکی هونەری نووسینەوە ودارشتنی ژانرەکانە، کەتیایدا پەیمەکان لەچوارچێوەی یەکێک لەچێوەهونەرییەکان دادەرێژرێت ولەرێگای یەکێک لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە دەنێردرێت بۆوەرگر.[٦]
- سازاندن شێوازێکی هونەری نووسینە، کەبوارئەدات بەسازێنەر، پاڵپشت بەئەزموونی تایبەتی، ئاوەنیا بەرەهەندە تایبەتەکانی کەناڵەکە، هەروەها لەمیانەی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی پیشەیی، کەرووداوە گرنگ ونوێ وهەنوکەیەکان تۆماربکات، پاشان لێکۆلینەوە وراڤەکردنییان دەربارە ئەنجام بدات، ئینجا پێشکەشکردنی داتاو زانیاری بەسوود بۆچەساپاندنی ئەودیاردەو

---

[١] سومەیا فاضل عابد: کاریگەرێتی تەکنۆلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٧، ص ٥٢.

[٢] فايز رجا العقيل الجبور: فن التحرير الصحفي - دراسة قرآنية، عمان، دار الجنان للنشر والتوزيع،٢٠١٣، ص٦٥.

[٣] نبيل حداد: في الكتابة الصحفية السمات الأشكال القضايا المهارات الدليل ،عمان، دار جرير للنشروالتوزيع ،٢٠١١، ص٦٧.

[٤] عبد الجواد سعيد محمد ربيع: فن الخبر الصحفي، دراسة نظرية وتطبيقية، مصدر سابق، ص١٥.

[٥] فاروق ابوزيد، ليلى عبد المجيد: فن التحرير الصحفي، القاهرة، بدون المطبعة، ٢٠٠٠، ص٦.

[٦] مەغديد سەپان : ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

چالاکیانەی کەکاریگەرییان هەیە لەسەرخوێنەر، پاشان نمایشتکردنی شیکردنەوە، گفتووگۆکان، وتە ولێدوان، بیروڕای جیاواز، ئاراستەوهەڵوێستەکان، هەروەها ئەوچارەسەرانەی کەکراوە بۆبابەتەکە، دەرخستنی یەک لەدوایەکی ئەورەهەندانەی کەشایەنی گەشەسەندن وئەنجامە بەردەستەکانن، لەبەرژەوەندی تاک وکۆمەڵ، بەشێوەیەک دەربڕی هەموویانبێت، بەدەربڕینێکی ورد وبابەتیانە، بەدەستەواژەی کورت و پەیوەندیدار، لەرێگای زمانێکی تەندروست وئاسان وسەرنجڕاکێش، لەشێوەی کارێکی هونەری رۆژنامەنووسی، پەیامێکی راگەیاندن نیشان دەدات کەئاراستەی خوێنەران کراوە، ئامادەی چاپکردندن وبلاوکردنەوەیە، لەکاتێکی دیاریکراو، لەپێگەکان.[1] سازاندن لەسەر چەند بناغەیەک دەوەستێ، گرنگترینیان بریتین لە:

أ- باڵاپێکردنی چەمکی تێگەشتن.

ب- ناساندنی رووداوەکانی سروشت وکۆمەڵ.

ت- سەرنجڕاکێشانی خوێنەربۆ بەردەوامی لەسەرخوێندنەوە.

ث- پێشخستنی رەوشی کاریگەری دانان، لەسۆنگەی جێبەجێکردنی رێنمایی وئاراستەکردنەوە.

## ٤.٢.٣: گرنگی سازاندن[2]

١. گونجاندنی دەقە رۆژنامەنووسییەکان لەگەڵ سیاسەت و شێوازی کارکردنی دەزگا رۆژنامەنووسییەکان.

٢. بژارکردنی هەڵەوکەموکورتییەکان وراستکردنەوەیان.

٣. ئاسانکردنی دەقە رۆژنامەنوسیەکان وزیندوراگرتنیان.

٤. پێداچوونەوە بۆدەقە رۆژنامەنوسییەکان ودڵنیابوونەوە لەبابەتی بوونی.

٥. دڵنیابوونەوە لەدروستدارشتنی دەقەکان.

٦. رازیکردنی خوێنەر لەرێگای خستنە رووی ئامارو زانیاری روون وئاسان، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکان.

٧. دروستکردنی جۆرێک لەهارمۆنی وشێوازی رێکخستن لەنیوان (بابەت و هەواڵ، دەق)ی ئەو بابەتانەی کەلەلاپەرەکانی رۆژنامەکان بلاودەکرێتەوە.

٨. ئاسانکردنی دەرهێنانی رۆژنامە.

---

[1] محمود أدهم: الأسس الفنية للتحرير الصحفي العام، مصدرسابق، ص١٦-١٧.

[2] نسرين حسون: فن التحرير الصحفي، مفهومه واهدفه، https://www.alukah.net ، بەروار ٢٠٢٢/٢/٢٨، كات :٣٠:٣٠ پاش نیوەڕۆ.

**پاژی سێیەم: ڕەهەندی وێنە**

## ١.٣.٣: وێنەی ڕۆژنامە نووسی

وێنە زمانێکی جیهانییە، پێش هەزارەها ساڵ مروڤ لەرێگای وێنەوە توانیویەتی گوزارشت لەبیرو بۆچوونەکانی بکات، هەروەها وێنای ژیانی ڕۆژانەی پێکردووە، لەدۆخێکی سەرەتاییدا بووە، وەلێ ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی وێنەگرتن، ئامرازەکانی گەیاندن، بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ڕەهەندێکی گلۆباڵی وەرگرتووە، دەتوانێت ئەوپەیامەی بەنووسین گران دەگات بەوەرگر، زۆربەئاسانی ئاراستەی بکات، سەرنجی وەرگر رابکێشێت، هانی بدات بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە، سەرباری ڕەوشی گوزارشت لەسەرجەم چالاکییەکانی مرۆڤ، ڕووداو، کارەساتەکان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەوئاسان دەگەیەنێت بەوەرگر.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگییەکی فرە دەدەن بەوێنە لەسۆنگەی ئەوەی وێنە سەرباری ئەرکی ئێستاتیکییەکەی، ئامرازێکی گرنگی ڕەهەندە ڕوونکاری و تەواکاریەکانی ڕاگەیاندن، ریکلام، پروپاگەندەیە.وێنە سوود وگرنگی بۆ هەواڵ، وتار، ...هتد، لەنەهێشتن ورەواندنەوەی گومان لەلای وەرگر بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی گەروێنەکە ڕەنگدانەوەی هەواڵەکە بێت، وەک بەڵگە چاوی لێدەکرێت، گرنگی هەواڵەکە یا بابەتەکە زیاتر بەرجەستە دەکات، سەرەرای ئەوەی هاوکاری دەقە نووسراوەکان دەکات، بۆئەوەی خوێنەر بەئاسنی لەبابەت ودەقە نووسراوەکان تێبگات، هەرەها بەهۆیەوە زانیارییەکان لەهزری خوێنەر بۆماوەیەکی زیاتردەمێنێتەوە.[1]

## ٢.٣.٣: ناساندن

وێنەی ڕۆژنامەنوسی، گوزارشت لەناوەڕۆکێک دەکات کەدەربڕو وێنای زیندووی ڕووداوەکەیە، ڕەوشی سەرنجراکێشی بەرجەستە دەکات، دەتوانێت: کێشە و ڕووداو، کەسایەتی، چالاکی، بیرورا و بۆنەو یادەکان هاوشانی ژانرەکان بەشێوەیەکی بابەتی و ڕاستگۆیانە دەرببڕێت، لەسۆنگەی کامڵبوونی گەیاندنی مەبەستەوە، دڵنیا بوون، ڕوونکاری وشیکردنەوە، پشت ڕاستکردنەوە ورەواندنەوەی گومان ...هتد، بگەیەنێت. وێنە لەرێگای فۆتۆگرافەر، ڕۆژنامەنووس، کۆمپانیا وئاژانسەکان، کەناڵە جیاجیا وهەمە چەشنەکانەوە دەست دەکەون، زۆربەیان وێنەی هەواڵین، بەهای هەواڵیان لەدەست نەداوە.[2]

---

[1] **عامر ئیبراهیم قەندیلچی: ئەرشیفکردنی وێنە لەبواری ڕاگەیاندن ورۆژانەمەگەریدا، و.نەوزادعەلی ئەحمەد، هەولێر، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، ل١٩-٢.**

[2] **سهام حسن علي الشجيري: وكالات الأنباءوالتحكمالإخباري عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع ٢٠١٤، ص١٥٠.**

گواستنەوەی راستی ژیان وسروشتە لەچوارچێوەیەکی وەستاو یاخوود جووڵاو، لەرێگای ئامێری وێنەگرتنەوە، دەشێ وەک راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی چاوی لێبکرێت، گوزارشتێکی راستگۆیانەی رووداو وچالاکییەکانە کەئاوەنیای ژانرەکان: هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، ...هتد، دەکرێت.[1]

وێنە: تابلۆیەکە، دیزاینێکی بچووکە یان روونکاری چارتێکە، یەکەم رەگەزە کەسەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی رائەکێشێ، بۆ وردبوونەوەی زیاتری بابەتەکە پاشان هەوڵی خوێندنەوەی ئەدات، جۆرەکانی وێنە زۆرن لەوانە (فۆتۆگراف: زیندو، ئەرشیفی، ڤیدیۆ چاپ، وەرگیراو، کۆپیکراو، دەستیی، زەینی، کۆلاژکراو، دەستنووس، ئۆرگیناڵ، دۆکیۆمێنت)،هونەرە هێڵکارییەکانیش چەند جۆری هەیە لەوانە (پۆرترێت، سکێچ، وێنەی بیانی، زەخرەفە، نەخشە، مۆتیف، کێرڤ، هێد، ئاڵا، گوێچکەی رۆژنامە، گەردن و کاریکاتێر)، تێکەڵ بەزۆربەی بوارە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ: رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی وتەندروستی...هتد ، بووە بەشایەتحاڵی دەرخستن وسەلماندنی راستییەکان، بەمانای فاکتی رووداو وبەسەرهاتەکان بەهێزتر دەکات ولایەنی بابەتی بوون لەرووداو و بەسەرهاتەکاندا بەرجەستەدەکات.[2]

### ٣.٣.٣: پۆلێن

وێنەی رۆژنامەنووسی پۆلێن دەکرێت بۆ:

١. **جۆرەکانی وێنە لەرووی ناوەڕۆکەوە:**[3]

أ- **وێنەی هەواڵی:** ئەووێنانەن کەهاوشانی ژانرەکان گوزارشت لەرووداوێک (لەکات و شوێنێکی دیاریکراو) دەکەن، هاوکاروپاڵپشتی زانیاریەکانن سەبارەت بەرووداوەکە.

ب- **وێنەی ریپۆرتاژی:** ئەووێنانەن کەئامانج لێیان گواستنەوەو گەیاندنی زانیاری روونکارییە، سەبارەت بەرەهەندێکی ژیانی گشتی، بەتایبەتی ئەورووداوانەی کەرۆژنامەنووس بەدواداچوون، بۆچۆن و بۆچی دەکات، جێگەی ئاماژەیە ئەم رەهەندە پێویستی بەکاتە، بەمانای بەگشتی دەگەڕێتەو بۆرابردوو.[4]

ت- **وێنەی کەسایەتی:** بەزۆری وێنەی قەبارە بچوکن، شوێنی لەرۆژنامەکان بەقەبارەی ستۆنێک یا دووستون دادەنرێت، مەرج نییە ئەوکەسایەتییە کەسێکی ناوداربێت.

---

[1] **خليل محمد الراتب: التصوير الصحفي، عمان، دار إسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٢، ص٦٩.**

[2] **د.عومەر ئەحمەد رەمەزان: دەرسگوتارەکانی دیزاین، ماستەر، ساڵی خوێندنی، ٢٠٢٠ – ٢٠٢١.**

[3] **اكرم فريدون حمة امين: الإخراج الصحفي، عمان، دارغيداء، للنشر والتوزيع، ٢٠٢٠، ص٢٠٤.**

[4] **بافي جميل احمد صالح: وظيفة الصورة الخبرية في الصحافة الكوردية، القاهرة، المكتب العربي للمعارف، ٢٠١٩، ص٧٣-٧.**

ث- **وێنەی پۆرتریتی:** لەم جۆرەدا، وێنە پیشاندنی بەشی سەرەوەی جەستەی کەسایەتیەکانە، لەگەڵ زۆربەی ژانرە رۆژنامەنووسیەکاندا دادەنرێت.

ج- **وێنەی جوانکاری:** لەرۆژنامە وگۆڤار وپێگەکان زیاتر بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی وەرگردادەنرێت.

ح- **وێنەی ریکلام:** ئەم وێنانەهەڵگری ناوەرۆکێکی ریکلامین وئەرکیان بانگەشەکردنە بۆکاڵایەک یاخود خزمەتگوزارییەکان.[1]

**٢. جۆرەکانی وێنە لە رووی شێوەوە:** وێنە بەچەند شێوەیەک دادەنرێت، هەڵبژرادنی شێوەکانیش بەپێی بابەت وگرنگیەکەیەتی، ئیترلەوسۆنگەیەوەیە شێوەکان فرەو جیاوازدەبن:[2]

أ- **شێوەی لاکێشە:** هۆکاری هەڵبژردنی ئەم شێوەیە لەلایەن دیزاینەرەوە، بۆپێدانی ئازادی تەواو بەوێنەکە دەگەرێتەوە، تابەتەواوەتی گوزارشت لەبابەتەکە بکات.

ب- **شێوەی چوارگۆشە:** دیزاینەرکەمترئەم شێوەیە بەکاردەهێنێت، چونکە وێنەکە قەتیس دەکات.

ت- **شێوەی بازنەی:** وێنەی بازنەیش بەدەرنییە لەکەموکورتی، لەبەرئەوەی یەکێک لەخەوشەکانی: چوارچێوەی وێنەکە دەبردرێت و تێکیدەدات، ئەمەش دەبێت بەهۆی تێکدانی سیمای وێنەکە، ونکردنی بەشێک لەخەسڵەتەکانی، شێوەی بازنەیی زیاتر بۆئەو وێنانە گونجاوە کەقەبارەیەیان بچووکە، تەنها گوزارشت لەیەک بەشی گرنگ دەکات.[3]

ث- **وێنەی جیاکەرەوە (دیکۆبی):** شێوەیەکی گرنگە، زیاتر سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا رادەکێشێت، بەهۆی ئەوەی کەگرنگیپێدانەکانی لەسەر بابەتێکە، تیشک دەخاتەسەر یا بەکاردێت بەمەبەستی دەرخستنی بەشێک لەوێنەیەک، وەک دەرخستنی دەمووچاو یان هەردوودەستەکان.[4]

**٣. جۆری وێنەی دەستی:** وێنە دەستییەکان لەگەڵ پەیامە ئالۆزەکان دادەنرێت کەتێگەشتن لێیان کارێکی ئاسان نییە، لەوانە هەواڵی دادگا، سەربازی، ئابووری...هتد، لێرەوەیە کەپێویستی بەوێنەی روونکارییە.[5]

---

[1] اكرم فريدون حمه امين: الإخراج الصحفي، مصدر سابق، ص٢٠٤.

[2] شريف درويش اللبان، أشرف محمود صالح: الإخراج الصحفي- الأسس النظرية والتطبيقات العملية، القاهرة، دار النهضة العربية، ٢٠٠١، ص ١٧٨.

[3] اكرم فريدون حمة امين، الإخراج الصحفي، مصدر سابق، ص ٢٢٠- ٢٢٤.

[4] سعيد الغريب النجار: مدخل إلى الإخراج الصحفي، قاهرة، الدار المصرية اللبنانية مصر،٢٠٠١، ص١٧٥.

[5] م.م. حنين سعد سلمان المرحلة الأولى التصوير الصحفي الرقمي .http://md.carts.tu.edu.i.q، بەروار ٢٠٢٢/٨/١، کات:٣٠٣٥: باش نیوەرۆ.

**٤.٣.٣: بەهای وێنە**

سەبارەت بەبەها لەچەند رەهەندێکەوە سەیردەکرێت:[1]

أ- **راستی :** بەیەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی وێنەی رۆژنامەنووسی دادەنرێت، پێویستە وێنەکە دەستکاری نەکرابێت لەرێگای پرۆگرامی کۆمپیوتەربۆبەرژەوەندی دەزگاکانی راگەیاندن، هەربۆیە دەبێت تەبابێت لەگەڵ بابەتەکاندا بەرجەستەی راستی و روونی بکات.

ب- **تازەیی:** رەهەندێکی گرنگە، تا وێنەکە نوێ وتازە بێت رەوشی گوزارشت کردن باشتر بەرجەستە دەکات، پێویستە ناوەڕۆکی ئەو وێنەیە هاوکات بێت لەگەڵ رووداونی رووداوەکە، واتا نوێ و زیندوو بێت، گوزارشتی لێبکات.[2]

ت- **ململانێ:** ململانێ هەمیشە جێگەی بایەخی وەرگرە، رەهەندێکی ئاسایی ژیانی مرۆڤە، چی لەناوکۆمەڵگە مروییەکاندا یا لەبەرامبەرسروشدا، ئالێرەوەیە ئەو وێنانەی بەرجەستەی ململانێ دەکەن زیاتردەبن بەجێگەی بایەخی وەرگر.

ث- **نزیکایەتی:** کارەسات و رووداوە نزیکەکان گرێدراوی وپەیوەندییان بەمرۆڤەکانەوە هەیە، جێگەی بایەخ وگرنگی پێدانیانە، لەم سۆنگەیەوەیە ئەو وێنانەی لێوەی نزیکن زیاتروزۆرتربەدوایاندادەچێت، لەگەڵ دەقەکاندا نمایشی تەواوی پەیامەکەدەکات، جگە لەوەی ئاماژەی پێدرا هەندێ رەهەندی مرۆیی رەوشێکی نزیکی بەرجەستەدەکات، گەرلەڕووی جۆگرافیاشەوە دووربێت.

ج- **ناوبانگ:** وێنەی دەستەبژێروسەرۆک راکانی ناوکۆمەڵ جێگەوپێگەی تایبەت بەخۆیان هەیە کەچین وتوێژەکانی ناوکۆمەڵ بەبەهاوە سەیریان دەکەن، جگەلەوەی وێنەی پاشماوە وشوێنە مێژووی وکۆنینەکان بەهەمان شێوە جێگەی بایەخن، مرۆڤ بەسروشتی خۆی پێیانەوە گرێدراوە، وەلێ لەهەندێک دەزگای راگەیاندن وسیستمی فەرمان ڕەواییدا فۆکەس دەخرێتە سەر هەندێک وێنەی کەسێتی کەبۆخۆیان جێگەی بایەخ وگرنگی کۆمەڵ نین، دەشێ ئەم رەوشە وەک خەوشێک سەیری بکرێت.

ح- **گرنگی:** ئەوێنانە دەگرێتەوە کەبەرجەستەی رەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی، رامیاری ...هتد دەکات (ئەرێنی ونەرێنی)، وابەستەیە بەچین وتوێژە جیاوەزەکانی کۆمەڵەوە، لەم سۆنگەیەشەوە دەزگاکانی راگەیاندن بایەخ بەو وێنانە دەدەن و چانسی بڵاوکردنەویان زیاترە.

---

[1] إبراهيم السيد حسنين: الإتجاهات الحديثة في الإعلام الصحفي، مصدر سابق، ص٢٢-٢٧.

[2] محمود عزت اللحام، وأخرون: مدخل إلى علم الصحافة، مصدرسبق، ص٣٦٣.

خ- **لایەنی مرۆیی:** مرۆڤ بۆخۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤایەتی ومرۆڤ دۆستی کاریگەری لەسەرهەست وسۆزی هەیە، بەجۆرێک لەجۆرەکان هاوسۆزی دروست دەکات، وێنەی توندوتیژی بەتایبەت بەرامبەربەمنداڵ وژنان، تاوانی کوشتن، رفاندن جێگەی بایەخ وکاریگەری زیاترە.[١]

### ٥.٣.٣: پێوەرەکانی هەڵبژاردنی وێنەی رۆژنامەنووسی

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی وێنەی رۆژنامەنووسی لەکەلتورێکەوە بۆکەلتورێکی دیکە، لەکاناڵێکەوە بۆکەناڵێکی ترجیاوازە، لەو سۆنگەیەوە ئازادی بڵاوکردنەوەی وێنە سنوردارە، وەک وێنەی ژن، جگە لەوە رەوشی دەرهێنانی رۆژنامە (ئەلکترۆنی یا کاغەز) بەهەمان شێوە رۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی وێنەکان، بۆ نمونە: هەندێک رۆژنامە بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی وەرگر ژمارەیەکی زۆر وێنەی قەبارە گەورەی هەمەچەشن وجۆر بڵاودەکەنەوە، لەکاتێکدا گەربابەتێک وێنەی پێویست نەبێت ناکرێ سیخناخ بکرێت بەوێنەی زیادە، بۆنمونە رۆژنامەی (لۆموند)ی فەرەنسی بابەتێک پێویستیکی زۆری بەوێنە نەبێت ئەواهەروێنە دانانێت، ئەم رەوشەش بەسەر پێگە ئەلکترۆنیەکاندا جێبەجێ دەبێت.[٢] سەرباری ئەو رەوشەش کەئاماژەی پێدرا کۆمەڵێک پێوەر دیاریکراون بۆدەزگا رۆژنامەنوسیەکان کەپابەندببن پێوەی لەهەڵبژاردنی وێنە رۆژنامەنووسیەکاندا، لەوانە:[٣]

١. پابەندبوون بەئیتیکی رۆژنامەنووسی، دوورکەوتنەوە لەدانانی وێنەیەک کەپێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵ بێت.[٤]

٢. بڵاونەکردنەوەی وێنەی دروستکراویا شوێندراو، لەرێگای پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرەوە.

٣. تادەکرێت ئەو وێنانەی کەسەرچاوەکانیان نادیارە، یاپێشوەخت دەزانرێ کەدزراون، نابێت بڵاوبکرێنەوە.[٥]

٤. وێنە بڵاوکراوەکان دەبێت لەگەڵ سیاسەتی دەزگاکە تەباوگونجاوبێت.

٥. قەبارەی گونجاو، قەبارەی وێنە بەپێی گرنگی هەواڵەکە لەبەرچاودەگیردرێت،چ رۆژنامەی کاغەزی یا پێگەئەلکترۆنییەکان.[٦]

---

[١] باقي جميل أحمد صالح: وظيفة الصورة الخبرية في الصحافة الكوردية، مصدرسابق، ص ١٠٧-١٠٨.
[٢] غسان عبد الوهاب الحسن: ايدولوجيا الإخراج الصحفي، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢، ص١١٩.

[٣] إبراهيم إمام: دراسات في الفن الصحفي، مصدر سابق، ص٣٠٣.

[٤] سعيد الغريب النجار: مدخل إلى الإخراج الصحفي، مصدر سابق، ص ٥٧.

[٥] عبد الجواد سعيد محمد ربيع: فن الخبر الصحفي، دراسة نظرية وتطبيقية، مصدرسابق، ص٩٧-٩٨.

[٦] حنين سعد سليمان عبدالله: توظيف الصورة الصحفية في المحتوي الرقمي للتنظيمات الإرهابية -دراسة تحليلية لموقع العربية.نت، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الادب، قسم الإعلام، الصحافة، جامعة تكريت، ٢٠١٠، ص٤٧-٥٢.

٦. وێنە دەبێت مەبەستدارو سەرنجڕاکێشبێت، بەروونی گوزارشت لەبابەت ورووداوەکە بکات.

٧. ئەووێنانەی سەرچاوە وناسنامەکانیان ئاشکرایە وێنەیەکی باوەڕپێکراون، زیاتر راستی دەدەن بەبابەتەکان، وەک لەوەی نارۆشن بن.[١]

**پاژی چوارەم: رەهەندی ناونیشان (سەردێڕ )**

**٣.٤.١: ناساندن**

سەرەتاودەستپێکی هەموو بابەتێکە، هەڵگری ناوەڕۆکەکەیەتی، پوختەی گرنگترین بەشە پێکهێنەرەکانێتی، دەروازەیەکە خوێنەرلێوەی دەچێتە ناوبابەتەکەوە، پێویستە راشکاوانە پەیامەکەی بگەیەنێت، نادیارنەبێت.[٢] رەگەزێکی بنەڕەتی سەرنجراکێشانە، خوێنەرپەلکێش دەکات بۆخوێندنەوەی بابەتەکە، رەوشێك دروست دەکات تاکۆتایی بەردەوام بێت، بۆیە دەبێت بەکەمترین وشە زۆرترین مانا دەربپڕێت.[٣] نابێت ئەوراستیەش لەیاد بکەین کەزۆربەی خوێنەران پێراناگەن وکاتیان نییە یا ناتوانن هەموو بابەتەکان بخوێننەوەو وەك یەك گرنگییان پێبدەن، ئالێرەوەیە کەسەرنجیان لەسەر سەردێر چڕدەکەنەوە، هەرلەسۆنگەی ئەم هۆکارەشەوەیە کەدەبێت گرنگی تەواو بە ناونیشان بدرێت، رەچاوی چەندبنەمایەکی تێدابکرێت، دەبێت: [٤]

١. کورت وچڕوپڕمانابێت، گرنگترین رەهەندی تێدا بەرجەستە بووبێت.

٢. پێویستە لەگەڵ بابەتەکەدا هەماهەنگو گونجاو بێت، گوزارشت لەگرنگترین خاڵو ڕەگەزی بابەتەکە بکات، سەرنجی خوێنەربەلای خۆیدا رابکێشی.

٣. ئەگەر سەبارەت بەهەواڵ بوو ئەوا دەبێت گوزارشت لەسەرەتا یادەروازەی هەواڵەکە بکات.

٤. دەبێت زۆر بەئاگاییەوە وشەکان هەڵببژێردرێت، دوور بکەوینەوە لەبەکارهێنانی دەستەواژەی تەماوی وقورس، درێژدادڕی تێدا نەکرێت.

**[١] حسني رفعت حسني: معاييرجودة الصورة الصحفي في المواقع الكترونية في المواقع الكترونية، بحث منشورة، في مجلة الباحث الإعلامي، عدد(٤٦)، ٢٠١٩، ص ١٤١.**

**[٢] بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەوانی مۆدرێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.**

**[٣] نهلة ابورشيد: كتابة وتحرير لإخبار، مصدر سابق، ص ١٦٢.**

**[٤] عمران الهاشمى المجدوب: مفهوم العنوان الصحفي وأهميته ووظيفتة في الصحافة، بحث منشورة في المجلة الأستاذ، طرابلس، عدد(٨)، ٢٠١٥، ص ١٨٨.**

٥. دەبێت وشـــەکان دووبارە نەکرێنەوە، بۆنمونە: ســـەرۆکی ئەمریکا جەخت دەکاتەوە کەهێزەکانی ئەمریکا...هتد، هەروەها واباشـــترە هەمان ئەم وشـــانەش لەلاپەڕەیەکدا دووبارە نەبنەوە، یا بەگشتی لەدوو سەردێڕدا بەکار نەهێنرێن.

٦. پێویستە وشـەکان پێکەوە گرێدراوبن وهەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت ومانای یەکتر تەواو بکەن.

٧. لەکاتی نووســینی ژمارە باشــتر وایە تا(٩٩٩) بە ژمارە بنووســرێت بەڵام لەوە زیاتر دەنووسـرێت: هەزار، دووهەزار،...هتد، سـەبارەت بەرێژەی سـەدی ئەم ئاماژەیە (%) دابنرێت باشترە، وەك لەوەی بنووسرێت (لەسەدا).

٨. ناوی وڵات وپایتەخت بەدوای یەکدا وبەشـــێوەی ئەم هێمایە (:) نەیەت باشـــترە، جگە لەوکاتە نەبێت کەلێدوانێکی فەرمی یادەقی بەیاننامەیەك لەوپایتەختەوە دەرچووبێت.

### ٣.٤.٢: ئەرکەکانی ناونیشان:[١]

أ- کورتکردنەوەی بابەتەکە.

ب- نمایشکردنی گرنگێتی بابەتەکە، دیاریکردنی پلەی بایەخبەندێتیی.

ت- دانانی جیاکاری لەنێوان دەق وبابەتەکانی تردا.

ث- پێدانی سەرنجڕاکێشی بەرۆژنامەکە.

ج- گوزارشت لەدەقی ئەوبابەتە دەکات کەبۆی دەنوسرێ.

ح- خوێنەروالێدەکات تاکۆتایی بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکە.[٢]

خ- بیرۆکەیەکی خێراوچڕ سەبارەت بەبابەتەکە پێشکەش بەخوێنەردەکات.

د- بەشێوەیەك ریکلام بۆرۆژنامەکە دەکات.

ذ- هاوکاردەبێت لەدیاریکردنی کەسێتی مەعنەوی رۆژنامەکە.[٣]

### ٣.٤.٣: ئەرکەکانی ناونیشان لەدیزاین کردندا: [٤]

١. پێکهێنانی هاوسـەنگی لەنێوان رەگەزە جیاوازەکاندا، بۆنمونە لەنێوان دەق، وێنە، مۆتیڤ، سکێچ،...هتد.

٢. هاوکاریکردن لەبنیاتنانی پەیکەری گشتی رۆژنامەکە.

---

[١] نهلة ابورشيد: كتابة وتحرير لإخبار، مصدر سابق، ص١٦٧.

[٢] فریبا سەیاد، عەلی ئەکبەر فەرهەنگی: نەریتی رۆژنامەوانی، و.کارزان محمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

[٣] احمد موسى قريعى: ضمير الصحافة، القاهرة، مكتبة مدبولى ، ٢٠٠٨، ص ١٠٧.

[٤] أشرف محمود صالح، شريف درويش اللبان: الاخراج الصحفي، القاهرة، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٦، ص ٨.

٣. پێدانی ڕەگەزی جوانکاری.

٤. بەخشینی پشوویەك بەچاو لەکاتی خوێندنەوەدا[١].

٥. بەخشینی جیاکاری لەگەڵ دەقدا بەدرێژایی ستونەکە.

٦. شکاندنی ڕەوشی (سپێتی یا ڕەشێتی) لاپەڕەکە.

**٣.٤.٤: شێوازەکانی ناونیشان** [٢]

أ- هەواڵ ئامێز.

ب- بەراوردکاری، بەراورد لەنێوان دووبیرۆکە لەخۆدا بەرجەستەدەکات.

ت- پرسیاری، لەشێوەی پرسیاردا دائەڕێژرێت.

ث- پیاهەڵدان.

ج- گەپ ئامێز.

ح- ڕەخنەیی، ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانە نمایش دەکات.

خ- ئیدیۆم وپەند یاقسەی نەستەق یا...هتد.

**٣.٤.٥: جۆرەکانی ناونیشانە رۆژنامەنووسیەکان**

**یەکەم:مانشێت**، وشەیەکی فەڕەنسیە، بەواتای سەرقۆڵی کراس دێت کەشوێنێکی دیارو بەرزە، لەژانرە رۆژنامەنووسیەکاندا رۆڵی تەواوکەردەبینێت، پوختەی گرنگترین مەبەست و ڕەگەزە سەرنجڕاکێشەکانە کە بەشێوەیەکی وردو رۆشن خراوەتەڕوو،[٣] بەکەمترین وشە زۆرترین مانا دەگەیەنێت، نیشانەکانی ڕێنماییە بۆخوێنەر، هەندێ خوێنەرهەر بەتەنها مانشێت دەخوێننەوە، کات بە بابەتێکەوە بەفیڕۆنادەن کەمەبەستیان نەبێ، لێرەوەیە کەئەرکێکی فرە گرنگی لەسەرشانە.[٤] ئەو ناونیشانە سەرەکی وبنەڕەتیەیە کەبەهێڵێکی گەورەوقەوارەیەکی دیار،[٥] لەپانتایی سەرەوەی رۆژنامەدا، بەئاسۆیی دەنوسرێت وشوێنەکەی دەکەوێتە ژێرلۆگۆی رۆژنامەکەوە بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان بەکاردێت.[٦] مانشێت ڕۆڵی بنچینەیی هەیە بۆئەوەی خوێنەربۆخوێندنەوەی

---

[١] محمد سعيد أحمد أبوزايد: العوامل المؤثرة في التحرير العناوين وإخراجها في الصحف الفلسطينية اليومية، دراسة ميدانية، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلة الأداب والعلوم الإنسانية، قسم الصحافة، الجامعة الإسلامية بغزة،٢٠١٧، ص٥٣.

[٢] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، سەرچاوەی پێشوو ل٤٨-٥٦.

[٣] ڕەزا حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی، کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

[٤] بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەی مۆدێرن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

[٥] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٦] نهلة أبورشيد: كتابة وتحرير الإخبار، مصدر سابق، ص ١٦١.

بابەتەکە کێش بکات، یاخود دووری بخاتەوە، بەگشتی کۆمەڵێك بنەماوڕێسای سەرەکی هەیە پێویستە لەهەڵبژاردنی جۆری مانشێتدا ڕەچاوبکرێت: [1]

١. پێویستە بەزمانێکی ڕەوان و بێ گرێ و گۆل و پێچ و پەنا بنووسرێت، زاراوە ئاشناو شیاوەکان بەکاربهێنرێت، خۆ لەبەکارهێنانی وشەو زاراوەی نارۆشن و نامۆ بەدوور بگرێ، بەمانای ڕۆشن، وردو ئاشکرا بێت.

٢. پێویستە بەڕستەی کورت و بەکەمترین وشە گوزارشت لەمەبەستەکە بکات.

٣. ئەگەر بکرێت بەڕەنگێکی سەرنجڕاکێش بنووسرێت، چاکتریشە جیاوازی لەگەڵ ڕەنگ و شێوازی نوسین (فۆنت)ی بابەتەکانی دیکەدا هەبێت[2].

٤. وێنەی بۆچوونێکی گشتی لەبارەی بابەتەکەوە بگرێ و بەرجەستەی بکات.

٥. تا دەکرێ پرسیاری تێدا نەبێ[3].

٦. دەکرێ پەنا ببرێتە بەر کورتکراوەکان.

٧. پێویستە (کار)ی لەخۆگرتبێت[4].

٨. نابێت وشەکان دووبارەببنەوە.

٩. مانشێت هەتا کورتتربێت باشترە.

١٠. لەکۆتایی مانشێتدا خاڵ دانانرێت.

**دووەم: ناونیشانی سەرەکی،** هەر بابەتێك هەڵگری ناونیشانێکی تایبەت بەخۆیەتی، بەیەکەم دەروازە دادەنرێت کەخوێنەرلێوەی دەچێتە ناو بابەتەکەوە، هەرچەندە خوێنەر لەسەرەتای بابەتەکەدا دەیبینێت بەڵام هەندێجار نووسەر لەدوای تەواوبوونی بابەتەکەی دەینوسێت، قەبارەوفۆنتی ناونیشانی سەرەکی لەقەبارەوفونتی مانشێت بچوکترە، بەڵام لە ناونیشانی لاوەکی گەورەترە.[5]

**سێیەم: ناونیشانی لاوەکی،** کورتە ناونیشانێکە کەبریتییە لەدێڕێك یازیاتر کەقەبارەی فۆنتەکەی لەناونیشانی سەرەکی بچوکترە، بەڵام لەقەبارەی فۆنتی دەق گەورەترە، ئاماژە بۆگرنگترین ناوەڕۆکە پێکهێنەرەکانی بابەتەکە دەکەن، لەنێوان بڕگەکانی بابەتێکدا دەنووسرێت بەمەبەستی

---

[1] ڕێبوار کەریم وەلی: بنەماکانی نووسینی هەواڵ، دهۆک چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨، ل٨٨.

[2] سعيدالغريب النجار: مدخل إلى الإخراج الصحفي، مصدرسابق، ص ١١٥-١١٦.

[3] نبيل حداد: في الكتابة الصحفية السمات الأشكال القضايا المهارات الدليل ، مصدر سابق، ص ٧٩.

[4] سۆران عەلی: چۆن مانشێتی کاریگەر دەنووسیت؟، بێ شوێنی چاپ، بێ چاپخانە،٢٠١١، لا ٦٨.

[5] علي نجادات: الإخراج الصحفي- اتجاهاته ومبادئه والعوامل المؤثرة فيه وعناصره، القاهرة، مؤسسة حمادة للنشر والتوزيع، ٢٠٠١، ص ١٤٦.

نەهێشتنی بێزاریورێنیشاندانی خوێنەر بەبڕگەوپەڕەگرافەکان، هەروەها لایەنێکی جوان کاریش بەرۆژنامەکە دەبەخشێت.[1]

**پاژی پێنجەم: راگەیاندنی ئەلکترۆنی**

**١.٥.٣: چەمک وپێناسە**

جیهان لەدوا دەیەی سەدەی رابوردوو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەتایبەت، لەرووی تەکنەلۆجیا وئامرازەکانی راگەیاندنەوە، بەشێوەیەک کەلەوەوبەرولەمێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە. جێگەی ئاماژەیە کەپەرەسەندنە خێراکان، وەک دەرئەنجامێک سەرجەم بوارەکانی ژیان (ئابووری، رامیاری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و...هتد.)گرتەوە، گەشەی زۆر وفرەیان بەخۆبینی، ئەمە سەرباری پێشکەوتنەکانی بواری پەیوەندیکردن وراگەیاندن، کەلەسۆنگەی دەرکەوتنی کۆمپیوتەرومانگە دەستکردەکان وتۆڕی زانیارییە نیودەوڵەتییەکانەوە (ئینتەرنێت، راگەیاندنی ئەلکترۆنی) هاتە گۆڕێ.[2]

سەبارەت بەچەمکی راگەیاندنی ئەلکترۆنی رای جیاوازو دژبەیەک هەیە چونکە جۆرە تێکەڵاوییەک دروستبووە لەنیوان (راگەیاندی ئەلکترۆنی و تایبەتمەندیەکانی راگەیاندنی کارلێکی وراگەیاندنی نوێ)، کەجیاکردنەوەی هێڵی نێوانیان زۆرهێمایییە، بۆنمونە: هەندێک لەبەرامبەرراگەیاندنی ئینتەرنێتی، چەمکی راگەیاندنی نوێ بەکاردەهێنێت، ئەمەش بەبۆچوونی هەندێک لەشارەزایان گونجاو نییە، چونکە پێیان وایە راگەیاندنی نوێ تایبەت نییە بەدەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێت، تەنها ئەوە نەبێت کەتۆڕی ئینتەرنێت روویەکی راگەیاندنی نوێیە،[3] کەبنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵەکانی هەشتاکان کەناونرابوو تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندی کردن (NTIC)، ئەمەش لەئەنجامی دەرکەوتن وگەشەکردنی چەند تەکنۆلوژیایەکی گەیاندن و پەیوەندیکردنەوە پەیدا بووە، لەوانە: مانگە دەستکردەکان، فاکس، ڤیدۆتێکست، تیلیتێکست،[4] ڤیدۆتێکست، کەئەمەش سەری کێشابۆدامەزراندن وداهێنانی ئامرازی فرەمۆدێل وتەکنیکی

[1] عمران الهاشمی المجدوب: مفهوم العنوان الصحفي وأهميته ووظيفتة في الصحافة، مصدرسابق، ص١٩٨.

[2] على عبدالفتاح: الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجيا، عمان، دار اليازوري للنشر والتوزيع ،٢٠١٤، ص٥.

[3] عمر أحمد رمضان: دور الصحافة الالكترونية الكوردية في تشكيل الاتجاهات السياسية لأساتذة جامعة السليمانية - دراسة میدانية، اطروحة الدكتوراه، غير منشورة، سكول العلوم الإنسانية، قسم الإعلام، جامعة السليمانية، ٢٠١٢، ص ٤٧-٤٨.

[4] نورهان سليمان حسان: تكنولوجيا الإعلام المتخصص ديناميات مستقبلية، الإسكندرية، الرياد للنشر ولطباعة،٢٠٢٠، ص٣٥.

فرەڕەهەند، گرنگترین بەرجەستەکراویان لە ئێستادا مۆبایلە کەبەکاردەهێنرێت بۆپەیوەندی، خوێندنەوە، نووسین، بینین (گرتەی ڤیدۆیی).[1]

ناوهێنانی راگەیاندنی ئەلکترۆنی بەراگەیاندنی نوێ یا کارلێکی یا راگەیاندنی ژمارەیی یا ئەوناوە زۆر وزەوەندانەی لەراگەیاندنی ئەلکترۆنی نراون، هەریەکە لەشارەزایان بۆ زەمینەو رەهەندێکی نوێی دەگەڕێنێتەوە، بۆ نمونە: ناوبردنی بە راگەیاندنی ژمارەیی، بۆپەسەندکردنی بەشێک لەلایەنە پراکتیکییەکانیەتی کەلەبنەڕەتدا پشتی بە تەکنەلۆژیای ژمارەیی وەک تەلەفزیۆن ورادیۆی ژمارەیی و...هتد بەستووە، یان بۆئاماژەکردن بۆ هەرسیستمێک یان ئامرازێکی راگەیاندن کەلەگەڵ کۆمپیوتەرلەیەک بدرێ، هەربۆیە پێیدەوترێت میدیای کارلێکردن، لەبەرئەوەی بارودۆخێک دروست دەبێت کەئاڵوگۆڕی زانیاری وبۆچوون وئەزموونە جیاوازەکان فەراهەم دەکات لەنێوان بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت وتەلەفزیۆن ورادیۆی ژمارەیی ورۆژنامەی ئەلکترۆنی.[2]

راگەیاندی ئەلکترۆنی، لەرووی ئامانج وئەرکی راگەیاندنەوە هاوشێوەی راگەیاندنی نەریتییە (کۆنە)، بەڵام ئەوەی جیاوازیەکەی دروستکردووە لەنێوانیان بریتییە: لەدەرکەوتنی (Multi media - فرەکەناڵ)، کەئاماژە بەتەواوکاری وگرێدانی کۆمەڵێک ئامراز دەکات،[3] جیاوازیەکی دیکە لەنێوان راگەیاندنی کۆن وراگەیاندنی ئەلکترۆنی خۆی لەگەیاندنی پەیامەکاندا دەبینێتەوە، چونکە سروشتی بڵاوکردنەوەی پەیام لەرێگای ئامرازە نوێکانی راگەیاندنەوە لەرووی پانتایی بڵاوکردنەوەوکاریگەرییەوە جیاوازە، لێرەشەوە رۆژنامەنووسان و راگەیاندکاران بواریان بۆ دەرەخسێت کەپەیامەکانیان زیاترو فرەچەشنە بکەن، بەشێوازێک کەراگەیاندنکارمەرج نییە لەکەناڵێکی پیشەییدا کاربکات، سەرباری ئەوەش وەرگردەتوانێت لەهەمانکاتدا ببێتەوە بەنێرەر بەمانای چەمکی راگەیاندنی کارلێک (تفاعلي) بەرجەستە دەبێت.[4] لەم سۆنگەیەشەوە هەندێ پێناسە بۆ راگەیاندی ئەلکترۆنی کراوە:

راگەیاندنی ئەلکترۆنی ئاماژەیە بۆدەرکردن وبڵاوکردنەوەی رۆژنامە لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت، کەژانرە رۆژنامەنووسیەکان لەخۆدەگرێت، پێویستە دەستەیەک رۆژنامەنووس وهەواڵسازی هەبێت، ناسراوبن وبەرپرسبن لەوبابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە لەرووی یاسایی و ئەرکی پیشەییەوە، هەروەها چەمکی کارلێکی ئاماژەیە بۆ بەرجەستەوئامادەکردنی ئەورەوشەی

[1] فضيل دليو: تاريخ وسائل الإعلام والاتصال، الجزائر، دار الخلدون للنشر والتوزيع ،٢٠١٣، ص٣٠.

[2] عباس مصطفى صادق: الإعلام الجديد، المفاهيم والواسائل والطبيقات، عمان، دارالشرق للنشر والتوزيع، ، ٢٠١٩، ص ٢-٣٠.

[3] عباس ناجي حسن: الواسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني، عمان، دارصفاء للنشر والتوزيع،٢٠١٦، ص٩٨.

[4] مروى عصام صلاح: الإعلام الكتروني الأسس وأفاق للمستقبل، مصدر سابق ص١٤٨.

نێرەرو وەرگر بەشدارن لەناوەڕۆکی پەیامەکان، لەساتە وەختی خۆیدا جێگۆڕکێ دروست دەبێت لەپێگەکەیاندا، تەواورەوشی کارلێکی پیادە دەبێت.[1]

راگەیاندنی ئەلکترۆنی پرۆسەیەکە بۆپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە هەمە چەشنەکان، لە سۆنگەی یەکگرتنی تەکنۆلوجیای زانیاری و پەیوەندیکردنەوە، کەلەڕووی ناوەڕۆک وشێوەوە گەشەی کردوە خەمڵییوە و فەراهەم بووە.[2]

راگەیاندنی ئەلکترۆنی لەسەر بنچینەی ئامڕازە هەڵگیراوەکان دروستدەبێت، ئەوەش ئامڕازەکانی خوێندنەوەی پەرتووک ورۆژنامەکان دەگرێتەوە، کەزۆر بەخێرای گەشەدەکات وزۆر جۆری بەکارهێنانی لێ دروست دەبێت، لەسەر جۆرەها ئامێری هەڵگیراوی وەک مۆبایل وئامرازە ئەلکترۆنییەکان.

راگەیاندنی ئەلکترۆنی بریتییە لەبڵاوکردنەوەی بابەتە و ژانرە رۆژنامەنووسییەکان (هەواڵ ،راپۆرت، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، کاریکاتێر...هتد)، لەرێگای تۆڕەکانی کۆمپیتەر یالەرێگای ئامڕازەکانی پاراستن وخەزنکردنە جۆراوجۆرەکانی وەک، سیدی ودی ڤیدی...هتد.[3]

راگەیاندنی ئەلکترۆنی، بریتییە لەوراگەیاندنەی لەرێگایەکی ئەلکترۆنییەوە لەسەرووی هەموویانەوە لەرێگای ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم راگەیاندنە بەئاسانی دەگات وخێرایە لەبەرهەمهێنان و پێشکەوتن ونوێگەری، سەرباری ئەوەش پانتای ئازادییەکانی فراوانترە.[4]

پرۆسەیەکی پەیوەندی کردنی کۆمەڵایەتییە لەدوورەوە، کە تیادا پەیامە میدیایە جۆراوجۆرەکان لەنێوان بەکارهێنەران (تاکەکان) ئاڵوگۆڕدەکرێت، لەرێگای سیستمی ئەلکترۆنیی وئامڕازەکانی، بۆبەدەستهێنانی چەند ئامانجێک.[5]

راگەیاندنی ئەلکترۆنی یەکێکە لەگرنگترین جۆرەکانی پەیوەندیکردن کەزادەی تۆڕی ئینتەرنێتە، بەرجەستەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی ئەکات لەهۆکارەکانی پەیوەندیکردندا بەراپەرمونەسەر پێگە ئەلکترۆنیەکەی لەپێشکەشکردنی هەواڵ و زانیاری بەوەرگر، جگەلەوەی

---

[1] لؤي الزعبي: الإعلام ولاتصال الالكتروني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية،٢٠٢٠، ص١.

[2] فيصل أبو عيشة: الإعلام الإلكتروني، عمان، دارأسامة للنشر والتوزيع،٢٠١٠، ص٢٧٦.

[3] عبدولخالق ئیبراهیم: میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، دەروازەیەک بۆناساندنی ڕۆڵ وئامرازەکانی تەکنۆلوژیای ژمارەیی و میدیای نوێ، هەولێر، چاپخانەی موکریانی،٢٠١٤، ل ٤٧.

[4] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: نووسین لەمیدیایی ئەلیکترۆنیدا، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٢١، ل٢٢١.

[5] قجالي آمنة: التفاعلية في الصحافة الإلكترونية، دراسة في إستخدامات وإشباعات النخبة الأكاديمية الجزائرية، أطروحة الدكتوراه غيرمنشور، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم علوم والإعلام والإتصال وعلوم المكتبات، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص١٢٦.

توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە لەهەڵگرتن و ئەرشـیفکردنی زانیارییەکاندا، بەشـێوەیەك لەچەند چرکەیەکی کەمدا دەتوانێت بگەڕێیتەوە سەریان.

**٢.٥.٣: رەگەزە بنەڕەتییەکانی دەرکەوتنی راگەیاندنی ئەلکترۆنی**

پێشکەوتنە بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکانی راگەیاندن وایکرد لەیەك کاتدا قسە لەگەڵ زیاتر لەهەستێکی مرۆڤدا بکرێت وبچێتە ناوناخ ودەروونی مرۆڤەوە وهەڵچونی جیاجیای تیادا دروست بکات لە (خۆشی و ناوخۆشی و سەرسوڕمان)، وەلێ لەکۆتایی سەدەی بیستەم وسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا شـۆرشـێکی گەیاندنی نوێ دەسـتی پێکرد، ناوی لێنرا راگەیاندنی ئەلکترۆنی، کەلەسـۆنگەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە بەرجەسـتە بوو، مەودایەکی زیاتری لەرۆژنامەو رادیۆ وتەلەڤزیۆن داگیرکرد، رۆڵ وکاریگەری زیاتروفراوانتری بۆسەرجەماوەرێکی زیاتر هەیە.رەگەزەکانیش بریتین لە: [١]

١. **تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی:** کۆی ناسەوانی (مەعریفە) و شـارەزایی و ئەزمون ولێهاتوییە کەڵەکەبوەکانە، سەرباری ئامێروئامڕازە مادیەکان و بەکارهێنانی سیستمی تایبەتی کۆکردنەوەی زانیاریی وسـازاندنیان و گەیاندنیانە بەوەرگر، هەروەها بەدیاردەیەکی فرە رەهەندی تەکنۆلۆژی، ئابووری، زانسـتی، دەرونی و رامیاری...هتد هەژمار دەکرێت. بەسـروشـتی خۆی رێژەییە وپەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەپلەی پێشـکەوتنی هەرکۆمەڵگەیەکەوە هەیە. ئەوەی لەکۆمەڵگەیەکدا بەنوێ دادەنرێت، رەنگە لەوی تردا تەقلیدی بێت.[٢]

٢. **تەکنۆلۆژیای زانیاریی:** هەمووئەوتەکنیکانە دەگرێتەوە کەبەکاردێن بۆگۆڕینی داتاکان بەهەمووشـێوەکانیەوە بۆزانیاریی بەهەموو جۆرەکانیەوە. ئەوزانیارییانەی کەبەکارهێنەران لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا بەکاری دێنن.[٣]

٣. **مەڵتی میدیا(فرە کەناڵ):** (Multimedia) وشـەیەکە لەدوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان مەڵتی،(Multi) کە مانای فرەیی دەبەخشـێت، دوەمیشـیان میدیا(Media)کەئاماژەیە بۆئەو ناوەندانەی هەڵگری زانیارین، لەنمونەی کاغەزوکاسێت وسیدی وجۆرەکانی دیکە. تایبەتمەندی فرەکەناڵ لەوەدایە کەچەند توخم لەخۆدەگرێت کەخۆیان لەدەقە نووسـراوەکان (Text)ودەقە زارەکییەکان (Spoken)، مۆزیک کاریگەرییە دەنگییەکان (Music, Sound Effect)،

---

[١] **وسام كمال : الإعلام الإلكترونى والمحول – بين المهينة وتحديات التطور التكنولوجي، دار الفجر للنشر واللتوزيع،٢٠١٤، ص١٣-١٤.**

[٢] **خالد منصر: تكنولوجيا الإعلام والاتصال الحديثة واغتراب الشباب، دولة الإمرات العربية المتحدة – الجمهورية اللبنانية، دار الكتاب الجامعي،٢٠١٦، ص ٢١.**

[٣] **محمدالفاتح حمدي، واخرون: تكنولوجيا الإعلام والاتصال الحديثة الاستخدام والتأثير، الجزائر، مؤسسةالحكمة للنشر والتوزيع، ٢٠١١، ص٣.**

نیگارو هێڵکارییەکان(Graphics)، نیگارە جووڵاوەکان(Animation)، وێنەی جێگیر(Still)، وێنەی جووڵاو (Motion, Picture) بویەرگریمـانەیی (Virtual Reality)، دەبینێتەوە، بەشێوەیەکی تەواوسانا بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر تێکەڵ بەیەکتری بکرێ.[1]

**پاژی شەشەم: تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی**

**١.٦.٣:کۆمپیوتەر**

لەئەنجامی پێشـــکەوتن و پێکهەڵپێکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن وزانیاریی، جیهان چووەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم پێشـــکەوتنە گەورەیەش لەئامرازەکانی پەیوەندیکردندا بۆتە هۆی بنیاتنانی ســیســتمێکی میدیایی پشــت بەســتوو بە تەکنۆلۆژیای ژمارەیی ودەرکەوتنی میدیای ئەلکترۆنی، کەئەمانەیش شۆڕشێکی گەورەیان لەپەیوەندیکردنی جەماوەریدا هەڵگیرساند لەسەرجەم بوارەکانی بڵاوکردنەوە ونـاوەڕۆك وشـــێوە وپۆلێنکردنی زانیـاریەکـانو وەرگرتنیـان لەچەند چرکەیەکدا. بەشێوەیەکی گشتی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیندنی ئەلکترۆنی بریتین لە:

ئەگەروشـــەی چاپکراو گوزارشـــت بێت لەقۆناغەکانی گەشـــەکردنی مرۆڤ، بەو پێیەی دەســـتکەوتی گەورەی لەبواری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردندا بەدوای خوێداهێناوە، لەوانە تەلەگراف وپەیوەندی تەلەفونی وڕادیۆ وتەلەفزیۆن ودەرکەوتنی پەخشی ڕاستەوخۆ، ئەوا دەرکەوتنی ئـامێری کۆمپیوتەروبەکـارهێنـانی لەبواری ڕاگەیـاندنـدا، هەروەهـا دابینکردنی بڕێکی زۆری زانیـاری بەیەکێـک لەگەورەترین ئەوداهێنـانـانە ئەژمـاردەکرێت کەبەشـــێوەیەکی بەربڵاو دەیگەیەنێ بە وەرگر.[2] کۆمپیتەربەشـــادەمـاری ڕاگەینـدنی ئەلکترۆنی دادەنرێت، هۆکـارێکی بنەڕەتییە لەدەرکەوتن وداهێنـانی ڕاگەیـانـدنی ئەلکترۆنی، لەگەڵ ئـاوێتەبوونی بەتۆڕەکـانی زانیاری، بوەبەهۆی بەستنەوەی تاک و شار، وڵات، جیهان پێکەوە.[3]

کۆمپیوتەروبەکارهێنانەکانی لەبواری ڕاگەیاندن بەگشـتی وبەتایبەتی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی دەرگایەکی گەورەی واڵاکرد لەبەردەم ڕۆژنامەنووسان بۆبەئاسانی بەئەنجام گەیاندنی پیشەکەیان، بەهۆی ئەوەی کۆمپیوتەرکۆمەڵێک بەرنامەی تایبەت بە (نووسین و ریکخستن وچاکردن، نەخشە سـازیی...هتد) لەخۆ دەگرێت، سـەرەڕای توانای عەمارکردنی بڕێکی زۆری زانیاری، هەروەها لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنـامەی ئەلکترۆنی وپێگە ئەلکترۆنییەکـان، کۆمپیوتەربەکـاردەهێنرێ بۆ خوێنـدنەوەوبیســـتن وبینینی پەیـامە ڕۆژنـامەنوســـیەکـان، هەروەهـا پێشـــکەشـــکردنی ئەو

[1] بەهادین ئەحمەد: پەیوەندیە گشتییەکان لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، و.ڕابەر ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

[2] رضاء عبد الوجدان امین: الصحافة الإلكترونية ، القاهرة، دار الفجرللنشر والتوزيع،٢٠٠٧، ص٩٥.

[3] عزام محمد الجويلي : الإعلام الإجتماعي، عمان، دار غيداء النشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص١٧.

خزمەتگوزارییەی کەرێگە بەهاوبەشـــەکان دەدات، ســـوود مەندبن لەناوەرۆکی ئەوپایامەنەی کەرۆژنامەی ئەلکترۆنی پەخشیان دەکات.[1]

### ٢.٦.٣: تۆڕی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت بەنوێترین تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن دادەنرێت، کاتێك ئەو تۆڕە جەنجاڵە بەهۆی تـایبەتمەنـدییە زۆرەکـانیەوە توانیویەتی گۆڕانکـارییەکی گەورە بەســـەر بەرهەمە میدیـاییەکـانـدا بهێنێـت. ئینتەرنێـت رێگەی بەبەکـارهێنەرانی داوە بەئــازادییەکی زۆرەوە ســـوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگرێت.[2] شۆڕشێگی گەورەی زانیاریی و پەیوەندیکردنی هەڵگیرساند، ئەویش لەرێگای پێشکەشکردنی شێوەیەکی نوێ لەشێوەکانی پەیوەندیکردن کەبە (پەیوەندیکردنی جەماوەریی دوو ئاڕاستەیی بێ سانسۆر) ناودەبرێت.[3]

### ٣.٦.٣:پێناسەی ئینتەرنێت

کۆمەڵە تۆڕێکە ســـەرجەم کۆمپیوتەرە گرێدراوەکانی جیهان لەخۆدەگرێت، کەئالوگۆڕی زانیــاری لەنێویــانــدا روودەدا، لەرێگــای پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتی یەکگرتووە،[4] چەنــدین خزمەتگوزاریی جیاواز پێشـــکەش دەکان، لەوانە  خزمەتگوزاریی تۆڕی جاڵ چاڵوکە وپۆســـتی ئەلکترۆنی (ئیمەیڵ)، گواستنەوەی فایل (FTP)، لەگەڵ تەکنیکەکانی گفتوگۆوقسەکردن.[5]

ئینتەرنێت ســیســـتەمێکی رۆشـــنبیریی ودەریایەک لەزانیاری نەبڕاوە و بێ کۆتاییە، تۆڕیگی گەورەوبێشـەیەکی چڕی ناوەندی ئاڵوگۆڕی زانیاری وناسـەوایی مرۆڤە، بەمەبەستی سوودمەندن بوون لە خزمەتگوزارییەکانی، بەملیونها خەڵک بەکاری دەهێنێت.[6]

ئینتەرنێت تۆڕێکی زانیاریی جیهانییە، توانیویەتی ژمارەیەکی زۆرلەئامرازەکانی پەیوەندیکردن پێکەوە ببەستێتەوە. یەکێك لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکەیەتی ئەویش لەسۆنگەی ئەوەی هەموولایەك دەرفەت وهەلی یەکســـانیـان لەبەردەمدایە بۆ بەدەســـتهێنـان ومافی بڵاوکردنەوەی زانیـاری، هەرئەمەشـــە بۆتە یەکێك لەهۆکارە ســـەرەکیەکانی بڵاوبونەوەی بەوخێراییە زۆرە. هۆکاری دووەمیش کەمیی تێچووی ئاڵوگۆڕی زانیاریەکانە.

---

[1] ابوالسعود إبراهيم : تكنولوچيا الإتصال ووسائله الحديثة، القاهرة، شركة الإسلام مصرللطباعة،٢٠٠٧، ص٨.

[2] محمد عمر: الانترنت والمجتمع، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية،٢٠٢٠، ص٥٧.

[3] أسماء حمدي قنديل: القيم المهنية والأخلاقية الحاكمة للعمل في صالات التحرير بالمؤسسات الصحفية، القاهرة، المكتب العربي للمعارف ،٢٠١٦، ص٢١-٢٢.

[4] عباس مصطفى صادق: الإعلام الجديد، المفاهيم والوسائل والطبيقات ، مصدر سابق، ص ٦٣.

[5] مروى عصام صلاح: الإعلام الإلكترونية الأسس وافاق المستقبل، مصدر سابق ، ص ٧٥.

[6] محمود خضر: الإعلام والمعلومات والإنترنيت، عمان، دارالمكتبة الكندي للنشروالتوزيع،٢٠١٤، ص٣٦-٣٧.

دەتوانین کۆی رەگەزە سەرەکیەکانی ئینتەرنێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١. **بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت:** بەجیاوازیی بیروبۆچوون و پێداویستیەکانیانەوە، ئینتەرنێت بەکاردەهێنن.

٢. **خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت:** بەهۆی هەمەجۆریی پێداویستییەکانی بەکارهێنەرو پێداویستیەکانی تاکەوە، خزمەتگوزارییەکانیش هەمەجۆرن، وەك پۆستی ئەلکترۆنی، گروپە هەواڵییەکان، چات، ...هتد.[١]

٣. **تەکنۆلۆژیا بەکارهاتووەکان:** دەکرێن بەدووبەشەوە، بەشی یەکەمیان پێی دەوترێت (Hardware) کەئامێری کۆمپیوتەرو کارتی دەنگ و کارتی شاشە وئامێری پەیوەستبوون بەئینتەرنێت وپارچەکانی دیکە دەگرێتەوە،[٢] بەشی دوەمیشیان پێی دەوترێت (Software) کە بەرنامە پێویستەکان دەگرێتەوە بۆکردنەوەی تۆڕی ئینتەرنێت وسودبینین لە خزمەتگوزارییەکانی، وەك بەرنامەکانی مەڵتی میدیا، ریاڵ پلەیەرو ئینتەرنێت ئێکس پلۆرەر و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی دیکە.[٣]

### ٤.٦.٣:پێکهاتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن پاش دەرکەوتنی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت گۆڕانکارییەکی زۆری لەبواری پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەدیهێنا، تاکودەرکەوتنی ئینتەرنێت وبڵاوبوونەوەی لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، تێگەیشتن بۆپەیوەندیکردن بەدەوری ئەوبیرۆکەیەدا دەخولایەوە، کەپێی وابوو گواستنەوەی بۆچوون یازانیاریی یاهەرشتێکی دیکەیە بۆکەسێك یان چەند کەسێك، وەڵامدانەوەو بەدەمەوە چونی ئاماژە ورووژێنەریکە، ...هتد، بەڵام بەهاتنی ئینتەرنێت، تێگەیشتنی بۆچەمکی پەیوەندیکردن فراوانترکرد وپەیوەندیکردنی دووئاڕاستەیی هێنایە کایەوە،[٤] هەربۆیە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی تەقلیدی لەسەرچەند بنەمایەکی سنوردارکاری دەکرد، بۆنمونە: پەیوەندیکردن لەخاڵێکەوە بۆخاڵێك وەك ئەوەی لەپەیوەندیی بەتەلەفۆندا هەبوو، یا پرۆسەی پەیوەندیی لەخاڵێکەوە بۆچەند خاڵێك وەك ئەوەی لەتەلەفزیۆن ورادیۆدا هەبوو، بەڵام ئەمەی ئێستا ئینتەرنێت لەگەڵ خۆی هێناویەتی، تەواو جیاوازە، چیترپرۆسەی پەیوەندیکردن خۆی لەناردنی پەیامێکدا نابینێتەوە بەمەبەستی دانانی کاریگەریی لەسەروەرگر، بەڵکوبووە بەپرۆسەیەکی دووئاڕاستەیی ودووکەس یاخود

---

[١] عبد الرزاق محمد الدليمي: الصحافة الإلكترونية والتكنولوجيا الرقمية، الملكة الأردنية الهاشميه، دار الثقافة للنشر والتوزيع،٢٠١١، ص١١٨.

[٢] خالد منصر: تكنولوجيا الإعلام والاتصال الحديثة واغتراب الشباب ،مصدر سابق، ص ٥٥.

[٣] خالد محمدغازي: الصحافة الإلكترونية العربية - الالتزام والانفلات في الخطاب والطرح، الجيزة، وكالة الصحافة العربية،٢٠١٦، ص ٨١.

[٤] وسام كمال : الإعلام الإلكترونى والمحول – بين المهينة وتحديات التطور التكنولوجي،مصدر سابق، ص٢١.

زیاترزانیاریی وبۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن، بەمانای چیتر پەیوەندیکردنی جەماوەری بەشێوەی (لەکەسێکەوە بۆ چەند کەسێك) کارناکات، بەڵکو(لەچەند کەسێکەوە بۆ چەند کەسێكو بەپێچەوانەوە) جێگەی گرتوتەوە.

ئینتەرنێت گۆڕانکارییەکی گەورەی لەپەیوەندی جەماوەریداهێنایە کایەوە لەڕووی بڵاوکردنەوە وشێوەو شێواز(بەدیکۆمێنت کردن، بازاڕاندن، سازاندن)، ئەمە سەرباری ئەوەی گەلێ لەهۆکارەکانی راگەیاندنی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، لەگەڵ رەهەندەکانی تەکنەلۆژیای نوێدا گونجاندونی وەك: کتێب، رۆژنامە، سینەما، ئێزگە، تەلەفزیۆن،...هتد مرۆڤ ئەتوانێ بەسەریان بکاتەوە بەبێ بەکارهێنانی کاغەزوشاشە.[1] ئەم سیستمە نوێیەی پەیوەندیکردن، پشت دەبەستێت بەوکۆمپیوتەرانەی لەتۆڕێکدا پێکەوە بەستراون و پرۆسەی گواستنەوە وئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەخۆدەگرێت، وەك چۆن توانای دەربڕینی دەق وجوڵە و دەنگیشی هەیە.[2]

ئەگەر پەیوەندیکردن لەبنەڕەتدا لەسەرناردنی پەیامێك لەنێرەرەوە بۆ وەرگر بنیات نرابێت ئەوا ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە پەیوەندی دوو ئاڕاستەیی سەپاندووە، بەمانای تەنها ناردنی پەیامێکی بۆ وەرگر تێپەڕاندووە، گەلێ تەرزی تری هێناوەتە ناوانەوە، وەك فێربوون وفێرکردن، مێزگرد، بەشداری لەکۆبونەوەو کۆنگرەکاندا لەدوورەوە. ئینتەرنێت تەنها بریتی نییە لەگۆڕینی ئامڕازێکی کۆن بەئامڕازێکی نوێ، بەڵکو گۆڕانکاری رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنیشی گرتوتەوە وژینگەیەکی پەیوەندیکردنی جیاوازیشی پێکهێناوە لەرووکارەکانی کۆمەڵایەتی و رامیاری وئابووریەوە، تەواو لەوژینگەیە جیاوازە کەمیدیای تەقلیدی دروستیکردبوو.[3] گۆڕانکاریەکان چەند لایەنێکی گرتوتەوە وەك:

١. **نێرەر**، تەنها کەسێکی بەهرەمەند نییە لەبواری سازاندنی پەیامە میدیاییەکاندا، بەڵکوهەموو ئەوکەسانەیە کەتوانای بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەیە ولەتوانایاندایە پەیامێك بنێرن یارۆژنامەیەك لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبکەنەوە. بەمانای هۆکاری دەرکەوتنی دەستەواژەی (هاوڵاتی رۆژنامەنوس)ـە، مەبەستەکە زیاتر ئەمەیە: نێرەر لەهەمانکاتدا دەبێتە وەرگر وبەپێچەوانەشەوە.[4]

---

[1] **محمد الأمين موسى: توظيف الوسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني العربي، دراسة مقدمة إلى مؤتمر صحافة الإنترنت في الوطن العربي الواقع والتحديات، جامعة الشارقة، كلية الإتصال، ٢٢-٢٣ تشرين الأول، ٢٠٠٥، ص٤.**

[2] **لؤي الزعبي: الإعلام ولاتصال الالكتروني، مصدر سابق،** ص١٢-١٣

[3] **محمود خليل: الصحافة الالكترونية، المفاهيم والادوات، دراسة مقدمة إلى المؤتمر العلمي الحادي عشر، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، حزيران ٢٠٠٥، ص٤.**

[4] **نصرالدين العياضي: وسائل الاعلام- ظلال وأضواء، العين، دارالكتاب الجامعي، ٢٠٠٤، ص١٥١.**

٢. **پەیام،** هەم لەرووی شێوەو سازاندنیەوە گۆرانی بەسەردادێت، شاشەی كۆمپیوتەردەتوانێت دەستاوێژە جیاوازەكان (چاپكراو، بیستراو، بینراو) پێكەوە ببەستێتەوە،[1] بەشێوەیەك ئەو كاتەی وەرگر پەیامێك وەردەگریت دەتوانێت لەیەك كاتدا دەقەكە بخوێنێتەوەو گوێ لەدەنگەكەی بگرێ و تەماشای وێنەكانیش (فۆتۆ - جوڵاو) بكات كەدەربڕی هەمان ناوەرۆكی پەیامەكەن.[2]

٣. **وەرگر،** دەتوانێت هاوكاروهاوبەش بێت لەسازاندنی پەیامدا ئەمەش وادەكات رەهەندێكی نوێ بەفیدباك ببەخشێت كەلەئامرازەكانی پەیوەندیكردنی جەماوەریی تەقلیدیدا زۆر سست و خاوبووە، یالەجێی نەبووان بوو.[3] لەهەمان كاتدا بەشێوازێكی خێرا رەوشی كارلێككاری بەرجەستە ئەكات ئەمەش بەڕوونی لەبەرنامەكانی چات (chatting) و پۆستی ئەلكترۆنیدا دەردەكەوێت. لێرەشەوە رادەی سەركەوتنی هەرپێگەیەكی ئینتەرنێت بەندە بەپێشكەشكردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی كارلێك لەنێوان بەكارهێنەراندا دروست دەكات.[4]

٤. **جۆراوجۆری،** هەرئامرازێك لەئامرازەكانی میدیای تەقلیدی یەكێك یان دووان لەهەستەكانی مرۆڤ ئەدوێنێ بەڵام ئینتەرنێت لەگەڵ كۆی هەستەكانی مرۆڤدا دەئاخڤێت ئەمەش لەرێگای ناوەندە جۆراوجۆرەكانەوە (Multimedia)، دەرفەتێكی زۆری پەیوەندی دەخاتە بەردەم بەكارهێنەرانیەوە.[5]

٥. **فیدباك،** لەمیدیای ئەلكترۆنیدا بەدەنگ ووێنە و بەشێوەیەكی راستەوخۆ لەنێوان نێرەرو وەرگردا دەبێت بەمانای بەشێوەیەكی دووسەرە كارلێكەكە بەئەنجام دەگات.[6]

### ٥.٦.٣: خزمەتگوزارییەكانی پەیوەندیكردن لەئینتەرنێتدا

ئینتەرنێت گۆرانێكی گەورەی لەبونیاتی میدیای جەماوەریدا هێنایە كایەوە، توانی وێنە ودەنگ و دەق لەبەرهەمێكدا كۆبكاتەوە، سەرباری پێشكەشكردنی چەندین خزمەتگوزاریی دیكە، لەوانەش:

---

[1] إبراهيم بعزيز: تكنولوجيا الاتصال الحديث – وتأثيراتها الاجتماعية والثقافية، القاهرة، دارالكتاب الحديث،٢٠١٢، ص١٧١.

[2] محمد جاسم فلحي: النشرالالكتروني - الصحافة الالكترونية والوسائط المتعددة، عمان، دار المناهج للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥، ص١٦.

[3] Carole Rich, Writing & Reporting News: A Coaching Method, Sixth Edition Wadsworth, Cengage Learning,٢٠١٠ P.٩.

[4] شريف درويش اللبان: الصحافة الالكترونية، دراسات في التفاعلية وتصميم المواقع، القاهرة، الدارالمصرية اللبنانية، ٢٠٠٥، ص٦٦.

[5] وسام كمال : الإعلام الإلكترونى والمحول – بين المهينة وتحديات التطور التكنولوجي ، مصدرسابق، ص٢١.

[6] محمد جاسم فلحي: النشرالالكتروني، الصحافة الالكترونية والوسائط المتعددة، مصدر سابق،٢٠٠٥، ص١٦.

١. **پۆســـــتی ئەلکترۆنی (E-mail):** تەکنۆلۆژیـــایەکی کـــارلێککـــاری وبەرنـــامەیەکی پەیوەندیکردنی راستەوخۆیە لەنێوان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتدا، پرۆسەی پەیوەندیکردن ئاسان دەکات. بەربڵاوترین ئامڕازی پەیوەندیکردنە، بەوپێیەی بۆ بەکارهێنان ئاسانەو دەتوانرێت لەزۆر بواردا سودی لێ ببینرێت، وەك: ناردنی کەرەستەی میدیایی ووەرگرتنی، وەك چۆن دەتوانرێت لەرێگای پۆستی ئەلکترۆنییەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی ئەنجام بدرێت.[1]

٢. **گروپەکانی گفتوگۆ:** ئەم خزمەتگوزارییە سەکۆیەکە بۆبەشداربووان، کەدەتوانن لەورێگەیەوە بیرو بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن. ئەم گروپ و لیستانە لەبوارو پسپۆڕییە جیاوازەکاندا خۆیان دەردەخەن.

٣. **گروپەکانی هەواڵ (news group):** هەرهاوبەشێکی تۆڕە هەواڵییەکان دەتوانێت گفتوگۆی زیاترلەناوگروپەکاندا بکات، لەهەر بوارێك کەدەیخوازێت، ئەم خزمەتگوزارییە هەلی ئەوە دەبەخشێت بەهاوبەشەکان، هەرکاتێکدا بیانەوێت، بگەڕێنەوە ناو گروپەکە بۆئاگاداربوون لەوگفتوگۆیانەی پێشترئەنجام دراون، وەك چۆن دەتوانێت هەواڵ وزانیاریی دیکەدابنێت وتێبینیەکانی خۆیشی لەسەرهەواڵەکان بنوسێت.[2]

٤. **کۆنگرە ووتوویژ (چات):** دیالۆگ تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئینتەرنێتە لەرەهەندەکانی هونەری وکۆمەڵایەتیەوە، لەرێگای دیالۆگەوە هاوبەشەکان دەتوانن وتوویژبکەن، بۆنمونە دەتوانرێت کۆمەڵێکی زۆرلەیەك شوێندا کۆبکرێنەوە ولەسەریەك تەوەر بئاخڤن، یا پەیوەندییەکی دوو ئاڕاستە بێنێتە کایەوە، سەرباری ئەوەی لەتوانایدا هەیە دووکەس یا زیاتر لەشوێنی جیاوازەوە کۆبکاتەوە وبەدەنگ ورەنگ گفتوگۆبکەن، کەبەکۆنفرانس وکۆنگرەی ڤیدیۆیی ناودەبرێت.[3]

٥. **گواستنەوەی دۆسیەکان (FTP- File Transfer Protocol):** ئەم خزمەتگوزارییە رێگادەدات دۆسیەکان لەنێوان کۆمپیوتەرە جیاوازەکاندا بگوازرێنەوە.[4]

---

[1] **زیدمنیرعبوي: اساليب الاستفادة من تكنولوجيا المعلوماتوالرقمية الحديثة ،عمان، دار،العتز، ٢٠٢١، ص١٧٨.**

[2] **ماهرعودة الشمايلة، وأخرون، الصحافة الكترونية الرقمية،عمان، دار العصار العلمي للنشر والتوزيع ، ٢٠١٥، ص٦٠.**

[3] **حزيفة مازن عبد المجيد، مزهرشعبان العاني: التعليم الإلكتروني التفاعلي،عمان ، مركزالكتاب الاكاديمي، ٢٠١٥ ص٨٧.**

[4] **بشرى داود السنجري:الصحافة الموبايل (الموجو)، خواصها الشكلية وامكانياتها التقنية، دولة الإمارات العربية المتحدة، الدار الكتب الجامعي،٢٠١٩، ص٣٥.**

٦. **بزوێنەرەكانی گەڕان (search engine):** بەیەكێك لەگرنگترین ئامرازەكانی گەڕان ورێبەری پێگەئەلكترۆنییەكان دادەنرێت. لەرێگای ئەم بزوێنەرانەوە بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت دەتوانن بەدوای بابەتێكی دیاریكراودا بگەڕێن وكنە وپشكنینی بۆبكەن.[1] پێگە، دیكۆمێنتە دەنگی ووێنەیی ونوسراوەكان (دەقە هەمەچەشن وجۆرەكان) پێكەوە گرێدەدات بەڵام ئینتەرنێت كێبڵ وكۆمپیوتەرەكان لێك گرێدەدات، ئەوە پێگەكان وایانكردووە ئینتەرنێت ببێتە ئامرازێكی جەماوەریی. لەدیارترین بزوێنەرەكانی گەڕان لەتۆڕە جیهانییەكاندا:

www.google.com

www.msn.com

www.altavesta.co

www.yahoo.com،[2]

٧. **خزمەتگوزاریی زانیارییە گشتیەكان:** یەكێكە لەفراوانترین خزمەتگوزارییەكانی تۆڕی ئینتەرنێت، بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت دەتوانن لێرەوە زۆرترین زانیاریی لەسەر دۆسیەكان بەدەست بهێنن. ئەم خزمەتگوزارییە رێگە دەدات بەبەكارهێنەران، كە:

- ✓ دیاریكردنی شوێنی ئەوكۆمپیوتەرانەی زانیارییەكانی لێوە وەردەگریت.
- ✓ توانای بەدواداچوونی زانیارییەكان لەكۆمپیوتەرێكەوە بۆكۆمپیوتەرێكی دیكە، بێگومان بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە.[3]

**پاژی حەوتەم: رۆژنامەی ئەلكترۆنی**

**١.٧.٣: سەرەتا**

رۆژنامە لەسەدەكانی رابردوودا بەئامرازێكی سەرەكی دادەنرا لەگەیاندنی هەواڵ وزانیاری، بەتایبەتمەندییەی كەهەیبوو سەرنجی ژمارەیەكی زۆری وەرگری بەلای خۆیدا راكیشابوو، رۆڵی هەبوو لەبەرەو وپێشچوونی سەرجەم بوارەكانی ژیان، سەرباری ئەوەش بەشداربوولەدارشتنی بنەماكانی سیستەمی رامیاری، ئابووری وكۆمەڵایەتی، هەروەها چاودێر بووبەسەردەسەڵاتی جێبەجێكاری، لەهەمان كاتیشدا بەسەرچاوەیەكی بنەرەتی ناسەوایی كۆمەڵانی خەڵك دادەنرا، بەهەمان شێوە ئەم گرنگییە لەوڵاتە تازە پێگەشتووەكاندا رۆڵی هەبووە

---

[1] ماهرعودة الشمايلة، وأخرون: الصحافة الكترونية الرقمية، عمان ، دارالعصار العلمي للنشر والتوزيع ،٢٠١٥، ص ٢٦.

[2] عبد العزيز الشريف: الإعلام الإلكتروني، اردن، دار يافا العلمي للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص٤٨.

[3] حسين علي الفلاحي: الإعلام التقليدي وعلام الجديد، عمان، دار غيدا للنشر والتوزيع ، ٢٠١٣ ، ص١٦٣.

بۆ هۆشیارکردنەوەیان بەرامبەرداگیرکەران و زۆرداران، یەکێک بووە لەهۆکارەکانی رزگاربوون لەژێردەستەیی.

جێگەی ئاماژەیە لەگەڵ هەنگاونانی جیهان بەرەوپێشکەوتن ودەرکەوتنی ئامێرو ئامرازی نوێ وەک رادیۆ تەلەفزیۆن، رۆژنامە کەوتە قۆناغی کێبڕکێ کردن لەڕووی ناوەڕۆک وجۆرەوە، بۆبەردەوامی ومانەوە لەوکێبڕکێیە دەبوو شێوازی نوێ و ئامرازی نوێ بەکاربهێنێت یان سوود مەندبێت لەتەکنۆلۆجیای نوێی راگەیاندن، ئینجا لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت رۆژنامە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات، بەتایبەتی لەخێراگەیاندنی هەواڵ وزانیاری.[1] بەهۆی پێکەوەگرێدانەوەی تەکنۆلۆژییای زانیارییەکان، پێشکەوتنی تەکنیکەکانی گەیاندن ودەرکەوتنی تۆڕی ئەنتەرنیت، رێگایان خۆشکرد بۆدەرکەوتنی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی کەبەیەکێک لەگرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێت، ئەم شێوازە دەربڕی قۆناغێکی گەشەکردووی راگەیاندنە، کەتەکنۆلۆژیای تۆڕی ئینتەرنێتی سەپاندویەتی، کەپشت بەستووە بەئامرازە ئەلکترۆنییەکان بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.[2] لێرەوە دەتوانین بڵێین: رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی جۆرێکی نوێیە لەرووی بنەما وپرەنسیپە گشتیەکانەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسی تەقلیدیدا هاوبەشە وەلێ لەرووی بەکارهێنانی ئەوناوەندەی بۆپەیوەندیکردن (تۆڕی ئینتەرنێت) بەکاریدەهێنێ جیاوازە.

### ٢.٧.٣: پێناسە

رۆژنامەی ئەلکترۆنی یەکێکە لەگرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردن کەئینتەرنێت هێناویەتیە کایەوە، بەرجەستەی قۆناغێکە لەقۆناغەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئامرازەکانی راگەیاندن، کەتیایدا پشت بەناوەندێکی ئەلکترۆنی دەبەسترێت بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری، کەخۆی لەتۆڕی ئینتەرنێتدا دەبینێتەوە وخاوەن توانایەکی زۆری ئەرشیفکردن وپۆلێنکردنی زانیارییەکانە، بەشێوەیەك لەچەند چرکەیەکی کەمدا دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەریان، وەك چۆن تێکەڵەیەکیش لەهەواڵ، وتار، وێنە و خزمەتگوزاریی دیکە لەخۆدەگرێت، بەردەوام نوێ دەکرێنەوە، ئاماژە بەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە دەکرێت و ئەمە سەرباری ئەوەی لەهەر کاتێکدا دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەری.[3]

---

[1] رضاء عبد الوجدان امين: الصحافة الإلكترونية، مصدر سابق، ص٩٢.

[2] نبيل علي: الثقافة العربية وعصرالمعلومات، مصدر سابق، ص٢٦٤.

[3] علي عبد الفتاح :الصحفة الكترونية في ظل الثورة التكنولوخية، مصدر سابق، ص٩.

ئەو جۆرە رۆژنامەیە، بەهەمانشێوەی رۆژنامەی کاغەزیی لایەنێك پاڵپشتی دەرچوونی دەکات، وەك چۆن کارلەبوارە جیاوازەکان دەکات (رامیاری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، ئابووریی، ...هتد)، بەبەکارهێنانی ژانرە جیاوازەکان (هەواڵ، راپۆرت، وتار ...هتد) [1].

رۆژنـامەی ئەلکترۆنی بڵاوکراوەیەکە کەبەشـــێوەیەکی خێرا ولەرێگـای تۆری ئینتەرنێتەوە پەخش دەکرێ، بەیەکێك لەزمانە ســـیمبولیەکان دیزاینکراوە و وەرگر دەتوانێت لەرێگای یەکێك لەبەرنامەکانەوەو لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتەرەکەی بیکاتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بابەتەکانیش هەمووهونەرە رۆژنامەنوســـی و بۆتەکانی ســـازاندنی رۆژنامەنووســـیان تێدا بەکارهاتووە چی تەقلیدی یاخود نوێ[2].

رۆژنامەی ئەلکترۆنی کۆکردنەوەی تەکنۆلۆژیای بڵاوکراوەی کۆن لەوانە (وێنەو ناونیشـــان و وێنەی کاریکارتێرو...هتد، ســـەرجەم بابەتەکانی رۆژنامەنووســـی)،هەروەها تەکنۆلۆژیایی نوێ کەبریتییە لەئینتەرنێت، لەرێگای رایەڵی باڵا (هایبەرتێکست)، ئامرازی فرەکەناڵەوە.[3]

رۆژنامەی ئەلکترونی، بەمیدیاکی ناوەزە پێناســـە دەکرێت لەبەرئەوەی بەکارهێنەرانی بەڕێوەی دەبەن، پاشانیش فرە کەناڵە.

### ٣.٧.٣: دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی و گەشەکردنی [4]

**قۆناغەکان:**

گەشـــەی ئامرازەکانی راگەیاندن وپەیوەندکردن چەند قۆناغێکی بڕیووە، کەبەرای زانایانی کۆمەڵناســـی وراگەیاندن، گەشـــەی پەیوەندیکردنی مرۆڤ رەنگدانەوەی کەڵەکە بووی پێشـــترە، زیاتر لەوەی کەپرۆسەیەکی چەند قۆناغی لەیەکتردابڕاوبێت، قۆناغەکانیش بریتین لە:

**قۆناغی یەکەم:** یەکەم چەرخی پەیوەندیکردن لەلای مرۆڤ بریتی بوولەئاماژە ونیشـــانەکان، بەشێوەی (لوراندن وهاوارکردن) لەرێگای ئاماژە جەستەییەکانەوە پەیوەندییەکانی ئەنجامداوە.[5]

[1] عبیرشفیق جورج الرحباني: استخدام الصحافة الكترونية وانعكساتهاعلى الصحف الورقية اليومية في الاردن، رسالة ماجستیر غیرة منشورة، كلیة الآدب، قسم الإعلام، جامعة الشرق للدراسات العليا، ٢٠٠٩، ص١٢-١٣.

[2] فتحي حسين عامر: الصحافة الكترونية، الحاضر والمستقبل، القاهرة، العربي للنشروالتوزيع،٢٠١٧، ص٢٢.

[3] بسنت عبد المحسين عبد الطيف العقباوي: الصحافة الالكترونية وبنيتها على الشبكة الإنترنيت، جدة، خوارزم العلمية للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص٢٢.

[4] صادق حمه غريب حمه صالح: الصحافة الالكترونية الكردية - دراسة مسحية للصحف الالكترونية الكردية، رسالة ماجستيرغيرمنشورة، كلية الإعلام، قسم الصحافة، جامعة بغداد، ٢٠٠٨، ص ٥٠-٥٢.

[5] زيد منير سليمان: الصحافة الإلكترونية، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص٢٣.

**قۆناغی دووەم:** گەشەی زمانی مرۆڤ کەبەچەرخی زمان و قسەکردن دەناسرێت، ئەمەش پاش ئەوەدێت کەمروڤ هێمادەنگیەکانی داهێنا، لەم چەرخەدا مرۆڤ پەیامەکانی لەرێگای گۆکردنی وشەکانەوە گەیاندووەتە دەوروبەری .[1]

**قۆناغی سێیەم:**مرۆڤ ئەوکاتەی فێری نووسین بوو، کەسەرەتا بریتی بوو لەنووسینی وێنەدار، دوای ئەوە نووسین زیاتر گەشەی کرد، لەسەر بناغەی گۆکردن نووسراو دواجار نووسینی (ئەلفبێ) پەیدابوو.[2]

**قۆناغی چوارەم :** ئەم قۆناغە لەگەڵ داهێنانی ئامێری چاپکردن دەستی پێکردووە لەسەدەی (پازدە)، سەرباری ئەوەی ئەم ئامێرە لەقۆناغێکی درەنگ لەقۆناغەکانی گەشەی پەیوەندی مرۆڤ سەری هەڵداوە، بەڵام داهێنانێکی گرنگ و بناغەیی بوو بۆدەرکەوتنی ئامرازەکانی راگەیاندنی جەماوەری بە تایبەتی کتێب و رۆژنامە.

**قۆناغی پێنچەم:** لەم قۆناغەدا وسەدەی نوزدەدا کۆمەڵێک داهێنانی گرنگ دەرکەوت لەوانە دۆزینەوەی (کارەبا، تەلەفون، شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان، ...هتد)،هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئامرازەکانی وەک رادیۆو تەلەفزیۆن دەرکەوتن.

**قۆناغی شەشەم:** هەمووئەو قۆناغانەی پێشوو رێگە خۆشکەربوون بۆدەرکەوتنی مانگە دەستکردەکان، کۆمپیتەرو تۆری ئینتەرنێتی، رۆژنامەی ئەلکترۆنی، پیادەبوونی پەیوەندی کارلێکی.

**دەرکەوتن وگەشەکردن:**

دەرکەوتنی رۆژنامەی ئەلکترۆنی بەشێوە سەرەتایەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٦)، لەئەنجامی کارکردنی هاوبەشی هەردوودامەزراوەی هەواڵی (BBC)بەریتانی و(ئیندیپێندت برۆدکاستینگ ئاو سوریتی-IBA)، لەچوارچێوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی(تێلی تیکس)، کەبەرهەمێک بوو لە تێکەڵکردنی خزمەتگوزاریی سیستەمی دەزگای بەریتانیا بەناوی( سیفاکس) و سیستەمی کۆمپیوتەری(ئاوراکل)ی دەزگای (IBA).[3] ساڵی (١٩٧٩) لەبەریتانیا خزمەتگوزارییەکی نوێ دەرکەوت بەناوی (ڤیدیۆتێکست)، کە خزمەتگوزارییەکی کارلێکی بوو بەبەکارهێنانی سیستمی (برێستێل)، کە(بریتش تلفون و سورتی بەریتانی)دایهێنا، ئەم خزمەتگوزاریانە سەرجەمیان هەنگاوی سەرەتایی بوون، بەڵام لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی گەشەکردنی زیاتری ئامێری کۆمپۆیوتەرودەرکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی تۆری

---

[1] د.فواد علی ئەحمەد: دەرسگوتارەکانی تیۆرەکانی راگەیاندن، ماستەر، ساڵی خوێندنی، ٢٠٢٠ – ٢٠٢١.

[2] محمد جاسم فلحي: نظريات الإتصال والإعلام الجماهيری، https://ao-academy.org ، بەروار، ٢٠٢٢/١٠/١٦، کات: ١٢:١٥ نیوەرۆ.

[3] علي عبدالفتاح: الصحفة الكترونية في ظل الثورة التكنولوخية مصدر سابق، ص١١.

ئینتەرنێتەوە، بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی رۆژنـامەی ئەلکترونی چووەقۆنـاغی جێبەجێکردنەوە، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەرۆژنامەی (هێلزنورج ئیجلان)ی سویدی دەکەن، وەک یەکەمین رۆژنامەی ئەلکترۆنی لەجیهاندا دەیناسێنن، مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆسـاڵی( ١٩٩٠)، پاشـان رۆژنامەی (شـیکاگۆ تریبۆن)، کەکۆپی رۆژنامەکەی لەسـاڵی (١٩٩٢) بە ناوی (شـیکاگۆ ئونلاین)، بڵاوکردەوە.[١]

بەهەمان شێوە رۆژنامەی (سان جۆزییەی مێرکۆری) ئەمریکی لەساڵی (١٩٩٣)، بەشێوەی ئەلکترۆنی بڵاوکرایەوە، پاشـان هەردوو رۆژنامەی بەریتانی (دەیلی تەلەگراف و تایمز)، کۆپی ئەلکترۆنیـان لەرێگـای ئینتەرنێتەوە، لەسـاڵی( ١٩٩٤) ، بڵاوکردەوە، بەڵام سـەبـارەت بەدامەزراندنی پێگەی ئەلکترونی لەجیهان، پێگەی (Alto Palo)ئەمریکی لەزانکۆی فلۆریدی کۆلیجی رۆژنامە نووسـی، لە (١٩٩٤/١٩/١ )،بۆ یەکەمجار بابەتەکانی بڵاوکردەوە، [٢] پاشـان رۆژنامەی (واشـتن پۆسـت)، پرۆژەیەکی دامەزراند بەناوی (مرەکەبی ژمارەیی)، کەپێگەیەکی ئەلکترۆنی بووبۆبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیـاری وراپۆرت وبـابەتی رۆژنـامە نووسـی، وەرگرلەرێگای پێدانی بڕی (١٠) دۆلار سـوودمەند دەبوولەبابەت وهەواڵەکانی پێگەی ناوبراو. دامەزراندنی ئەم پێگە ئەلکترونیانە ولەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامانە بەشـێوەی ئەلکترۆنی، کردنەوەی دەرگایەک بووبەڕووی رۆژنامەنووسـی ئەلکترۆنی وقۆناغی گواسـتنەوەی وەرەقەو قەڵەم بۆ شـاشـەو لاپەڕەی ئەلکترۆنی.هەربۆیە بەرلە کۆتایی هاتنی سـاڵانی نەوەدەکان، زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن لەجیهان پێگەی ئەلکترۆنی تایبەت بەخۆیان دروستکرد بوو.[٣]

### ٤.٧.٣: جۆرەکانی رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان:

ئەورۆژنامانەی کەپشـت بەئامرازی ئەلکترۆنی دەبەسـتن لەپرۆسـەی ناردن و وەرگرتنی پەیام، دابەش دەبن بۆچەند جۆرێك:

**یەکەم : رۆژنامەی ئەلکترۆنی (online journalism):**[٤] وەرگرلەرێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەگات بەناوەڕۆکی رۆژنامەکە جابەخۆڕایی دەبێت، یاخود بەهاوبەشـیکردنی مانگانە، بەردەوام ناوەڕۆکەکەی نوێدەکرێتەوە، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ، پەخشـی بابەتە رۆژنامەنووسـی یەکان دەکات، لەوانە (هەواڵ راپۆرت، چاوپێکەوتن ،...هتد) لەفۆرمی (بینین وبیسـتن ودەق) لەسـەر

---

[١] جنار نامق: دور المواقع الإلكترونية الكوردية - في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الايزيدية، دارغيدان للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٩ ، ص٤١.

[٢] محمد منير حجاب: مدخل إلى الصحافة، القاهرة، دار الفجر للنشروالتوزيع،٢٠١٠، ص٤٧٥.

[٣] ماهرعودة الشمايلة، وأخرون: الصحافة الكترونية الرقمية، مصدرسابق ص٧٥-٧٦.

[٤] محمود محمد جابر: الإتجاهات الحديثة في الصحافة الدولية ، الإسكندرية، مكتبة الوافاء القانونية ،٢٠١٥، ص٨٢.

شـاشـەی كۆمپیتەریان مۆبایلەوە دەبێت، تایبەتمەندی ئەم جۆرە لەرۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەوەیە راسـتەوخۆیە، بـابەتەكـانی نوێ وخێرایە، رۆژنـامەیەكی كـارلێكییە لەرێگـای هەنـدێـک خزمەتگوزاریی، لەوانە خزمەتگوزاریی فرەپەخش، خزمەتگوزاریی گەڕان وئەرشـیفكردن، گرێدان و تێكهەڵكێشان، بۆشوێن و پێگەی دیكەی ئەلكترۆنی، هەمووئەم تایبەت مەندیانە تایبەتە بەسـرووشـتی تۆڕی ئەنتەرنێتیەوەوكەبە (هایپەرتێكسـت وهایپەرلینک)دەقی بالاو، رایەڵی باڵاناودەبرێت، ئەم جۆرە لەرۆژنامەی ئەلكترۆنی ڕاسـتەوخۆ، لەچەند تەرزێكدا دەرئەكەوێت، وەك:[1]

**لەرووی ناوەڕۆكەوە:**

١. كۆپی ئەلكترۆنی، جۆرێكە لە رۆژنـامەیی ئەلكترۆنی، كەبریتیە لەكۆپی رۆژنـامەی چاپكراو، خوێنەر دەتوانێت لەرێگای شـاشـەی ئەلكترۆنییەوە بە شێوەی (pdf)، ئەو رۆژنامەیە بخوێنێتەوە كە رۆژانە بەشـێوەی كـاغەزی دەردەچێت، وەک رۆژنـامەی ئەل ئەهرامی مسری(w.w.w.ahram.org.eg)، ئەل رائی ئەردەنی (w.w.w.alrai.com) .[2]

٢. ئەو رۆژنـامە ئەلكترۆنیـانەی لەژێرنـاوی رۆژنـامە چاپكراوەكە بڵاو دەبێتەوە،واتـا ئەو رۆژنـامە ئەلكترۆنیـانەی لەگەڵیـدا رۆژنـامەیەكی چـاپكراویش دەردەچێت، بەڵام رۆژنـامە ئەلكترۆنیەكە بەهیچ شـێوەیەك نـاوەڕۆكی چاپكراوەكە بڵاونـاكـاتەوە وتەنهـا لەرووی "نـاو"ی رۆژنـامەكە و دامەزراوەكەوە هـاوبەشـن، ئەم جیـاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ تـایبەتمەنـدێتی ناوەرۆكووەرگری هەریەك لەوتەرزە لەلایەك ولەلایەكی ترەوە بۆخەسـڵەتی دەسـتاوێژوناوەندی گواسـتنەوەكە، وەک رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی (w.w.w.guardian.co.uk)، ئەم جۆرە لەرۆژنامە خاوەن تایبەتمەندی، كارلیک ،هەواڵی نوێ، گەڕان و خۆێندنەوەی بابەتی زیاتر.[3]

٣. ئەورۆژنـامە ئەلكترۆنیـانەی پەیوەسـتنین بەهیچ رۆژنـامەیەكی چـاپكراوەوە وتەنهـا لەسـەرتۆری ئەنتەرنێت بونیان هەیە، رۆژنامە كە كۆمەڵێک پەیامێرو نێردراوی تایبەت بەخۆی هەیە لەپێناو گواسـتنەوەی زانیارییەكان سـەبارەت بەرووداوە كانی جیهان لەكاتی روودانییان بۆ رۆژنامەكە بەراستەوخۆیی.[4]

---

[1] **خالد محمدغازي: الصحافة الإلكترونية العربية - الالتزام والانفلات في الخطاب والطرح، مصدر سابق، ص١١٧.**

[2] **أحمد يوسف حافظ أحمد: النشرالإلكتروني ومشروعات المكتابات الرقمية العالمية ، الجيزة، دارنهضة مصر لنشر، ٢٠١٣، ص ١٤٤**

[3] **ماهرعودة الشمايلة، وأخرون: الصحافة الكترونية الرقمية، ص٩٠.**

[4] **حسين علي الفلاحي: الإعلام التقليدي وعلام الجديد ، مصدر سابق، ص١٦٠.**

**لەرووی تەكنیكەوە:**

جۆرەكـانی رۆژنـامەی ئەلكترۆنی بەگوێرەی تەكنیكی بەكـار هـاتوو، ئەم جۆرە لەرۆژنـامەی ئەلكترۆنی دابەشكراوە بۆچوارجۆرلەوانە : [1]

١. رۆژنـامەی ئەلـكترۆنـی بەبەكـارهێنـانـی تەكنیـكـی گرافیـكـی ئـاڵوگۆڕی (وێنە Graphic Interchange Format،GIF) كەلەرێگایەوە وێنە وهەندێک بابەتیی رۆژنامەی دەگوازێتەوە بۆ پێگەی ئەلكترۆنی، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم جۆرە ئـامێرە زۆرســـەركەوتونییە لەبەرئەوەی خوێنەر ناتوانێت سوودمەندبێت لە خزمەتگوزارییە كارلێكیكانی رۆژنامەكە.

٢. رۆژنـامەی ئەلكترۆنی لەرێگـای تەكنیكی گۆڕینی دەق بۆ(PDF) ( portable Datagram Format)،ئەم شـێوازە هاوشـێوەی شـێوازەكەی پێشـووە، كەكاری گواسـتنەوەی تەواوی بـابەت ووێنەونووســـینەكانی رۆژنـامەی چاپكراوە كەرۆژانە یاهەفتـانە بڵاودەكرێتەوە بەشـــێوەی چاپكراو، پاشـــان دووبارە بەخشـــكردنیان لەرێگای پێگەی ئەلكترۆنییەوە، بەواتای دەستكەوتنی كۆپی تەواوی رۆژنامەكە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وخوێندنەوەی لەرێگای شاشەوە.

٣. رۆژنـامەی ئەلكترۆنی لەرێگای بەكارهێنانی تەكنیكی دەقی باڵا وپۆســـتی ئەلكترۆنی (HOTML-Hyper Text Markup Format)، ئەم شـــێوازە لەرۆژنـــامەی ئەلكترۆنی بریتییە لەرۆژنـامەیەكی ئەلكترۆنی ســـەربەخۆ لەڕووی نـاوەڕۆک، بـابەت هـاوشـــێوەی خۆی رۆژنـامەی كـاغەزی نییە، بەســـوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەكانی تۆڕی ئینتەرنێتی وەک ئامڕازی فرەكەناڵ، دەقی باڵا، بەواتای بڵاو كردنەوەی بابەت بەشـــێوەی، دەق ودەنگ و وێنەی جووڵاو، هەروەها ســـوودبینینی خوێنەرلەهێڵی پەیوەندییەكانی بەشـــێوەی پۆســـتی ئەلكترۆنی، سەرباری خزمەتگوزارییەكانی وەک خەزن كردن و ئەرشیف كردن ودەنگ دان.[2]

٤. رۆژنـامەی ئەلكترۆنی لەرێگـای كۆكردنەوەی هەردووتەكنیكی، (Hyper Text Markup Format)،( portable Datagram Format)، ئەم رۆژنـامەیە ســـوودمەند دەبێت لەتێكەڵ كردنی تایبەت مەندی سیستمی ئەودووتەكنیكە، بەشێوازێک دەقی باڵا دەستەبەری كارلیكی ونمایشـــتكردنی بابەتەكان بەشـــێوەی دەق ورەنگ و وێنەی جووڵاودەكات، هەروەها گواستنەوەی كۆپی تەواوی رۆژنامەكە بۆسەرشاشە لەرێگای بەرنامە PDF، كەواتا تایبەمەندی ئەم جۆرە لەرۆژنامە ئەوەیە كەرۆژنامەیەكی كارلێكییە.

---

**[1] رؤى عبد الهادي محمدالشيخلي: تغطية الصحافة الإلكترونية العراقية لانتخابات مجالس المحافظات دراسة تحليلية لصحيفتي الدستور و الزمان ، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الإعلام، جامعة الشرق الأوسط ، ٢٠١٠، ص٣٥.**

**[2] جمال عبد ناموس القيسي: الأخبار في الصحافة الكترونيـة، بغداد ، الدار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص ١١٤.**

**دووەم : ڕۆژنامەی فاکســـمەیڵ**، چاپی تایبەتی ڕۆژنامەکانن، کەهەندێك کەس دەیانەوێت لەڕێگای ئامێری فاکسمەیڵەوە بەدەستیان بگات.

### ٥.٧.٣: ئەرکەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان هەوڵدەدەن هەمان ئەوئەرکانە جێبەجێ بکەن کەڕۆژنامە تەقلیدییەکان بەجێیان دەگەیەنن، ئەمەش لەڕێگای دوو پرۆسەی سەرەکیەوە:

**یەکەم:** گەیاندنی هەواڵەکان لەئان وساتی خۆیدا، نوێکردنەوە وبەدواداچوونی بەردەوام بۆیان.

**دووەم:** پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکان (میدیا، مەعریفە)، لەم ڕووەوە دەبن بە بانکێکی زانیاریی ووردەکارییەکانی ڕووداوکە لەخۆدەگرێ و بیبلۆگرافیای کەس وشوێنەکان بڵاودەکاتەوە ودەشـتوانرێت ئاماژە بەڕووداوە هاوشـێوەکانی بدرێت، سـەرباری ئەوەی مێژووی ڕووداوەکان دەنوسرێتەوە.

### ٦.٧.٣: تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی[1]

**یەکەم: هەمەجۆریی،** هەمیشە ڕۆژنامەنوسی کارلەسەرئەوە دەکات هاوسەنگییەك لەنێوان کارە ڕۆژنامەنووســـیەکان و پێداویســـتییەکانی جەماوەردا بەدی بهێنێت، ئەگەرکارەکە لەڕۆژنامەی چاپکراودا کەمێك قورس بێت، ئەوا لەڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکاندا ئاســـانترە، بەوپێیەی **ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی** دەتوانن چەنـدلاپەڕە ولینکێکی جیـاوازبکەنەوە بۆرازیکردنی جەمـاوەرومـانەوەی زیـاتریـان لەســـەرڕۆژنـامە ئەلکترۆنییەکە، بەوپێیەی پـانتـایی **ڕۆژنـامەی ئەلکترۆنی** فراوانترەوهەمیشە زانیاریی زیاتریان دەست دەکەوێت، بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیارییە هەمەجۆرەکان لەسەرجەم بوارەکانداوگەڕانەوە بۆبانکی زانیاری.

ئەشێ ئەم ڕەوشی هەمەجۆرییە ئەم لایەنانە بگرێتەوە:

١. هەموو ڕۆژنـامەیەك دوودانە بڵاودەکـاتەوە، یەکێکیـان کـاغەزی وئەوی دیکەیـان بۆئینتەرنێت، دەکرێت نوسـخەکەی سـەرئینتەرنێت وردەکاریی زیاتری تێدابێت بەپێی ئارەزووی خوێنەرانی.[2]

٢. چاککردنی قەبارەی وێنە ونیگارولاپەڕەکان(Potential scalability).

---

[1] فاضل محمد حسني البدراني: أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والإلكتروني، عمان، دار البداية ناشرون وموزعون ،٢٠١٣، ص٢١٠-٢١١.

[2] حسين علي الفلاحي: الإعلام التقليدي وعلام الجديد ، مصدر سابق، ص١٦١-١٦٢.

٣.	نوێکردنەوە، واتە گۆڕانکاریی و زانیاریی نوێ بەرێك وپێکی.[١]

**دووەم: پانتایی جوگرافی،** ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان بەسەرانسەری جیهاندا بڵاودەبنەوە، بەومانایەی پەیامە میدیاییەکە ئاستێکی بڵاوبونەوەی جیهانیی هەیە وئەوبەربەستە تەقلیدیانە تێکدەشکێنێت کەبەرۆکی ڕۆژنامەنووسی چاپکراوی گرتەوە، هیچ شتێکیش نامێنێت بەناوی "سەروەریی نیشتمانیی". بەمانای توانای گواستنەوەی هەواڵ وزانیاریی هەیە بەهەموولایەکی دنیاداو بەبێ هیچ سانسۆرو بەربەستێك (ئاسانکاریی لەدابەشکردن، واتە پێویستی بە تۆڕی دابەشکردنی مرۆیی نییە)،هەروەها پەخشی ئینتەرنێتی هەلی رەخساندوە بۆهەموو ڕۆژنامەیەک کەبچێتە کێ بڕکێ کردن لەگەڵ ڕۆژنامە جیهانی یەکان ئەگەرناوەرۆکی پەیامەکان بەهێزبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئامێری پێشکەوتووبەکاربهێنرێت.[٢]

**سێیەم: نەرمی (مرونة)،** هەرکاتێك خزمەتگوزارییەکانی کۆمپیوتەرفراوانتربێت، ئەوامامەڵەکردن لەگەڵ ئینتەرنێتیش لەرووی تەکنیکیەوە ئاسانتروفراوانتردەبێت. لەرووی میدیاییشەوە، بەکارهێنەردەتوانێت بگاتە ژمارەیەکی زیاتر لەسەرچاوەکانی زانیاریی، سەرباری ئەوانەش، دەبێت ئاگاداریی ئەوەبین کەلەگەڵ دەرکەوتنی ئینتەرنێتدا بڵاوبونەوەی زانیاریی ناڕاستیش زیاتر بووە، بەوپێیەی ئاسانتردەتوانرێت وێنەکان بشێوێنرێن ودەستکاریی دەنگەکان بکرێن.[٣]

**چوارەم: تێچوون،** شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن بەردەوام کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی تێچووی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی وهەروەها تێچووی بەکارهێنانیشی لەلایەن جەماوەرەوە، ئەم لایەنە ئەوکاتە زیاتردەردەکەوێت کەرۆژنامەیەکی چاپکراو بڕیاری دروستکردنی ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی دەدات، خاوەنی ڕۆژنامە چاپکراوەکە نیوهێندەی تێچووی چاپکردن ودابەشکردنی ڕۆژنامەکەی خەرج ناکات و لەهەمان کاتدا خوێنەرێکی زیاتریش بۆخۆی ڕادەکێشێت، هەمیشە ڕۆژنامە سەرکەوتوەکان ئەوانەن کەلەگەڵ دەرچواندنی نوسخە چاپکراوەکەدا، هەوڵی دامەزراندنی ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنیش دەدەن.[٤]

---

[١] **جليلة عبدالله خلف: الوظيفة الإخبارية للبوابات الإلكترونية - دراسة تحليلية للبوابات الإلكترونية العربية- نسيج – محيط – البوابة، العين، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٤، ص ١٨٩.**

[٢] **عباس ناجي حسن: صحفي الإلكتروني،عمان، مصدرسابق، ص١٠٥-١٠٤.**

[٣] **اسراء صالح الشريف: معالجة المواقع الفلسطينية الإلكترونية الإخبارية لحصارغزة- دراسة تحليلية-مقارنة، رسالة ماجستيرغير منشورة، كلية الاداب ،جامعة الإسلامية بغزة، ٢٠١٧ ص٦٥-٦٦.**

[٤] **راوية فزاني، صوفية معنصري: إتجهات الأستاذة الجامعين الجزائرين نحوى الصحافة الإلكترونية، دراسة ميدانية على عينة من أستاذة جامعة أم البواقي، رسالة ماجستيرغير منشورة، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، جامعة العربية بن مهيدي- أم البوقي، الجزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٩٠.**

**پێنجەم: کارلێککاریی**، ئینتەرنێت خاوەنی ئامرازەکانی بەدیهێنانی کارلێکە لەنێوان نێرەرو جەماوەرەکەیدا، ئەویش لەرێگای ئەوتوانایەی کەهەیەتی بۆگفتوگۆکردنی راستەوخۆی جەماوەر لەگەڵ بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکەدا.[1] وەك چۆن بواریش دەرەخسێنێت کەهاوبەشەکانی رۆژنامەکە لەنێو خۆیاندا گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراوبکەن. ئەوەشمان لەیادبێت کەجەماوەر پێگەی خۆی دەگۆڕێت ولەبری ئەوەی بەخوێنەر یان بینەر یان گوێگر ناوببرێت، پێی دەوترێت "بەکارهێنەر". وەك چۆن بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکەش چیتروەك سەرچاوە مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و پێیان دەوترێت بەشداربوو. واتە نێرەر لەوکاتەی پەیام دەنێرێت دەشبێتەوە بەوەرگر.[2]

**شەشەم: بۆتەی سازاندنی رۆژنامەنوسی**، لەگەڵ پێشکەوتنی شێوەکانی پەیوەندیکردن و زیادبوونی بڕی زانیارییەکان لەسەر رووداو وگرفت ودیاردەکان، چیترخوێنەر بەوکارەی رۆژنامەکان رازی نابێت کەهەواڵ و زانیارییەکانیان لەبۆتەی قوچەکی ئاسایی و پێچە قوچەك وجۆرەکانی دیکەدا بۆبڵاوبکاتەوە، بۆیە رۆژنامەنوس لەرۆژنامە ئەلکترۆنیەکاندا بەدوای بۆتەی سازاندنی نوێدا دەگەڕێن بۆ پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیارییەکان، بۆ نمونە بۆتەی "ستۆری بۆرد" کە یەکێکە لە بۆتەگرنگەکان و تیایدا دەنگ و وێنە و دیالۆگەکانی تێدا کۆدەکرێنەوە.

**حەوتەم: دەتوانرێت ژمارەی خوێنەرانی رۆژنامەکە بزانرێت**، بەوپێیەی هەررۆژنامەیەکی سەرتۆڕی ئینتەرنێت ژمارەی سەردانیکەرانی خۆی تۆماردەکات، ئەمەش ئامارێکی ورد بۆبەڕێوەبەرانی رۆژنامەکە دابین دەکات بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

**هەشتەم: پانتاییەکی فراوان**، بۆریکلام تەرخان دەکرێت، سەرباری توانای بەکارهێنانی ئیفێکتی دەنگی ووێنە و بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو.[3]

**نۆیەم: توانایەکی لەرادەبەری ئەرشیفکردنی بابەت و زانیارییەکان وهەروەها پۆلێنکردنیان دەستەبەر ئەکات**، پرۆسەی ئەرشیفکردنی زانیاری لەرۆژنامەی ئەلکترۆنییەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، وەک: خێرایی خەزنکردن وگەڕان،[4] ئەرشیفکردنی کۆمەڵێک سەرچاوەو زانیاری بێ کۆتایی بێ سنوور،هەروەها لەتوانایدایە وێنەودەنگ وێنەی جوڵاویش ئەرشیف بکات، هەروەها بەردەستخستنییان لەماوەیەکی کەم وخێرا، سەرباری دەستەبەرکردنی هاوشێوەی بابەتەکان بەشێوەی دەنگ و رەنگ و وێنەی جوڵاو.[5]

---

[1] تیسیرأبوعرجة: الإعلام العربي وسائله ورسائله وقضاياة، عمان ، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع ،٢٠١٠، ص٣٤.
[2] خالد محمدغازي: الصحافة الإلكترونية والتقنية الرقمية، الجيزة، ٢٠٢٢، وكالة الصحافة العربية، ص ١٤٥.
[3] عباس مصطفى صادق، الإعلام الجديد- المفاهيم والوسائل والطبيقات،عمان، دارالشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص١١٧.
[4] **Stephen Quinnand Stephen Lamble Online Newsgathering NEW YORK • OXFORD • PARIS • SAN DIEGO Focal Press is an imprint of Elsevier, ٢٠٠٨, P٦٨.**
[5] ماهرعودة الشمايلة، وأخرون: الصحافة الكترونية - الرقمية، مصدر سابق، ص ٩٧.

**دەیەم: پێویســــتی بە توانــای مرۆیی و نــاوەنـدێك نییە بۆدابەشــــکردن**، گرفتی گەڕانـدنەوە روبەڕووی رۆژنامەی چاپکراودەبێتەوە وئەوژمارانەی بۆدەگەڕێنرێتەوە کە لەبازاڕنەفرۆشراون، رۆژنامەی ئەلکترۆنی پێویســـتی بە توانای مرۆیی و ناوەندێك نییە بۆ دابەشـــکردنی، هەروەها دەزگاکانی رۆژنامەنووســـیی لەڕووی مادییەوە کەمتر تووشـــی قەیرانی دارای دەبن، چونکە بەرهەمەکان ناگوازرێنەوە بۆ بازار بەمەبەســـتی ســـاخکردنەوە لەبەرئەوە هەموودەزگایەکی ڕاگەیندن ورۆژنامەنووسی لەڕاواستاندن دەپارێزێت.[١]

**یەنزدەیەم: فرەپەخش**، ئەگەررادیوێ لەرێگای دەنگەوە پەیامەکانی بەخش بکات وتەلەفزیون نمایشـی رەنگ ودەنگ بکات، هەروەها رۆژنامەی چا پکراوبەشـێوازی دەقی نووسـراوە بابەت وهەواڵ بڵاو بکاتەوە، ئەوارۆژنامەی ئەلکترۆنی لەتوانای دایە بەهەرسێ شیوازەکە پەیام بەخش وبڵاوبکاتەوە، فرەپەخش (مەڵتی میدیا): بریتیە لە کۆمەڵیک تەکنۆلۆژیای راگەیاندن کەتێکەڵ بەناوەڕۆکی رۆژنامە نووسی یەکان دەکرین، کەلەتوانای رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنییە لەبابەتێکدا بەکارهێنانی زیاتر لەجۆرێک ئامرازەکان، لەوانە (دەنگ ورەنگ ونیگارەکان ودەقەکان، وێنەی فۆتۆگرافییەکـان، وێنەی جووڵاو)،بەمەبەســـتی دەوڵەمەنـدکردنی بـابەتەکـان و روونکـاری زیاتر.رۆژنامەی ئەلکترونی بەعەماری زانیاری دادەنرێت.[٢]

**دوازدەیەم: دەقی بـاڵا(Hyper Text)و رایەڵی بـاڵا(Hyper Links)**، جۆرێکی دیکەی تـایبەت مەنـدی رۆژنـامەی ئەلکترۆنییە کەخوێنەردەتوانێت لە کـاتی بینینی یـان خوێنـدنەوەی بابەتێک،[٣] لەرێگای کلیکردن لەســـرهەندێک وشـــەی ناوبابەتەکە بەرەنگی شـێن نووســـراوە زۆربەی کـات بگـات بەزانیـاری زیـاترلەســـەرئەوبـابەتە لەنـاو پەروەنـدەکە یـان پێدراوێکتر کەپەیوەنـدی بەبـابەتی بنچینەییەکەوەهەبێت.[٤] بەڵام لەهەنـدێک بـارودۆخـدا ئەم تـایبەت مەنـدییە جۆرێک سەرلێشێوان بۆخۆێنەردروست دەکات، بەوەی سەرنجی لەسەربابەتی بنچینە نامێنیت.[٥]

---

[١] الشفيع عمرحسنين: الصحافة الكترونية- المفهوم والخصائص والانعكاسات، تصدرعن مركز الإمرات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، العدد ١٦٥، ٢٠١١ ، ص٢٤.

[٢] لؤى الزعبى: الإعلام ولاتصال الالكتروني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٥٩.

[٣] شريف كامل شاهين: النشر التقليدي و الالكتروني في العالم العربي، القاهرة ، دار الجوهرة للنشر والتوزيع ، ٢٠١٤، ص ٥٢-٥٣.

[٤] فوزي شريطي مراد: التدوين الالكتروني والإعلام الجديد،عمان،دارإسامة للنشروالتوزيع،٢٠١٥، ص ٧٩.

[٥] عبد العزيزالشريف: الإعلام الألكتروني، مصدر سابق، ص٦٧.

**پاژی هەشتەم: خزمەت و ڕەهەندە هەمەڕەنگەکانی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی:**

**١.٨.٣:  خزمەتگوزاریی گەیاندن**

١. **پۆســـتی ئەلکترۆنی:** ئەم جۆرە لە خزمەتگوزاریی لەڕۆژنـامەیەکی ئەلکترۆنی بۆرۆژنـامەیەک جیاوازە، لەهەندێک ڕۆژنـامە ئاڵوگۆری پوســـتەکان تەنها لەنێوان خوێنەرو ســەرنووســەرە، خوێنەردەتوانێت تەنها نامە ئاراستەی ســەرنووســەربکات، ســەبارەت بەناردنی بـابەت بۆرۆژنـامەکە، بەڵام لەرۆژنـامە نـاودارو گەورەکـان، ئەم خزمەتگوزارییە فراوانترە، بەوەی ڕۆژنامەکە لەرێگای پۆســتی ئەلکترۆنییەوە، ڕۆژانە بابەت وهەواڵی ناوخۆی، هەرێمی، نیودەوڵەتی، لەســـەر بابەتەکانی رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشـــنبیری ،...هتد، بنێرێت بۆئەوکەســانەی روخســەتی بوون بە ئەندامیان وەرگرتووە، بەمەبەستی مانەوەی خوێنەرلەگەڵ ڕۆژنامەکە.

٢. **گۆشـــەی بیروڕا:** تـایبەتە بەوەرگرتنی ڕاوبۆچوونی خوێنە لەســـەرئەوبـابەتـانەی کە ڕۆژنامەکە بڵاویکردونەتەوە.

٣. **دەنـگـدان ورادەربڕین:** ڕۆژنـامەی ئەلکترۆنی رێگە بەســـەرەدانیکەرانی دەدات کەبەشداربن لەدەنگدان ودەربڕینی رای کەسی لەسەر ئەو بابەت وکارانەی ڕۆژنامەکە ئەنجامی ئەدات.

٤. **ســەرنج لەســـەر هەواڵ و راســتکردنەوە:** ئەم خزمەتگوزارییە بریتییە لەکردنەوەی دەرگا بۆ خوێنەرکەسەرنجی خۆی بدات لەسەربابەتەکە یا راستکردنەوەی زانیارییەکان، هەرئەم خاڵەیەوا لەرۆژنامەی ئەلکترۆنی دەکات کەجیاوازتردەربکەوێت لەرۆژنامەی کاغەزی، بەهۆی ئەوەی (پێچەدەنگ) فیدباک خێرایە.[١]

٥. **توانـای گفتوگۆ لەگەڵ کەســـێتیەکـان:** لەرێگـای نـاردنی نـامە، خوێنەر بەشـــێوەیەکی راستەوخۆ دەتوانێت گفتووگۆ ئەنجام بدە لەگەڵ کەسایەتیە جیاجیاکان.[٢]

---

[١] رضاء عبد الوجدان امين: الصحافة الإلكترونية، مصدر سابق، ص ١٠١-١٠٨.

[٢] نهلة ابو رشـيد: الصـحافة الإلكترونية والنشـر الالكترونية، من منشـورات، الجامعة الافتراضـية السـورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٤.

**٢.٨.٣: خزمەتگوزاریی پەخش وبڵاوكردنەوە[١]**

أ- **پەخشـــی تەلەفزیۆنی:** هەنـدێـک لەرۆژنـامە ئەلكترۆنییەكـان ئەم خزمەتگوزارییە پێشكەش بە خوێنەرەكانی دەكات، لەرێگای گرێدانەوەی بەپەخشی راستەوخۆی كەناڵی ئاسمانی.

ب- **پەخشـــی رادیۆی ئینتەرنێتی:** رۆژنـامەی ئەلكترۆنی لەتوانـایـدایە، پەخشـــی دەنگی بگەیەنێتە هەمووبەكارهێنەرانی.

ت- **دووبارە بڵاو كردنەوەی رۆژنامە:** بڵاوكردنەوەی رۆژنامەی كاغەزی بە شێوەی پی دی ئێف.

ث- **خزمەتگوزاریی بەشـــداری كردن لەرۆژنـــامەی كـاغەزی:** رۆژنـامەی ئەلكترۆنی بواربەخوێنەر ئەداكە بەشـــدار بێت لەكڕین وخوێندنەوەی ژمارەی نوێی رۆژنامەی كاغەزی، لەرێگای كڕینی كارتی دڵنیایی.

ج- **خزمەتگوزاریی پۆدكاست:** ئەم خزمەتگوزارییە پێكهاتووە لەزنجیرەیەک فایل كەدەنگ و ڤیدۆی جۆراو جۆریان تێدایە، بەشـــێوەی ئۆتۆمـاتیكی بەدەســـت خوێنەردەگات، هەروەها ئەمباركردنی ئەوفایلانە لەسەرئەوئامێرەی خوێنەربەكاریدەهێنت، وەک كۆمپیتەرومۆبایل.[٢]

ح- **كۆپی كاڵ:** یەكێكە لەو خزمەتگوزارییانەی كەرۆژنامەی ئەلكترۆنی پێشـكەشـی دەكات لەكاتێكدا ئەگەرهاتووهێڵی ئینتەرنێت هێواش بوو، خوێنەرســـوودمەند دەبێت لەســـووكە كۆپی، دەتوانێت دەستی بگات بەهەواڵ و زانیاری ناو رۆژنامەكە لەگەڵ هەندێک وێنەو فیدیۆ.

**٣.٨.٣: خزمەتگوزاریی گەڕان و ئەمباركردن:[٣]**

١. **خزمەتگوزاریی گەڕان:** رۆژنـــامەی ئەلكترۆنی بواربەخوێنەرئەدات بۆمـــاوەیەكی دیاریكراو (شـــەش مـانگ یان زیاتر)، لەبەرمبەر بڕێک پارە، بو پێدانی ئەو زانیاریی یانەی كەخوێنەر بەدوایدا دەگەڕێت.

٢. **خزمەتگوزاریی گەڕان بەئەرشـــیڤدا:** لەرێگـای ئەم خزمەتەگوزارییەوەجگە لەوەی ئەرشیفی رۆژنامەكە بەردەست دەخرێت، هەروەها ئەو ئەرشیفەش بەردەست دەبێت كەهەندێ رۆژنامە بەشێوەی كاغەز دەرچوون و ئێستا تەنها بەئەلكترۆنی دەردەچن.

---

[١] **هاشم حسن التميمي، حسني رفعت حسني: خدمات المواقع الإلكترونية الإخبارية، بحث منشورة في مجلة الباحث الإعلامي عدد(٣٩)، ٢٠١٧، ص ٢٣٧.**

[٢] **محمود محمد جابر: الإتجاهات الحديثة في الصحافة الدولية ، الإسكندرية ، مكتبة الوافاء القانونية ، ٢٠١٥،ص ١٧٩**

[٣] **رضاء عبدالوجدان امين: النظريات العلمية في مجال الإعلام الإلكتروني، القاهرة، قسم الصحافة والإعلام بجامعة الأزهر ، ٢٠٠٧، ص١٠٢.**

٣. **خزمەتگوزاریی بەشداری پێکردن (share):** خوێنەرلەرێگای ئەم خزمەتگوزارییەوە دەتوانێت ئەوبابەتانەی بەلایەوە گرنگن بینێرێت بۆ هاوڕێکانی، بۆ ئەوەی ئەوانیش سوودمەند بن لێیان.

**٤.٨.٣: رێنمایی و هاوکاری کردن**[1]

أ- **نه خشــه رێگا:** جۆرێکی دیکەی خزمەتگوزاریی رۆژنامەی ئەلکترۆنییە، کەهاوکاری خوێنەردەکات، هەتاوەکو بتوانێت بەشـێوەیەکی ئاسـان سـوود لەهەڵبژردەکان وبابەتەکانی دیکە وەربگرێت، کەبەشـــێوەکی روونکاری باتەکان دەخاتە روو، بەتایبەتی رۆژنامەئەلکترۆنییە جێهانی گەورەکان.

ب- **هاوکاری چارەسەری کێشەکان:** ئەم خزمەتە کاتێک پێشکەش دەکرێت کەخۆێنەر هەندێک کێشـــەی هاتۆتە رێ ناتوانێ چارەســـەریان بکات، لەرێگای پرســـیارکردن، وەڵام دانەوەی رۆژنامەکەوە.

ت- **پێدانی زانیاری لەســـەر رۆژنامەکە:** لەرێگای ئایکۆنی ئێمەکێن، رۆژنامەکە کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە ئامانج و سیاسەتی رۆژنامە وهەندێک زانیاری لەبارەی رۆژنامەکە دەخاتە ڕوو.

**٥.٨.٣: بازارگەری:**

رۆژنامەکە بواربەخۆێنەر ئەدات کەبەشـدار بێت لەکاری بازارگەری بەشـێوەکی راسـتەوخۆ بەتایبەتی لەراکێشانی تەندەری ئاشکرا کەئەنجام ئەدرێت بۆ پرۆژەکان.

**٦.٨.٣: لایەنە نەرێنییەکانی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی**

سەرباری خاڵە بەهێز و ئەرێنیەکانی رۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی، بەڵام بەدەرنییە لەچەند خاڵێکی لاواز، لەوانە:

١. رۆژنامەکان پەنا بۆ رایەڵەچالاککراوەکان دەبەن، لەوێشـــەوە خوێنەر ئاراســـتە دەکرێت (ئەگەرچی بە ئەنقەســـتیش نەبێت)بۆهەندێ (رۆژنامە، پێگە، ...هتد)ی دیکە، کەرەچاوی پێوەرە رۆژنامەنوسیەکان ناکەن وجێگەی متمانەش نین.

٢. رۆژنامەنووســـی ئەلکترۆنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ بڵاوبونەوەی هەواڵی ناڕاســـت و پڕوپاگەندە بەشێوەیەکی خێراجگە لەتۆمەت دانەپاڵ وناوزڕاندن.

[1] علي عبد الفتاح كنعان: الصحافة الإلكترونية، مصدرسابق، ص ٤٢-٤٣.

٣. زۆرلەرۆژنامەئە لکترۆنیەکان گروپ وژووری چات وديالۆگيان هەيە، زۆربەيان لەلایەن بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکەوە هیچ سانسۆرێکیان لەسەردانەنراوە، ئەمەش وادەکات بەکارهێنەرانی کاری نابەجێی تێدا بکەن.

٤. نەبوونی دیسپلین وپێوەرە پیشەییەکان وپشت بەستن بەوسەرچاوە هەواڵیانەی متمانەیان نیە، جۆرێك لەفەوزاوهەرەمەکی دروستکردوە، هەربۆیە زۆرێك لەرۆژنامە ئەلکترۆنیەکان متمانەیان لەدەست داوە.[1]

٥. قورسی و گرانی خوێندنەوە لەسەرشاشە، یاخود گرفت و بەربەستە تەکنیکیەکان.[2]

٦. بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆررۆژنامەنووسی ناپرۆفیشناڵ کە تەنها شارەزاییان لەبواری کۆمپیوتەروئینتەرنێتداهەیە، وایکردووە رۆژنامەنوسە پرۆفیشناڵەکان لەرۆژنامەنووسی ئەلکترۆنی دووربکەونەوە.[3]

٧. بەئاسانی دەست درێژی کردنەسەر مافی خاوەنداریتی وپێشێلکردنی وبردنی (کتێب، فیلم، فۆتۆ و موزیك و .. هتد).

**٧.٨.٣: جیاوازییەکانی نێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی و کۆپی ئەلکترۆنی رۆژنامەی چاپکراو:**

جیاوازییەکی زۆرلەنێوان رۆژنامەی ئەلکترۆنی وکۆپی ئەلکترۆنی رۆژنامە چاپکراوەکاندا هەیە، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەدەین:

١. **سروشتی گەشەکردن:** کۆپی ئەلکترۆنی سەرەتا بەکاغەزدەستی پێکردوە، ئەوکاتەی ئەوانەی تیایدا کاریان کردوە درکیان بەپێویستی نوێکردنەوە وگونجاندنی کردوە لەگەڵ سەردەمدا، بەباشیان زانیوە کۆپیەکی رۆژنامەکە بخەنە سەرئینتەرنێت، بەڵام رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان هەرلەسەرەتاوە لەسەرتۆری ئینتەرنێت دەستیان پێکردوەو بە قۆناغی کاغەزدا تێ نەپەڕیون.

٢. **ستافی کار:** لەورۆژنامانەی کۆپی رۆژنامەی چاپکراو بڵاودەکەنەوە، زۆرینەی کات ستافی کاریان بریتییە لەچەند کەسێکی تەکنیکی کەکاریان دابەزاندنی ناوەڕۆکی رۆژنامەکەیە وەك خۆی لەسەرتۆری ئینتەرنێت، بەڵام رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان خاوەنی ستافێکی تەواوی رۆژنامەنوسین هەرلە سەرنوسەرەوە بۆنووسەروهەڵەچن وتیمی مەڵتی میدیا و .. هتد.

٣. **کاتی نوێکردنەوەی هەواڵ:** لەورۆژنامانەی کۆپی رۆژنامەی چاپکراو بڵاودەکەنەوە، کاتی نوێکردنەوەی هەواڵەکانیان پەیوەستە بەخولی دەرچونی رۆژنامە چاپکراوەکەوە (رۆژانە

**[1] مروى عصام صلاح: الإعلام الكتروني الأسس وأفاق للمستقبل، مصدر سابق، ص ١٥٧.**

**[2] نهلة أبورشيد: الصحافة الكترونية و النشر الكتروني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٠٣.**

**[3]عبيرشفيق جورج الرحباني: استخدام الصحافة الكترونية وانعكاسات على الصحف الورقية اليومية في الاردن، مصدرسابق ص٤٠.**

بێت یاخود هەفتانە)، بەڵام ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان پێشبڕکێ لەگەڵ کات دەکەن بۆخێراترگەیاندنی هەواڵ وڕووداوەکان، سەرباری بڵاوکردنەوەی هەواڵی بەپەلە.[1]

### ٨.٨.٣: جیاوازییەکانی نێوان ڕۆژنامەی چاپکراو و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی:

لەچەند لایەنێکەوە دەتوانین جیاوازییەکە بخەینەڕوو:

١. **لەرووی شێوە ودیزاینەوە:** ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی توانای کاراکردنی رەگەزەکانی مەڵتی میدیای هەیە (دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو) وایکردوە پەیامەکانی هاوشێوەی تەلەفزیۆن و رادیۆ بنێرێت، لەم روەوە ململانێیەکی توندیشی لەگەڵ ئەودووئامرازەی دیکەشدا دروستکردوە. وێنەی جوڵاو لەرووی بەکارهێنانیەوە لەئینتەرنێتدا، دەکرێت بەدوو بەشەوە: [2]

أ- **وێنەی جوڵاوی دینامیکی:** لەژمارەیەکەوە بۆژمارەیەکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی چۆنێتیی ئەوبابەتانەی لەپێگەکەدا بڵاودەکرێنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجانە وێنەی جوڵاو بەکاردێنێت: [3]

١. نمایشکردنی سەردێری هەواڵ وبابەتەکانی لاپەڕەکانی ناوەوە.

٢. نمایشکردنی کۆمەڵێك وێنەی یەك لەدوای یەك سەبارەت بەرووداوێکی دیاریکراو، وەك نمایشکردنی وێنەی ئەو یاریزانانەی لەیارییەکدا گۆڵیان تۆمارکردوە.

٣. نمایشکردنی کۆمەڵێك ناونیشانی گرنگ لەسەرەوەی پێگەکەدا، ئەمەش بۆ ئەوناونیشانانەی کە دەکەونە بەشی خوارەوەی پێگەکە وخوێنەرسەرەتا نایان بینێت.

ب- وێنەی جوڵاوی چەسپاو: ئەووێنە جووڵاوانەن کە لەهەرژمارەیەك لەژمارەکانی ڕۆژنامەکە لەسەرئینتەرنێت جێگیروچەسپاون و بەکەسایەتیی ڕۆژنامەکە دادەنرێن، ڕۆژنامەکان بۆبینینی چەند ڕۆڵێك ئەم جۆرە وێنانە بەکاردێنن.[4]

أ- جێگیرکردنی کەسایەتیی ڕۆژنامەکە لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت، بەمەش پێگەکە بەهۆی وێنەیەکەوە لەتەواوی پێگەکانی دیکە جیادەکرێتەوە وهۆکارێکیشە بۆخێرا ناسینەوەی پێگەکە.[5]

ب- ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەربۆ ڕۆژنامەکە.

---

[1] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد: نووسین لە میدیایی ئەلیکترۆنیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥-٧٦.

[2] فيصل أبوعيشة: الإعلام الإلكتروني، مصدرسابق، ص ١٢٧.

[3] سوزان بابان: الإعلام الجديد ومصداقية الأخبار، الإسكندرية، مؤسسة حورس الدولية، ٢٠٢١ ص ٩١.

[4] بن خليفة جميلة، بن مهيوب عمارية: تأثير الصحافة الإلكترونية على مقروئية الصحافة المكتوبة دراسة ميدانية على عينة من طلبة ماجستير صحافة مكتوبة، رسالة ماجستيرغير منشورة، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم علوم والإعلام والإتصال تخصص إتصال وصحافة مكتوبة، جامعة عبد الحميد بن باديس – مستغانم ، ٢٠١٧-٢٠١٨، ص٤٨.

[5] مروة محمد كمال الدين: مستقبل طباعة الصحف العربية رقميا، القاهرة، الدارالمصرية اللبنانية، ٢٠٠٧، ص ٢٠٦.

ت- هاوکاریی دەکات بۆبیرهاتنەوە.[1]

ث- خولّقاندنی تێڕوانینێکی دیاریکراو لەلای خوێنەر.

٢. **لەرووی چەندێتیی ناوەڕۆکەوە:** رۆژنامەئە لکترۆنیەکان توانایەکی لەرادەبەدەریان هەیە بۆ بلاّوکردنەوەی زۆرترین زانیاریی و بابەت، چونکە پانتاییەکی بێ سنوریان هەیە و بەربەستی کاتیش لەبەردەمیاندا نییە، سەرباری ئەوەی توانای ئەرشیفکردنیش خزمەتگوزارییەکی دیکەی رۆژنامەکەیە.[2]

٣. **لەرووی خێرایی بەدەستگەیشتن:** رۆژنامەی ئەلکترۆنی بەوە جیادەکرێتەوە کەزۆر ئاسان دەگاتە دەستی خوێنەرەکانی لەهەر شوێنێك و لەهەرکاتێك بێت، بەمەرجێك خاوەنی هێلّی ئینتەرنێت و ئامێرێك بێت. بەپێچەوانەوە رۆژنامەی کاغەزی لەچەند شوێنێکی دیاریکراو دەفرۆشێت (دابەشکردن)و پەیوەستیشە بە کاتەوە.[3]

٤. **رومالّی راستەوخۆ:** رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان توانای رومالّکردنی راستەوخۆی رووداوەکانیان هەیە لە (٢٤) سەعاتدا، بەپێچەوانەوە رۆژنامەی کاغەزی دەبێت چاوەڕوانی کاتی دەرچوونی بکات.

٥. **کارلێککاری:** رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان دەتوانن دۆخێکی کارلێککاری لەگەلّ خوێنەرانیان بەدی بێنن وسەرنجەکانیان بلاّوبکەنەوە.

٦. **لەرووی تێچوون و توانای دەستکاریکردنی ناوەڕۆکەوە:** رۆژنامە کاغەزیەکان پێویستیان بەئامێری گرانبەها هەیە کەتێچوویەکی زۆردەخاتە سەردامەزراوەکە و لەهەمانکاتیشدا جەماوەر پێویستیان بەهیچ ئامێرێك نیە، لەبەرامبەردا بەڕێوەبەرانی رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان تێچویەکی زۆر کەمتریان دەوێت بەلاّم لەم جۆرەیاندا جەماوەر ئەرکێکی دەکەوێتە سەرو پێویستی بە ئامێرهەیە تاکودەستی بە رۆژنامە ئەلکترۆنیەکە بگات.[4]

## پاژی نۆیەم: پێگەی ئەلکترۆنییەکان

### ٣.١.٩: پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی

بۆشایی ئاسمان کراوەیە لەبەردەم تۆڕی ئینتەرنێت، لەتواناییدایە ژمارەیەکی بێشوومارلەپێگەی ئەلکترۆنی تێدادروست بکرێت، ئینتەرنێت لەتەواوی جیهان ژیانی مرۆڤی

[1] ماجد سالم تربان: الانترنیت والصحافة الإلکتروونیة رؤیة مستقلة، القاهرة، الدار المصریة اللبنانیة،٢٠٠٨، ص٢٦٥.

[2] رؤى عبدالهادي محمد ا لشيخلي،تغطية الصحافة الإلكترونية العراقية لانتخابات مجالس المحافظات، دراسة تحليلية لصحيفتي الدستوروالزمان، مصدر سابق، ص ٣٨-٣٩.

[3] فيصل ابوعيشة: الإعلام الإلكتروني، مصدر سابق، ص١١٢.

[4] الشفيع عمرحسنين: الصحافة الكترونية - المفهوم والخصائص والانعكاسات، مصدر سابق، ص٥٨.

ناچارکردوه کەوابەستەوگرێدراوی ئینتەرنێت بێت، بەهۆی گەشەکردنی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا، ڕێگا والآیە لەبەردەم هەرکەس ولایەنێک، کەکاروچالاکییەکانی لەرێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئەنجامبدات.[١] دەرکەوتنی پێگەی ئەلکترۆنییەکان دەگەڕێتەوە بۆشۆرشی زانیاری و بەکارهێنانی

تۆری ئینتەرنێت بەمەبەستی راپەڕاندنی کاروبارەکانی، لەئێستادا سەدان ملیۆن پێگە لەسەرتۆڕی وێب دامەزاوە لەلایەن تاک ، دامەزراوەی تایبەت یاگشتی یامیری، کۆمپانیا بازرگانی، رێکخراوەکان، پارتە رامیاریەکان، گروپە ئاینییەکان، هەروەها زۆربەی ناوەندەکانی راگەیاندن، بەئامانجی کارلێکردن لەگەڵ جەماوەر، گەیاندنی پەیام و ئەنجامدانی هەڵمەتی بانگەشە، پێگەکان بەکاردەهێنن، چونکە پێگە ئەلکترونییەکان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوازەی سەردەمن، سەرباری ئەمەش کارئاسانی زۆریانکردوە بۆخوێنەرتاوەکودەستی بەبەبابەت وکاڵا دوورە وڵاتەکانیش بگات و لەماڵەکەی خۆیدا بەئاسانی بەرهەمەکان وەربگرێت، جگە لەوەش وایکردووە بابەتەکان زیاتربەجیهانی بن وبڵاوبن لەسەرتاسەری جیهان، سەرباری کەمکردنەوەی تێچوونەکان بۆخوێنەران وخاوەن پێگەکان. پێگەکانیش چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەلایەن پسپۆڕان شارەزایانی بوارەکە لەوانە: [٢]

فەرهەنگی (dictionary Cambridge) پێناسەی پێگەی ئەلکترۆنی کردووە بەوەی کە" کۆمەڵێک لاپەڕەی زانیاری رێکخراون، لەناو ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراوکەبڵاو دەکرێتەوە لەلایەن تاکە کەسێک یان دامەزراوەیەک"ـەوە.

فەرهەنگی (dictionary.com) لەپێناسەکەیدا بەم شێوەیە پێگەی ئەلکترۆنی ئەناسێنێت "کەکۆمەڵێک لاپەڕەی پێکەوە بەستراون لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن تاکە کەسێکەوە یان دامەزراوەیەک بەڕێوەدەبرێت وتایبەتە بەبابەتێک یان چەند بابەتێکی پەیوەست ونزیک لەیەکەوە.[٣]

پێگەی ئەلکترۆنی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری خێرایە لەرێگای ئینتەرنێتەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان، هاوکات لەگەڵ بەدیهێنانی کارلێکێکی زیندوولەنێوان نێرەرو وەرگر.[٤]

[١] ماجد سالم تربان: الانترنيت والصحافة الإلكترونية، مصدر سابق، ص١٤٥.

[٢] حسن السوداني ، محمد منصور، شبكات التواصل الإجتماعي – وتأثيرها على جمهورالمتلقين، عمان، مركزالكتاب لأكاديمي،٢٠١٥، ص٥١.

[٣] ئاراز رەمەزان ئەحمەد: ديجيتاڵ ميدياو زانينی سياسی ڕۆڵی پێگە ئەليكترونييەكان لەپێكهێنانی زانينی سياسی لەهەرێمی كوردستان، بێ شوێنی چاپ، بێ چاپخانە،٢٠١٩، ل٧٨.

[٤] ص ٢١٥

پێگەی ئەلکترۆنی بەیەکێک لەجۆرەکانی راگەیاندنی ئەلکترۆنی دادەنریت، لەژێرناوێکی جێگیرلەسەرتۆری ئینتەرنێت، والایە لەبەردەم بەکارهێنەران، بەبێ بەرامبەر، یا لەرێگای بەشداریکردن بەبرێک پارە.[1]

پێگەی ئەلکترونی کۆمەڵێک بەڵگەو زانیاری ودۆکیۆمێنتەری گرێدراو بەیەکەوە لەرێگای سیستەمی (هایپرلینک) سیستەمی بەستەرەوەکان پێشکەش دەکات، کەلە خزمەتگوزاریی پێگەکان ئەمبارکراوە، سەرباری ئەوەش هەرپێگەیەک ناونیشانی تایبەت بەخۆی هەیە، کاتێک بەکارهێنەران لەسەر(وێب گەر)، ناوەکە تۆمار دەکات، پێگە خوازراوەکە لەبەردەست وکاردا ئەبێت.[2]

پێگەی ئەلکترۆنی بریتییە: لەلاپەرەیەک یان چەند لاپەرەیەکی ئەلکترنی کەلینکی هاوبەش لەنێوان هەندێکیانداهەیە، کۆمەڵێک ئەرکی گەیاندن وپەخشکردن دەگرنە ئەستۆ لەوانە بلاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری نوێ بەشێوەی ( دەق و دەنگ و وێنەی جوڵاو)یا بەخشکردنی کردنی (موسیقاو فلم یا زانیاری )، پێگەکان خاوەنداری دەکرێن لەلایەن (تاک، کۆمپانیا، دامەزراوەکان، رێکخراوەکان،)، لەژێر ناوێکی تایبەت بەهەرلایەنێک، لەجیهاندا بەهەزاران پێگەی ئەلکترۆنی دانراون کەجیاوازن لەرووی (ناوەرۆک، شارەزایی، پاڵبشتی دارایی، پەیکەر، شێوەی خستنە روو، چەماوەری ئامانجدار).[3]

پێگەکان گروپێکی پێکەوەبەستراوی تۆری جیهانیی ئینتەرنێتن (www)، ژمارەیەکی بێشومار دۆسیە لەخۆدەگرن، لەرێگای "پەرەی سەرەکی"یەوە دەناسرێنەوە، کەلەبەشی سەرەوەی پێگەکەدا ناونیشانەکەیان نوسراوە، بەکارهێنەران دەتوانن بچنە ناویەوە وبگەن بەتەواوی زانیارییەکانی پێگەکە لەرێگای لینکە جیاوازەکانی نێو پێگەکەوە.

**٢.٩.٣: جۆرەکانی پێگەی ئەلکترۆنی**

پێگە ئەلکترۆنیەکان لەرووی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن، جیاوازن. ئەوە جۆری خزمەتگوزارییەکانە، کەجۆرو سروشتی پێگەکان دیاریدەکەن، سەرباری ناوەڕۆکی بابەت وزانیارییەکان، لەم روانگەیەوە پێگەکان دەکرێن بەچەند جۆرێکەوە:[4]

١. **پێگە رۆژنامەنوسیەکان:** دامەزراوەیەکی رۆژنامەنوسین و بەوە جیادەکرێنەوە، کە:

---

[1] إياد مصطفى عبد الفتاح أطرش، معالجة المواقع الإخبارية، الإلكترونية العربية، لواقع الأقباط في مصر دراسة تحليلية مقارنة، لموقعي، الجزيرة نت والعربية نت، رسالة ماجستيرغير منشورة، جامعة الأزهر، غزة، ٢٠١٢، ص٦٣.

[2] عباس مصطفى صادق: الإعلام الجديد المفاهيم والوسائل والطبيقات، عمان، دار الشرق للنشر والتوزيع،٢٠٠٨، ص ٩٢.

[3] فوزي شريطي مراد: التدوين الالكتروني والإعلام الجديد ، مصدرسابق، ص١١٤.

[4] ،عباس ناجي حسن، الوسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني، مصدر سابق، ص١١٥.

أ- پشت بەهەیکەلێکی کارگێڕیی ڕێکخراودەبەستن.

ب- پشت بە ڕۆژنامەنوسی پیشەیی دەبەستن.

ت- کار لەسـەر پێشـکەشـکردنی بابەتی ڕۆژنامەنوسـی دەکەن لەوانە: وێژەی، ڕامیاری، هونەری، کۆمەڵایەتی...هتـد، لەچوارچێوەی ژانرەڕۆژنـامەنوسـیەکـانـداهەواڵ، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، ڕیپۆرتاژ، وتار... هتد.[1]

ث- ئەرکەکـانی، بریتییە لەئـاراسـتە کردن وڕێنوێنیکردنی خوێنەر، لەڕێگـای نـاوەڕۆکی ئەوپەیامەنەی کەپێگە بڵاوی دەکاتەوە.

٢. **پێگەی ڕاگەیـانـدنی تەواوکـارەکـان:** ئەم پێگەنە کـاری دامەزراوە ڕاگەیـانـدنەکـان تەواو ئەکەن، بەهەموو جۆرەکانیەوە (چاپکراو، بینراو، بیستراو)، چەند تایبەتمە ندییەکیان هەیە:

أ- برەودان بەدامەزراوە ڕاگەیاندنەکە و پشتیوانیکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دامەزراوەکە.

ب- دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیامە ڕاگەیاندنەکانی دامەزراوەکە، بەمەیش دەبێتە پاڵپشـتێکی باش بۆدامەزراوەکە[2].

ت- ئەم جۆرە پێگـانە پەیـامێکی ڕاگەیـانـدنی ئەوتۆ بەرهەم نـاهێنن تەنهـا لەچوارچێوەیەکی تەسکدا نەبێت، هەر کارەکانی دامەزراوە سەرەکیەکە بڵاودەکەنەوە، پاش ئەوەی لەگەڵ سروشتی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنیدا دەیگونجێنن

٣. **پێگە کارلێککارەکان (مواقع تفاعلیە):** ئەم جۆرەپێگانە کارلەسـەر پرۆسـەی کارلێککاریی لەگەڵ سەردانیکارانیان دەکەن، ئەمەیش لەرێگای:

أ- پانتاییە نووسراوەکان.

ب- ژورەکانی چات.

ت- دیالۆگە دەنگییەکان.

٤. گروپەکانی پۆستە ئەلکترۆنیەکان.[3]

ئەم جۆرە پێگەنە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، لەوانە:

أ- هەیکەلێکی کارگێریی گەورەیان نییە.

ب- زۆربەی جار ئەم پێگەنە تەنها بریتین لەهەوڵی ئەوکەسـانەی کەسـەرپەرشـتی ژورەکانی چات ودیالۆگ دەکەن.

---

[1] حسن السوداني ، محمد منصور، شبكات التواصل الإجتماعي – وتأثيرها على جمهورالمتلقين، مصدر سابق، ص٥٣-٥٨.

[2] نزار بشير جديد: الإعلام المقروء- بين الصحافة الورقية و الصحافة الإلكترونية، عمان، دارا لإعصار العلمي للنشر والتوزيع،٢٠١٤، ص ٢٤٦.

[3] زيد منير سليمان: الصحافة الإلكترونية، مصدر سابق، ص٣٣.

ت- ئەوانەی ئەم جۆرە پێگەنا بەڕێوەدەبەن یاخود هاوبەشـــن تیایدا، مەرج نییە لێهاتویی وشـــارەزایی رۆژنامەنووســیان هەبێت، بەڵكو تەنها ئەوە بەســـە كەتوانای ئیدارەدانی گفتوگۆیان هەبێت.[1]

٥. **پێگە پـاڵپشـــتكـارەكـان:** ئەم جۆرەپێگەنە ســـەربەرێكخراو ودامەزراوەكـانن، كاروچالاكیەكانیان دەناســـێنن، بەتایبەت دامەزراوە قازانج نەویســـتەكانی وەك دامەزراوە خێرخوازیی، زانستیی، فیكری ورۆشنبیریەكان. تەنها چالاكیەكانی ئەورێكخراوانە بڵاودەكەنەوە، كەپـاڵپشـــتیـانن. هەنـدێجـاریش زانیـاریی لەبـارەی ئەوبوارەش بڵاودەكەنەوە، كەلەخزمەت دامەزراوەكەدا بێت.[2]

٦. **پێگە بازرگانیەكان:** ئەم جۆرە پێگەنە بەوە جیادەكرێنەوە، كە:

أ- پاڵپشتی ئەو كۆمپانیا یاخود ئەوناوەندە بازرگانییە دەكات، كەدایمەزراندووە.

ب- ریكلام بۆ بەرهەمەكانی كۆمپانیا یاخود دامەزراوەكە دەكات.[3]

ت- هاوكاریی فرۆشـــتن و بەبازاڕكردنی بەرهەمەكانی كۆمپانیا یاخود دامەزراوەكە دەكات، لەرێگای پرۆسەی بەبازاڕكردنی ئەلكترۆنییەوە، هەروەها چەند تایبەتمە ندیەكیان هەیە، لەوانە:

- بەرهەمی رۆژنامەنوســـی لەخۆناگرن، بەومانایەی كاری رۆژنامەنووســـی پرۆفیشـــناڵ ناكەن.[4]

- هونەرەكانی رۆژنامەنووســـی بەكارناهێنن، كارەكانیان تەنها لەوەدا كورت دەكرێتەوە: كۆمپانیا یاخود دامەزراوەكە وچالاكیەكانیان دەناسێنن وریكلام بۆ كاڵاكانیان دەكەن.

- ریكلامی بازرگانی بۆشتومەك وكاڵای كۆمپانیا ودامەزراوەكانی دیكەش دەكات.

- ئەم جۆرە پێگە نەهەیكەلێكی كارگێڕیی گەورەیان نیە، زۆر جاركۆمپانیا پســـپۆڕەكانی بواری ئەلكترۆنی ســـەرپەرشـتی كارەكانی دەكەن و زانیاریی وریكلامەكانی ســـەر پێگەكە نوێ دەكەنەوە، هەندێجاریش كارمەندانی خۆیان رادەهێنن بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە.

- پشت بە شارەزایی رۆژنامەنووسی نابەستن، بەڵكو زۆرجارراوێژ بەشارەزایانی بواری ریكلام دەكەن، بەتایبەت كۆمپانیا بازرگانییە گەورەكان.[5]

---

[1] **جنار نامق: دورالمواقع الإلكترونية الكوردية ، مصدر سابق، ص٤٥-٤٦.**

[2] **محمد فلحي: كتاب النشر الإلكتروني الطباعة والصحافة الإلكترونية والوسائط المتعددة ، عمان ، دار المناهج للنشر والتوزيع،٢٠٠٦، ص١١٦.**

[3] **أميرة محمد سيد أحمد: الاعلام الرقمي و الحراك السياسي،القاهرة، دار الكتاب الجامعي،٢٠١٥، ١٩٠.**

[4] **سوزان بابان: الإعلام الجديد ومصداقية الأخبار، مصدرسابق، ص٢٦-٣٠.**

[5] **عبد الرزاق دليمي: الإعلام جديد والصحافة الكترونية،عمان، دار الوائل للنشر والتوضيع، ٢٠١١ ، ص٣٦.**

٧. **پێگەی جووڵاو، بزۆز(Dynamic Web Sites):** ئەم جۆرە لەپێگە، بەشـێوازێک بوونیاد نراوە کەرەهەندی بزۆزی تێدایە، بەمانای جووڵاوە لەروانگەی دیزاین وناوەرۆکەوە، هەربۆیە بەردەوام لەگۆران وخۆ نوێکردنەوەدان بەشێوەی ئۆتۆماتیکی.[١]

٨. **پێگەی جێگیر(Static Web Sites):** ئەوپێگـانەن بەشـێوەیەک بونیـادنراون کەسرووشتێکی هەمیشەییان هەبێت لەرووی دیزاین و ناوەڕۆکەوە، سەرباری ئەوەش بۆگۆڕان ونۆێکردنەوە تەنها دەبێت لەرێگای دەست و بەبەرنامەی (Text Editors)بگۆڕدرێن، کەچەند بەرنامەیەک لە خۆدەگریت لەوانە: (Notepad)وبەرنامەی (Text Edit)،هەروەها بەرنامەی رووکاری (گرافیک) و(فرۆنت پیچ مایکرۆ سۆفت)،(مایکرۆ میدیا)،(درێم ویڤەر).[٢]

**٣.٩.٣: سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئینتەرنێت وپێگەی ئەلکترۆنی کوردی**

دوابەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) لەباشـوری کوردسـتان هەلێکی زێڕین بۆئازادییەکان هاتەپێش، بەتایبەتی ئازادی رادەربڕین و ئازادی کاری رۆژنامەنووسـی، کەفاکتەرێکی بەهێز بوو لەئەفراندنی ژینگەی لەباربۆ نوسـەران و رۆژنامە نووسـان تا ئازادەنەترکاربکەن، چونکە پێشترلەژێرفشاری دەسەڵاتدا بوون، بەشێوەیەك كەلەخزمەتی ئەوان و رەواییدان بەبیروباوەڕو بڕیارو یاساکانیاندا بووە، لەسۆنگەی کرانەوەی باشووری کوردوستان بەرووی جیهاندا، کورد توانی لەبواری راگەیاندندا هەنگاوی گەورە بنێت و سوودمەند بێت لەئامێرەکانی گەیاندن، ئەمەش بەسـەرەتای قۆناغێکی نوێ وگرنگ دادەنرێت لەکاروانی رۆژنامەنووسـی کوردیدا، لەکۆتای هەزارەی دووەمەوە وردە وردە چەمکی پێگەی ئەلکترۆنیی وراگەیـاندنی نوێ هاتە نێودونیای فەرهەنگی راگەیاندنی کوردی وبەتێپەربوونی کات بوو بەبەشـێک لەبونیادی رۆژنامەگەری کوردی. ئەوپێشکەوتنە زۆر وسەرسوڕهێنەرانەی لەبواری تەکنۆلوژیاو پەیوەندیکردن وگەیاندنی زانیاریداهاتنە ئاراوە، لەپێشـەنگیانەوە ئینتەرنێت، ئینجا مانگە دەسـکردەکان و پەخشـی کەناڵە ئاسـمانیەکان، دواترمۆبایلی زیرەک، ...هتد، بەشـەقاوی گەورە گۆڕانکاری لەبڕو چۆنیەتی و چەندییەتی پەیام وهۆکارەکانی گەیاندندا کرد، رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی سودێکی زۆری لەم رەوشە بینی.[٣]

---

[١] **خيرة مكرتارالعربي :دور الحارس البوابة في المواقع الإخبارية الجزائرية ، أطروحة دكتوراه غيرمنشورة ، كلية العلوم الإجتماعية، قسم العلوم الإسانية، شعبة الإعلام والتصال ، جامعة عبدالحميد بن باديس- مستغام ، ٢٠١٨، ص١٤٢.**

[٢] **عباس مصطفى صادق، الانترنت والبحث العلمي، ابوظبي، مركزالإمارات للدراسات ولبحوث الإستراتيجية،٢٠٠٧، ص٩٨.**

[٣] **هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی: رۆژنامە نووسی کوردی لەکوردستانی عێراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، سلێمانی، ئەکادیمای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادێران،٢٠١١، ل٦٩.**

دەرکەوتنی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردســـتان وبەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆســـاڵی (١٩٩٨)، بەڵام سنوردداربووە، چەندکەس ولایەنێکی دیاریکراو ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە بەشێوەیەکی گشتی لەبەردەست نەبووە،[١] هەروەها یەکەم سەنتەر بۆئینتەرنێت لە ساڵی (١٩٩٩) لەشاری سلێمانی بەشـــێوەیەکی فەرمی کرایەوە (ســـەنتەری ســـلێمانی بۆ ئینتەرنێت)، (ســـەنتەری ســـەرچنار)، کەهەرکاتژێرێک بەرامبەر(١٠) دۆلاربووە، دوای ئەوە بڵاوبووەوە وگەیشتە شاروشارۆچکەکان وتەنـــانەت بـــۆگـــوندەکـــان، بەتـــایـــبەت دوای بەکـــارهـــێـــنـــانـــی مـــۆبـــایـــل (MobileBroadbandConnection)، وەک (بروســـک نێت، گۆران نێت، ڕێبەرکویک، ماکس نێت، ...هتد).[٢]

ســـەرەتای کارکردنی ڕۆژنامەنووســـی ئەلکترۆنی کوردی بەبڵاوکردنەوە لەســـەرتۆڕی ئینتەرنێت لەلایەن خەڵکەوە دەســـتی پێکردو لەڕێگای دروســـتکردنی پێگەی کەســـی هەندێکیان ســـەرکەوتوو بوون، ئەم ســـەرەتایە ڕێگاخۆشـــکەر بوو بۆبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان بەشـــێوەی ئەلکترۆنی لەســـەرپێگەکان، یەکەم هەنگاو لەهەرێمی کوردســـتان ولەبواری ڕۆژنامەنووســـی ئەلکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆرۆژنامەی (کوردســـتانی نوێ)، کەتوانی کۆپی ڕۆژنامەکە بەشـــێوەی (pdf)، لەســـەر پێگەی(puk.org ) بڵاو بکاتەوە. پاشـــان هەوڵی تریشـــی بەدوای خۆیدا هێنا، وەک: کوردســـتان نێت، کوردســـتانپۆســـت، کوردســـتان ئۆنلاین، ...هتد.[٣] ڕاگەیاندنی نوێ کـاریگەریی گەورەی بەســـەرلایەنی نەتەوەیی، کلتوری، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکـان، شـــێوازی بەکارهێنان و چەندین ڕەهەند ولایە نی دیکەی ژیانی خەڵك لەهەرێمی کوردستاندا دروستکردوە، مۆدێلێکی نوێی لەپەیوەنـدییکردن هێنـایە ئـارا لەنێوان تـاك، گروپ، ڕێکخراوەکـان وتەنـانەت حکومەتەکانیش، دەرفەتێکی نوێی پێدان بۆ ئەوەی گوازرشـت لەخۆیان بکەن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئایدیاکانیان بکەن،بۆ نموونە لەســـەرئاســـتە نەتەوەییەکەیدا، ڕاگەیاندنی نوێ بوارێکی ناوازە و مێژوویی ڕەخســـاندوە لەنێوان کوردی هەرچوار پارچەی کوردســـتان و دەرگایەکی گەورەی بە ڕوویـاندا کردۆتەوە بۆ پەیوەنـدییکردن و گفتوگۆکردن و ئـاڵوگۆڕی بۆچوون وئەزمونەکـانیـان لەبارەی پرســـە جیاجیاکاندا، بەوپێیەی لەســـەردەمی تەکنەلۆژیای نوێی ڕاگەیاندندا هەمووکەس و گروپێك دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەکەمترین تێچوو زانیاری و بابەتی خۆیـانی تێدا بـاڵاوبکەنەوە،

---

[١] **صادق حمه غريب حمه صالح: الصحافة الالكترونية الكردية، مصدرسابق، ص ١٧٣-١٧٥.**

[٢] **جنار نامق: دور المواقع الكترونية الكوردية، مصدر سابق، ص٥٣.**

[٣] **جوان جلال الدين محي الدين: الصحافة الكترونية الكوردية- اشكالها واساليبها اخراجها- موقع خندان أنموذجا، رسالة ماجستير غيرمنشورة، فاكلتى العلوم الإنسائية، سكول العلومالإنساية، قسم الإعلام- الصحافة، جامعة السليمانية،٢٠١٢، ص ٧٥-٧٨.**

لەبەرئەوە دەبینین لەکوردســــتاندا،[1] بەپێچەوانەی ئامڕازە کۆنەکانی راگەیاندن وەك: تەلەفزیۆن، رادیۆ و رۆژنامە...هتد، لەپاڵ پارتە سـیاسـییەکان، هاوڵاتیانی ئاسـایی و گروپ ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئامادەبوونێکی بەرچاویان هەیە لەواقیعە گریمانەییەکەدا، بەگوێرەی توێژینە وەیەکی (جەعفەر شیخولئیسلام )لەبارەی کاریگەری راگەیاندنی کوردی لە سەر شوناسی نەتەوە ییدا، رێکخراوە ناحکومیە کانی وەك رێکخراوی پەیوەســـت بە مافی مێینە رێکخراوە کانی مافی مرۆڤ وهاوڵاتی ئاسایی زۆرینە یەکی کاران لەو کۆمەڵگەی لە ئینتەرنێتدا دروستبووە.[2]

دوای ئەوپێشــکەوتن وکرانەوە رێژەییەی لەهەرێمی کوردســـتان، بەتایبەتیش دوای روخانی رژێمی بەعس لە (٢٠٠٣)ژمـارەی ئەوانەی توانـای بەکـارهێنـانی ئینتەرنێتیـان هەبوو بەرەو زیادبوون رۆیشـــت، ژمارەی پێگە ئەلکترۆنییەکان زیادیکرد، بەگوێرەی دوایین ئامارژمارەی ئەوکۆمپانییانەی ئینتەرنێت لەکوردستان کاردە کەن و خزمە تگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش دەکەن دەگاتە (٢٧)کۆمپانیا، ژمارە ی بە کارهێنەرانیش دە گاتە ســـەروو(٥٠%) ی کۆی دانشـــتوانی هەرێم .لەئێستادا، ژمارە یەکی زۆری پێگەی ئەلکترۆنی لەبوار و پسپۆڕی جیاواز لەکاردان بۆ خزمەتکردن بە ئامانج و مەبەسـتی جیاواز، بۆ نموونە، وەك پێگەکانی هەواڵ،[3] بلۆگ، پێگەکانی یەکترناسـین و لێدوان...هتد، بەشـێکی دیکەی پێگەئەلکترۆنییەکان پەیوەسـتن بە بواری بازرگانی، پەروەردە و خوێندن، سیاسەت و مافەکانی مرۆڤ.[4]

---

**[1] عمرأحمد رمضان: دور الصحافة الالكترونية الكوردية في تشكيل الاتجاهات السياسية لأساتذة جامعة السليمانية، مصدر سابق، ص٥٥-٥٦.**

**[2] عەبدولخالق ئیبراهم مستەفا: رۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەربە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لەهەرێمی کوردستان-(٢٠١٤-٢٠١٧)، تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٢٠، ل ٧٩-٨٠.**

**[3] چاوپێکەوتن لەگەڵە پرۆفیسۆر.دکتورنەزاکەت، پسپۆڕی راگەیاندن، سلێمانی، ٢٠٢٢/٨/٤.**

**[4] عەبدولخالق ئیبراهم مستەفا: رۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەربە ئاسایشی نەتەوەیی لەجەنگی دژی داعش لەهەرێمی کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٣.**

## بەشی چوارەم: لایەنی کردەنیامەی توێژینەوەکە

پاژی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی دامەزراوەی خەندان

٤.١.١: دامەزراوەی خەندان

٤.١.٢: بڵاوکراوەو سەکۆکانی سەربەخەندان

٤.١.٣: پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان

٤.١.٤: پێکهاتەی پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان

پاژی دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی رواڵەتشیکاری

٤.٢.١: چەمکی شیکاری

٤.٢.٢: دروستکردنی فۆڕمی شیکاری

٤.٢.٣: دەستەکانی شیکاری

٤.٢.٤:لقە دەستەکان

پاژی سێیەم: ناساندنی دەستە، لقە دەستە، بڕگەو لقە بڕگەکانی شیکارکاری

٤.٣.١: دەستەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.١: لقە دەستەی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.٢: لقە دەستەی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.٣: لقەدەسەی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.٤: لقە دەستەی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.٥: لقە دەستەی کاریکاتێرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.١.٦: لقە دەستەی وتارە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.٢: دەستەی رەهەندە روونکارییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.٢.١: لقە دەستەی جۆرەکانی وێنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.٢.٢: لقە دەستەی ناونیشانە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

٤.٣.٢.٣: جۆرەکانی دیکەی رەهەندە روونکارییە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا

پاژی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی کردنیامە وگفتووگۆکردنی

## بەشی چوارەم: لایەنی کردەنینامەی توێژینەوەکە

### پاژی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی دامەزراوەی خەندان

### ٤.١.١: دامەزراوەی خەندان[١]

دامەزراوەی خەنـدان بـۆپەخش و بڵاوکـردنەوە سـاڵی (٢٠٠٤) لەسـلێمانی دامەزراوە، وەك لەناسـاندنی دامەزراندنیـداهاتووە، دامەزراوەکە لەڕێگـای بەرنـامە و بڵاوکراوەکانیـدا، کاردەکـات بۆپێشـکەش کردنـی خـزمە تگـوزاری میـدیایی لەسـەر بنەمـا پرۆفیشـناڵ و پیشـەییەکان. خەنـدان دامەزراوەیەکـی میـدیایی ورۆشـنبیرییە، بەدامەزراوە یەکـی قـازانج نەویسـت دەناسـێنێت کەخـاوەنی کەسـێتیەکی مەعـنەوی و سـەربەخۆی دارایـیە، شایسـتەیی یاسـایی تەواوی هەیە بۆکـارکردن و بەدیهێنـانی ئامانجەکـانی، بـایەخ دەدات بەبڵاوکـردنەوەی رۆژنامەنووسـی، پەخشـی ئێـزگە یـی و ئەلکترۆنیـی، بەرهەمهێنـانی میـدیایی و زانیـاری، دیـالۆگ، تـوێژینەوە و گەشـە پێـدانی کـۆمەڵگەی مەدەنی .دامەزراوەی خەندان لەگەڵ دامەزراندنیدا مۆڵەتی یاسایی لەوەزارەتی رۆشـنبیری لەهەرێمـی کوردسـتان وەرگرتـوە، دوای فراوانبـوونی ئاسـتی کـارکردنی لەسـەر ئاسـتی عێـراق، مـۆڵەتی لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەغدا وەرگرتووە.[٢]

گرنگترین ئامانجەکانی دامەزراوەی خەندان بریتییە لە:

١. بەشـداریکردنی کـارا لەدروسـتکردنی کـۆمەڵگەیەکی زانیـاری ئەوتـۆ کە بە بڵاوکـردنەوەی هەواڵ و زانیاری بناسرێتەوە بەشێوەیەکی شەفاف و لەسەرچاوە رەسەنەکانی وەرگیرابێت بەگوێرەی بنەما پیشەییەکان.

٢. پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی میدیایی بەمەبەستی بەدیهێنانی گەشـەپێدان لە بـواری زانستی، رۆشنبیری، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری.

٣. دروسـتکردنی رایگشـتی و فراوانکردنـی ئاسـتی بەشـداریکردنی تاکەکـانی کـۆمەڵگە وپاڵپشتیکردنی رۆڵی دەستەبژێری کۆمەڵگە لەگەلاڵەکردنـی بڕیـاری سیاسـی و بنیاتنـانی کـۆمەڵگەی دیموکرات لەچوارچێوەی دامەزراوە مەدەنییەکاندا.

---

[١] عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، رۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لەجەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا ٢٠١٤-٢٠١٧، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٤٣.

[٢] جوان جلال الدين محي الدين، الصحافة الكترونية الكرودية، مصدر سابق، ص١٨٥-١٩٠.

٤. بڵاوکردنەوەی کلتوری میانڕەوی و قوڵکردنەوەی گیانی گفتوگۆی بنیاتنەرانە و قەبوڵکردنی ڕاوڕای جیاواز بەنێوکلتورە جیاوازەکان .

٥. گرنگیدان بەپرسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و خوێندکاران، هەوڵدان بۆرووماڵکردنی چالاکی دامەزراوە مەدەنیەکان و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و نافەرمییە کان[1].

٦. دابینکردنی خزمە تگوزاری میدیایی پێشکەوتوو بەگوێرەی بەرەوپێشچوونی کارەکان لەرێگای کەناڵی ڕاگەیاندنی خوێندراو، بیستراو، بینراو و لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت. دامەزراوەی خەندان بەستراوەتەوە بەکەسێتی دکتۆر بەرهەم ساڵح. *

### ٢.١.٤: بڵاوکراوە و سەکۆکانیی سەر بەخەندان

لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، خەندان چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و ئامرازی ڕاگەیاندنی هەبوو، بەڵام لەئێستادا دامەزراوەکە ئەم بڵاوکراوە و دامەزراوانە لە خۆی دە گرێت:

١. پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان: لە(١ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠) دامەزراوە.
٢. سە نتەری ستراتیژی بۆکاروباری سیاسی لە کوردستان لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ دامەزرا.
٣. ڕادیۆی خەندان.

### ٣.١.٤: پێگەی ئەلکترۆنیی خەندان

پێگەیەکی ئەلکترۆنیی هەواڵییە، بە بەردەوامی بەشێوەی (٢٤) کاتژمێری، حەوت ڕۆژلەهەفتەیەک پەڕاوی ئەلکترۆنیی پێگەی خەندان لەکاردایە بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری

---

[1] بەهادین ئەحمەد: پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، و.ڕابەر ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢-٣٤٤.

* د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح لەدایکبووی ساڵی(١٩٦٠) ی گەڕەکی بەرخانەقای شاری سلێمانییە و خوێندنی ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردووە. لەکۆتایی(١٩٧٦) پەیوەندی بەریزەکانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانەوە کردووە، لە ١٩٧٩ لەلایەن حزبی بەعسەوە دووجار گیراوە، پاش ئازاد بوونی چووە بۆ بەریتانیا بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەئەندازیاری مەدەنی لە ١٩٨٣ لەزانکۆی کاردیف لەبەریتانیا وبڕوانامەی دکتۆرای لەئامار و کۆمپیۆتەر لەبواری ئەندازیاری لە ١٩٨٧ لەزانکۆی لیڤەرپوول هێناوە، ساڵی ٢٠٠٢ پاش دەستلەکارکێشانەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ بەسەرەک وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم دانرا، هەروەها ٢٠٠٩ – ٢٠١١، سەرۆک وە زیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسان بوو، لەناوەڕاستی ٢٠٠٤ بووە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و دواتر لە ٢٠٠٥ بووە وەزیری پلاندانان و دوای ئەوە لەسەردەمی نووری مالیکی وەك جێگری سەرۆك وەزیران کاری کردووە. لە ١٦ی سێپتێمبەری ٢٠٠٩ بووە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، ئێستا سەرۆک کۆماری عێراقە.
- فەرید ئەسەسەرد، ئەوانیتر: ئینسکلۆپدیای یەکیتی نیشمانی کوردستان، چ٤، سلێمانی ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادێران، ٢٠٢١، ل ٢٨٣-٢٨٤.

بــابەت وكاروبــارە هەنــووكەییە رامیــاری، ئــابووری، وەرزشــی هــونەری، زانســتی، ژینگەیــی وكۆمەڵایەتی ،سەربازی...هتدی كوردستان، عێراق و جیهان. بەڵام، ناوەڕۆكەكەی بەهەردووزمـانی كوردی (شێوەزاری سۆرانی) وعەرەبی بڵاودەكـاتەوە، پێشـترجگە لەكـوردی وعەرەبـی، بەهەریەك لەزمانەكانی ئینگلیزی، تـوركی وفارسـیش هەواڵ و زانیـاری بڵاودەكـردەوە، پـێگەی خەنـدان بەپێـی راپۆرتێكی پێگەی (ئەلیكسا) خەندان لەسەرئاستی عێراق لەپلەی حەوتەمدایە،هەروەها لەسـەرئاسـتی جیهان لەپلەی (٥٠٢٦) لەرووی گرنگییەوە، بەهەمـان شـێوەش بەگـوێرەی تـوێژینەوەیەک كەلەسـاڵی (٢٠١٤) ئەنجامـدراوە پـێگەی خەنـدان لەسـەر ئاسـتی عێـراق لەپـلەی دەیەمـین و لەجیهانیشـدا لەریزبەندی (١٢٧٦٠)دایە.[١]

### ٣.١.٤: پێكهاتەی پێگەی ئەلكترۆنیی خەندان

پێگەی ئەلكترۆنیی خەندان لەچەند بەشێكی سەرەكی پێكدێت:

١. **سه رەتا:** لاپەڕەی سەرەكی پێگەی خەندانە ولەپاڵ ناونیشـانی بەشـەكانی پـێگەكە، ناونیشـانی هەواڵ و وتارە بڵاوكراوەكان وریكلام دەبینرێ.

٢. **هه واڵ:** هه واڵی كوردستانی، عێراقی وجیهانی لەخۆدەگرێت.

٣. **مەڵتی میدیا:** كەئەم بەشانە لەخۆدەگرێت، بەشێوەی تۆمارو بڵاوكـردنەوەی ڤیـدیۆی (ڤیچەر، دیداری خەندان، هونەری خەندان، هەمەڕەنگ، ئینفۆگرافیك، پیشەمەند).

٤. **جۆراوجۆر:** پێـک هـاتووە لەبـابەتی جۆراوجـۆری وەک: بـابەتی سـەرنجڕاكیش، وەرزشـی، هونەری، ژینگەی).

٥. **راپـۆرت:** پێكهـاتوە لەراپـۆرتە گشـتییەكان: راپـۆرتی رامیـاری، راپـۆرتی كـۆمەڵایەتی، سەربازی ...هتد).

٦. **چـاوپێكەوتن:** چـاوپێكەوتنە رۆژنامەنووسـییەكان لەخۆدەگرێـت، كەرۆژنامەنووسـی پـێگەكە ئەنجامی ئەدات سەبارەت بەپرسەكانی رۆژ.

٧. **وەرزش:** پێكهاتووە لەژانرە رۆژنامەنووسییەكانی تایبەت بەوەرزش.

٨. **لایڤ:** بریتییە لەبەشەكانی تەندروستی، زانست و تەكنەلۆجیا وكلتور.

٩. **ئابووری:** پێكهاتووە لەژانرە رۆژنامەنووسییەكان تایبەت بەبواری ئابووری .

١٠. **زانست وتەكنۆلۆجیا.**

١١. **بیروڕا:** ئەم بەشە تایبەتكراوە بە ژانری وتار.

---

[١] **جنار نامق، دورالموقع الإلكترونية الكوردية في تشكيل الرأي العام حول إنتهاك حقوق الايزيدية، مصدر سابق، ص ١٣١.**

١٢. **بژاردە:** ئەو وتارە لەخۆدەگرێت کە زۆرترین خوێنەری هەیە.[١]

١٣. **دەربارە :** شوناس و پەیامی دامەزراوەی خەندان و پێگەکە لەخۆدەگرێت.

١٤. **ئە رشیف:** کەسەرجەم هەواڵ و بابەتە رۆژنامەنووسییەکانی چوارساڵی رابردووی پێگەکەی خستۆتە بەردەم بەکارهێنەرو توێژەران .

١٥. **پە یوەندی:** ناوی بەرپرسانی پێگەکە و شێوازی پەیوەندییکردن پێیانەوە لەخۆدە گرێت.

**پاژی دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی رواڵەتشیکاری**

**٤.٢.١: چەمکی شیکاری:** پرۆسەی هەڵوەشاندن وبەش بەشـکردنی دیـاردەیە بۆپێکهـاتەو سـادەترین بەشـەکانی، یـان دابەشـکردنی داتاکـان ورێکخسـتنیانە لەرەگەزە بنچینەییەکانیـدا بەمەبەسـتی گەشـتن بەوەڵامـی ئەوپرسـیارانەی کەتـوێژینەوەکە وروژانـدویەتی.[٢] تـوێژەرئەم شـێوازەی بـۆ شـیکارکردنی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان و رەهەند روونکارییەکان بەکارهێناوە. بەم جۆرە:

**٤.٢.٢: دروســـتکردنی شـــیکاری:** توێژەربۆگەشـــتن بەئامـــانجی تـــوێژینەوەکەی فـــۆرمێکی رواڵەتشـیکاری پێشـوەختەی دروسـتکردووە، دەسـتە، لـقە دەسـتە، بـڕگە ولـقە بڕگەکـانی تێـدا دیـاریکردووە، ژانـرە رۆژنـامە نووسییەکان و رەهەنـدە روونکارییەکـان دەسـتەی شیکارکاریەکانن، ئەوانیش دابەشدەبن بۆلقە دەستەو بڕگەکان، لـقە بڕگەکـان کە لەو سـۆنگەیانەوە مشـتەی تـوێژینەوەکە شیکارکراوە، بەم جۆرە:

**٤.٢.٣: دەسـتەکانی شـیکاری:** ئەم تـوێژینەوەیە پەیوەسـتە بەرواڵەتشـیکارکردنی هەردوودەسـتەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان (هەواڵ، راپۆرت، ریپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، کاریکاتێرو وتـار) و رەهەنـدە روونکارییەکـان (وێـنە، ناونیشـان و رەهەنـدی دیـکە) کەهاوکـارن لەگەیانـدنی پەیـامە میـدیاییەکان، دیـاریکراون بۆشـیکردنەوەیان لەرووی چەنـدییەتییەوە، جێگـای ئامـاژە پێدانە کەئەم دەستانە سیما و خەسـڵەتی هاوبەشـیان هەیە، بۆبەدیهێنـانی ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە لەسـەربنەمای ئەوپێـودانگە پۆلێنکراون لەهەردوو رووکاری (چـی وتـراوە؟)، کە تـایبەتە بەخسـتنە ڕووی جۆری ئەو بابەتـانەی کەشیکاردەکرێن، هەروەها (چەند وتراوە؟) کە تایبەتە بەخستەڕووی چەندێتی ئەو شـێوازە هونەریەی کە ناوەرۆکەکەی پێخراوەتەڕوو، لە رووگای چەندبارەی لقەدەستەو بڕگەو لقە بڕگەکانەوە.

**٣.٢.٤: لقە دەسـتەکان:** دەسـتەکان لەودوو رەهەنـدەدا بەرجەسـتەدەبن کەئاماژەیـان پێدراوە، دابەش دەبن بۆچەند لقە دەستەیەک، بڕگەیەک، هەروەها لەچەند لقە بڕگەیەک پێکدێن.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵە هەڤاڵ محمد، سەرنووسەری پێگەی ئەلکترۆنی خەندان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٧/٩.

[٢] سابیر بۆکانی: میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

**پاژی سێیەم: ناساندنی دەستە، لقە دەستە، بڕگەو لقە بڕگەکانی شیکارکاری**

**٤.٣.١: دەستەی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا**، ئەوچوارچێوە هونەریانەن کەپەیامەکانیان تێدا ڕێکخراوە لەپێگەی خەنداندا، ئەم لقە دەستە وبڕگە ولقە بڕگانە دەگرێتە خۆی:

**٤.٣.١.١: لقە دەستەی هەواڵە ڕۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا** ، سەرجەم ئەوبابەتانەیە کەتایبەتمەندی وبنەماکانی هەواڵیان تێدا بەرجەستەیە و لەم بڕگانە پێکهاتووە:

**یەکەم: بڕگەی بابەتی هەواڵ:** ئەم بڕگەیە لەم لقە بڕگانە پێکهاتووە

١. **رامیاری:** تایبەتە بەهەواڵی پەیوەندی نێوان وڵاتان، کێشەوململانێ رامیارییەکان، هەڵبژاردن، خۆپێشاندان وناڕەزایی، بۆنەو یادە نەتەوەییەکان، لەکوردستان، عێراق، جیهان.

٢. **ئابووری:** سەبارەت بەهەواڵی چالاکی بازرگانی، پیشەسازیی، کشتوکاڵ، کۆمپانیاکان، داهات، موچە لەکوردستان*، عێراق، جیهانە.

٣. **کۆمەڵایەتی:** تایبەتە بەهەواڵی کێشەو پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان، لەدایکبوون ومردن، پرۆسەی هاوسەرگیری و جیا بوونەوە، ... هتد لەکوردستان، عێراق، جیهان.

٤. **زانستی:** سەبارەت بەهەواڵە زانستییەکانی بواری خوێندن وپەروەردە، توێژینەوەو لێکۆڵینەوە زانستییەکانی کوردستان،عێراق، جیهانە.

٥. **ڕۆشنبیری:** بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆڕ، سیمیناره وێژەیی وکەلتوریەکانی کوردستان، عێراق، جیهان لەخۆدەگریت.

٦. **هونەری:** بریتییە لەهەواڵی چالاکییە هونەرییەکانی سینەما، دراما، فلیم وشانۆ، ژیانی ئەستێرە ناودارەکان لەکوردستان، عێراق و جیهان.

٧. **وەرزشی:** پێکهاتووە لەهەواڵی سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان، ژیانی ئەستێرە دەرکەوتووەکانی بواری وەرزشی لەکوردستان، عێراق، جیهان.

٨. **تەندروستی:** تایبەت بەهەواڵی چالاکییە پزیشکییەکان، پەتاونەخۆشییەکان، چارەسەروداهێنانە نوێیەکانی بواری پزیشکی لەکوردستان، عێراق، جیهان.

٩. **مێژوویی:** سەبارەت بەهەواڵەکانی بواری مێژوو، نووسراو وبەڵگەنامە مێژووییەکان لەکوردستان، عێراق، جیهانە.

---

*** مەبەست لە هەواڵەکانی باشوورو خۆرهەڵات و ڕۆژئاوا وباکوری کوردستانە.**

**١٠. ژینگەیی:** تایبەتە بەدیاردە سروشتیەکانی وەک: زەمین لەرزە، لافاو، پلەکانی گەرما، پیسبونی ژینەگە لەکوردستان، عێراق، جیهان.

**١١. سەربازی:** سەرجەم چالاکییە سەربازییەکان دەگرێتە خۆ، لەوانە: داهێنانی کەرەستەی سەربازیی، مانۆڕی سەربازی، لەشکرکێشیەکان، پرۆسەی سەربازییەکان لەکوردستان، عێراق وجیهان.

**١٢. یاسایی:** کەیسەکانی دادگا دەگرێتەوە، وەک رووداوی دزی، کوشتن، سەرپێچیەکان لەیاسا، لەکوردستان، عێراق و جیهان.

**١٣. ئایینی:** بڵاوکردنەوەی هەواڵە سەبارەت بەلایەنی ئایینی وەک: بۆنەو مەراسیمە ئایینیەکان، کۆنگرە جیهانییەکان، فەتواو ئەرکانە شەرعییەکان.

**دووەم: بڕگەی شوێن،** مەبەست لەشوێنی روودانی هەواڵەکەیە، لە رووی جوگرافیاوە پێکهاتووە لە لقە بڕگەکانی:

1. **کوردستان:** واتاهەواڵەکانی کوردستان چەندجارهاتووە لەپێگەی خەندان .
2. **عێراق:** چەندیان سەبەرەت بەعێراقە.
3. **جیهان:** چەندیشیان جیهانییە .

**سێیەم: بڕگەی بەهای هەواڵ،** لەم لقە بڕگانە پێکهاتووە:

1. **ناوبانگ:** هەواڵەکە سەبارەت بەکەسێک، شوێنێک، شتگەلێک نووسراوە کەبەناوبانگە.
2. **نزیکی:** مەبەست مەودای نێوان وەرگروبابەتە.
3. **نوێی:** مەبەست نوێی هەواڵەکەیە کەلەپێگەی خەندانەوە یەکەم جاربڵاودەکرێتەوە.
4. **کات:** مەبەست لەکاتی هەواڵەکەیە، رادەی گونجاویی لەگەڵ خواستەکانی وەرگردا.
5. **گرنگی:** دەرخستنی ئاستی بایەخی هەواڵەکە بۆچین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان.
6. **گەورەیی:** پشاندانی قەبارەی هەواڵەکەیە لەرەهەندی زیان و قازانج.
7. **ململانێ:** دەرخستنی ناوەرۆکی کێشەو ناکۆکییەکانە.
8. **توندوتیژی:** ئەوبەهایە کەناوەرۆکێکی نەرێنی نیشان ئەدا.
9. **مرۆڤایەتی :** بەهایەکە لەناوەرۆکی هەواڵدا کەهەست وسۆزدەجووڵێنێت.
10. **کاریگەری:** ئەم بەهایە لەهەواڵێکدایە کەزۆرترین وەرگرگرێدەدرێنەوە پێوەی.
11. **سەرسوڕهێنەر:** ئەوهەواڵانەن کەلەسۆنگەی باویەتی کۆمەڵەوە نامۆیە.

**چوارەم: بڕگەی بۆتەی نووسین،** بۆتە هونەرییە جۆراوجۆرەکانە کەهەواڵەکانی پێدادەڕێژرێت، لەم لقەبڕگانەپێکهاتووە:

١. **بۆتەی قوچەکی ئاسایی:** دەرخستنی ئەوهەواڵەنەیەکە بەپێی کاتی ڕووداوەکان وگرنگێتیان ریزبەند کراون لەرووی دارشتنەوە.

٢. **بۆتەی پێچەقوچەک:** دەرخستنی ئەوبۆتەیە کەلەزۆرگرنگەوە بۆکەمترین گرنگی ریزکراون.

٣. **بۆتەی دیکە:** دەرخستنی بۆتەکانی دیکە، جیاواز لەم دوو بۆتەیە.

**پێنجەم: برگەی سەرچاوەی هەواڵ،** مەبەست لە جۆری سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەو، لەم لقە برەگانە پێکدێت:

١. **پەیامنێران:** مەبەست لە پەیامنێرەکانی پێگەی خەندانە.

٢. **نێردراوان:** مەبەست لەو راگەیاندکارانەیە کە پێگەی خەندان بۆدەستخستنی هەواڵ و وردەکارییەکانی سوودیان لێدەبینێت.

٣. **کۆنگرەی رۆژنامەنووسی:** کۆنگرەی کەسایەتیەکان سەبارەت بەبواروپرسە جیاوازەکان دەبن بەسەرچاوەی هەواڵ.

٤. **ئاژانسەکانی هەواڵ:** تۆڕێکی فراوانە لەسەرئاستی جیهان بۆدەستخستنی هەواڵ و زانیارییەکان و رومالکردنیان.

٥. **سەرچاوەی فەرمی:** مەبەست لەوکەسانەیە کەپۆستێکی فەرمیان هەیەورێگاپێدراون هەواڵ و زانیاری بدەن بەدەزگاکانی راگەیاندن.

٦. **سەرچاوەی نادیار:** ئەوسەرچاوەنەن کەهەواڵ و زانیاری دەدەن ئامادەی ئاشکراکردنی پێگەو ناوی خۆیان نییە.

٧. **ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە:** دەرخستنی ئەوهەواڵەنەیە کە ئاماژە بەهیچ سەرچاوە یەکی هەواڵ نەکراوە.

٨. **بڵاوکراوەکان:** بەکارهێنانی بڵاوکراوەکانە وەک سەرچاوەی هەواڵ.

٩. **راگەیاندنی کۆنباو:** بەکارهێنانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن، رادیۆ...هتد زانینی بەکارهێنانی میدیای تەقلیدی وەک سەرچاوەی هەواڵ وزانیارییەکان.

١٠. **ئینتەرنێت:** سەرجەم کەناڵەکانی پەیوەندی وپێگەئەلکترۆنییەکان وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، سودلێبینیان وەک سەرچاوەی هەواڵ.

١١. **سەرچاوەی دیکە:** ئەوکەس ولایەنانەن کەدەبنە سەرچاوە بۆهەواڵەکان، کەهێچ پێگەیەکی فەرمییان نییە یا کەسانی ئاسایین(شایەتحاڵەکان).

**٢.١.٣.٤: لقەدەستەی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا،** ئەوبابەتانەیە کەتایبەتمەندی نووسینی راپۆرتیانتێدایە کە برەگەکانی برتین لە:

**یەکەم: بڕگەی جۆرەکانی راپۆرت**، راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندانە ولەم لـقە بڕگـانە پێکهاتووە:

١. **راپۆرتە هەواڵ:** تایبەتە بەپرسە گەرماوگەرمەکانی رۆژ.

٢. **راپـۆرتی کەسـی:** سـەبارەت بەکەسـایەتییەکی دیـارە، رۆڵـی هەیە لەپرسـەکانی کوردسـتان، عێراق و جیهان.

٣. **راپۆرتی کۆمەڵایەتی:** سەبارەت بەپرسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

٤. **راپۆرتی هونەری:** سـەرجەم چـالاکییە هونەرییەکـان دەگـرێتەوە، لەبـواری نوانـدن، سینەما، شێوەکاری، لەکوردستان، عێراق و جیهان.

٥. **راپـۆرتی زانستی:** راپـۆرتە زانستییەکانی بـواری خوێنـدن، تـوێژینەوە، داهێنـانی زانسـتییە لەکوردستان، عێراق، جیهان.

٦. **راپــۆرتی تەندروســتی:** ســەبارەت بەچــالاکی پزیشــکی، ئامارەکــانی کەرتــی تەندروســتی سەبارەت بەمردن وژیان، پەتاو نەخۆشـی، داهێنـانە پزشـکییەکان لەبـواری تەکنۆلۆجیـا ودۆزینـەوەی چارەسەر، کۆنگرە وکۆنفراسە پزیشکییەکان لەکوردستان، عێرق وجیهان.

٧. **راپۆرتی رامیـاری:** سـەرجەم ئەو راپۆرتـانە دەگرێتەوە کەئامـاژە یە بـۆ پرۆسـەی رامیـاری وەک، پەیوەنـدی دیبلوماسـی، نـاکۆکی، پروسـەی هەڵبـژاردن، شـێوازی فەرمـان ڕەوای، مـانگرتن دەربرینی نارەزاییەکانی کوردستان، عێراق و جیهان.

٨. **راپۆرتی ژینـگەی:** تـایبەتە بەو راپۆرتـانەی کەلەسـەرژینگەی کوردسـتان، عێـراق، جیهـان، نووسراون.

٩. **راپــۆرتی ئــابووری:** ئەوراپۆرتــانە دەگــرێتەوە کەلەســەرچالاکی ئــابووری، قەیــران، داهات،...هتد نووسراون.

١٠. **راپۆرتی ئایینی:** لەبۆنە ئایینییەکان، چالاکییە خێرخوازییەکان، کـۆنگرە وکۆنفرانسـی ئـایینی، روونکردنەوەی ئەرکانەکانی ئایندا بەرجەستە دەبێت.

١١. **راپـۆرتی وەرزشـی:** سـەبارەت بەکێبرکێـی نێـوان یانەکـان، دەسـتپێکردنەوەی وەرزی نـوێی یانەکان، گواسـتنەوەی یاریزانـان و سـەرجەم ئەوبابەتـانەی پەیوەنـدییان بەچـالاکی وەرزشییەوە هەیە نووسراوە.

١٢. **راپۆرتی یاسـایی:** تـایبەتە بەکەیسـەکانی دادگـا، وەک تـاوان، کەتـن، سـەرپێچی کردنـی یاسـا وسەرجەم بابەتەکانی دیکەی یاسایی.

١٣. **راپـۆرتی سـەربازی:** وەک، مـانۆڕو لەشکرکێشـی، داهێنـانی نـوێ لەبـواری تەکنۆلوجیـای سەربازی، رەهەندە سەربازییەکان.

١٤. **گەشتنامە (لەبارەی شوێن):** ئەوراپۆرتانەن کەلەسەر کەلتور، شوێنی گەشتوگوزار، زمان، ژمارەی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان نووسراون.

١٥. **راپۆرتی وێنەیی:** راپۆرتێکە تیایدا وێنە پشکی سەرەکییە، بەهاوکاری ژێر وێنەکان دیزاین وکامڵدەکرێت.

**دووەم: بڕگەی شوێنی راپۆرت،** مەبەستی توێژەردەرخستنی ئەوشوێنەیە کەراپۆرتەکەی لەبارەوە نووسراوە لەرووی جوگرافیاوە، پێکهاتوە لە لقەبڕگەکانی:

١. **کوردستان:** ئەوراپۆرتانەیە سەبارەت بەهەرێمی کوردستان و باشوورو خۆرهەڵات و رۆژئاوا وباکوری کوردستان نووسراوە.

٢. **عێراق:** سەبارەت بەدەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ نووسراوە.

٣. **جیهان:** ئەوراپۆرتانەیە سەبارەت بەجیهان و دەرەوەی سنوری عێراق وهەرێم ئەنجامدراوە.

**سێیەم: بڕگەی بۆتەی نووسینی راپۆرت،** بۆتەهونەرییە جۆراوجۆرەکانی پێگەی خەندانە کەبەکاردەهێنرێت لەدارشتنی راپۆرتەکان، لەم لقەبڕگانەپێکهاتووە:

١. **بۆتەی قوچەکی ئاسایی:** ریزبەندکردنی زانیاریی راپۆرتە بەشێوەی گێرانەوەی مێژوویی.

٢. **بۆتەی پێچە قوچەک:** دەرخستنی بۆتەی نووسینی راپۆرتە بەم شێوەیە کەلەگرنگترین زانیارییەوە بۆکەمترین گرنگی رێکدەخرێن.

٣. **بۆتەی دیکە:** دەرخستنی بەکارهێنانی بۆتەی دیکەیە لەدارشتنی راپۆرت لەپێگەی خەندان.

**چوارەم: بڕگەی سەرچاوەکانی راپۆرت،** مەبەست لە جۆری سەرچاوەکانی راپۆرتە لەپێگە خەندان، پێکهاتووە لەم لقەبڕگانە:

١. **پەیامنێران:** دەرخستنی ئەوراپۆرتانەی کەسەرچاوەکەیان خوودی پەیامنێراکانی خەندانە.

٢. **نێردراوان:** ئەورۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەپێگەی خەندان لەرووماڵکردنی زانیاری وبابەتەکان پشتیان پێبەستراوە.

٣. **کۆنگرەی رۆژنامەنووسی:** کۆنگرەی کەسایەتیەکانە سەبارەت بەبواروپرسە جیاوازەکان کەدەبن بەسەرچاوەی راپۆرت.

٤. **ئاژانسەکانی هەواڵ:** دەرخستنی سەرچاوەی ئەوراپۆرتانەی کەئاژانسەکانی هەواڵ بوون بەسەرچاوەیان.

٥. **سەرچاوەی فەرمی:** ئەوکەسانەیە کەپۆستێکی فەرمیان هەیە وبەسەرچاوەی راپۆرتەکانی پێگەی خەندان دادەنرێن.

٦. **سەرچاوەی نادیار:** ئەوسەرچاوانەن کەئامادەی ئاشکراکردنی پێگەوناوی خۆیان نیین.

٧. **ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە:** ئەوراپۆرتانەن کە ئاماژە بەسەرچاوە کانیان نەدراوە.

٨. **بڵاوکراوەکان:** ئەو بڵاوکراوەنە دەگرێتەوە کەبوون بەسەرچاوەی راپۆرت.

٩. **راگەیاندنی کۆنباو:** ئەوراپۆرتانەی پێگەی خەندانە، کەرۆژنامە و تەلەفزیۆن، رادیۆ...هتد، بوون بەسەرچاوەی.

١٠. **ئینتەرنێت:** پێگەئەلکترۆنیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، سوودیان لێدەبینرێت وەک سەرچاوەی راپۆرت.

١١. **سەرچاوەی دیکە:** ئەوکەس ولایەنانەن کەهێچ پێگەیەکی فەرمییان نییە یا کەسانی ئاساین(شایەتحاڵەکان) و بوون بەسەرچاوەی راپورتی پێگەی خەندان.

**٣.١.٣.٤: لقە دەستەی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا** ، ئەو پەیامانەی پێگەی خەندانە کە تایبەتمەندی ریپۆرتاژی رۆژنامەنوسییان بەرجەستەکردووە، ئەم لقە دەستەیە پێکدێت لەبڕگەکانی:

**یەکەم: بڕگەی بابەتەکانی ریپۆرتاژ**، مەبەست لەم بڕگەیە دیاریکردنی بابەتەکانی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسییە، لەپێگەی خەنداندا، پێکهاتووە لەم لقە بڕگانە:

١. **رامیاری:** وەک، گەندەڵی رامیاری، ساختەکردنی هەڵبژاردن، باسی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی لەکوردستان، عێراق و جیهان.

٢. **ئابووری:** ئەوریپۆرتاژانەیە سەبارەت بەگەندەڵی باری ئابووری و دارایی وبازرگانی، بانک ودراوەمەنی وزیانی قەیرانە ئابووریەکانی کوردستان، عێراق و جیهان دەنووسرێت.

٣. **کۆمەڵایەتی:** ریپۆرتاژە سەبارەت بەکێشە وگرفتەکۆمەڵایەتییەکان، وەک هۆگربوون بەمادەی هوشبەر، جگەرەکێشان، لادانە سێکسیەکان، هاوسەرگێری نامۆ، کێشە خێزانییەکانی کوردستان، عێراق و جیهان.

٤. **زانستی:** دەرخستنی پرس و کێشە زانستیەکانی، وەک دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکاران، دزینی سەرچاوە، ساختەکردنی کتێب وتوێژینەوە زانستییەکانی کوردستان، عێراق و جیهان.

٥. **سەربازی:** ریپۆرتاژێکە پەیوەندی بەلایەنی سەربازییەوەهەیە، وەک گەندەڵی لەبەڕێوەبردنی رشتەی سەربازی، ئەنجامدانی تاوانی سەربازی، داگیرکردن، پرسی تیرۆر وئەوهەڕەشانەی کەڕووبەرووی کوردستان، عێراق و جیهان دەبێتەوە.

٦. **ئایینی:** تایبەت بەپرس وکێشە ئایینیەکان و بەکارهێنانی ئاین لەچاوەشکردن و فێڵکردن لەلایەن هەندێک کەسەوە.

٧. **وەرزشی:** مەبەست لەوجۆرە ریپۆرتاژیە کەباس لەکێشەکانی ناوەندە وەرزشییەکاندەکات، وەک خواردنی مادەی چالاکی وزەبەخش، گەندەڵی لەبەڕێوەبردنی یانە وتیمە وەرزشییەکان، دابەزینی ئاستی وەرزش لەکوردستان، عێراق و جیهان.

٨. **تەندروستی:** کێشە وگرفتەکانی کەرتی تەندروستی دەگرێتەوەک، گەندەڵی فەرمانگاکانی تەندروستی، ساختەکردنی داودەرمان، خراپ بەکارهێنانی پێشەی پزیشکی...هتدی کوردستان، عێراق، جیهان.

٩. **ریپۆرتاژی وێنەی:** دیاریکردنی ئەو ریپۆرتاژانەیە سەبارەت بەیەکێک لەپرسەکان ئەنجام دەدرێت کە بەپلەی یەکەم وێنە پشکی زۆری ریپۆرتاژەکەی بەردەکەوێ، ئەمەسەرباری کاپشن ونووسینە روونکارییەکان کەهاوکاری وێنەکاندەکات.

**دووەم: برگەی جۆرەکانی ریپۆرتاژ** ، مەبەست لەجۆرەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندانە، پێکهاتووە لەم لقە برگانە:

١. **شیکارکاری:** ئەوجۆرە لەریپۆرتاژدەگرێتەوە، کەبەمەبەستی شیکارکردنی، کێشە، دیاردە، دۆزە گشتی یەکانی کوردستان، عێراق، جیهان، دەنووسرێت.

٢. **پشکنین:** جۆرێکی دیکەی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسییە، کەبەئامانجی تیشک خستنە سەرلایەنە جیاوازەکانی کێشەیەک ئەنجامدەدرێت.

٣. **پێشبینی:** مەبەست ئەوجۆرەیە لەریپۆرتاژ، کەوەرگر بتوانێت لەبەررۆشنایی زانیارییەکانی پێشبینی بکات بۆدەرئەنجام ولێکەوتەکانی .

٤. **گەڕان وئاشکراکردن:** دەرخستنی ریپۆرتاژە سەبارەت بەئاشکراکردنی رەهەندە شاراوەکانی پشت بابەتێک یا کێشەیەکی ناوکۆمەڵ.

٥. **خۆشباری:** ئەوجۆرەیە لەریپۆرتاژ کەئامانجی کات بەسەر بردنە .

**سێیەم : برگەی سەرچاوەی ریپۆرتاژ،** مەبەست لە جۆری سەرچاوەکانی ریپۆرتاژە لەپێگە خەندان، پێکهاتووە لەم لقە برگانە:

١. **پەیامنێران:** ئەو ریپۆرتاژانەی پێگەی خەندانە کەسەرچاوکەیان خوودی پەیامنێرەکانیەتی

٢. **نێردراوان:** مەبەست لەو راگەیاندکارانەیە کەپێگەی خەندان لەکۆکردنەوەودەستخستنی زانیاری و بابەتەکانی ریپۆرتاژپشتیان پێبەستراوە.

٣. **کۆنگرەی رۆژنامەنووسی:** کۆنگرەی کەسایەتیەکانە کەدەبن بە سەرچاوە بۆریپۆرتاژەکانی پێگەی خەندان.

٤. **ئاژانسەکانی هەواڵ:** تۆڕێکی فراوانە لەسەرئاستی جیهان بۆدەستخستنی هەواڵ وزانیارییەکان دامەزراون و پێگەی خەندان پشتی پێبەستووە.

٥. **سەرچاوەی فەرمی:** ئەوسەرچاوانەن کەپێگەی خەندان سوودی لێبنیوە، بۆئەمجامدانی ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی، چونکە ئەوکەسانە پۆستێکی فەرمیان هەیە ورێگاپێدراون زانیاری بدەن بەدەزگاکانی راگەیاندن.

٦. **سەرچاوەی نادیار:** ئەوسەرچاوەنەن کەزانیاریان لێوەرگیراوە بۆریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان، بەڵام ئامادەی ئاشکراکردنی پێگەوناوی خۆیان نییە.

٧. **ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە:** ئەوریپۆرتاژانەی پێگەی خەندان دەگرێتەوە کەئاماژە بەسەرچاوە کانیان نەدراوە.

٨. **بڵاوکراوەکان:** وەک بڵاوکراوەی کۆمپانیاووەزارەت، دەستە نێودەوڵەتیەکان، باڵویزخانەکان، نوسینگە رۆشنبیرییەکان.

٩. **راگەیاندنی کۆنباو:** دەرخستنی ئەوریپۆرتاژانەی کەرۆژنامە وتەلەفزیۆن، رادیۆ...هتد، بوون بەسەرچاوەی ریپۆرتاژەکانی پێگەی خەندان.

١٠. **ئینتەرنێت:** سەرجەم کەناڵەکانی پەیوەندی و پێگەئەلکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، پێگەی خەندان سودی لێ بینیوە وەک سەرچاوەی ریپۆرتاژ.

١١. **سەرچاوەی دیکە:** ئەوکەس ولایەنانەن کەدەبنە سەرچاوە بۆریپۆرتاژ رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندان، کەهێچ پێگەیەکی فەرمییان نییە یاکەسانی ئاساین (شایەتحاڵەکان).

**چوارەم: بڕگەی شوێنی ریپۆرتاژەکان**، مەبەست لەدەرخستنی شوێنی ریپۆرتاژەکەیە لەرووی جوگرافیاوە، پێکهاتووە لەم لقە بڕگانە:

١. **کوردستان:** ئەوریپۆرتاژانە لەخۆدەگرێت کەسەبارەت بەکوردستان نووسراون.
٢. **عێراق:** ئەوریپۆرتاژانەیە سەبارەت بەعێراق نووسراوە.
٣. **جیهان:** ئەوریپۆرتاژانەی سەبارەت بەجیهانن .

**٤.١.٣.٤: لقە دەستەی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا**، ئەوبابەتانەی پێگەی خەندانە کە لەچوارچێوەی ژانری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسیدان، لەم بڕگەکانە پێکهاتووە:

**یەکەم: بڕگەی جۆرەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی**، مەبەست جۆرەکانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندانە، پێکهاتوون لەم لقە بڕگانە:

١. **هەواڵی:** دیاریکردنی جۆری چاوپێکەوتنی هەواڵییە لەپێگەی خەندان، کەئامانج لێیان دەستکەوتنی زانیاری وردو دیاریکراوە لەسەرچاوەی هەواڵ، لەسەر رووداوێکی نوێ، لەکەسانی ئاسایی و بەرپرس و بەشداربوانی رووداوەکە.

٢. **بیرورِا:** دەرخستنی ئەوجۆرەیە لەچاوپێکەوتن، کەبەمەبەستی وەرگرتنی راوبۆچوونی کەسی بەرامبەرە لەسەرپرسێک یا کێشەیەک ئەنجامدەدرێت.

٣. **زانیاری:** ئەوجۆرە چاوپێکەوتنەیە کەپێگەی خەندان بەئامانجی دەستخستنی زانیاری سەبارەت بەرەهەندە جیاوازەکان (ئابووری، رامیاری، تەندروستی،...هتد)، لەگەڵ کەسی بەرامبەرئەنجامی دەدات.

٤. **خۆشباری:** دیاریکردنی چاوپێکەوتنە خۆشبارییەکانی پێگەی خەندانە، کەتایبەتن بەبۆنەیەکی دیاریکراوەوە.

**دووەم: بڕگەکانی بابەتەکانی چاوپێکەوتن،** مەبەست لەم بڕگەیە دەرخستنی بابەتەکانی چاوپێکەوتنە لەپیگەی خەندان، لەم لقە بڕگانە پێکهاتووە:

١. **رامیاری:** ئەوچاوپێکەوتنانەیە کەبەئامانجی دەستکەوتنی زانیاریی و بۆچوون، لەبارەی پرسە رامیارییەکانەوە ئەنجامدەدرێن.

٢. **ئابووری:** چاوپێکەوتنێکە بەئامانجی تیشک خستنەسەرپرسە ئابوورییەکانی کوردستان،عێراق جیهان یان چالاکییە ئابوورییەکان ئەنجامدەدرێت.

٣. **کۆمەڵایەتی:** ئەوچاوپێکەوتنانەیە کەلەسەرلایەنی کۆمەڵایەتی وپرسە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێت .

٤. **رۆشنبیری:** ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە لەگەڵ کەسە پسپۆرو شارەزاکان، لەسەربابەتە رۆشنبیرییە جیاوازەکان.

٥. **ئایینی:** ئەوجۆرەی چاوپێکەوتنە کەپرسەکانی ئاین و ئەرکانە شەرعییەکانی تێدا ڕووندەکرێتەوە.

٦. **وەرزشی:** ئەوچاوپێکەوتنەیە کەرەهەندە وەرزشییە کوردستان و عێراق و جیهانیەکان لەرێگای کەسە شارەزاو وپسپۆرەکانی بواری وەرزش تێدا شرۆڤە دەکرێت.

٧. **تەندروستی:** ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە لەگەڵ کەسە پسپۆرەکانی بواری تەندروستی بۆدەسکەوتنی زانیاری تەندروستی وهۆشیارکردنەوەی وەرگر لەهەربابەتێکی پزیشکی.

**سێیەم: بڕگەی شێوازی دارشتنی چاوپێکەوتن،** ئەم بڕگەیە بەئامانجی پێشاندانی شێوازی دارشتنی چاوپێکەوتنە لەپێگەی خەندان، واتا بەچ شێوازێک؟ نووسراوە، لەم لقە بڕگانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١. **پرسیارو وەڵام :** دەرخستنی ئەو چاوپێکەوتنانەیە، کەلەسەربنەمای پرسیاری رۆژنامەنووس ووەڵامی کەسی بەرامبەر دارێژراون، دانانی پرسیاری رۆژنامە نووس لە ناوەخنی نووسراوەکەوە کەدارێژراوە، بەدوایدا راستەوخۆ وەڵامی کەسی بەرامبەر(میوان)،ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدراوە بەبێ دەستکاریکردن و یاریکردن بە وشەکان لەلایەن رۆژنامە نووس.

٢. **هەواڵی:** ئەنجامدان ودارشتنی چاوپێکەوتنە لەسەربنەمای هەواڵ، واتا بەشێوەی نووسینی هەواڵ.

٣. **شیکاری:** دارشتنی چاوپێکەوتنە لەسۆنگەی شیکارکاری بابەتی چاوپێکەوتنەکە لەلایەن کەسی میوانەوە.

٤. **پەسنکاری(وەسفی):** داڕشتنی چاوپێکەوتنە لەڕەهەندی پەسندانی بابەتی چاوپێکەوتنەکەوە.

٥. **گێڕانەوە:** ئەوچاوپێکەوتنانەیە کەبەشێوازی گێڕانەوە لەسەرزاری کەسایەتییەکان دادەڕێژرێت.

**٤.٣.١.٥: لقە دەستەی کاریکاتێرە ڕۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا،** وێنە گاڵتە ئامێزەکان دەگرێتەوە کەدەچنە خانەی هونەری کاریکاتێر، پێکدێت لە بڕگەی:

- **بڕگەی جۆری بابەتی کاریکاتێر،** دەرخستنی جۆرەکانی کاریکاتێرە لەپێگەی خەندان، لەم لقە بڕگانە پێکهاتووە:

١. **ڕامیاری:** سەبارەت بەپرسە ڕامیارییەکانە.

٢. **ئابووری:** سەبارەت بەبواری ئابووری وکێشە وئاریشەکانێتی.

٣. **کۆمەڵایەتی:** سەبارەت بەگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی ناوکۆمەڵە.

٤. **بزیشکی:** پێشاندانی پرس وکێشەوگەندەڵییەکانی کەرتی تەندروستییە.

٥. **وەرزشی:** لەسەر بابەتەجیاوازەکانی بواری وەرزشە.

**٤.٣.١.٦: لقە دەستەی وتارە ڕۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا** ، سەرجەم ئەوپەیامەنە دەگرێتەوە کەتایبەتمەندی وتاری ڕۆژنامە نووسیان هەیە، لەپێگەی خەنداندا بڵاوکراونەتەوە، لەم بڕگانە پێکهاتووە:

**یەکەم: بڕگەکانی جۆرەکانی وتار،** دەرخستنی جۆرەکانی وتارە لە پێگەی خەنداندا، لەم لقە بڕگانە پێکهاتووە:

١. **سەروتار(وتاری پێگە):** سەروتاری پێگەی خەندانە، لەسەر ڕووداوە هەنووکەیی وکێشە گەرماوگەرمەکان.

٢. **شیکارە وتار:** ئەوجۆرەنەی وتارە کەبابەتەکەی تێداشیکاردەکرێت.

٣. **ستوون:** مەبەست دەرخستنی ستوونە ڕۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندانە.

٤. **وتاری ڕەخنەیی:** وتارە ڕەخنەییەکان دەگرێتەوە لەپێگەی خەنداندا.

**دووەم: بڕگەی بابەتی وتار،** بەمەبەستی دەرخستنی بابەتەکانی وتارە، پێکهاتووە لەم لقە بڕگانە:

١. **ڕامیاری:** ئەووتارانەیە کەپەیوەستن بەپرسە ڕامیارییەکانەوە.

٢. **ئابووری:** ئەو وتارانەیە کە دەربارەی پرسە ئابوورییەکانە.

٣. **کۆمەڵایەتی:** سەبارەت بەپرسە کۆمەڵایەتییەکانە.

٤. **پزیشکی:** پرسە پزیشکییەکان لەخۆدەگرێت.

٥. **ئایینی:** سەبارەت بەلایەنی ئایینی نووسراون.

٦. **سەربازی:** وتارەکانی بابەتە سەربازییەکان دەگرێتەوە لەپێگەی خەنداندا.

٧. **وەرزشی:** ئەو وتارانەیە کەدەربارەی رەهەندە وەرزشییەکانە.

**٤.٣.٢: دەستەی رەهەندە روونکارییەکان لە پێگەی خەنداندا** ، پێکهاتووە لەچەند لقە دەستەیەک و برگەو لقەبرگەیەکی شیکاری بۆجۆرەکانی بابەتە روونکاریەکان:

**٤.٣.٢.١:  لقە دەستەی وێنە لە پێگەی خەنداندا** ، سەرجەم وێنە رۆژنامەنووسییە بڵاوکراوەکانی پێگەی خەندان دەگرێتە، ئەم لقە دەستەیە پێکهاتووە لەبرگەی:

- **برگەکانی جۆرەکانی وێنە رۆژنامەنووسییەکان**، خستنەرووی جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەنووسییە، لەم لقە برگانە پێکهاتووە:

١. **پۆرترێت:** ئەو وێنانەیە کەبەتەنها بەشی سەرەوەی جەستە تێیدا دەردەکەوێت.

٢. **وێنەی زیندوو:** ئەو وێنانەیە کەلەکاتی رووداوەکەدا دەگیرێن ولەگەڵ بابەتەکاندا دادەنرێن.

٣. **نیگار:** شێوەیەکی تایبەتی هونەری وێنە کێشانە.

٤. **ئەرشیف:** ئەووێنانەیە کەلەئەرشیفی دەزگاکانی راگەیاندندا پارێزراون ولەکاتی پێویستداسوودیان لێدەبینرێت، هەروەها ئەو وێنانەش لەوخانەیەدا پۆلێن دەبن کەلەرێگای ئینتەرنێتەوە وەردەگیرێن.

٥. **هێڵکاری:** شێوەیەکی تایبەتی وێنە کێشانە، وێنەکێش لەرێگای پێنووس یاپەرەمووچەوە دەیکێشێت.

٦. **وێنەی دانەنراو:** خستنە رووی ئەوبابەتە رۆژنامەنوسیانەیە کە وێنە لەگەڵیدادانەنراوە.

**٤.٣.٢.٢: لقە دەستەی ناونیشان لەپێگەی خەنداندا**، خستنەرووی سەرجەم ئەوناونیشانانە یە کەدانراون بۆبابەتە بڵاوکراوەکانی پێگەکە، ئەم برگایە دەگرێتەوە:

- **برگەی جۆرەکانی ناونیشان**، خستنە رووی جۆرەکانی ناونیشانە، لەم لقە برگایە پێکهاتووە:

١. **ناونیشانی سەرەکی:** یەکەم دەروازەوسەرەتای هەربابەتێکی رۆژنامەنووسییە گوزارشت لەدەقی بابەتەکە دەکات.

٢. **ناونیشانی لاوەکی:** دەقێکی کورتە هاوکاری وەرگر دەکات بۆزیاتر تێگەشتن لەبابەتەکەو گرێدراوی ناونیشانی سەرەکییە، بەقەبارەیەکی بچووکتر لەناونیشانی سەرەکی و گەورەتر لەدەق دەنووسرێت.

٣. **ناوە ناونیشان:** لەناودەقی بابەتەکەوە دەردەهێنرێت، فۆنتەکەی گەورەترهەندێک جارجیاوازترلەدەق دەنووسرێت وبۆڵت دەکرێت.

٤. **مانشێت:** بەفۆنتێکی گەورەو و رەنگێکی سوور دەنووسرێت، ئاماژەیە بۆگرنگترین هەواڵ.

**٤.٣.٢.٣: لقە دەستەی رەهەندی دیکە لەپێگەی خەنداندا**، خستنە رووی هەندێک رەهەندی روونکاریی کەهاوکارن لەگەیاندنی پەیامی پێگەکە، ئەم لقە دەستەیە لە م برگەیە پێکدێت:

- **بڕگەی ڕەهەندی دیکە**، دانان وهاوپێچکردنی هەندێک ڕەهەندی دیکەیە بۆزیاتر ڕوونکردنەوەوتێگەشتن لەبابەتەکە، لەم لقە بڕگایە پێکهاتووە:

١. **خشتە:** خشتە ڕوونکاری و ئاماری وژمێرەییەکان دەگرێتەوە.

٢. **نەخشە:** نەخشە جۆراوجۆروجیاوازەکان دەگرێتەوە کەبۆمەبەستی ڕوونکاری لەگەڵ بابەتەکان دادەنرێت.

٣. **هێڵکاری:** مەبەست لەورەهەندە ئامارییەنەیە، کەبەکاردەهێنرێت بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکان.

٤. **ژێرنووس:** ژێرنووسی وێنەکانە تایبەت بەوێنەکەو هەروەها وێنەگر وکاتی چرکاندنی.

٥. **بەڵگەنامە:** ڕەهەندە ڕوونکارییەکانن کەدیدوبۆچوونی نووسەرپشتراست دەکەنەوە.

٦. **ڕەنگ:** ڕەنگەبەکارهێنراوەکانی پێگەی خەندان دەگرێتەوە کەهۆکارن بۆزیاترسەرنجڕاکێشانی وەرگر.

## پاژی چوارەم / خستنە ڕووی ئەنجامەکانی کردنیامەکە و گفتووگۆکردنی

### ٤. ١.٤: ژانرە رۆژنامەنووسییەکان

لە دوای هەڵاوێردکردنـــی ســـەرجەم ئەوبابەتـــانەی کە بڵاوکـــراونەتەوە لەپـــێگەی خەندانـــدا لە(دەستەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان)، لەخشتـەی (١)، دەردەکەویت: کەهەواڵ لەپلەی یەکەمدایە بە ئاستێکی بەرزو بەجیاوازیکی زۆرلە نێو ژانرەکانـدا، بەرێـژەی (٥٨.٨٪) هـاتووە، پاش ئەویش راپۆرت بەپلەی دووەمدێت بەرێـژەی (٣٨٪)، پاشـان ژانرەکـانی دیـکە، وەک وتـاربەرێژەی (٢٪)، بەپلەی سێیەم هاتووە، ئینجا رپیۆرتـاژ بەرێـژەی (١٪) لەپـلەی چواهەمـدایە، چـاوپیکەوتن بەرێـژەی (٠.٢٪) بەپلەی پێنجەم و بەئاستێکی نزم دەرکەووتون، لەکاتێکدا، هەرژانرێـک گرنگـی خـۆی هەیە و هەریەکێکیان ئەرکێکی جیاواز بەجێدەهێنێت لەبەئاگاهێنان ورێنمایکردنی خوێنەرسـەبارەت بەکێشـە وپرسە جیاوازەکان، هەروەها ئەوە دەرکەوتووە کە پێگەی خەندان هیچ گرنگییەکـی نەداوە بەژانـری کاریکاتێر،کەبەیەکێـک لەگرنگتـرین ژانرەکـان دادەنرێـت، لەبەرئەوەی زیـاتر وزۆرترگوزارشـت دەکـــات وەك لەوشـــە، بەرای تـــوێژەرئەم گرنگیـــدانەی پـــێگەی خەنـــدان بەهەواڵ دەگەڕێـــتەوە بۆکاریگەری گەورەی هەواڵ لە نێو ژانرە رۆژنامە نووسییەکان.

| خشتەی (١) ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندانددا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ژانرە رۆژنامەنووسییەکان | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | هەواڵ | ١٠٢٧ | ٥٨.٨ | ١ |
| ٢ | راپۆرت | ٦٦٣ | ٣٨ | ٢ |
| ٣ | وتار | ٣٦ | ٢ | ٣ |
| ٤ | ریپۆرتاژ | ١٨ | ١ | ٤ |
| ٥ | چاوپێکەوتن | ٤ | ٠.٢ | ٥ |
| ٦ | کاریکاتێر | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٧٤٨ | ١٠٠ | |

### ١. بابەتی هەواڵ

لەخشــتەی (٢) دا کەتــایبەتە بەبــڕگەی بابەتەکــانی هەواڵ، دەرکەوتــووە: ئەوهەواڵانەی کە زیــاترگرنگی پێدراوە لەلایەن پـێگەی خەنـدان، بــابەتی رامیــاری بە پـلەی یەکەم دێـت، بەڕێـژەی (٢٣٪)، هەروەها بابەتی ئابووری بەڕێژەی (١٩٪) لەپلەی دووەمدایە، بـابەتی سـەربازی بەڕێژەی (١٨٪) لەپـلەی سـێیەمدایە، ئینجابـابەتی کـۆمەڵایەتی بەڕێـژەی (١٠٪) دێـت، لەپـلەی چوارەمـدایە وبــابەتە یاســاییەکان بەڕێــژەی (٨٪) پـلەی پێنجەمــی وەرگرتــووە، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆئەوەی لەومـاوەیەدا کوردسـتان وعێـراق و جیهـان کەو تـونەتە نـاو زنجیـرەیەک رووداو پـرس وئاریشـە و قەیـرانەوە، کەزۆرتـرین کـاریگەری بەسـەر رایگشـتی کـۆمەڵ ورۆژنامەنووسـانەوە بەجێهێشـتووە، لەسۆنگەی کاریگەریەتییەکانی ئەورەهەندانەی ئاماژەیەن پێدرا بەروونی دیارە کەلەپێگەی خەنـدانـدا رەنگـدانەوەی هەبـووە وکـاری زیـاتری لەسـەرکراوە، ئینجـا بابەتەکـانی دیـکەی وەک: ژینگەیـی، وەرزش، بەڕێـژەی (٦٪) هـاتوون، ئینجـا تەندروسـتی بەڕێـژەی(٤٪)، هـونەری بەڕێـژەی (٣٪)، پاشان ئاین بەڕێژەی (٢٪)، زانسـتی بەڕێـژەی (١٪) هـاتوون، کەچـی گرنگیەکـی ئەوتـۆ بەباتەکـانی مێژوو ورۆشنبیری نەدراوە، لەکۆی سەرجەم بابەتەکان، بابەتی رۆشـنبیری تەنهـا (٥) جـار دووبـارە بوەتەوە، هیچ بابەتێکی مێژوویی نەهاتووە، بەمانای (سفر)ـە.

| خشتەی (٢) بابەتەکانی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بابەتەکانی هەواڵ | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | رامیاری | ٢٣٢ | ٢٣ | ١ |
| ٢ | ئابووری | ١٩٥ | ١٩ | ٢ |
| ٣ | سەربازی | ١٨٣ | ١٨ | ٣ |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ١٠٤ | ١٠ | ٤ |
| ٥ | یاسایی | ٨٠ | ٨ | ٥ |
| ٦ | ژینگەیی | ٦٠ | ٦ | ٦ |
| ٧ | وەرزشی | ٥٩ | ٦ | ٧ |
| ٨ | تەندروستی | ٤٠ | ٤ | ٨ |
| ٩ | هونەری | ٣١ | ٣ | ٩ |
| ١٠ | ئایینی | ٢٤ | ٢ | ١٠ |
| ١١ | زانستی | ١٤ | ١ | ١١ |
| ١٢ | رۆشنبیری | ٥ | ٠ | ١٢ |
| ١٣ | مێژوویی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠٢٧ | ١٠٠ | |

## ٢. شوێنی جوگرافیای هەواڵەكان

بەپێی خشتەی(٣)، كەتايبەتە بەبڕگەی شوێنی جوگرافيای هەواڵە ڕۆژنامەنووسييەكان، پاش هەڵاوێركردن، دەركەوتووە: كەهەواڵەكانی تايبەت بەكوردستان بەپلەی يەكەم دێت، بەڕێژەی( ٤٧٪) ، ئينجا هەواڵە جيهانييەكان بەپلەی دووەم دێت، بەڕێژەی (٣٤٪)،هەروەها لە كۆتادا هەواڵەكانی تايبەتە بەعيراق بە ڕێژەی (١٩٪) هاتووە، ئەنجامەكان ئەوەيان دەرخستووە گرنگيدانی پێگەی خەندان بەهەواڵی عيراق لاوازە بە بەراورد بەهەواڵە جيهانييەكان، هەرچەندە پێگە ئەلكترۆنييەكان خەسڵەتێكی جيهانيان هەيە بەڵام ناكرێت خۆلەهەواڵ و ڕووداوەكانی عێراق هەڵبوێرێت، چونكە كوردستان لەڕوانگەی ڕامياريی، ئابووری، كلتوری، ڕۆشنبيری، جوگرافی، بەڕێوەبردنەوە پەيوەندييەكی بەهێزوكارلێكيان لەنێوانداية هەيە، هەرگۆڕانكاری و ڕووداوێك لەعێراق ڕووبدات ڕاستەوخۆكاريگەری لەسەركوردستان دروست دەكات و گرێدراويی تەواوی بەژيانی خەڵكەوە هەيە.

| خشتەی (٣) شوێنی جوگرافيای هەواڵە ڕۆژنامەنووسييەكان لەپێگەی خەندانداا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | شوێنی جوگرافی هەواڵ | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | كوردوستان | ٤٨١ | ٤٧ | ١ |
| ٢ | جيهان | ٣٤٥ | ٣٤ | ٢ |
| ٣ | عێراق | ٢٠١ | ١٩ | ٣ |
| | كۆی گشتی | ١٠٢٧ | ١٠٠ | ٣ |

## ٣. بەهای هەواڵەكان

سەبارەت بەخشتەی(٤) كەتايبەتە بە بڕگەی بەهای هەواڵە ڕۆژنامەنووسييەكان لەپێگەی خەندانـدا، دەركەوتووە: كە بەهای كاريگەريی، بەڕێژەی(٢٠٪) ولەپلەی يەكەمداهاتووە، بەڵام بەهای، ململانێ وگرنگی بەڕێژەی (١٦٪) وبەپلەی دووەم وسێيەم هاتوون بەجياوازی سێ ژمارە ، كەچی بەهای نزيكی بەڕێژەی (١٥٪) هاتووە ولەپلەی چوارەمدايەو، ئينجا بەهای ناوبانگ بەڕێژەی (١٠٪) و لەپلەی پێنجەمدايە، لە كاتێكدا بەهای گەورەيی بەڕێژەی (٩٪)، بەپلەی شەشەم و بەهای مرۆڤايەتی بەڕێژەی(٧٪)، بەپلەی حەوتەم و توندوتيژی بەڕێژەی(٥٪)، لەپلەی هەشتەمدايە، كات (٢٪)، لەپلەی نۆهەمدايە ئينجا بەهای سەرسوڕهێنەردێت، لەكۆی (١٠٢٧) هەواڵ تەنها (٦)،

هەواڵ ئەو بەهایەی تێدایە، لەکۆتادا بەهای نوێی (٤) جاردووبارە بۆتەوە، لەکاتێکدا نوێی بەیەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی بەهای هەواڵ دادەنرێت لە رووی شیاوبوونی بڵاوکردنەوە، بە ڕای توێژەر ئاستی گرنگی پێدانی پێگە خەندان بە بەهاکانی هەواڵ بەتایبەتی (کاریگەری و ململانێ و گرنگی، نزیکی)، بۆئەوە دەگەڕێتەوە هەمیشە بوونیان لەنێو هەواڵدا جێگای بایەخی خوێنەرە ودەزگاکانی راگەیاندن ، لەکاتێکیشدا هەواڵە رامیاری وئابوری سەربازیەکان زیاتر هەڵگری ئەم جۆرە بەهایانەن، لە خشتەکانی پێشترئەوە سەلمێنراوە، بەتایبەتی خشتەی جۆرەکانی هەواڵ (هەواڵی رامیای، ئابوریی، سەربازی) لەپێشەوەی جۆرەکانی هەواڵن هەربۆیە پلە بەندی ئەم بەهانەش بەم جۆرەهاتوون لەخشتەی (٤)دا.

| خشتەی (٤) بەهای هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندانا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بەهاکانی هەواڵ | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | کاریگەری | ٢٠٣ | ٢٠ | ١ |
| ٢ | ململانێ | ١٦٧ | ١٦ | ٢ |
| ٣ | گرنگی | ١٦٤ | ١٦ | ٣ |
| ٤ | نزیکی | ١٥٥ | ١٥ | ٤ |
| ٥ | ناوبانگ | ١٠٢ | ١٠ | ٥ |
| ٦ | گەورەیی | ٩٢ | ٩ | ٦ |
| ٧ | مرۆڤایەتی | ٦٩ | ٧ | ٧ |
| ٨ | توندوتیژی | ٤٨ | ٥ | ٨ |
| ٨ | کات | ١٧ | ٢ | ٩ |
| ١٠ | سەرسوڕهێنەر | ٦ | ٠ | ١٠ |
| ١١ | نوێی | ٤ | ٠ | ١١ |
| | کۆی گشتی | ١٠٢٧ | ١٠٠ | |

## ٤. بۆتەی نووسینی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان

بەپێی خشتەی (٥) کەتایبەتە بەبڕگەی بۆتەکانی نووسینی هەواڵ دەرکەوتووە: کە بۆتەی پێچەقوچەک بەرێژەی (٩٩.٨ )، بەپلەی یەکەم هاتووە، ئینجا بۆتەی قوچەکی ئاسایی بەرێژەی (٠.٢٪)، لەپلەی دووەمدا هاتووە، لەکاتێکدا بۆتەکانی دیکە هیچ پێگەیەکیان نییە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پێچەقوچەک بۆتەیەکی

باوە زۆربەی پێگە ئەلکترۆنییەکان بەپێی ئەم بۆتەیە بابەتەکان دەنووسن، چونکە خوێندنەوە لەسەر شاشە بەکارهێنەران بێزاردەکات، لەکاتێکدا نووسینەکە دوورو درێژبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوی خوێنەر لەخوێندنەوەی هەواڵەکە، هەر بۆیە دەستەی نووسەران لەپێگەی خەندان کەوتونەتە ژێرکاریگەری نووسینی هەواڵ بەم بۆتەیە (پێچە قوچەک).

| خشتەی (٥) بۆتەی نووسینی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بۆتەی نووسین | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | پێچە قوچەک | ١٠٢٥ | ٩٩.٨ | ١ |
| ٢ | قوچەکی ئاسایی | ٢ | ٠.٢ | ٢ |
| ٣ | بۆتەی دیکە | ٠ | . | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠٢٧ | ١٠٠ | |

## ٥. سەرچاوەی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان

لەسۆنگەی خشتەی (٦) وە کەتایبەتە بە برگەی جۆری سەرچاوەکانی هەواڵ: سەرچاوە فەرمیەکان، لەپلەی یەکەم، بەرێژەی (٥٤٪) هاتووە، کەچی راگەیاندنی کۆنباوبە پلەی دووەم و بەرێژەی (١٢٪)، هەروەها ئینتەرنێت لە پلەی سێیەمدایە بەرێژەی (١٢٪)، بەجیاوازی یەک ژمارە ئینجا سەرچاوەکانی دیکە، بەپلەی چوارەم وبەرێژەی (٩٪)هاتووە، هەروەها ئاژانسەکانی هەواڵ لەپلەی پێنجەمدایە، بەرێژەی (٥٪)، ئینجا سەرچاوە نادیارەکان لەپلەی شەشەم، بەرێژەی (٤٪) دێت، هەروەها ئاماژە بەسەرچاوە نەدراوەکان، بەرێژەی (٣٪)، لەپلەی حەوتەمدایە، ئینجا کۆنگرەی رۆژنامەنووسی لەپلەی هەشتەمدایە وبەرێژەی (١٪) دێت، کەچی پەیامنێران لەپلەی نۆیەمدان، تەنها (٦) جار دووبارە بووەتەوە، پاشان بڵاو کراوەکان دێن بەپلەی دەیەم کەتەنها (٢) جاردووبارە بوونەتەوە، بەدوای ئەودا (نێردراوان)دێت، کە لە رێژەی سفردان، پێگەی خەندان سوودی لێنەبینیوون و رانەپەرموەتە سەریان، بەرای توێژەر پێگەی خەندان کەوتووەتە ژێرکاریگەری سەرچاوە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەستەی رۆژنامەنووسانی پێگەکە، بەتایبەتی سەرچاوە فەرمییەکان، کە وەرگیراوە لەبەش و یەکەکانی راگەیاندنی وەزارەت و فەرمانگە میرییەکان، لەرێگای سوودبینین لە پەیجەکانیانەوە .

| ژماره | جۆری سەرچاوەی هەواڵ | دووبارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| خشتەی (٦) جۆری سەرچاوەی هەواڵە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
| ١ | سەرچاوەی فەرمی | ٥٥٤ | ٥٤ | ١ |
| ٢ | راگەیاندنی کۆنباو | ١٢١ | ١٢ | ٢ |
| ٣ | ئینتەرنێت | ١٢٠ | ١٢ | ٣ |
| ٤ | سەرچاوەی دیکە | ٩١ | ٩ | ٤ |
| ٥ | ئاژانسەکانی هەواڵ | ٥٢ | ٥ | ٥ |
| ٦ | سەرچاوەی نادیار | ٤١ | ٤ | ٦ |
| ٧ | ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە | ٢٩ | ٣ | ٧ |
| ٨ | کۆنگرەی رۆژنامەنووسی | ١١ | ١ | ٨ |
| ٩ | پەیامنێران | ٦ | ٠ | ٩ |
| ١٠ | بڵاوکراوەکان | ٢ | ٠ | ١٠ |
| ١١ | نێردراوان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٠٢٧ | ١٠٠ | |

## ٦. جۆرەکانی راپۆرت

بەپێی خشتەی (٧)، کەتایبەتە بە برگەی جۆرەکانی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندان: راپۆرتەهەواڵ لەپلەی یەکەمدایە بەرێژەی (٣٦٪)، ئینجا راپۆرتی رامیاری پلەی دووەمی وەرگرتووە بەرێژەی(١٥٪)، کەچی راپۆرتی تەندروستی بەرێژەی (١٣٪) هاتووە، لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها راپۆرتی وەرزشی و ئابووری بەرێژەی (٧٪) لەپلەی چوارمدان، پاشان راپۆرتی سەربازی بەرێژەی (٦٪) لەپلەی پێنجەمدایە، لەکاتێکدا کۆمەڵایەتی بەرێژەی(٤٪) لەپلەی شەشەمدایە، ئینجا ژینگەیی، وێنەیی بەیەک ئاست وبەرێژەی (٣٪) لەپلەی حەوتەمدان، پاشان راپۆرتی کەسی بەرێژەی (٢٪) بەپلەی هەشتەم هاتووە، راپۆرتی هونەری، زانستی، یاسایی، ئایینی بەیەک ئاست بەرێژەی (١٪) هاتوون و لەپلەی نۆیەمدان، ئینجا گەشتنامە راپۆرت لەبارەی شوێن تەنها(٣) جاردووبارە بووتەوە لەپلەی دەیەمدایە. ئەمەش بەرجەستەی بەدواداچوون وکارکردنە لەسەر هەواڵە گەرماوگەرمەکان، هەروەها زۆربەی کات پێگە ئەلکترۆنییەکان هەندێک هەواڵ بڵاو دەکەنەوە بەکەمترین زانیاری لەپێناو دەست پێشخەری بڵاوکردنەوە، دواجار بابەتەکە کامڵ دەکەن بەزانیاریی لە رێگای راپۆرتە هەواڵەوە.

| خشتەی (٧) جۆرەكانی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەكان لەپێگەی خەندانـدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆرەكانی راپۆرت | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | راپۆرتە هەواڵ | ٢٣٧ | ٣٦ | ١ |
| ٢ | راپۆرتی رامیاری | ٩٨ | ١٥ | ٢ |
| ٣ | راپۆرتی تەندروستی | ٨٥ | ١٣ | ٣ |
| ٤ | راپۆرتی وەرزشی | ٤٥ | ٧ | ٤ |
| ٥ | راپۆرتی ئابووری | ٤٥ | ٧ | ٤ |
| ٦ | راپۆرتی سەربازی | ٤٠ | ٦ | ٥ |
| ٧ | راپۆرتی كۆمەڵایەتی | ٢٨ | ٤ | ٦ |
| ٨ | راپۆرتی ژینگەی | ٢٠ | ٣ | ٧ |
| ٩ | راپۆرتی وێنەیی | ٢٠ | ٣ | ٧ |
| ١٠ | راپۆرتی كەسی | ١٤ | ٢ | ٨ |
| ١١ | راپۆرتی هونەری | ٧ | ١ | ٩ |
| ١٢ | راپۆرتی زانستی | ٧ | ١ | ٩ |
| ١٣ | راپۆرتی ئایینی | ٧ | ١ | ٩ |
| ١٤ | راپۆرتی یاسایی | ٧ | ١ | ٩ |
| ١٤ | گەشتنامە(لەبارەی شوێن) | ٣ | ٠ | ١٠ |
| | كۆی گشتی | ٦٦٣ | ١٠٠ | |

## ٧. شوێنی جوگرافیای راپۆرت

بەپێی خشتەی(٨)، کە تایبەتە بە بڕگەی شوێنی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندان، دەرکەوتووە: کە بەشەبڕگەی ئەوراپۆرتانەی لەسەرئاستی جیهان ئەنجامدراون، بەڕێژەی (٤٤.٢٪)، لە پلەی یەکەمدایە، ئینجا راپۆرت لەبارەی کوردستانەوە بەڕێژەی (٤٢.٢٪) دێت وپلەی دووەمی هەیە، لە کۆتادا ئەو راپۆرتانە دێن کە لەبارەی عێراقەوە ئەنجامدراون، کەڕێژەیان (١٣.٦٪) ولەپلەی سێهەمدایە. لەم سۆنگەشەوە ئاستی گرنگی پێدانی پێگەی خەندان بە رووداوە جیهانییەکان، بە بەراورد بەکوردستان و عێراق زیاترە، بەرای توێژەر پێگەی خەندان زیاتر ئەوراپۆرتانەی بڵاو کردووەتە کە لەسەر چاوەکانی وەک (ئەنتەر نێت و راگەیاندنی کۆنباو) بڵاوکراونەتەوە وئەوانیش کاریان زیاتر لەسەر جەنگی ئوکراین و روسیا ئەنجامداوە، هاوکاتە لەگەڵ ماوەی دیاریکراو بۆرواڵەتشیکاریی بابەتە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەندان، کە لەو ریکەوتە ئەوجەنگە میدیاکانی جیهان و کوردستانی سەرقاڵکردبوو، بەپێگەی خەندانیشەوە.

| خشتەی(٨) شوێنی جوگرافیای راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندان دا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | شوێنی جوگرافیای راپۆرت | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | جیهان | ٢٩٣ | ٤٤.٢ | ١ |
| ٢ | کوردستان | ٢٨٠ | ٤٢.٢ | ٢ |
| ٣ | عێراق | ٩٠ | ١٣.٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٦٣ | ١٠٠ | |

## ٨. بۆتەی نووسینی راپۆرت

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی(٩)، کەتایبەتە بە بڕگەی نووسینی راپۆرتە رۆژنامە نووسییەکان، روونـدەبێتەوە: کە بەشە بڕگەی بۆتەی پێچەقوچەک، لەپلەی یەکەمدایە، بەڕێژەی(٩٩٪ )، ئینجا بۆتەی قوچەکی ئاسایی بەڕێژی(١٪) دێت ودووەم پلە دەگرێت، وەلێ بەشە بڕگەی بۆتەی دیکە بەڕێژەی سفرهاتووە، هیچ گرنگی پێنەدراوە، توێژەر بۆئەوەی دەگەڕێنیتەوە نووسین ودارشتنی راپۆرت بە بۆتەی دیکە زانیارییەگرنگەکان لە پێشەکی راپۆرتەکە ناخاتە روو،هەربۆیە خوێنەری پێگە ئامادە نییە کاتی خۆیبدا بەتەواکردن و خوێندنەوەی بابەتەکە، بەجێدەهڵێن، ئەماش وایکردووە

پێگەی خەندان لەکاتی دارشتن و نووسین بۆتەی پێچە قچەک بەکاربهێنت، لەپێناو خستنە رووی زۆرترین زانیاری.

| خشتەی (٩) بۆتەی نووسینی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بۆتەی نووسینی راپۆرت | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | پێچەقوچەک | ٦٥٤ | ٩٩ | ١ |
| ٢ | قوچەکی ئاسایی | ٧ | ١ | ٢ |
| ٣ | بۆتەی دیکە | ٢ | ٠ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٦٣ | ١٠٠ | |

## ٩. سەرچاوەی راپۆرت

بەپێی خشتەی(١٠)، پاش هەڵاوێردکردنی برگەی سەرچاوەکانی راپۆرتە رۆژنامە نووسییەکان، دەرکەوتووە: کە سەرچاوە فەرمییەکان بەرێژەی (٣٨٪)هاتووە، لەپلەی یەکەمدایە، هەروەها ئەو راپۆرتانەی کەئاماژە بەسەرچاوەنەکراوە، بەرێژەی (١٤٪) لە پلەی دووەمدان، ئینجا ئەوراپۆرتانەی سەرچاوەکانیان، راگەیاندنی کۆنباو، ئەنتەرنیت وسەرچاوەی دیکە، وەک یەک وبەرێژەی (١٣٪) لەپلەی سێیەمدان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوراپۆرتانەی سەرچاوەکانیان، کۆنگرەی

| خشتەی(١٠) جۆری سەرچاوەکانی راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆری سەرچاوەی راپۆرت | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | سەرچاوەی فەرمی | ٢٤٩ | ٣٨ | ١ |
| ٢ | ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە | ٩٢ | ١٤ | ٢ |
| ٣ | راگەیاندنی کۆنباو | ٨٧ | ١٣ | ٣ |
| ٤ | ئینتەرنێت | ٨٧ | ١٣ | ٣ |
| ٥ | سەرچاوەی دیکە | ٨٧ | ١٣ | ٣ |
| ٦ | کۆنگرەی رۆژنامەنووسی | ٢٧ | ٤ | ٤ |
| ٧ | ئاژانسی هەواڵ | ٢٧ | ٤ | ٤ |
| ٨ | سەرچاوەی نادیار | ٧ | ١ | ٥ |
| ٩ | پەیامنێران | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | نێردراوان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١١ | بڵاوکراوەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٦٦٣ | ١٠٠ | |

ڕۆژنامەنووسی وئاژانسەکانی هەواڵ بەڕێژەی(٤٪)، بەپلەی چوارەم هاتوون، ئینجا ئەوراپۆرتانەدێت، کەسەرچاوەکانییان نادیارە بەڕێژەی (١٪)، بەپلەی چوارەم هاتووە، دواجار بەئاستی(سفر)، ، پەیامنێران، نێردراوان و بڵاوکراوەکان هاتووە. ئەنجامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن، هیچ راپۆرتێک نییە کەسەرچاوەکەی پەیامنێران و نێردراوانی پێگەی خەندان بێت، لەکاتێکدا پسپۆڕانی بواری راگەیاندن هەردوو سەرچاوەکە بەئاخێزگەیەکی گرنگی پەیداکردن ودەستخستنی زانیاری دادەنێن، ئەوەش ئاشکرایە ئەوراپۆرتانەی پێگەی ئەنجامیداوە سەبارەت بەجیهان وکاتێکیش ئاماژەی بەسەرچاوەی فەرمیکردوە پێگەی خەندان سوودی لەئێدوانی ئەوسەرچاوەیە بینیوە کەبۆ دەزگاو کانەڵی راگەیاندنی دیکە دواوە.

**١٠. بابەتەکانی ریپۆرتاژ**

زانیارییەکانی خشتەی(١١) کەتایبەتە بە بڕگەی بابەتە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەنـدان، ئەوەمـان بـۆدەردەخەن: کە ریپۆرتـاژی رامیـاری بەپـلەی یەکەم دێـت بەڕێـژەی(٤٤٪)، هەروەها هەریەک لە ریپۆرتاژی ئـابووری، سـەربازی، تەندروسـتی، بەپـلەی دووەم دێـن، بەڕێـژەی (١٧٪)ن، پاشان ریپۆرتاژی وێنەیی بەپلەی سێیەم هاتووە بەڕێژەی (٥٪)، بەڵام بابەتی کـۆمەڵایەتی، زانسـتی، ئـایینی، وەرزشـی، فەرامۆشـکراوە. ئەم ئەنجـامە بەرجەسـتەی گرنگـی پێنەدانـی پـێگەی خەندانە بەم جۆرە ریپۆرتاژانە.

| خشتەی(١١) بابەتەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکانی پێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بابەتەکانی ریپۆرتاژ | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | رامیاری | ٨ | ٤٤ | ١ |
| ٢ | ئابووری | ٣ | ١٧ | ٢ |
| ٣ | سەربازی | ٣ | ١٧ | ٢ |
| ٤ | تەندروستی | ٣ | ١٧ | ٢ |
| ٥ | وێنەی | ١ | ٥ | ٣ |
| ٦ | کۆمەڵایەتی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٧ | زانستی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٨ | ئایینی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩ | وەرزشی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠ | |

### ١١. جۆرەکانی ریپۆرتاژ

ئەنجامەکانی خشتەی(١٢)، کەتایبەتە بە بڕگەی جۆرەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان، ئەوە دەردەخەن: کە ریپۆرتاژی گەڕان وئاشکراکردن بەپلەی یەکەم هاتووە، بەڕێژەی (٤٤٪)، هەروەها ریپۆرتاژی پێشبینی بەپلەی دووەم هاتووە بەڕێژەی(٢٨٪)، ئینجا ریپۆرتاژی پشکنین بەڕێژەی (١٧٪) دێت و لەپلەی سێیەمدایە، کەچی ریپۆرتاژی شیکارکاری بەڕێژەی (١١٪) هاتووە، لەپلەی چوارەمدایە، بەڵام ریپۆرتاژی خۆشباری هیچ گرنگیەکی پێنەدراوەو لەپلەی سفردایە، توێژەروایئەبینی جێگەگرتنی ریپۆرتاژی (گەڕان و ئاشکراکردن)، لەپلەی یەکەمدا، بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کەهەندێک کێشەو گرفت لەکوردستان، عێراق و جیهان سەریان هەڵداوە، چەند رەهەندێکی شاراوە لەپشتیانەوە خۆی مەڵاس داوە لەرێگای ئەنجامدانی ئەم جۆرە لەریپۆرتاژ ئاشکرا دەکرێن ورایگشتتی لێ ئاگاداردەکرێتەوە، بەڵام ریپۆرتاژی جۆری پێشبینی بۆ سەرهەڵدانی هەندێک کێشەو گرفتی نوێ دەگەڕێتەوە، لە ئێستادا رووبەرووی کوردستان وعێراق و جیهان بوونەتەوە، لەرێگای ئەنجامدانی ریپۆرتاژلەم جۆرە وەرگردەتوانێت پێشبینی بۆلێکەوتە و دەرهاویشتەکانی بکات، هەرچی ریپۆرتاژی پشکنینە، بەرای توێژەربۆ نارونی رەهەندە جیاوازەکانی کێشەکان دەگەڕێتەوە، لەرێگای ئەنجامدانی ریپۆرتاژی پشکنین، تیشک بخرێتە سەرلایەن ورەهەندە جیاوازەکانی، ئاستی گرنگیپێدانی خەندان بەریپۆرتاژی شیکارکاری، لەسۆنگەی پێویستێتی لێکۆڵینەوە و راڤەکردنی کێشە وپرسە جیاوازەکانە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق وجیهان، کەچی ئاستی گرنگی پێدانی پێگەی خەندان بەریپۆرتاژی خۆشباری نییە، لەکاتێکدا نەک کوردوستان بەڵکو عێراق وجیهان لەجەنجاڵییەکی بێوێنەدا دەژی، خۆشباری سەنگ ورۆڵی خۆی دەبێت بۆدووركەوتنەوە لەوجەنجاڵییە.

| خشتەی(١٢) جۆرەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆرەکانی ریپۆرتاژ | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | گەڕان وئاشکراکردن | ٨ | ٤٤ | ١ |
| ٢ | پێشبینی | ٥ | ٢٨ | ٢ |
| ٣ | پشکنین | ٣ | ١٧ | ٣ |
| ٤ | شیکارکاری | ٢ | ١١ | ٤ |
| ٥ | خۆشباری | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠ | |

## ١٢. سەرچاوەی ریپۆرتاژ

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (١٣)، سەبارەت بە بڕگەی سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ: دەرکەوتووە کە سەرچاوە فەرمییەکان لەپلەی یەکەمدان بەرێژەی (٣٨٪)، بەڵام سەرچاوەی ئینتەرنێت بەرێژەی (٢٨٪) هاتووە ولەپلەی دووەمدایە، کەچی سەرچاوە کانی، کۆنگرەی رۆژنامە نووسی ومیدیای گەلەری، لەپلەی سێیەمدان بەرێژەی (١١٪)، لەکاتێکدا سەرچاوەی نادیار و ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوەکان لەپلەی چوارەمدا، بەرێژەی (١٪) هاتوون، دوابەدوای ئەمانەش هەریەک لە پەیامنێران، نێردراوان، ئاژانسەکان، بڵاوکراوەکان، سەرچاوەی دیکە، هیچ گرنگییەکیان پێنەدراوە، چونکە لە ئاستی سفردان. بەرای توێژەر هۆکاری کەمی جۆراوجۆری سەرچاوەکان بۆکەم بایەخی پێگەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژانری ریپۆرتاژ.

**خشتەی (١٣) جۆری سەرچاوەکانی ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندان**

| ژمارە | جۆری سەرچاوە کانی ریپۆرتاژ | دووبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرچاوەی فەرمی | ٧ | ٣٨ | ١ |
| ٢ | ئینتەرنێت | ٥ | ٢٨ | ٢ |
| ٣ | کۆنگرەی رۆژنامەنووسی | ٢ | ١١ | ٣ |
| ٤ | راگەیاندنی کۆنباو | ٢ | ١١ | ٣ |
| ٥ | سەرچاوەی نادیار | ١ | ٦ | ٤ |
| ٦ | ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە | ١ | ٦ | ٤ |
| ٧ | پەیامنێران | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٨ | نێردراوان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٩ | ئاژانسەکانی هەواڵ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | بڵاوکراوەکان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ١١ | سەرچاوەی دیکە | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠ | |

## ١٣. شوێنی ریپۆرتاژ:

ئەنجامەکانی خشتەی (١٤) کەتایبەتە بە برگەی شوێنی جوگرافی ریپۆرتاژ لەپێگەی خەندانـدا، دەرکەوتووە: کە ریپۆرتاژەکانی دەربارەی کوردستانن، بەپلەی یەکەم دێت بەرێژەی(٦٧٪)، هەروەها ریپۆرتاژ دەربارەی جیهان بەرێژەی(٢٨٪)هاتووە، لەپلەی دووەمدایە، پاشان ئەو

ریپۆرتاژانەی لەبارەی عێراقەوە ئەنجام دراون بەپلەی سێیەم، بە ڕێژەی (٥٪) هاتوون. ئەم ڕەوشە ئاستی گرنگیدانی پێگەکە بەهونەری ریپۆرتاژو شوێنی جوگرافیای کوردستان دەردەخات، توێژەر وایدەبینی کەم بایەخی پێگەکە بە ئەنجامدانی ریپۆرتاژ سەبارەت بەعێراق و جیهان دەگەڕێتەوە بۆئاستەنگی دەست ڕانەگەشتن بە بەڵگە و سەرچاوەی زانیاری دروست لەعێراق و جیهان کە پێویستە بۆئەنجامدانی ریپورتاژ لەم رووەوە.

| خشتەی (١٤) شوێنی جوگرافیای ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | شوێنی جوگرافیای ریپۆرتاژ | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | کوردوستان | ١٢ | ٦٧ | ١ |
| ٢ | جیهان | ٥ | ٢٨ | ٢ |
| ٣ | عێراق | ١ | ٥ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠ | |

## ١٤. جۆرەکانی چاوپێکەوتن:

لەسۆنگەی ئەنجامەکانی خشتەی (١٥) وە بۆمان روونەبێتەوە: کە بەشەبرگەی چاوپێکەوتنی جۆری زانیاری، بەپلەی یەکەم بەڕێژەی(٥٠٪) دێت، هەروەها جۆرەکانی (هەواڵی، راوبۆچوون)، بەڕێژەی (٢٥٪) دێن ولەپلەی دووەمدان، هەرچی چاوپێکەوتنی خۆشبارییە لەئاستی سفردایە.فەرامۆشکردنی جۆری خۆشباری لاوازیی گرنگی پێدانی خەندان نیشاندەدا بەم جۆرەی چاوپیکەتن لەکاتیکدا رەهەندی خۆشباری پێداویستی رۆژانە و خواستی وەرگرە بۆ دووركەوتنەوە لەجەنجاڵییەکانی ژیان.

| خشتەی (١٥) جۆرەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆرەکانی چاوپێکەوت | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | زانیاری | ٢ | ٥٠ | ١ |
| ٢ | هەواڵی | ١ | ٢٥ | ٢ |
| ٣ | راوبۆچوون | ١ | ٢٥ | ٢ |
| ٤ | خۆشباری | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٤ | ١٠٠ | |

## ١٥. بابەتەکانی چاوپێکەوتن

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی(١٦)، کەتایبەتە بە بڕگەی بابەتەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامە نووسیەکان، پاش هەڵاوێرکردنی بابەتەکان دەرکەوتووە: کە چاوپێکەوتنی ئابووری، بەڕێژەی (٥٠٪) هاتووە، پاشان هەردووچاوپێکەوتنی (رامیاری وتەندروستی ) بەڕێژەی (٢٥٪) هاتوون، لەپلەی دووەمدان، کەچی چاوپێکەوتنەکانی (کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، ئایینی، وەرزشی) لەپلەی سفردان، هونەری چاوپێکەوتن لەپێگەی خەندان سەبارەت بەبابەتەکان بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی نزمدایە ، بەرای توێژەر بۆکەمی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پێگەکەیە دەگەڕێتەولەماوەی ئەومانگە، هەربۆیە ئەوبابەتانەت کاریان لەسەر کراوە ( ئابووری، رامیاری، تەندروستی) زیاتر مەبەستداربووە، لەکاتێکدا چاوپێکەوتن یەکێکە لەژانرە سەربەخۆکان هاوکات ئامرازێکی گرنگی دەستخستنی هەواڵ یابەشێکی گرنگی ریپۆرتاژە، تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری بەدواداچوونی هەواڵەکان(کۆمەڵایەتی،رۆشبیری، ئاینی ...تاد) لەڕێی ئەم هونەرەوە بەدەست دەهێنرێ.

| | خشتەی (١٦) بابەتەکانی چاوپێکەوتنە رۆژنامە نووسیەکان لەپێگەی خەنداندا | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بابەتەکانی چاوپێکەوتن | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | ئابووری | ٢ | ٥٠ | ١ |
| ٢ | رامیاری | ١ | ٢٥ | ٢ |
| ٣ | تەندروستی | ١ | ٢٥ | ٢ |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٥ | رۆشنبیری | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٦ | ئایینی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٧ | وەرزشی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆگشتی | ٤ | ١٠٠ | |

## ١٦. دارشتنی چاوپێکەوتن:

بەپێی خشتەی(١٧) کەتایبەتە بە بڕگەی شێوازی دارشتنی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا، بۆمان روونەدەبێتەوە: کە چاوپێکەوتنی شێوازی (هەواڵی وشێوازی گێرانەوە) بەپلەی یەکەم، بەڕێژەی (٥٠٪) هاتوون بۆهەریەکێکیان، بەڵام شێوازەکانی دیکەی (پرسیارو وەڵام، شیکاری، پەسنی)، پێگەی خەندان گرنگی پێنەداوون،

ڕێژەکەیان (سفر)ە، هەروەک لەخشتەکەدا روونکراوەتەوە، هەرچەندە شێوازە بەکارهاتووەکان (هەواڵی وشێوازی گێرانەوە) بە دوو شێوازی تازەدادەنرێن بۆ داڕشتنی چاوپێکەوتن، بەڵام رەچاوکردنی شێوازەکانی تری داڕشتن سەنگ وپێگەی خۆیان هەیە لەگەیاندنی پەیام بەوەرگر.

| خشتەی (١٧) شێوازی داڕشتنی چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسیەکان لەپێگەی خەندانىدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | شێوازە کانی داڕشتن | دووبارە | % | پلەبەندی |
| ١ | هەواڵی | ٢ | ٥٠ | ١ |
| ٢ | گێرانەوە | ٢ | ٥٠ | ١ |
| ٣ | پرسیارووەڵام | ٠ | ٠ | . |
| ٤ | شیکاری | ٠ | ٠ | . |
| ٥ | وەسفی (پەسنی) | ٠ | ٠ | . |
| | كۆی گشتی | ٤ | ١٠٠ | |

## ١٧. بابەتەکانی کاریکاتێر

زانیارییەکانی خشتەی (١٨)، بۆمان روونەدەکاتەوە: کەپێگەی خەندان هیچ گرنگییەکی نەداوە بە هونەری کاریکاتێر، هەرچەندە ئەم هونەرە لەرووگای گەیاندنی پەیام بەوەرگر سەنگ وقورسایی تایبەتی خۆی هەیەو جێگایەکی تایبەت لەنێو ژانرە رۆژنامەنووسییەکاندا دەگرێت.

| خشتەی (١٨) بابەتەکانی کاریکاتێرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندانىدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بابەتەکانی کاریکاتێر | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | رامیاری | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ئابووری | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣ | کۆمەڵایەتی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤ | پزیشکی | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٥ | وەرزشی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | كۆی گشتی | ٠ | ٠ | |

### ١٨. جۆرەكانی وتار:

بەپێی خشتەی(١٩)، ئەوە روونـدەبێتەوە: كە بەشـە بـڕگەی وتـاری رەخنەیـی بەپـلەی یەكەم و بە رێـژەی (٥٣٪) دێـت، وتـاری شـیكاری بەپـلەی دووەم و بەڕیـژەی(٤٧٪) دێت، كەچـی هەردوو وتاری (سەروتار، ستوون)هیچ جۆرێكیان نەهاتوون وگرنگییـان پێنـەدراوە، تـوێژەر وای ئەبینـی كە پێكهاتەی پێگەی خەندان ناونیشانێكی جێگیرنییە بۆنووسەران تـاوەكو سـتوونی تیدا بنووسـن، وەك ئەوەی لەرۆژنامەی كاغەزیـدا هەیە، پاشـانیش هۆكـاری گرنگـی نەدانـی پێگەكە بەسـەروتار لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كەپێگەكە خۆی پارستووە لەلایەنداری سـەبارەت بەپـرس ئاریشـەكان، ئەم كـارەی سپاردووە بە نووسەران و شرۆڤەكاران .

| ژمارە | جۆرەكانی وتار | دووبارە | % | پلە بەندی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | **خشتەی (١٩) جۆرەكانی وتارە رۆژنامەنووسیەكان لەپێگەی خەنداندا** | | | |
| ١ | وتاری رەخنەیی | ١٩ | ٥٣ | ١ |
| ٢ | شیكارە وتار | ١٧ | ٤٧ | ٢ |
| ٣ | سەروتار | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ستوون | ٠ | ٠ | ٠ |
| | كۆی گشتی | ٣٦ | ١٠٠ | |

### ١٩. بابەتەكانی وتار

بەپێـی زانیارییەكـانی خشـتەی (٢٠)، كەتـایبەتە بە بـڕگەی بابەتەكـانی وتـارە رۆژنـامە نووسییەكان، دەركەوتووە: كە وتاری رامیاری بەڕیـژەی (٧٥٪)هـاتووە و لەپـلەی یەكەمـدایە، ئینجـا وتـاری ئـابووری بەڕێـژەی (١١٪)، بەپـلەی دووەم دێـت، سـەبارەت بەوتـاری وەرزشـی لەپـلەی سـێهەمدایە و بەڕێـژەی (٥٪)، بەدوای ئەویشـدا هەریەك لە وتارەكـانی (كـۆمەڵایەتی، ئـایینی، سەربازی)، بەیەك ئاست و بەڕێـژەی(٣٪) هـاتوون و لەپـلەی چوار هەمـدان، بەڵام خـانەی وتـاری پزیشكی هیچی تێدا تۆمار نەكراوە، سفرە، جێگەی ئاماژەیە، گرنگیدان بەوتاری رامیـاری بەو رێـژە وئاستە، بۆبـارودۆخی نـاوخۆی هەرێمـی كوردسـتان وكێشـە رامیارییەكـانی نێـوان هەرێم وبەغـداد دەگەڕێتەوە.

| خشتەی (٢٠) بابەتەکانی  وتارە رۆژنامەنووسیەکان لەپێگەی خەندادا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بابەتەکانی وتار | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | رامیاری | ٢٧ | ٧٥ | ١ |
| ٢ | ئابووری | ٤ | ١١ | ٢ |
| ٣ | وەرزشی | ٢ | ٥ | ٣ |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ١ | ٣ | ٤ |
| ٥ | ئایینی | ١ | ٣ | ٤ |
| ٦ | سەربازی | ١ | ٣ | ٤ |
| ٧ | پزیشکی | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٣٦ | ١٠٠ | |

## ٢.٤.٤: رەهەندە روونکارییەکان

خشتەی (٢١) کە تایبەتە بە بەشە دەستەی رەهەندە روونکارییەکان، ئەوە دەرکەوتووە: ناونیشان بەرێژەی (٤٩٪)هاتووە لەپلەی یەکەمدایە، ئینجا وێنە بەرێژەی (٢٦٪)، بەپلەی دووەم دێت، دواتر رەهەندی دیکە بەرێژەی(٢٥٪)هاتووە، لەپلەی سێهەمدایە. ئەم رەوشە ئاماژیە بۆئاستی گرنگپێدانی پێگەی خەندان بە رەهەندە روونکارییەکان، ئەم ئەنجامانەش دەگەرێتەوە بۆکاریگەری بەهێزی ئەم رەهەندانە لە سەر پەیامەکانی راگەیاندن، بەوەی ئاسانکاری دەکەن  بۆ وەرگر تاوەکوو لە بابەتانە تێبگەن کەئەم رەهەندانەی لەگەڵدا دانراوە لەکاتی بڵاوکردنەوەیان لەپێگەکەدا.

| خشتەی (٢١) رەهەندە روونکارییە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەندادا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | رەهەندە روونکارییەکان | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | ناونیشان | ٣٢٢٣ | ٤٩ | ١ |
| ٢ | وێنە | ١٧٠٥ | ٢٦ | ٢ |
| ٣ | رەهەندی دیکە | ١٦٦٠ | ٢٥ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٥٨٨ | ١٠٠ | |

### ١.   جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەنووسی:

زانیارییەکانی خشتەی (٢٢) کەتایبەتە بە برگەی وێنەی رۆژنامەنووسی، ئەوە دەردەخات: کە وێنە ئەرشیفییەکان، بەرێژەی (٤٨٪) دێت ولەپلەی یەکەمدایە، ئینجا وێنەی پۆرترێت، بەرێژەی(٢٧٪)هاتووە وپلەی دووەمی وەرگرتووە، کەچی وێنەی زیندوو بەرێژەی(٢٢٪)، بەپلەی سێیەمدێت، ئینجا وێنە دانەنراوە ، بەرێژەی (٣٪) دێت لەپلەی چوارەمدایە، بەڵام نیگار(سکێچ)، (٩) جاروهێلکاری تەنها یەک جار تۆمار کراون، لەرووی ئاستی رێژەوە دەبن بە(سفر)، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە پێگەی خەندان، لەدانانی وێنە زیاترپشتیان بەوێنەی ئەرشیفی بەستووە، بەرای توێژەر بۆئەوە دەگەرێتەوە دەستکەوتنی وێنەی ئەرشیفی بۆپێگەکە ئاسانترە، لەبەرئەوەی پێویستی بەتوانای مرۆیی(فۆتۆگرافەر)ی پێگەکە، تێچوونی مادیی نییە.

| خشتەی (٢٢)  جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆرەکانی وێنە | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | ئەرشیفی | ٨٣٥ | ٤٨ | ١ |
| ٢ | پۆرترێت | ٤٧٥ | ٢٧ | ٢ |
| ٣ | زیندوو | ٣٨٥ | ٢٢ | ٣ |
| ٤ | وێنە دانەنراوە | ٤٩ | ٣ | ٤ |
| ٥ | نیگار | ٩ | ٠ | ٥ |
| ٦ | هێڵکاری | ١ | ٠ | ٦ |
| | کۆی گشتی | ١٧٥٤ | ٠ | |

### ٢.   جۆرەکانی ناونیشان:

زانیارییەکانی خشتەی(٢٣)، کەتایبەتە بە بەشە برگەکانی ناونیشانە رۆژنامەنووسییەکان ، ئەوە دەردەخات: کەبەشە برگەی ناونیشانی سەرەکی بەرێژەی(٥٤٪)، بەپلەی یەکەم دێت، کەچی بەشە برگەی ناوە ناویشان لەپلەی دووەمدایەو رێژەکەی(٤٢٪)ـە، ئینجابەشە برگەی ناونیشانی لاوەکی بەرێژەی(٤٪) دێت لەپلەی سییەمدایە، لەکاتێکدا پێگەی خەندان هیچ گرنگییەکی نەداوە بەمانشێت، فەرامۆش کراوە، کە پوختەی گرنگترین مەبەست و رەگەزە سەرنجراکێشەکانە کە بەشێوەیەکی وردو رۆشن بەکەمترین وشە زۆرترین مانا دەگەیەنێت، نیشانەکانی رێنماییە بۆخوێنەر، هەندێ خوێنەرهەر بەتەنها مانشێت دەخوێننەوە، بەڵام ئەمە سودی لێوەر نەگیراوەسەرباری ئەوەی پێگەکە گرفتی شوێن وپانتایی نییە بۆنووسینی مانشێت.

| خشتەی (٢٣) جۆرەکانی ناونیشانە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | جۆرەکانی ناونیشان | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | ناونیشانی سەرەکی | ١٧٤٨ | ٥٤ | ١ |
| ٢ | ناوە ناونیشان | ١٣٥٩ | ٤٢ | ٢ |
| ٣ | ناونیشانی لاوەکی | ١١٦ | ٤ | ٣ |
| ٤ | مانشێت | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٣٢٢٣ | ٠ | |

## ٣. رەهەندی دیکەی روونکاری:

خشتەی(٢٤)، کەتایبەتە بە بڕگەی رەهەندە روونکارییەکانی دیکە، ئەوە دەردەخات: کە رەهەندی رەنگ بەپلەی یەکەم، بەڕێژەی(٩١٪) دێت لە ناورەهەندەکان، کەچی بەڵگەنامە بەڕێژەی(٩٪) هاتووە، لەپلەی دووەمدایە، بەڵام لەپێگەی خەنداندا نەخشەو ژێرنووس وهێلکاری وخشتە گرنگییان پێنەدراوە، سەرباری ئەوەی کەرەهەندێکی گرنگی بابەتی روونکارین وهاوکاری وەرگردەکەن لەتێگەشتنی پەیامە ئاڵۆزەکان، ئەوەش رەنگە لەبەرئەوە بێت ئەوبابەتانەی زیاتربلاوکراونەتەوە هەواڵە، پێگەکە پێی وایە تەنها وێنەیەک تێرای روونکردنەوەی بابەتەکە بکات، هەربۆیە رەهەندەکانی( بەڵگە نامەو نەخشەو هێلکاری خشتەو ژێرنووس...تاد) فەرامۆشکراوە .

| خشتەی (٢٤) جۆرەکانی دیکەی رەهەندە روونکارییە رۆژنامە نووسییەکان لەپێگەی خەنداندا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | رەهەندەکانی دیکە | دووبارە | % | پلە بەندی |
| ١ | رەنگ | ١٥٠٤ | ٩١ | ١ |
| ٢ | بەڵگەنامە | ١٤٤ | ٩ | ٢ |
| ٣ | نەخشە | ٥ | ٠ | ٣ |
| ٤ | ژێرنووس | ٣ | ٠ | ٤ |
| ٥ | هێڵکاری | ٢ | ٠ | ٥ |
| ٦ | خشتە | ٢ | ٠ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ١٦٦٠ | ١٠٠ | |

- دەرئەنجام
- پێشنیار
- راسپاردە

- **دەرئەنجام:**

١. ژانره رۆژنامەنووسییەکان بەئاست وپلە و رێژەیکی زۆر وبەرز لەپێگەی خەنداندا رەنگیان داوەتەوە، کەبەرجەستەی رەوشی گرنگپێدان، پێگەی پیشەیی وهونەری خەندان بەراگەیاندن دەکەن.

٢. هەواڵ وەک ژانرێکی گرنگ وسەرەتا ویەکەمینی کاری راگەیاندن لەناو ژانره رۆژنامەنووسییەکاندا جێگەی خۆی گرتووە، گرنگی تەواوی پێدراوە، ئاست وپلەیەکی بەرزی تۆمار کردووە، بەتایبەت هەواڵە رامیارییەکان لەپێشەوە، پێشەنگن، ئەم رەوشە رەنگدانەوەیەکی ئاسایی بارگاوی بوونی کۆمەڵە بەرەهەندە رامیارییەکان.

٣. ژانره بڵاوکراوەکان وەک یەک گرنگییان پێنەدراوە، لەکاتێکدا هەواڵ بەرزترین ئاست تۆمار دەکات، لەبەرامبەردا کاریکاتێر هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە، لەخانەی سفردایە، ئەم رەوشە بەرجەستەی تێنەگەشتنە لەپێگەی کاریگەرێتی کاریکاتێر سەبارەت بە رەهەندە جیاوازەکانی ژیان(مرۆڤ وسروشت).

٤. ژانرەکان زۆربەیان بەبۆتەی پێچەقووچەک نووسراون، ئەم بۆتەیە تەواو هەژموونی دیارە بەسەر بۆتەکانی ترەوە، ئەم راپەرموونە لەسۆنگەی ئەوەی گوونجاوە بۆ هەندێک بابەتی رامیاری ئابووری وئەوبابەتانەش رەهەندی گشتی بەسەریدازاڵە.

٥. ژانرەکان بەگشتی وهەواڵ بەتایبەت، بەپلەی یەکەم پشتیان بەسەرچاوە فەرمییەکان بەستووە وەک سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری، وەلێ سەرچاوەنادیارەکان، ئاماژەنەدان بەسەرچاوە ئامادەییان هەیە، رێژەیەکی بەرچاوە، کە دەبێت بەهۆکاری نەمان یا سستی کاریگەری لەسەر متمانەی وەرگر، لەوێشەوە رەوشێکی نەرێنی بۆپێگەکە دروست دەکات.

٦. پێگەی خەندان گرنگییەکی زۆری داوە بە راپۆرتەهەواڵ، بەتایبەت سەبارەت بەبابەتە گرنگە جیهانییەکان، کەچی گەشتنامە گرنگیی پێنەدراوە، رێژەی سفری تۆمار کردووە، جێگەی ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی راپۆرتەکان، بەپلەی یەکەم راپەرمووەتە سەر زانیاری پێگەئەلکترۆنییەکان ومیدیای

کۆنباو، ئەم ڕەوشە بەرجەستەی پشت نەبەستنە بەنێردراو وپەیامنێران، وەک سەرچاوەی سەرەکی زانیاری بۆ زۆربەی ژانرەکان.

٧. گرنگی نەدانی پێگەی خەندان بەهەردوو ژانری چاوپێکەتن وریپۆرتاژ بەپێی پێویست دەربارەی ڕەهەندە ئابوورییەکان (نەوت، مووچە و...)، پرسە تەندروستییەکان (جۆر ونرخ وکەمی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان ونەخۆشخانەکان)، پرسە ڕامیارییەکان ... هتد بەرجەستەی کەمتەرخەمی وخەمساردی پێگەکەیە بە دۆز وپرسە گەرم وژیانییەکان.

٨. پێگەی خەندان گرنگییەکی زۆری داوە بە وتاری ڕەخنەیی کەئەمەش بەرجەستەی سیاسەتی پێگەکە دەکات، بواری ڕەخساندووە کەهەموو نووسەرێک بەبێ جیاوازی ئاستی پلەو پێگەی کۆمەڵایەتی ورامیاری ... وتاری بۆ بنووسێت.

٩. پێگەی خەندان گرنگییەکی زۆری داوە بە وێنە، بەڵام بەپلەی یەکەم ڕاپەرمووەتە سەر وێنە ئەرشیفییەکان، زۆر کەم وێنەی زیندووی لەگەڵ ژانرە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی ئاسایی ڕاپەرموونە سەر ئەنتەرنێتە بۆدەسکەوتنی زانیارییەکان.

١٠. ناونیشانەکان ڕەهەندێکی زیندووی ڕوونکارین، پێگەی خەندان گرنگییەکی باشی داوە بەناونیشانی سەرەکی وناوە ناونیشان بەڵام بەگشتی مانشێتی فەرامۆش کردووە، ئەمەش بەرجەستەی کەمتەرخەمی وخەمساردی پێگەکەیە بەرەهەندێکی گرنگی ڕوونکاری.

١١. نەخشەساز بەکارامەیی گرنگییەکی زۆری داوە بەرەنگ، تەواو بەرجەستەی ئەم ڕەهەندەی سەرنجراکێشی کردووە، کەچی ڕەهەندی (خشتە، هێڵکاری، نیگار ....) فەرامۆش کراون.

- **پێشنیار:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە رەنگدانەوەی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکانی تردا.
٢. توێژران توێژینەوە دەربارەی پێگەی خەندان، رەهەندە هونەرییە جیاوازەکان بە ئەنجام بگەیەنن.
٣. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جۆرەکانی سەرچاوەی بابەتە رۆژنامەنووسییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییەکان بەگشتی و بەتایبەتی پێگەی خەندان.
٤. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ناونیشان ، وێنەی رۆژنامە نووسیی وناوەرۆکی بابەتەکانی ژانرە رۆژنامەنووسییەکان.

- **راسپاردە:**

١. پێگەی خەندان گرنگی زیاتر بدات بە پەیامنێران و نێردراوانی خوودی پێگەکە لەرووماڵکردنی هەواڵەکانی کوردستان وعێراق پشتیان پێبەستێت.
٢. پێگەی خەندان هونەری کاریکاتێری فەرامۆشکردووە، پێشنیار دەکەم گرنگی تەواو بدرێت بەم هونەرە، تا جێگەی خۆی بگرێت لەناو هونەرەکانی کاریگەری وپێکهێنانی رایگشتی.
٣. کاپشنی وێنە گرنگی خۆی هەیە لەپاراستنی مافی خاوەنداریتی، پێگەی خەندان ئەم لایەنەی فەرامۆشکردووە، بۆیە پێشنیاردەکەم کە پێگەکە گرنگی بدات بەرەهەندی مافی خاوەنداریتی.
٤. بەشە زانستی وئەکادیمیەکانی زانکۆکانی کوردوستان، بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی هانی ئەکادیمیان وتوێژەران بدەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی پێگە ئەلکترۆنییەکان، لە رەهەند وبواری جیاوازەکانەوە.
٥. پێگەی خەندان رادەسپێرم کەگرنگی زیاتر بدات بە پەیامنێران ونێردراوان، بەردەوام خولی هونەریی رۆژنامەنووسییان بۆ بکاتەوە.

٦. پـــێگەی خەنـــدان رادەســـپێرم کەگرنگـــی زیـــاتر بـــدات بە رەهەنـــدە کارلێککـــارییە ئەلکترۆنییەکان، کە لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتدا بەردەستە.

٧. پـــێگەی خەنـــدان رادەســـپێرم کەگرنگـــی زیـــاتر بـــدات بەبۆتەهونەرییەکـــانی نووسین، رەچاوکردنی هەمە جۆرییان.

٨. پـــێگەی خەنـــدان گرنگـــی زیـــاتر بـــدات بەدیـــارکردنی ئەو ســـەرچاوانەی کە زانیارییەکانی لێوەردەگرن بەدیاریکراوی.

# لیستی سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: قورئانی پیرۆز

## دووەم: کتێب بەزمانی کوردی


١. بۆکانی، سابیر(٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ ٢، چاپخانەی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٢. روستی، نەجات (٢٠٠٩)، میدیای هەواڵ وڕای گشتی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٣. سدقی، منسور(٢٠٠٨)، هەواڵ، راپۆرت، وتووێژ ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤. سەپان، مەغدید (٢٠٠٨)، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە (١٤٥٠-١٥٠٠)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥. عومەر، هاوژین (٢٠١٣)، تەکنیکی نووسینی میدیای ، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٦. عەلی، سۆران (٢٠١١)، چۆن مانشێتی کاریگەر دەنووسیت؟، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.

٧. قادر، کاروان عەلی (٢٠٠٤)، هونەری رۆژنامەنووسی، هەواڵ، ریپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار، چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان، سلێمانی.

٨. کەریمی، بەختیار (٢٠٠٦)، بەرەو رۆژنامەی مۆدێرن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩. کوێستانی، بەناز (٢٠٠٢)، کاریگەری هونەری رێپۆرتاژ لەرۆژنامە کوردییەکاندا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.

١٠. محەمەد، ئاریانا ئیبراهیم (٢٠٢١)، شێوازەکانی نووسینی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١١. محەمەد، ئاریانا ئیبراهیم (٢٠٢١)، نووسین لەمیدیایی ئەلیکترۆنیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. مەسعودی، ئومێد(٢٠٠٢)، بنامەکانی داڕشتن لەمیدیاکان، و. مەجید سالَح ،چاپخانەی تیشک، بەبێ شوێنی چاپ.

١٣. هەمەوەندی، هەڵەت خەسرەو(٢٠١١)، رۆژنامە نووسی کوردی لەکوردستانی عێراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، ئەکادیمای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادێران، سلێمانی.

١٤. وەلی، رێبوار کەریم (٢٠٠٨)، بنەماکانی نووسینی هەواڵ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٥. ئیبراهیم، عبدولخالق (٢٠١٤)، میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، دەروازەیەک بۆناساندنی ڕۆڵ وئامڕازەکانی تەکنۆلوژیای ژمارەیی ومیدیای نوێ ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٦. ئەحمەد، ئاراز رەمەزان (٢٠١٩)، دیجیتاڵ میدیاو زانینی سیاسی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترونییەکان لەپێکهێنانی زانینی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، بێ چاپخانە، بێ شوێنی چاپ.

١٧. ئەسعەد، چۆلی (٢٠١٣)، زمان لەراگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٨. ئەسەسەرد، فەرید، ئەوانیتر(٢٠٢١)، ئینسکلۆپدیای یەکێتی نیشمانی کوردستان، چ٤، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادێران، سلێمانی.


## سێیەم: کتێبی وەرگێراو بۆزمانی کوردی


١. شوکرخوا، یونس، ئەوانیتر(٢٠٠٧)، هەواڵ وهەواڵنووسینی رۆژنامەوانی، و. کارزان محەمەد، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. عومەر، فاروق عەلی (٢٠٠٥)، کلیلی دەسەڵاتی چوارەم، و. هیواساڵح ئەحمەد، چاپخانەی لیرە، سلێمانی.
٣. قەندیلچی، عامر ئیبراهیم (٢٠٠٨)، ئەرشیفکردنی وێنە لەبواری راگەیاندن ورۆژنامەگەری دا، و. نەوزادعەلی ئەحمەد ، چاپخانەی کارۆ،هەولێر.
٤. کەرکووکی، حبیب (٢٠٠٨)، هونەری رۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد ، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٥. موعتەمەد نژاد، کازمی، ئەوانیتر (٢٠٠٣)، جیهانی سێیەم گەڕان بەدوای ڕۆژنامەوانی ئازادا، و. هیمدادی حسین، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦. موعتەمەد نەژاد، کازمی (٢٠٠٠)، ڕۆژنامەگەری، و. مەجید ساڵح عەزیز، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی.
٧. ئابادی، رەزا حاجی (٢٠٠٥)، دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، و. کارزان محەمەد، زنجیرە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
٨. ئەبوزەید، فاروق محەمەد (٢٠٠٦)، سەرەتایەک لەزانستی راگەیاندن، و. فەریدون رەئوف عارف، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی.
٩. ئەحمەد، بەهادین(٢٠١٩)، پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، و. ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٠. ئەلدروبی، محمد (٢٠٠٦)، رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و. سۆزان جمال- لوقمان غەفور، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١١. بەدیعی، نەعیم، حسین قەندی (٢٠٠١)، رۆژنامەوانی مۆدێرن، و. کارزان محمەد ، بڵاوکراوەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
١٢. سەیاد، فریبا ، عەلی ئەکبەر فەرهەنگی (٢٠٠٨)، نەریتی رۆژنامەوانی، و. کارزان محەمەد، چ ٢، چاپخانەی رۆما، سلێمانی.


## چوارەم: کتێب بەزمانی عەرەبی


١. الرحمن، نواف أحمد عبد (٢٠١٥)، الكتابة الصحفية والإخبارية، الجنادرية للنشر و التوزيع،عمان.
٢. إبراهيم، ابوالسعود (٢٠٠٧)، تكنولوژيا الإتصال و وسائله الحديثة، شركة الاسلام مصر للطباعة، القاهرة.
٣. إبراهيم، إسماعيل (١٩٩٨)، فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر.
٤. أبو إصبع، صالح، واخرون (٢٠٠٢)، فن المقالة، اصول نظرية، تطبيقات نماذج، دارمجدلاوي للنشروالتوزيع، عمان.
٥. أبورشيد، نهلة (٢٠٢٠)، الصحافة الكترونية و النشر الكتروني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٦. أحمد، أحمد يوسف (٢٠١٣)، النشرالإلكتروني ومشروعات المكتابات الرقمية العالمية، دارنهضة مصر لنشر، الجيزة.
٧. أبورشيد، نهلة (٢٠٢٠)، كتابة وتحرير الإخبار، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٨. أبوزيد، فاروق (١٩٨٣)، فن الكتابة الصحفية، ط٢، دارالشرق للنشر والتوزيع، جدة.
٩. أبوزيد، فاروق (بدون السنة)، فن الخبرالصحفي، ط٢، مطبعة عالم الكتب، القاهرة.
١٠. أبوزيد، فاروق (١٩٨٦)، مدخل الى علم الصحافة، عام الكتب، القاهرة.
١١. أبوزيد، فاروق (١٩٩٠)، فن الكتابة الصحفية، ط٤، عالم الكتب، القاهرة.
١٢. أبوزيد، فاروق (٢٠٠٧)، مدخل إلى علم الصحافة، ط٤، عالم الكتب للنشر والتوزيع، القاهرة.
١٣. أبوزيد، فاروق، ليلى عبد المجيد(٢٠٠٠)، فن التحرير الصحفي، بدون المطبعة، القاهرة.
١٤. ابوطعام، ضياء (٢٠٠٨)، التحقيق الصحفي - قواعد ومهارتهات ، دار الهادي للطبعاعة والنشر والتوزيع، بيروت.

١٥. أبوعرجة، تيسير (٢٠٠٠)، دراسات في الصحافة ولإعلام، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان.
١٦. أبوعرجة، تيسير (٢٠١٠)، الإعلام العربي وسائله ورسائله وقضاياة، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان.
١٧. أبوعرجة، تيسير (٢٠١١)، فن المقال الصحفي، دار المجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان.
١٨. أبوعيشة، فيصل (٢٠١٠)، الإعلام الإلكتروني، دار أسامة للنشر والتوزيع،عمان.
١٩. أدهم، محمود (١٢٣١ هـ)، فنون التحرير الصحفي بين النظرية والطبيق- الأسس الفنية للتحرير الصحفي، بدون مطبعة، بدون مكان الطبع.
٢٠. أدهم، محمود (١٩٨٤)، المقال الصحفي، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
٢١. أدهم، محمود (١٩٨٦)، المؤتمرات الصحفية : اعدادها - ادارتها - تغطيتها - تحريرها، بدون مطبعة، بدون مكان الطبع.
٢٢. اسماعيل، محمود حسن (٢٠١٥)، نظريات الإعلام، المكتب المصري للمطبوعات، القاهرة.
٢٣. امام، ابراهيم (بدون السنة)، دراسة في الفن الصحفي، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
٢٤. امام، ابراهيم، محمد فريد محمودعزت (٢٠٠٦)، وكالات الأنباء المعاصرة، النشأت، التطور، الدور، الفعاليات، الدار الفكرالعربي، القاهرة.
٢٥. امين، رضاء عبد الوجدان (٢٠٠٧)، الصحافة الإلكترونية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
٢٦. امين، رضاء عبد الوجدان (٢٠٠٧)،النظريات العلمية في مجال الإعلام الإلكتروني، قسم الصحافة والإعلام بجامعة الأزهر ، القاهرة.
٢٧. بابان، سوزان (٢٠٢١)، الإعلام الجديد ومصداقية الأخبار، مؤسسة حورس الدولية، الإسكندرية.
٢٨. البدراني، فاضل محمد حسني (٢٠١٣)، أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والإلكتروني، دار البداية ناشرون وموزعون، عمان.
٢٩. البدراني، محمد فاضل (٢٠١٤)، أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني و الالكتروني، دار البداية ناشرون وموزعون، عمان.
٣٠. ابو رشيد، نهلة (٢٠٢٠)، الصحافة الإلكترونية والنشر الالكترونية، من منشورات، الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٣١. بعزيز، إبراهيم (٢٠١٢)، تكنولوجيا الاتصال الحديث – وتأثيراتها الاجتماعية والثقافية، دار الكتاب الحديث، القاهرة.
٣٢. بن شلهوب، عبد الملك بن عبد الفهد (٢٠٠٤)، التحقيق الصحفي- اسسه- اساليبه- اتجاهاته الحديثة، بدون مطبعة، الملكة العربية السعودية.
٣٣. تربان، ماجد سالم (٢٠٠٨)، الانترنيت والصحافة الإلكتروونية رؤية مستقلة، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.
٣٤. التميمى، هاشم حسن (٢٠٠٨)، فلسفة الخبرالصحفي، دراسة لمفهوم الاخبارية في الصحافة، دار ورد الاردنية للنشر و التوزيع، عمان.
٣٥. جابر، محمود محمد (٢٠١٥)، الإتجاهات الحديثة في الصحافة الدولية، مكتبة الوافاء القانونية، الإسكندرية.
٣٦. الجبور، فايز رجا العقيل (٢٠١٣)، فن التحرير الصحفي - دراسة قرآنية، دارالجنان للنشر والتوزيع، عمان.
٣٧. جديد، نزار بشير (٢٠١٤)، الإعلام المقروء- بين الصحافة الورقية و الصحافة الإلكترونية، دار الإعصارالعلمي للنشر والتوزيع، عمان.
٣٨. الجويلي، عزام محمد (٢٠١٥)، الإعلام الإجتماعي، دار غيداء النشر والتوزيع، عمان.
٣٩. الجواد، عبدالستار (١٩٩٩)، عرض شامل للقوالب الصحيفة واساليب التحرير الحديثة، دار المجدلاوي للنشر، عمان.
٤٠. حارص، صابر (٢٠١٩)، العمود الصحفي وكتابه، دراسة مقارنة، دار الكتب والدراسات العربية، الإسكندرية.
٤١. حجاب، محمد منير (٢٠١٠)، مدخل إلى الصحافة، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
٤٢. حداد، نبيل (٢٠١١)، في الكتابة الصحفية - السمات الأشكال القضايا المهارات الدليل، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان.

٤٣. حسان، نورهان سليمان (٢٠٢٠)، تكنولوجياالإعلام المتخصص ديناميات مستقبلية، الرياد للنشرولطباعة، الإسكندرية.
٤٤. الحسن، عيسى محمود (٢٠١٥)، المقابلة والتحقيق الصحفي، دارزهران، عمان.
٤٥. حسن،عباس ناجي (٢٠١١)، الخبر الصحفي، دار صفاء للنشر ولتوزيع، عمان.
٤٦. حسن،عباس ناجي (٢٠١٣)، الصحفي الإلكتروني، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.
٤٧. حسن،عباس ناجي (٢٠١٦)، الواسائط المتعددة في الإعلام الإلكتروني، دارصفاء للنشر والتوزيع، عمان.
٤٨. الحسن،غسان عبدالوهاب (٢٠١٢)، ايدولوجيا الإخراج الصحفي، دار أسامة للنشروالتوزيع، عمان.
٤٩. حسنين، إبراهيم السيد (٢٠١٥)، الإتجاهات الحديثة في الإعلام الصحفي، طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة.
٥٠. حسنين، الشفيع عمر (٢٠١١)، الصحافة الكترونية - المفهوم والخصائص والانعكاسات، العدد ١٦٥، تصدرعن مركز الإمرات للدراسات والبحوث الإستراتيجية.
٥١. الحسيني، أميرة (٢٠٠٥)، فن الكتابة الإذاعة والتلفزيون، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.
٥٢. حماده، ممدوح (١٩٩٩)، فن كاريكاتير، من جدران الكهف الى أعمادة الصحافة، دار عشتروت للنشر، دمشق.
٥٣. حمة امين، اكرم فريدون (٢٠٢٠)، الإخراج الصحفي، دارغيداء، للنشر والتوزيع، عمان.
٥٤. حمزة، عبدالطيف (طبعة ٢٠٢٠)، مدخل في فن التحرير الصحفي، وكالة الصحافة العربية، الجيزة.
٥٥. حمود، عبد الحليم (٢٠٠٤)، الكاريكاتور العربي والعالمي، دار النوار، بيروت.
٥٦. حمدي، محمدالفاتح، والاخرون (٢٠١١)، محمدالفاتح تكنولوجيا الإعلام والاتصال الحديثة الاستخدام والتأثير ، مؤسسةالحكمة للنشر والتوزيع، الجزائر.
٥٧. خزعل، عبد النبي (٢٠٠٣)، فن تحرير الأخبار في الإذاعات الدولية بين التوظيف والموضوعية ، ط٣ ، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.
٥٨. خضر، محمود (٢٠١٤)، الإعلام والمعلومات والإنترنيت، دارالمكتبة الكندي للنشر والتوزيع، عمان.
٥٩. خضور، أديب (٢٠٠٨)، مدخل إلى الصحافة، نظرية وممارسة، ط٣، المكتبة الإعلامية، دمشق.
٦٠. خلف، جليلة عبدالله (٢٠١٤)، الوظيفة الإخبارية للبوابات الإلكترونية - دراسة تحليلية للبوابات الإلكترونية العربية- نسيج – محيط – البوابة ، دار الكتاب الجامعي، العين.
٦١. خليل، لؤي (٢٠١٤)، الإعلام الصحفي، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٦٢. الخوري، نسيم (٢٠٠٩)، المقابلة الصحافية، فن- تواصل-إعلام ، دار المنهل اللبناني ، بيروت.
٦٣. الدليمي، حميد جاعد (٢٠٠٤)، اساسيات البحث العلمي، شركة الحضارة للطباعة والنشر، بغداد.
٦٤. الدليمي، عبد الرزاق محمد (٢٠١٢)، التحرير الصحفي، دار المسيرة للصحافة والطباعة والنشر، عمان.
٦٥. الدليمي، عبد الرزاق محمد (٢٠١٥)، صناعة الإعلام العالمي المعاصر، داراليازوري العلمية للنشروالتوزيع، القاهرة.
٦٦. الدليمى، عبد الرزاق محمد (٢٠١١)، المدخل الى وسائل الاعلام والاتصال ، دارالثاقافة لنشر والتوزيع، المملكة الأردنية الهاشمية.
٦٧. الدليمى،عبد الرزاق محمد (٢٠١١)، الإعلام جديد والصحافة الكترونية، دار الوائل للنشر والتوضيع، عمان.
٦٨. الدليمى،عبد الرزاق محمد (٢٠١١)، الصحافة الإلكترونية والتكنولوجيا الرقمية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، المملكة الأردنية الهاشميه.
٦٩. دليو، فضيل (٢٠١٣)، تاريخ وسائل الإعلام والاتصال، دار الخلدون للنشر والتوزيع، الجزائر.
٧٠. الراتب، خليل محمد (٢٠١٢)، التصوير الصحفي، دار إسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٧١. ربيع، عبد الجواد سعيد محمد (٢٠٠٥)، فن الخبر الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
٧٢. رشيد، إبتهال جاسم (٢٠١٧)، الفنون الصحيفة والمجتمع المدني، دارغيداءللنشر والتوزيع، عمان.

٧٣. الرفاعي، محمد خليل (٢٠٢٠)، الصحافة المتخصصة، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٧٤. الرفاعي، محمد خليل (٢٠٢٠)، كتابة وإعداد التقاريرا لإخبارية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٧٥. رمضان، عمر أحمد (٢٠١٤)، التحقيق الصحفى، في الصحافة الكوردية في إقلم كوردستان، مطبعة الشهيد أزاد هورامي ، كركوك.
٧٦. الزعبى، لؤي (٢٠٢٠)، الإعلام ولاتصال الالكتروني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٧٧. الساري،عبد الكريم فهد (٢٠١٢)، تكنيك الحديث والمقابلات الصحيفة، دارأسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٧٨. السالم، حمدان خضر (٢٠١٣)، الكاريكاتيرفي الصحافة، دارأسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٧٩. السالمي، علاء عبد الرزاق (٢٠٠٢)، تكنولوجيا المعلومات، ط٣، دارالمناهج، عمان.
٨٠. سليمان، زيد منير (٢٠٠٨)، الصحافة الإلكترونية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٨١. السوداني، حسن، محمد المنصور (٢٠١٦)، شبكات التواصل الإجتماعي و تأثيرها على جمهور المتلقين، بدون مطبعة، عمان.
٨٢. سيد أحمد، أميرة محمد (٢٠١٥)، الاعلام الرقمي و الحراك السياسي، دار الكتاب الجامعي، القاهرة.
٨٣. السيد، محمد عبدالبديع (٢٠٢٢)، تكنولوجيا الإعلام في العصر الرقمي، دارالكتب المصرية، القاهرة.
٨٤. السنجري، بشرى داود (٢٠١٩)، الصحافة الموبايل (الموجو)، خواصها الشكلية وامكانياتها التقنية، الدار الكتب الجامعي،٢٠١٩، دولة الإمارات العربية المتحيدة.
٨٥. شريف،عبدالعزيز (٢٠٠٠)، الأساليب الفنية في التحرير الصحفي، دارقبأ للطبعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
٨٦. شريف،عبدالعزيز (٢٠٠٠)، فن المقال الصحفي، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
٨٧. شريف،عبدالعزيز (٢٠١٤)، الإعلام الإلكتروني، دار يافا العلمي للنشر والتوزيع، اردن.
٨٨. الشعراوي، أحمد (٢٠٢٠)، التحقيق والحديث الصحفي، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.
٨٩. شلبي، كرم (١٩٩٨)، معجم المصطلحات الإعلامي، ط٢، دار الجيل للطبع والنشروالتوزيع، القاهرة.
٩٠. الشمايلة، ماهرعودة، وأخرون (٢٠١٥)، الصحافة الكترونية الرقمية، دار العصار العلمي للنشر والتوزيع، عمان.
٩١. الشميمري، فهد بن عبدالرحمان (٢٠١٠)، التربية الإعلامية كيف نتعامل مع الإعلام، بدون مطبعة، الرياض.
٩٢. الشجيري، سهام حسن علي (٢٠١٤)، وكالات الأنباءوالتحكم الإخباري، دار إسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٩٣. شيخاني، سميرة (٢٠٢٠)، مصادر المعلومات، التوثيق الإعلامي، من المنشورات الجامعة الافتراضية السورية.
٩٤. شاهين، شريف كامل (٢٠١٤)، النشر التقليدي و الالكتروني في العالم العربي، دار الجوهرة للنشر والتوزيع، القاهرة.
٩٥. صادق، عباس مصطفى (٢٠٠٧)،الانترنت والبحث العلمي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، ابوظبي.
٩٦. صادق، عباس مصطفى (٢٠١٩)، الإعلام الجديد، المفاهيم والوسائل والطبيقات ، دارالشرق للنشر والتوزيع، عمان.
٩٧. صالح، أشرف محمود، شريف درويش اللبان (٢٠٠٦)، الاخراج الصحفي، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة.
٩٨. صالح، فاطمة الزهراء، واخرون (٢٠١٩)، الإعلام المتخصص، دار المعريفة للطباعة و النشر بقسم الإعلام – كلية الأدب - جامعة الوادي الجديد، بيروت.
٩٩. صالح، باقي جميل احمد (٢٠١٩)، وظيفة الصورة الخبرية في الصحافة الكوردية، المكتب العربي للمعارف، القاهرة.
١٠٠. صبحي، سميرة (بدون السنة)، الجورنال-من الصحفة الأولى إلى الصحفة الأخيرة، دار المعارف، القاهرة.
١٠١. صلاح، مروى عصام (٢٠١٥)، الإعلام الكتروني الأسس وأفاق للمستقبل، دارالإعصارللنشر والتوزيع، عمان.

١٠٢. طاهر، كاظم شمهود (٢٠٠٣)، فن الكاريكاتير، لمحات عن بداياته وحاضره عربيا وعالميا، أزمنة للنشر والتوزيع ، عمان.
١٠٣. طلعت، شاهيناز (٢٠٠٣)، وسائل الاعلام والتنمية الاجتماعية، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.
١٠٤. عامر، فتحي حسين (٢٠١٧)، الصحافة الكترونية -الحاضروالمستقبل، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة.
١٠٥. عبد الفتاح، على (٢٠١٤)، الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجيا، دار اليازوري للنشر والتوزيع، عمان.
١٠٦. عبد النبى، عبد الفتاح (١٩٩٨)، سوسيولوجيا الخبر الصحفي - دراسة في انتقاءونشرالاخبار، العربي للنشروالتوزيع، القاهرة.
١٠٧. عبد المجيد، حزيفة مازن، مزهرشعبان العاني (٢٠١٥)، التعليم الإلكتروني التفاعلي، مركزالكتاب الاكاديمي،عمان.
١٠٨. العبد، نهى عاطف (٢٠٠٧)، صناعة الأخبار التليفزيونية في عصر البث الفضائي، دار الفكر العربي، القاهرة.
١٠٩. عبدالجبار، مشعل سلطان (٢٠١١)، أيدولوجيا الكتابة الصحفي ، دار إسامة للنشر والتوزيع، عمان.
١١٠. عبدالحميد، صلاح (٢٠١٧)، تغطية وتحرير المؤتمرات الصحفية، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة.
١١١. عبدالحميد، محمد (٢٠٠٥)، نظريات الإعلام واتجاهات التأثير، عالم الكتب، القاهرة.
١١٢. عبدالحميد، محمد (٢٠٠٧)، الاتصال والإعلام على الشبكة الإنترنيت، عالم الكتب، القاهرة.
١١٣. عبدالعزيز، سامي (٢٠٠٥)، مقديمه في الإعلان، الدار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.
١١٤. عبدالعزيز، مجدي، رامي عطا صديق (٢٠١٦)، التحرير الصحفي علم ومهارة وفن، المعهد الدولي العالي للإعلام بالشروق سلسلة كراسات صحفية، القاهرة.
١١٥. العبدالله، مي (٢٠٠٥)، الإتصال والديمقراطية، الفضائيات والحرب الإعلامية ، دارالنهضة العربية، بيروت.
١١٦. عبدالمجيد، ليلى، محمود علم الدين (٢٠٠٨)، فن التحرير الصحفي للواسائل المطبوعة والألكترونية ، دار السحاب للنشر والتوزيع، القاهرة.
١١٧. عبدالهادي، محمد محمد (٢٠٠١)، تكنولوجيا الاتصالات وشبكات المعلومات، المكتبة الاكاديمية، القاهرة.
١١٨. عزام، خالد محمد (٢٠١٤)، فن التقرير الصحفي ، دار اسامة، للنشر والتوزيع، عمان.
١١٩. عزت، محمد فريد محمود (١٩٩٨)، المقالات والتقاريرالصحفي، اصول إعدادها وكتابتها ، بدون المطبع، بدون مكان الطبع.
١٢٠. العسكر، فهد بن عبدالعزيز بد(١٩٩٨)، الا خراج الصحفي اهمية الوظيفية واتجهات الحديثة، مكتبة العبيكان، الرياض.
١٢١. العقباوي، بسنت عبدالمحسين عبدالطيف (٢٠١٠)، الصحافة الالكترونية وبنيتها على الشبكة الإنترنيت ، خوارزم العلمية للنشر والتوزيع، جدة.
١٢٢. عقوني، محمد (٢٠١٧)، كيف تصبح صحفيا ناجحا، دار الغرب للنشر والتوزيع، بدون مكان الطبع.
١٢٣. علم الدين، محمود (٢٠٠٥)، تكنولوجيات المعلومات والإتصال ومستقبل صناعة الصحافة، دار السحاب للنشر والتوزيع، القاهرة.
١٢٤. عبوي، زيد منير (٢٠٢١)، اساليب الاستفادة من تكنولوجيا المعلومات والرقمية الحديثة، دارالمعتز، عمان.
١٢٥. علم الدين، محمود (٢٠٠٥)،تكنولوجيات المعلومات والإتصال ومستقبل الصناعة الصحافة، دار السحاب للنشر والتوزيع، القاهرة.
١٢٦. على، أسامة عبد الرحيم (٢٠٠٢)، فنون الكتابة الصحفية والعمليات الإدراكية لدى القراء، إيتراك للنشروالتوزيع، القاهرة.
